# هۆره

3

4





هۆره

3

4

یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان — کوردستان

1990

یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان
کۆمیتەی شاخ

# هۆرە

گۆڤارێکە تایبەت بە مۆسیقا

ژمارە "٣ - ٤"



لاپەرە ٧ - ١٢




لاپەرە ١٣ - ٤٧



لاپەرە ١٥١ - ١٧٦

دەستەی نووسەر

**دلێر ئیبراهیم**
**شوان کابان**

سەرپەرشتی هونەری

سیار بامەرنی

پاییزی ١٩٩٠

# لەم ژمارەیەدا:


سەرگوزەشتەی هۆرەو ژمارەی دووانە .................. ٤ – ٦
بیلابارتوک .................. شوان ٧ – ١٢
یەکێتی هونەرمەندان و فیستیڤالی
نەورۆزوهەڵەبجە .................. فەرهادسەنگاوی ١٣ – ٤٧
گۆرانی‌ومۆسیقای‌کوردی‌وپێداویستیەکانی
ئەم ئۆناغە .................. ئەرسەلان‌بایز ٤٨ – ٥٥
کەمانی دەستکردی شارەزوور .................. دلێری‌مۆسیقا ٥٦ – ٦١
ئامێرە لوریەکان .................. ش ک ٦٢ – ٦٤
گۆرانی و مۆسیقای‌کوردی وسەیدعەلی
ئەسغەری کوردستانی .................. محەمەدحمەباقی ٦٥ – ٨٧
گۆرانی بێژ .................. دلێر ٨٨ – ٩٤
ئۆگمۆندی بێتهۆڤن – سەمفۆنیای
پێنجەمی بێتهۆڤن .................. ئەلوەدا ٩٥ – ١٠٤
ئامێرە میللیەکانی مۆسیقای کوردی
( باڵەبان ) .................. – هۆرە – ١٠٥ – ١٠٨
کورتەیەک دەربارەی هەندێ لە
قاڵبەکانی مۆسیقاو ئۆپێرا .................. ئاوات ١٠٩ – ١١٩
من و شەهید کارزان و تیپێکی نوێ .................. نەجیبە ئەحمەد ١٢٠ – ١٢٦
لەسرودەکوردیەکان – دەمی راپەرین – .................. ئاراس‌ئیبراهیم ١٢٧ – ١٢٨
گیان – گیان گۆرانیەکی کوردی .................. محەمەدی‌ناهید ١٢٩ – ١٣٠
لەبەرهەمەکانی تیب – هۆکاکی پێشمەرگە – .................. ئاراس‌ئیبراهیم ١٣١ – ١٣٢
تیۆری مۆسیقا .................. ١٣٣ – ١٣٥
میترۆنۆم .................. – A – ١٣٦ – ١٣٧
ئۆرکوژدیۆن .................. ئاوات ١٣٨ – ١٤٠
مەیانەکانی مۆسیقا .................. ١٤١ – ١٤٦
مەودای دەنگەکانی ئادەمیزاد .................. ١٤٧

کلیلەکانی مۆسیقا .................. ١٤٨

کاروانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی

بەشی یەکەم ..................... ١٤٩ – ٢٣٤

برایانی زێڕێ ..................... دلێرئیبراهیم ١٥١ – ١٧٦

حەمە جەیران و عەبدوڵڵاحەیران ........... دلێرئیبراهیم ١٧٧ – ٢٩٠

قادری عەبدوڵڵا تۆقە ............. محەمەدی حەمەباقی ١٩١ – ١٩٦

حاجی سەعیدی میناغا ............... سەیدمحەمەدی صەمەدی ١٩٧ – ٢٠٠

گۆرانی گوندنشین و شوانی کوردی

ـ سالمی پەرهامی ـ ..................... ـ مەم ـ ٢٠١ – ٢٠٨

گۆرانی کوردی ـ دکتۆر محەمەدی موکری.... محەمەد حەمەباقی ٢٠٩ – ٢٣٤

مەودای هەندێ لە ئامێرەکانی مۆسیقا....... ٢٣٥

لە هۆرەی ژمارەیەکدا ................ ٢٣٦

لە هۆرەی ژمارە دوودا ............... ٢٣٧


ئاراس ابراهیم

٢٠٠١/٣/٢٦


تایپ :

هاورێ

ئاکۆ

حەمە

ئاسۆس

بەختیار عومەر

عومەر

خۆشنووسی بەرگ :

مامۆستا عەبدولرەحمان

خوشنوسی ناوەوە : ستار

# سەرگوزەشتەی (هۆرە) و ژمارەی دووانە

لەساڵی ٩٨٢ دا وەکو سبی مۆسیقا کەوسوینە بەرنافیکردنەوەکی سەنعەت و دزوار، لەتاوا ئەوانە بۆ خۆمان سەرمان ئەنا بەیەکەوەو داخی دڵی خۆمانمان بۆ یەکتری هەڵئەرشت و ئاواتمان ئەخواست ئەو کۆسپانە بتوێنەوەو دەرفەتێکی لەبارمان دەست بکەوێ تابتوانین هەموو سوانسا و ئیمکانیاتی خۆمان بۆگەلەمان نەرخان بکەین، ئەو رەشەبایەی بۆ ئێمە هەڵی کردبو تائەهات توندتر ئەبو، هەرچونێک ئەمانویست داکۆکی لەخۆمان بکەین، کۆمەڵێ کۆسپی گەورە ئەهاتە رێمان و رێگای بیرکردنەوەو سەردەوام بوونی لێ ئەگرتین، دیارە مرۆڤ ئەگەر هەندێ زیان و کوزەرانێکی تارادەیەک مسۆگەرو هێمنی نەبێ جێی کزمانە بتوانێ لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەی وەکو هونەرو ئەدەب ...... دا خۆی سەرقاڵ کات، دوو کۆسپ لەوانە هەناسەی لەبەر بڕیبوین، یەکێکیان لەوەدا خۆی ئەنواند کە ئێمە داوای ئەوەمان ئەکرد وەکو کۆمەڵێ هونەرمەند سەربەست بین و بەئازادی کارە هونەریەکانمان ئەنجام بدەین، بۆ بەدبەختی ئێمە ئەو کاتانە کێزەلۆکەی لەفالن دان و ئیملاکردن لەلای هەندێ سەری کردبوو، دەربرینی ئەو جۆرە راو بۆچوانەش وەکو گوناهێکی گەورەو (بێ ئیلتزامیەک) لێک ئەدرانەوەو لەکاتی کفتوگۆش دا بەوە بەرەنیان ئەکردین گوایە ئەگەر یەکێنیەکی هونەرمەندان هەبێ وەکو رێکخراوێکی سەربەخۆ ئەوا ئەو کارە ئەکرێ... ئەگەر نە... ئیتر هیچ ... زۆر لەو هونەرمەندانەی لەشار خاوەنی هەڵوێست بوون و ئەیانویست هەردەم هونەر لەخزمەت نەتەوەو مەسەلە رەواکەیدا بێ و بەهیوای ئەوە بوون ئێمە بنکەیەکی مۆسیقا لەشۆرشدا دروست بکەین، لەم مەسەلەیە ئاگادار بوون وبە هانا شمانەوە هاتون، بەڵام ئەوانیش لەوێ بێ گیروگرفت نەبوون بەڵکو هێشتا ئێمە زۆر لەوان باشتر بووین چونکە بەئازادی ئەمانتوانی راو بوچوونی خۆمان بڵێین و هەرچیمان ئەویست ئەمانتوانی تەعبیری لێ بکەین بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەو رژێمە درندەیە گیریان کردبوو، تائەهات رژێم فشاری زیاتری ئەخستە سەریان و ئەیویست ویژدانیان بکڕێ و بیانخاتە خزمەتی خۆیەوە، وای لێهاتبوو ئەوانەی لاواز بوون کەم کەم ئەیانویست بەهێنانەوەی تەبریری پڕوپوچ بچنە سەر سەرەتای ئەو رێگا بڕ لەشەرمەزاری یە، بۆیە هونەرمەندان بەبێ ئەوەی رێخستنێکیان هەبێ، مەجبور بوون رۆژانە یەکتر ببینن و هەڵوێستی خۆیان یەکبخەن دژی ئەو هێرشە نارەوایەی رژێم، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵێکی تر هەبو بۆ یەکخستنی هونەرمەندان لەیەکیەتیەکدا بەڵام (الصاحبە) فلان بێ، کاتێ ئەمە بو بەبەرنامەیەک بۆ کارکردن ئەو هونەرمەندانەی ئەوحەمەپیرۆزەیان هەبو بۆ دروست بوونی رێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆی هونەرمەندانی کوردستان وماوەیەک بو هەوڵیان بۆ ئەدا، خێراترو گورج تر کەوتنە کارکردن و بەیاننامەی

دامەزراندنی ( یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ) یان بڵاوکردەوە - ١٩٨٣- و ئێمەش بوینە دەزگایەک سەربەو رێکخراوەو دەستمان کرد بەکارکردن وزەمینەکەش خۆی هەندێ گوڕرا بوو،ئەوە بوهەر لەوساڵەدا سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی بریاری خۆی دەرکرد کەبریتی بوو لەوەی شۆرش (نان و ئازادی ) دابین بکا بۆ رۆشنبیران و ئەوانیش بەرهەمەکانیان پێشکەش بەگەل بکەن ، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە هەروەختێ ئەمانویست دادی یەئسی خۆمان لای یەکێ بکەین هەستمان ئەکرد بەرامبەربەئاشکرا (بەسووکی روانینە مۆسیقای)لێ هەڵئەوەرێ، جالەشەوێک لەو شەوە بێزراوانەدا بو کاکە( سالاری گیتاریست ) لە گەرمەی بێزاری دەربریندا وتی :

( براینە ئێمە پێش ئەوەی کاری مۆسیقا بکەین ، پێویستیمان بەوەیە زەمینەیەکی لەبار برەخسینین کەببێتە مایەی ئەوەی رێز لەمۆسیقا بگیرێ وبەچاوی سووک بۆی نەڕوانرێ ، بۆ ئەمەش ئەبێ رادەی هۆشی کۆمەڵ بەرزبکەینەوە ئەوەش تەنیا بەوە ئەبێ لەرێی گۆڤارێکی تایبەت بەمۆسیقاوە رۆشنبیری هونەری بلاوبکەینەوە،بۆیە ئەڵێم لەم قوناغەدا بونی گۆڤارێکی وائەدەم بەسەر بونی تیپێکی مۆسیقادا ) .

لەولاوە برایەکی تر وتی(هەقە ئێمە کارێ بکەین لەسەنگەرەکانی تری پێشمەرگایەتیدا لێهاتویی خۆمان بنوێنین بۆ ئەوەی وا لێک نەدرێتەوە ئێمە لەبەر خۆدزینەوە لەو ئەرکە ئەم سەنگەرەمان هەڵبژاردووە ) . هۆیەکی تریش ئەوە بو کەئێمە بەمەرجێ لەزیندان ئازاد کرایین کەبەحەت وئیمزای خۆمان تەعەهودێکمان لێ وەرگیرا کەنابێ چی دی کاری مۆسیقا بکەین.ئێمەش ئەوەندە نارەحەت بوین،هەرخۆمان بریارمان دابوو ماوەیەک وازبێنین و ئەوە بوو بریارمان دا بارەگاکە چۆڵ کەین و بەرەو چارەنوسی خۆمان سەرهەڵگرین ،بەلام هەرلەوساوە ئەو باوەرەمان بۆ دروست بوو کەبوونی گۆڤارێکی وا پێویستەو ئەبێ هەبێ ، دوای ئەوەی تیپمان دامەزراندەوە لە ساڵی ١٩٨٣ دا کەوتینەبیری ئەوەی گۆڤارەکەش تەکبیربکەین،ماوەیەک پێشنیاری ئەوە هاتە کایەکەگۆڤارێکی هونەری گشتی دەربکەین بۆیە ئێمە پرۆژەکەی خۆمانمان دواخست بەوهیوایەی ئەو گۆڤارە لەدایک ببێ بەلام بۆمان سەری نەگرت ، ئەوەبو پەنامان بردە بەریەکێتی نوسەرانی کوردستان و داوای هاوکاریمان لێکردن،ئەوانیش مەردانە هاتنەپێش و هەرچۆنێک بو ژمارەیەکمان لەچاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆبەچاپ گەیاندو لەکانونی یەکەمی ساڵی (١٩٨٥)دا دەرچوو ، ئەم ژمارەیەکاک ( سەعدون)مونتاژی کردو بەرگەکەیشی (مامۆستا رەمزی ) هونەرمەند کێشابووی ، هەر خێرا دوای ئەمە کەوتینەخۆ بۆ ئەوەی ژمارەی دوو دەربچێ ، ئەوە بو وتارەکانمان ئامادەکردو لەمانگی یەکی (١٩٨٦) دا ئامادەبو دامانا لەنۆرەدا بۆ چاپکردن ، بەلام

بەهۆی هەندێ هۆوە هەر مایەوە تاکاکە رزگار- ئۆکۆردیۆنی لێ ئەداو تایپشی ئەزانی-خۆی بۆ تەرخان کردو تایپ و مۆنتاژو بەرگ و (تەسحیف )ی کردو بەرۆنیۆ لەچاپخانەی شەهید جەعفەر راکێشرا لەئابی (١٩٨٦)دا هەر لەگەڵ خۆئامادە کردنمان بۆ هۆرەی دوو، وتارێک دەربارەی ( گۆرانی بێژ ) ئامادەکرابوو بەڵام دوامان خست بۆ هۆرەی سێ ، رۆژهات و چو وتارەکانی ژمارەی سێیەمیش حازربوون بەڵام دەرفەتی لەچاپدانیان هەتا ئەهات تەسک ئەبوەوەو ئێمەیش پەیتا پەیتا وتاری ترمان بێ ئەئەینت و گۆڤارەکەی دەوڵەمەند تر ئەکرد ، بۆیە پێمان باش بوو ئەم جارە زۆرەی ئەو باسەی هەمانە بیخەینە دوو توێی ژمارەیەکی دووانەوە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ جێ یەک بگرێ لەو زەمانە درێژەی تیایدا دواکەوتویین و وتارەکانیش لەوە زیاتر کۆن نەبن ئەوەتا ئەم ژمارەیەی بەردەستتان بۆتە ژمارەی (٣ - ٤) و ئەگەر دیقەت بدەین ئەبینین کۆمەڵی تایپێستی جیالەچەند دەزگایەکی جیاواز کاریان تیاکردووە . ئەمەش بۆ خۆی شتێ لەهۆیەکانی ئەودواکەوتنەمان بۆئەسەلمێنێ .

لەم ماوەیەی هۆرەی ژمارەیەک ودووبڵاوکراوەتەوە زۆرلەرۆشنبیروهونەر دۆستان لەنامەدابێ یالەدانیشتندا باری سەرنجی خۆیانیان بۆدەربڕیویین ، ئەو تێ بینیانەی لای زۆربەیان دوبارە بۆتەوە لەم دووخاڵەدا خۆی ئەنوێنێ .

١ - ئەبێ گۆڤارەکە لەئایندەدا زیاترئاورلەمۆسیقاوگۆرانی کوردی بداتەوە .

٢ - پێویستە وەکوگۆڤارێکی هونەری وێنەونۆتەی مۆسیقای زیاتر بگرێتەخۆ .

ئێمەش لەگەڵ سوپاس و تەقدیری زۆرماندا بۆئەم دوورەخنە ڕەوایە ، هەوڵمان داوە ئەم جارە ئەوەندەی بۆمان بکرێ ودەسەڵاتمان بەسەردابشکێ ئەو کەمایەتیانە سەرکەسارکەین و لێیان دووربین .

لەکۆتاییدا هیوادارین لەباری سەرنجی خۆتان بێ بەشمان نەکەن .



# بیلاپارتوك

## ١٨٨١ _ ١٩٤٥

ئامادەکردنی ش. کابان

مۆسیقازانی هەنگاری (مجر)، بیلاباڕتوک، لە ٢٥ی ئازاری ١٨٨١دا، لەشاری (ناجیستز نتمبکاوس)ی هەنگاریا کەئێستا سەر بەوڵاتی (ڕۆمانیا)یەو ناوی (سینکولاو)ە لە باوەشی خێزانێکی ئاشنا بەهونەری مۆسیقا لەدایک بووە. هەر لەمنداڵییەوە لەلێدانی ئامێری پیانۆ و دانانی مۆسیقادا بەهرەمەندبووە. یەکەمین بەشداربونی لەئاهەنگی مۆسیقادا، ساڵی ١٨٩٢ بوو لەشارێکی بچکۆلەی هەنگاریا، ئەوسا تەمەنی یازدە ساڵ بوو. لەم ئاهەنگەدا یەکەمین بەرهەمی تایبەتی خۆی پێشکەش بەجەماوەری هەنگاریا کرد، کەسۆناتای (دانوب)[1] بوو.

بیلاباڕتوک لەتەمەنی سیازدە ساڵیدا چووە شاری (بوتزونی) کەئێستا ناوی (براتسلافا)یەو پایتەختی ناوچەی (سلوفاکیا)یە لە (چیکۆسلۆفاکیا). لەوێ لەگەڵ (لازا و ئیرگل)ی مایسترۆ مۆسیقای خوێند، پاشان چووە (بودابست)ی پایتەختی هەنگاریا تاکولە(ئەکادیمیای پادشایی ـ الاکادیمیة الملکیة) کە تایبەتە بەمۆسیقا، ئامێری پیانۆ و دانانی مۆسیقا بخوێنێ. ئەوکاتەی کەباڕتوک چووە پایتەخت تەمەنی ١٩ ساڵ بوو، لەپایتەخت وەکو بیانۆژەنێکی لێهاتوو ناوبانگی دەرکرد، ئەوەبو لەساڵی ١٩٠٣دا قەصیدەی سەمفۆنی (کۆسۆت)ی دانا کەتیایدا ئاماژەی بۆ ڕوداوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی وڵاتەسەربەخۆ و سەربەستەکەی کردووە. کاتێک بەرهەمی ناوبرا و لەساڵی ١٩٠٤دا لەبودابست و مانشستر پێشکەش کرا، بووە جێی ڕێزو مایەی ڕەزامەندی جەماوەر. ساڵی ١٩٠٥ بەساڵێکی گرنگ دەژمێردرێ لەژیانی بیلاباڕتوک دا، چونکە لەم ساڵەدا بڕیاری دا کەهەموو توانای خۆی تەرخان بکات بۆ کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مۆسیقای (جوتیارە هەژارەکانی هەنگاریا)، لەم ساڵەدا پارتوک (زولتان کۆدای) مۆسیقازانی بەناوبانگی هەنگاری ناسی کەهەمان خولیای لەمێشکدابوو و پێکەوە توانای خۆیان خستەگەر لەپێناوی (مۆسیقای نەتەوایەتی)دا بەمەبەستی ئاوێتە کردنی مۆسیقای هەنگاری بەچێژێکی تازەی دڵگیر لەئاوازی ڕەسەن و دەوڵەمەندی جوتیارە هەنگارییەکان.

پاش ساڵێک، واتە ساڵی ١٩٠٦، پێکەوە لەگەڵ (کۆدای)، ٢٠ گۆرانی



ميللی هەنگاری كەلەگەڵ پيانۆدا تۆمار كرابوو، بڵاوكردەوە. ئەم شێوەكاركردنە لای پارتوك بووە مايەی لێكۆڵينەوەی ئەو رێبازە جيهانيانەی لەم شێوە كاركردنەوە نزيك بوون، بۆيە دەستی كرد بەلێكۆڵينەوەی مۆسيقای مۆسيقازانی بەناوبانگی فەرەنسی (ديبۆسی)، بە تايبەت ئەو بەرهەمانەی كەتيايدا مۆسيقای فەرەنسی ئاوێتەی مۆسيقای رۆژهەلاتی دوور بووە. لەساڵی ١٩٠٧دا پارتوك كرايە مامۆستای ئامێری پيانۆ لەئەكاديميای پادشايی مۆسيقای بودابست. لەهەمان ساڵدا كەوتە خوێندنی مۆسيقای ميللی هەنگاری و مۆسيقای وڵاتەدراوسێيەكانی هەنگاريا، بەتايبەت رۆمانياو سلۆفاكيا، چونكە ئەو دوو وڵاتە لەوڵاتەدەوڵەمەندەكانن لەهونەری ميلليداو تاپێش ساڵی ١٩١٩ سنورێكی كراوەو گۆراويان لەگەڵ هەنگاريادا هەبووە[٢]. ئەو سەردەمە پارتوك هەموو كاتی خۆی تەنها بۆ خوێندن و نوسين تەرخان كردبوو، بۆيە بەرهەمە مۆسيقيەكانی نەئەوەندە ناسرابوون و نەهێندەش خۆشەويست بوون لەلايەن جەماوەرەوە.

لەساڵی ١٩١٣دا، بيلاپارتوك، يەكەمين كتێبی دەربارەی گۆرانی ميللی رۆمانی لەبۆخارست بڵاوكردەوە. لەهەمان ساڵدا ئەستێرەی ژيانی وەك مۆسيقازانێك كەوتە درەوشانەوە، پاش ئەوەی مۆسيقای باڵێی (الأمير الخشبي - شازادە دارينە) ی داناو سەركەوتوانە پێشكەش كرا، ئەمەش وای كرد سەرلەنوێ ئاوڕی لێ بدرێتەوەو بەرهەمەكۆنەكانی كەناوبانگيان دەرنەكردبوو پێشكەش بكرێنەوە، بۆيە گەورەترين كۆمپانيای بڵاوكردنەوەی مۆسيقا لەڤيێنا كەناوی (Universal Edition) بوو لەگەڵيا رێكەوت و ئەركی بڵاوكردنەوەی هەموو بەرهەمەكانی لەجيهاندا گرتەئەستۆ،



هەروەها حكومەتی هەنگاريا داوای لە پارتوك كرد كەبەرهەمێك دابنێ بە بۆنەی تێپەربونی ٥٠ ساڵ بەسەر يەكخستنی هەردوو شاری (بۆدا) و (بست)، كەبوە (بۆدابست) ی پايتەختی هەنگاريا. لەساڵی ١٩٣٣ دا ئەم بەرهەمەی بيلاپارتوك بڵاوبوەوەو ناوبانگێكی بەربڵاوی دەركردو لەلايەن زۆربەی تيپەكانی مۆسيقاوە لەجيهاندا پێشكەش كرا. لەهەمان ساڵدا چەندين كتێبی پارتوك بەزمانی هەنگاری و ئەڵمانی و ئينگليزی بڵاوبوەوە دەربارەی مۆسيقای ميللی هەنگاری و چۆنيەتی بەكارهێنانی بەشێوەيەكی لەبارلەمۆسيقای جيهانيدا. لەپاڵ ئەمانەشدا پارتوك وەكو پيانۆ

ژەنێکی بەتوانا بەردەوام بوو لە کاردا و، چەندین ئاهەنگی سەرکەوتوی لەولاتانی تر گێرا و، لەم ئاهەنگانەدا، زۆربەی ئەو بەرهەمانەی خۆی پێشکەش کرد کە تایبەت بوون بەئامێری پیانۆ.

لەساڵی ١٩٣٤دا دەستی لەکارەکەی هەڵگرت و لەئەکادیمیای زانیاری هەنگاریا دامەزرێندرا و لەوێ سەرپەرشتی چاپکردنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری گۆرانی و مۆسیقای هەنگاری کرد کەپێشتر هەرخۆی کۆکردنەوە و نوسینەوەیانی گرتبوەئەستۆ کەسامانێکی نەتەوەیی گرانبەها بوون.

لەساڵی ١٩٣٩دا کەجەنگی دووەمی جیهان هەڵگیرسا، بارتوک بیری لە جێ هێشتنی هەنگاریا کردەوە، ساڵی ١٩٤٠ پاشگەشتێکی مۆسیقایی لەگەڵ خێزانەکەی لەئەمریکا جێگیر بوو، لەوێ هیچ خۆشیەکی بەدی نەکردو تەندروستی تادەهات بەرەو خراپتر دەچوو، هەرلەوێ مایەوە تاساڵی ١٩٤٥ لەنیویۆرک کۆچی دوایی کرد.

بیلابارتوک لەسەرابای ژیانیدا، زۆربەزیرەکی مامەڵەی لەگەڵ مۆسیقادا دەکرد، زۆر زوو بەدەنگ هەموو هەوڵێکی تازەو لەبارەوە دەچوو لەبواری مۆسیقادا و هەوڵی دەدا کەبۆ مۆسیقای وڵاتەکەی سودی لێ وەربگرێت، بەڵام بارتوک بەوریاییەوە مۆسیقای جیهانی لەگەڵ مۆسیقای میللی هەنگاریاردا، کە لەسەر بناغەی ئاوازە میللیەکان دارێژرا بوو ئاوێتەدەکرد، هیچ کاتێک رێگای بەخۆی نەدەدا کەتام و چێژە نەتەوایەتیەکەی مۆسیقای هەنگاریا قوربانی شێوە جیهانیەکە بکات، هەمیشە هەوڵ و کۆششی بۆئەوە بوو کەمۆسیقای هەنگاری بەتام و چێژی میللی و نەتەوەییەوە بگەیەنێتە ئاستی مۆسیقای جیهانی.



بۆهەڵسەنگاندنی بارتوک وەک دانەرێکی مۆسیقای هاوچەرخ، ئەبێت لەئاستی (سترافنسکی) و (شونبرگ)دا دابنرێ، هەرچەندە بارتوک وەک ئەو دوانە رۆلی گرنگی نەبووە لەرەوتی پێشکەوتنی مۆسیقای جیهانیدا، کەئەوەش دەگەرێتەوە بۆ هەندێ بارو زروفی تایبەتی نەتەوەیی، چونکە هەنگاریا وڵاتیکی دەوڵەمەند بو لە کەلەپوری میللیدا کەهێشتا سودی لێ وەرنەگیرا بوو، هەنگاریا بەهۆی باری سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە ببوە ناوەندی بزوتنەوەی مۆسیقای میللی. هەنگاریا ئەوسا لە ژێر سایەی حوکمی بنەماڵەی (هابسبۆرگ)دا

بوو تاکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان. ئەو سەردەمە خەڵک تەنها چێژی لە بەزمەکانی (برامز) و (ڤاگنر) وەردەگرت.

لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠ - ١٩٤٥ دا هەنگاریا نیوەی روبەری وڵاتەکەی لەدەست دا، ئەمەش بووە هۆی هاتنە کایەی بارودۆخێکی ئابووری نالەبار، بەتایبەت بۆ مۆسیقازانەکانی هەنگاریا کەوای لەزۆریان کرد وەک (ئەناتۆلی دۆراتی - ئۆیجیس ئۆرماندی - جۆرج شۆلتی) کەهەمویان مایسترۆ بوون، وڵات جێبهێڵن و کۆچ بکەن بۆگەران بەدوای هەلی لەباردا بۆ کارکردن، بەلام پارتوک و زولتان کودای هاورێی نەک هەر وڵاتیان جێ نەهێشت بەڵکو کەوتنە هەوڵدان بۆ خولقاندنی جۆریکی نوێ لەمۆسیقای میللی هەنگاری کەجیهانی و پێشکەوتنخواز بێ.

کارکردنی پارتوک لە مۆسیقای وڵاتەکەیدا، جیاوازیەکی بنەرەتی هەبوو لەگەڵ کارکردنی کودای هاورێی لەهەمان بواردا، پارتوک وریایانە دەچوو بۆ کارەکەی، سودی لە مۆسیقای میللی وڵاتانی تر وەردەگرت، بە تایبەت رۆمانیا، سەرباری ئەمەش بەکارهێنانی ئاوازە میللیە هەنگاریەکان لەلایەن پارتوکەوە بەپلەیەکی سەرەکی بۆ بەدەست هێنانی شێوەیەکی زانیاری جیهانی لەباربوو، بۆ خستنەرووی ئەو مۆسیقایە لەجیهاندا، بۆیە پارتوک یەکەمین مۆسیقازانی هەنگاری یە کە مۆسیقای وڵاتەکەی بەجیهان ناساند.



کەلتوری هەنگاریا و منداڵی پارتوک بونەهۆی ئەوەی تۆوی باوەری نەتەوەیی لەدڵی پارتوک دا بچێنن. پارتوک کوری کابرایەکی جوتیار بوو کەپەیوەندیەکی بەتینی هەبوو لەگەڵ خاک و جوتیاراندا، دایکی مامۆستای مۆسیقا بوو لەیەکێک لەقوتابخانەکانی هەنگاریادا، وانە سەرەتاییەکانی مۆسیقا، ئەو بەپارتوکی وت. پارتوک هەر زوو ئەو هەلەی بۆ رەخسا کەبتوانێ جیاوازی لەنێوان مۆسیقای لادێ و مۆسیقای میللی هەنگاریدا بکات کە تیکەڵە لەگەڵ مۆسیقای قەرەجەکان و جیاوازی بنەرەتی هەبوو لەگەڵ مۆسیقای هەنگاریدا، هەرچەند ئەم جیاوازیە زۆر کەس لەمۆسیقازانەکانی

هەنگاریا هەستیان پێ نەکرد، لەوانە
(فرانزلیست)، بەڵام پارتوک لەناو
هاوەڵەکانیدا کەم هاوتا بوو لە پەی
بردن بەبنج و بناوانی مۆسیقای

میللی هەنگاریا و جیاکردنەوەو ساغ
کردنەوەو بزارکردنی مۆسیقاکەیان،
بۆدەست نیشانکردنی ڕوی ڕاستەقینەی
مۆسیقای میللی پێشکەوتوی هەنگاری.





پەراوێزەکان

١. سۆناتای دانوب : سۆناتا یەکەلە ٣بەش پێکهاتووە، ٢٠ دەقیقە دەخایەنی .
بەشی یەکەم : ئەو سۆزو ئارەزووە دەردەبڕێ کەروباری دانوب لەناخیدا هەڵی گرتووە لەکاتی تێپەر
بوون بەخاکی نەمسادا بۆگەیشتن بەخاکی هەنگاریا .
بەشی دووەم : خۆشی و گەشکەی روباری دانوب دەردەبڕێ لەخاکی هەنگاریادا .
بەشی سێیەم : خەم و پەژارەی دانوب پیشان دەدات کەخاکی هەنگاریا جێدێڵێ .
٢. زۆرلەوناوچانەی ئێستا سەربە رۆمانیا و سلۆڤاکیان، کۆنتر سەربە هەنگاریا بوون .




## یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و

## فێستیڤاڵی نەورۆزی هەڵەبجە

ئامادەکردنی : فەرهاد سەنگاوی
نوسینەوەی نۆتە : ئاراس

## مۆسیقا

ئاراس ئیبراهیم : کەمان
سۆران جەلال : پیانۆ
دلێرئیبراهیم : کەمان
دلۆڤان علی احمد : کلارنێت
شوان : درامز
عطا حاجی علی : دەف ـ درامز

## گۆرانی بێژ

| | |
|---|---|
| حمە جزا | سیار بامەڕنی |
| سەلام احمدفارس | ئاکو محمود |
| ماموستا جەلال عەزیز | بەنازحمەجزا |
| شوان | عطا حاجی علی |

## کۆرس

| | |
|---|---|
| ستار کریم | بادینان جەلال |
| اکرم رحیم | هونەر حمەجزا |
| بهاءالدین مجید | طەحمەجزا |
| هاورێ محمود | بێگەرد حمەجزا |
| کرمانج حمەمراد | نیان جلال |
| اکرم محمد امین | نیگار هیوا |
| دلاوەر احمد | بەهار زوهدی |
| رێباز بابان | ئاشتی رووءف |
| بختیار عمر | چنار بکر |

نیگار بکر

باهەموو سەنگەرەکانی شۆرشی رزگاری نیشتمانی کوردستان ئاوەدان بێ ...
باهەموو بوارەکان بۆ سەربەخۆیی نەتەوەو نیشتمان بگرینەبەر ...

گەلانی ئێستە سەربەخۆو دوێنێ و پێرێ وڵات و ئازادی لێ داگیرکراو، بەپۆل و دەستە، هونەرمەندان و ئەدیبانیان، شار بەشارو وڵات بەوڵات دەگەڕان، بۆ ئەوەی رەسەنی و رەوایی دۆزەکەیان، فەرهەنگ و کەلتورو ئاستی ژیان و گوزەران و کارەسات و داواکانیان، لەئاوێنەو قاڵبی هونەرو ئەدەبدا، لەهەست و بیرو ویژدانی دنیادا بەرجەستە بکەن و هەست و سۆزیان بەلای خۆیاندا رابکێشن و ئاوات و ئازارەکانیان بخەنەسەر تەختی شانۆ تائەو گەلانەو ئەو وڵاتانە بکەن بەدۆست و هاوکاری گەل و مەسەلەکەیان، لێرەش یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان (کۆمیتەی شاخ) بەهەستکردنی ئەرکی سەرشان و بۆبەجێ گەیاندنی بەشێک لەو ئەرکە، لەیادی نەورۆزو هەڵەبجەی تاودانددا، میهرەجانی نەورۆز و هەڵەبجەیان لەژێر دروشمی (بۆئاشتی .. بۆ مرۆڤ .. بۆکوردستان) دا بەرپا کردو لەلایەن تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بەبەشداربوونی ئەو هونەرمەندە پێشمەرگانەی دوایی تر ناو و رۆڵیان باس دەکەین. کاتژمێر (پێنج) ی سەر لە ئێوارەی رۆژەکانی (١٩٩٠/٣/٢١ تا ١٩٩٠/٣/٢٤) لەسەرشانۆ خنجیلانەکەی سینەمای (ئیستیقلال) لەشاری سەقزی خۆشەویست، تا کاتژمێر ٧٫٣٠ ی ئێوارە. بەتاسەو شەوقی لەڕادە بەدەرەوە بەرهەمەکانی کەبریتی بوون لەکۆمەڵێک گۆرانی سیاسی و سروود و مۆسیقا، بەکۆمەڵانی خەڵکی شاری سەقزو خەڵکەکەی تری کوردستانی باشورو پێشمەرگە قارەمانەکان پێشکەش کرد، نیاز وابو لەو چوار رۆژە زیاتر بەردەوام بێ، بەڵام لەبەر شۆڕ و شەوقی هاتنەژوورەوە، دیار بو گەر بەردەوام بوایە هەراو هوریایەک دەقەوما و رەنگە حاڵ و وەزع لەکۆنترۆڵ دەرچوایەو بەدیوی دیکەدا بشکایەتەوە، لەدوای چوار رۆژ کەهێشتا کۆمەڵانی خەڵک زۆر تامەزرۆ بوون ناچار کۆتایی پێ هێنرا، نیاز وابوو شارە خۆشەویستەکانی سنە و مهاباد و بۆکان و ئەوانی تریشمان ببنە شانۆی ئەم بەرهەمانەو خەڵکی دڵ بەسوێی ئەوێش توزێ زاخاوی چاو و گوێ و دڵ و دەروونیان بدەن، مخابن، ئاو و هەواکە هەرهێندەی هەڵگرت و بۆمان نەلوا هاودەردێ و هاوخەمی و هاوچارەنووسی زیاترمان لەیەک بگەیەنین، شایانی باسە جگەلە هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان دەستەیەک کوڕ و کچی پێشمەرگە بەشداریان کردو کۆمەڵێک پێشمەرگەی دڵسوزی تر بەسەرپەرشتی هونەرمەند کاک (فازیل قەساب) چاوەدێری هۆڵ و شانۆکەیان گرتبووە ئەستۆو کاک (ئاکۆ حەسەن بەکر) بەرپرسی کارەباو دەنگ بوو، (فەرهاد سەنگاوی) ش (عریف حفل) بوو. ئەو هۆنراوەو پەخشانانە لەهەڵبژاردنی (عریف حفل) ەکە بوو، کەهەر رۆژەو کۆمەڵێک لەو بەرهەمانە پێشکەش ئەکران.

میهرەجانەکە بەم شێوەیە دەستی پێ کرد :

١ . سەرەتا دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شۆرشی رزگـــاری نیشتمانی کوردستان بەگشتی و شەهیدانی هەڵەبجە بەتایبەتی .

پاشئەمە، بەخێرهاتنی میوانە بەرێزەکان کرا، باسلەهاوهەســـتی و هاوخوێنی و هاوبیری ئەم کۆمەڵە خەڵکە، کەچۆن شادیان یەکەو پرسەیان یەکە، یەکچارەنووسو تایبەتمەندی کۆیان دەکاتەوە.

٢ . یەکەم بەرهەمی ئاهەنگەکە بە سروودی مێژوویی "نەورۆز"دەستی پێ کردلە لە دەنگی هونەرمەند مامۆستا جەلال عەزیز.



هۆنراوەی : پیرەمێرد
ئاوازی : کۆن

ئامادەکردنی: ئاراسئیبراهیم
ووتنی : مامۆستا جەلال عەزیز

سروودی نەورۆز

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
چەن ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ بەستبو تاکو پار

هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو رەنگە سوورە بوو کەلە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورونزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بەعەشق ئەچون بەبەرەو پیری مەرگەوە
وا رۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا رووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵفانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە والەدڵی میللەتا ئەژین

## نەورۆز



٣-دوای ئەم سرووده هۆنراوەیەکی کاک شێرکۆ بێکەس خوێندرایەوە کە بریتی بوو لەم هۆنراوەیە :



سالی : کتێب
سالی : ئافرەت
سالی : منال
ئەی نوێنەری کۆمەلانی
گشت نەتەوە یەککرتووەکان
لێرە لە سالی کتێبدا
قەلەمیان کوشت
لێرە لە سالی ئافرەتدا
مندالیان کوشت
لێرە لە سالی منالدا
دایکانیان کوشت
لێرە ئەم سال پارە
پار : پێرارە
لێرە سال هەر یەک ناوی هەیە
سالی : زیندان و سێدارە

٤ • نۆرەی هونەرمەند کاکە حەمەجەزا گەیشت کە هەموو جەماوەر بە تێکرایی لە چاوەروانیەکی پڕ شەوقدا بوون گوێ یان لە دەنگە زولالەکەی بێ و ئەویش لە هۆنراوەو ئاوازی خۆی لەگەل تیپەکەدا ئەم بەرهەمەی پێشکەش کرد.

بابەمەڕۆ — هۆنراوەو ئاوازووتنی : حەمە جەزا
ئامادەکردنی : ئاراس ئیبراهیم

"بابەمەڕۆ"

کۆرس : مەڕۆ مەڕۆ بابە مەڕۆ بۆ جێمان دێلی
تاکەی ژیان بەرینە سەر هەروا بەوێلی
تا کەی غەمی ئەم میللەتە بکەینە باوەش
تاکەی لە سۆزی باوکێتی ئەمانکەی بێبەش

گۆرانی بێژ : ئەڕۆم ئەڕۆم زویر مەبن وردیلەکانم
تاسەربەستی وەدەست دێنم بۆ کوردستانم

تاکو نەخشەی ئەم وڵاتە نەگۆڕینەوە
دڵنیابن ڕۆڵەکانم ناگەڕێینەوە

کۆرس : مەڕۆ مەڕۆ ......................

گۆرانی بێژ : ئەڕۆم ئەڕۆم بێ نازمەبن وردیلەکانم
لەم کاروانە بەجێ ماوم لەهاوڕێکانم
ئێوەش چاک بن بۆ نەتەوەو خاک و وڵاتتان
لە دوا ڕۆژا بەسەربەستی دێمەوە ناوتان ـ دێمەوەلاتان

کۆرس : مەڕۆ مەڕۆ بابە مەڕۆ ئێمەش ڕێ دەگرین
مەتارەی ئاو چارۆکەی نانتان بۆ هەڵدەگرین
ژیانی شار مانەوەمان ئەم ماڵەو ماڵە
ڕاکردنە، ئەشکەنجەیە، ژەهرێکی تاڵە.

گۆرانی بێژ : نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی کردووە
شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادیوگڕوی یەکسانی یە
شیوەنی من شیـــنی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە
پارچە گوشتێکە دڵی من ڕونی یە
ناڵە ناڵی من درەنگە زوو نـی یە

گۆرانی بێژ و کۆرس
ئەڕۆین ئەڕۆین گشت پێکەوە بۆ ئەم شۆڕشە
بۆ خەباتی سەخت و دژوار تێش و کۆششە
یا هەمومان لەم ڕێگایە خوێنمان دەرژێنین
یاخو چرای ئازادی کورد دائەگیرسێنین

# بابه مه‌ڕۆ






٥ . دوای ئەم گۆرانی یە پارچە پەخشانی(هەزار وەنەوش) لەلاپەڕەی ٢٣ی کۆمەڵە پەخشانی "هەسان" خوێندرایەوە *

٦ . هونەرمەندی گۆرانی بێژ کاک عەتای حاجی عەلی بە گۆرانی"هەمونەبیـن " لەم میهرەجانەدا بەشداری کرد .

هەموو نەبین

ئاوازی : دلێر ئیبراهیم

هۆنراوەی : فۆلکلۆر

ووتنی : عطا حاجی علی

ئەنوەرقادرمحمد



---

* " هەسان " کۆمەڵە پەخشانێکە لە نوسینی کاک (فەرهاد سەنگاوی) و ئـەو پارچانەی لەم ئاهەنگەدا خوێندرایەوە هەندێ دەستکاری کراوە بـۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی میهرەجانەکەدا بگونجێ " هۆرە "

"هەموونەبین"

هەموو نەبین هاوبەشی غەم
نەسوتێین سەر تاپاقەدەم
پەروانە قەت ناکا بەشەم

* *

کێ وەک فەرهاد لێی تەوماوە
کێ وەک ئەو ڕەنجی کێشاوە
فەرهاد وێلی جۆگەی ئاوە

* *

هۆ هۆ فەرهاد
فەرهاد زووکە
قولنگەکەت بوە شێنە
لە دلی رەقی بێستونا
بۆ شارێکی برسی و تینوو
گول بروێنە
ئاو دەربێنە

## هەموو نەبین



٧. دوا بەدوای ئەم گۆرانیە پارچە هۆنراوەی کاک شێرکۆ بێ کەس خوێندرایەوە بەم جۆرە:

کەگۆریچەی گوڵەکانیان هەڵدایەوە
تیایاندا بو نەژاکابوو
چاوم لێ بو بولبولی بۆ:
تەرمی گوڵێکی ئەگەرا
کەدوزیەوە پێ یان ووت: چۆن ناسیتەوە؟
ئەم ناو نیشانەی هەڵدا:
گوڵ ئەستێرەی سلێمانی دابو لەسەر
مانگی پاوانەی سابلاخی لەقاچدا بوو
کراسی گۆمە شینەکەی وان و ورمێی ئەکردە بەر

٨- نۆرە هاتە سەر هونەرمەندی کەمانچەژەن (ئاراس ئیبراهیم) و پێشکەش کردنی پارچەیەک مۆسیقا بەتەنیا بەناوی "شڤان" لەدانانی مامۆستا دڵشاد.



٩- خوێندنەوەی پەخشانێک بەناوی "خاکی" لە کۆمەڵە پەخشانی هەسان لاپەرە "٣"

١٠- هونەرمەند کاک سەلام ئەحمەد، کەلەگەڵ تیپی سلێمانیدا گۆرانی باران بارانەی لە تەلەفزیۆندا تۆمار کردووە و لەدامەزراندنی تیپی مۆسیقای شەهید کارزانەوە وەکو ئەندامێکی دڵسۆز دەست بەکار بوە و لەم ئاهەنگەشدا بەم دوو بەرهەمە بەشداری کرد.

سەربازی ون — ئاوازی: ئاراس ئیبراهیم
هۆنراوەی: عبداللە پەشێو — ووتنی: سەلام احمد فارس



١ – "سەربازی ون"

کەوەفدێ دەچێتەشوێنێ
بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون
تاجە گوڵینەیەک دێنێ
ئەگەر سبەی
وەفدێک بێتە وڵاتی من
لێم بپرسی
کوانێ گۆڕی سەربازی ون
دەڵێم گەورەم
لە کەناری هەر جۆگەیێ
لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لەبەر دەرگای هەر ماڵێ
هەر کلێسەیێ
هەر ئەشکەوتێ
لەسەر گابەردی هەر شاخێ
لەسەر درەختی هەر باخێ
لەم وڵاتە
لەسەر هەر بستە زەمینێ
لە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ
مەترسە
کەمێک سەر داخەو
تاجە گوڵینەکەت دانێ

# سەربازی ون






٢– " کوردستا ن "

کوردستا نە بێشەلانی شێرەکەی مەیدا نمە
خا ک و با دی نیشتما نە بێشکەیی لاوا نمە
کوردستا نە مەکتەبی ویژدا ن و هەم عیرفا نمە
درک و دالّی کوردستا نە سۆسەن و رێحا نمە

* *

خوێنی گەرمم سا ردە بێ شک هە روەکو بەفرا وی تۆ
دلّ وەکو یەخبەندی تۆیە بۆ نیشا نەو نا وی تۆ
ئەی وەتەن چۆن دانەمێنم واکزو دا ما وی تۆ

* *

گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بەدیلی لالّ ئەبم
با ش بزانێ کونجی زیندانم قوتابی خا نەیە
بیری ئا زادیم لە زیندانا فرا وانتر ئەبێ
قوربەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بەبەندیخا نەیە

* *

بوکی ئازادیم ئەویٚ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پیٚی
حەلقەحەلقەی پیٚوەنم بۆ پلێپلەو لەرزانەیە
گەر بەئازادی نەژیم مردن خەلاٚتە بۆ لەشم
نوکەری و سەر دانەواندن کاری نامەردانەیە

هۆنراوەی : قانع    ئامادەکردنی : ئاراس ئیبراهیم
ئاوازی : کۆن    ووتنی : سەلام احمد فارس

## کوردستان




١١ ـ لە هۆنراوەکانی کاک شێرکۆ بێ کەس ئەم پارچەیە پێشکەش کرا .
دەریاچەکەی سەروی " ورمێ " ئاسمانێکی دابەزیو بو
پەرەسیلکەی هیلاکی چاو نەگەیشتە هیچ لایەکی و ئەهاتەوە
لەخوێ یاو دا ، برینەکان بەبێ ئەوەی فێریان بکەن
ئەیانزانی چۆن دەستی خوین ئەبزوینین
بەبێ ئەوەی فێریان بکەن ،
ئەیانزانی بەکام زمان خەمی دەریاچە ئەدوێنن
دەریاچە ناسیاوە نەناسیاوەکە ئەمانبینی ؟
ئێمە دوست و کەس وکاری
" گەلاویژێکین کاروانمان ون کردووە

١٢ـ هونەرمەندی پیانۆژەن کاک سۆران جەلال پارچەمۆسیقای "تاقانەخونچەکە"ی پێشکەش کرد.



١٣ـ هونەرمەند "شوان کابان" لەهۆنراوەی خۆی و ئاوازی هونەرمەند ئاراس ئیبراهیم ئەم گۆرانییەی پێشکەش کرد.

" هەموو شەوێ "

هەمو شەوێ ، کۆتری دڵم ، باڵ ئەگرێت و
بەرەولای ئێوە هەڵئەفرێ
لەپێشاندا
لەسەر لوتکە دائەدات و
روو لەئێوە
روو لە شەوقی شەقامەکان

سەر کۆڵان و ناوماڵەکان
لەنگەر ئەگرێ
ئەمجا بەرەو کورەی دڵتان
هەڵئەفرێ

* *

بیرتان ئەکەم
لەم غوربەتە سەختەمەوە
لەم ئازارە بێ کوتایی و بێ بنەوە
ئارەزووی دیدارتان ئەکەم

* *

هەموو شەوێ
لەمرواری فرمێسکی ئەم غوربەتەوە
ملوانکەیەک ئەهۆنمەوە
بۆ ملی جوانی شارەکەم
هەموو شەوێ
دێم لە دەرگای دڵتان ئەدەم
هاوار ئەکەم
بیرتان ئەکەم
هەموو شەوێ
لە گوڵجاری ئەم غوربەتە
چەپکێ گوڵی سور ئەچنم
بۆنا و گوڵدانی شارەکەم
هەموو شەوێ
دێم لە دەرگای دڵتان ئەدەم
هاوار ئەکەم
بیرتان ئەکەم
بیرتان ئەکەم
هەموو شەوێ ، کۆتری دڵم ، هەڵئەفرێ
لەلای ئێوە
لەنگەر ئەگرێ
هەرلای ئێوەش بەئازادی
ئەبێ بمرێ
بیرتان ئەکەم

* *

## هەمووی شەوێ

هۆنراوە ووتنی : شوان
ئاوازی : ئاراس ئیبراهیم



# هەموو شەوێ





١٤- لەبەر شۆڕو شەوقی زۆری میوانەکان بۆ دەنگی کاکە حەمەجەزای هونەرمەند و خۆشەویست . جارێکی تر ناوبراو هاتەوە سەر شانۆکەو بە دەفێکی دەرویشیەوە، گۆرانیەکی دەروێشانەی بەناوی " دەی بارانە" کەیەکێکە لە گۆرانیە دەستەر کەوتووەکانی " دەروێش عەبدوڵا " پیشکەشی بە جەماوەر کرد.

١٥- ئینجا سەر تۆپ و سەر گوڵی ئاهەنگەکەبە " کۆراڵی داستانی هەڵەبجە"دوایی هات شایانی باسە ئەم کۆراڵە نزیکەی (٢٥) دەقیقەی خایاند وهەمووگۆرانی بێـــز و کۆرسەکەی تیابەشداربوو لەشێوەی داستانێکدا کارەساتەکەی دەگیرایـــەوە ،ئەم کۆراڵە بەو شێوەیە دەست پێ دەکا کە پێشمەرگەیەکی عاشق کاتێ دەبیستێ هەڵەبجە لەسەر دەستی هاورێکانیدا ئازادکراوە ، بەهیوای بینینی دڵدارەکەیـو

بەشدار بون لەو سەرکەوتنە گەورەیە ئەکەوێتە ڕێ بەرەو هەڵەبجەبەدەم ڕێگاوە داخی دووری هەڵئەڕێژێ و بەرۆحیەتێکی هەورامی و شارەزووریانە شەوقی خۆی دەرئەبرێ بۆ ئازیزەکەی، بەڵام هەرچەند نزیکتر ئەبێتەوە هەست ئەکا بەهار وەکو جاران رازاوە نی‌یەو دڵی خورپە ئەکا گوایە شتێک رووی دابێ، تائەگات بەکۆمەڵێک ، گوێ دەگرێ واخەریکی شیوەن کردنن و وەڵامی ئەمیش ئەدەنەوەوپێی ئەڵێن " دوکەڵی دوزەخ " یەکسەر ناوچەکەی گرتۆتەوە ، عاشقیش تێ ئەگات ئەگەر مەسەلەوابێ دیارە "دیدەنی دیدارەکەی" کەوتە ئەو دنیاو ئەم نالەیە بەدوو دیرمۆنراوە هەریەکە بەجۆرە مەقامو وتنیکی کوردیانەی دوو ناوچەی جیاواز (شارەزوور و کۆیە ) دەرئەبرێ ، ئینجا کۆرسەکە بۆی ئەگیرنەوە بەئاوازەوە، کە ئەو بەیانی یە دنیا ئاسایی بوو هێشتا دایک کۆرپەکەی لەباوەشدا بوو ئاوونگ تازە لەسەر گۆنای سەوزە چیمەن ئەتکاو ئەهاتە خوار لەناکاو فرۆکە هات و هەڵەبجەی شەهید کرد و دوای ئەمە (هەی ڕۆ هەی ڕۆ ) یەکی بۆ دەکەن و ئینجا ئەم نزایە ئەکەن.

لەنیوان گەل و هەرستەمکارێ ـ ئەگەر پردێ مابەردی لێ بارێ
لە هەڵەبجەوەئیتر لەمەودوا ـ ئەروانینە خەڵک ئەروانینە خوا

دوای ئەمەش هەربەئاوازی دەست پێکردنی کۆرسەکەبە (بەیانی‌بوو)دەستی پێ‌ئەکرد هەربەم ئاوازە ئەڵێن کە ( هەڵەبجە شەهید کرا
کوردستانی گەورە گریا ........)

ئینجا بەسرودێک کوتایی بەکۆراڵەکە دێنن کە سرودێکی پڕ حەماس و پر وورەیە و هیوایەک لەدڵی گوێگردا ئەروێنێ و پر بەدەنگ داوا ئەکات:

باهەڵەبجە
دوا سەمفۆنیای ئەم شەوە بێ
با هەڵەبجە
پەیامی سووری نەوە بێ
با هەڵەبجە تاهەتایە
هەڵەبجە بێ و
هەڵەبجە بێ و
هەڵەبجە بێ ...






تیپی موسیقای شەهید کارزان و فیستیفالی نەوروزو هەلەبجە (١٩٩٠).

## کۆرالی داستانی هەڵەبجە

هۆنراوەی : مەولەوی
رێژەن
جەوهەرکرمانج
بێریڤان
رەفیق سابیر
هۆنراوەی هەڵەبشیما

ئاوازودابەش‌کردنی :
دلێر ئیبراهیم



ئامان هەی ئازیز بینایی چاوان
تاسەی تۆم کەردەن خەیلێ فراوان
جەوساوە ئازیز لێم نادیارەن
سەیر کائینات نەدیدەم تارەن
چەمان هەم قامەت‌کەیفم خەمبارەن
زەردی نەڕوی دڵ زەوقم دیارەن
ئیمساڵ نەووەهار چون جاران نییەن
خەڵاتش‌شادی پەی یاران نییەن
بازچێش‌بۆ یاران دەروون پڕ داخەن
ئەغیاران دەماغ دڵ وەپەرداخەن
زاهیرا دڵم هەم کۆستش‌کەفتەن
داخۆم جەدوسان هەم کێ دوور کەفتەن
ئیــــمساڵ نەووەهار چون جاران نییەن
خەڵاتش‌شادی پەی یاران نییەن
پەی چێش‌چەمەڕای نەووەها رەنی
بێ خەوەر جەکۆس‌تازەی یارەنی
مەرجە دووی دۆزەخ نەداری خەوەر
سارای شارەزور یەکسەر گرتەن وەر
بینایی دیدەم تۆ وەسەلامەت
دیدەنی دیدار کەوت‌ئەو قیامەت
هەرچەنێ ئەیکەم خەیاڵانی تۆ
گەرمە شینمە دوبارە لەنۆ

---

بەیانی بوو ....
هێشتا پەرچەمی کیژۆڵان
دەس‌لەملانێ
باڵای شانەو
ئاوی کارێزو کانی بوو
بەیانی بوو
هێشتا دایک‌کۆرپەی برسی
لەئامێز بوو
بەیانی بوو
ئاسمان شینی مەیلەو سپی
زیو ئاوێز بوو

برژانگ هێشتا ، ئاوێزانی
چاوی خومار ..
سەوزە چیمەن
تک تک ئاونگی لەگۆنا
دەهاتە خوار
لێوی تەڕ بوو .. بەیانی بوو

---

لەگەڵ هاڕژنی فڕۆکەی بەر ئاسمانا
بوو بەشەو
هەڵەبجە هەردوو گوێی کەڕ بوو
چاوی کوێر بوو ، خوێنی ڕژا
بەسەر سەردەرەو هەیوانا
کپ بوو .. مات بوو

" هەڵەبجە برین گەلەک کویرە
خەملاتە ل مە ئێدی نەما
بوونە زێمار لاوک و هۆرە
ل وارێ مە بهار نەما
زارو کولیلک ڤەبڕاندن
جیهان هەوار نەهات چما
بێ دەنگی یە "



نوقمی زیڕەو
سەدای گریەو هاتە هات بوو
کپ بوو .. مات بوو

---

هەی ڕۆ ، هەی ڕۆ ، هەی ڕۆ ، هەی ڕۆ
تاعون ئەبارێ دێی شێواو هەی ڕۆ
سۆزو هاواری لەناکاو هەی ڕۆ
مەستی بێ شەراب ، هەرزەکار هەی ڕۆ
پیری دار بەدەس ، کەفتەکار هەی ڕۆ
زاوای بەردەرگای چاوەڕوان هەی ڕۆ
بوکی رازاوەی پێوپاوان هەی ڕۆ
نقیم بێ ورشەو هدیاسە سوورە
سەرەتای تاعون لەشارەزوورە
هەی ڕۆ ، هەی ڕۆ ، هەی ڕۆ ، هەی ڕۆ

---

لەنێوان گەل و هەرستەمکارێ
ئەگەر پردێ ما بەردی لێ بارێ
لەهەڵەبجەوە ئیتر لەمەو دوا
ئەڕوانینە خەڵکێ ئەڕوانینە خوا

---

کە هەڵەبجە شەهید کرا
کوردستانیگەورە گریا
کە هەڵەبجە دەهەزار چاو
دەهەزار مەچەک و بازووی ،
بوو بەئەڵقەو ،
داگیرکەر کردیانە پەنجە
ئەشکی چاوان بوون بەدەریا
زەوی گریا ، ئاسمان گریا
دیوانی مەولەوی گریا
زەوی گریا ، ئاسمان گریا

---

هەڵەبجە ، هەڵەبجە ژانی سەردەمە
هەڵەبجە ، هەڵەبجە هەرێمی تەمە
هەڵەبجە ، هەڵەبجە مەرگی زیندانە

هەڵەبجە ، هەڵەبجە ئایندەمانە
هەڵەبجە ، هەڵەبجە ئاوێنەی گیانە
هەڵەبجە ، وڵاتی بێ وڵاتانە
هەڵەبجە ، هەڵەبجە سنوری ژانە
هەڵەبجە ، هەڵەبجە ئایندەمانە
با هەڵەبجە
دوا سەمفۆنیای ئەم شەوە بێ
با هەڵەبجە
پەیامی سوری نەوە بێ
با هەڵەبجە تا هەتایە
هەڵەبجەبێ و
هەڵەبجە بێ و
هەڵەبجەبێ ...

رۆژی یەکەم ، کاتێ ئەمانویست ( پیانۆ ) کە ببەینە ژورەوە بۆ سەر شانۆ کە ، لەبەر قورسی ئامێرەکەو بەسەلامەتی گەیاندنی بۆ جێگای خۆی چەند (حمال) کارکەرێکمان بەکرێ گرتبو یارمەتیمان بدەن بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە، جگە لەوەی هەر لەبەر دەرگاوە رێمان نەبوو، ناوهۆڵەکەش پر بوو لەجەماوەر کە هێشتا یەکسەعاتی مابوو، لەم کاتەدا هەندێ لەهونەرمەندەکان لە دەرەوەی هۆڵەکەدا چاوەڕوان بون و بە هیواشی پرۆڤەیان ئەکرد، دوای ئەوەی پیانۆکەمان گەیاندە جێگای خۆی یەکێ لە کارگەرەکان پرسیاری کردبوو ئەم بەرنامەیە چی یە و دەربارەی چی یە ؟ لەوەڵامدا تێ گەیشتبو کەبۆ هەڵەبجەیەو بەرنامیەکی (مەردمی یە) یەکسەر چونەریزەوەو دانیشتن و جێی خۆیان گرت هەرچەندەبرایانی چاودیری هۆڵەکەلەگەڵیان خەریک بون ئەمرۆ زۆر خەڵکی لێیە و ئەمان بلیتیان بێ نی یە و تەولیان پێدان سبەینێ لەگەڵ خۆیان دا بیانکەنە ژوورەوە هیچ کەڵکی نەبوو ، یەکێ لەکارگەرەکان پێی وتوبون ( براکەم ئێوە پەنجا تمەنمان کرێ نادەنێ وبلیتەکەتان بەدە تمەن نی یە ، ئێمە دوسەد تمەن ئەدەین و تازە ئەم بەرنامەیە جێ ناهێڵین) لەدوای تەواو بونی ئاهەنگەکە یەکێ لەهاوڕێکانمانی دیبو وتبوی (وەڵاهی بمزانیایە وایە هەزار تمەنیشم ئەدا بەبلیتیک ) پر بەدڵیش سوپاسی کردبوو .


FIN
14.5.1990
rit.


Voice.


Pizz.
I
J
K
L


H
Pizz
Pizz
Pizz
8va

# كۆراڵی داستانی هەڵەبجە





هۆڵی سینەما (ئیستقلال) لەسەقز، تەنیا (٢٨٠) کورسی تیابوو ڕۆژانەلەسەرو هەزار کەسەوە ئامادە ئەبوون ، بێ ئەوەی بلیتیان بەدەستەوە بێ ، دەرگای سنەماکەیان دەشکان و هورروژمیان ئەهێنایە ژوورەوەو مەسەلەکە لە کۆنتڕۆل کردن دەرچوبو، بۆیە هەموو ڕوژێ مەسئولی سینەماکە یەخەی ئەگرتین و ترسی ئەوەی ئەخستە دلمانەوە ، گوایە قاتی دووەمی هۆڵەکە کەبۆ ژنان تەرخان کرابوو، بەرگەی ئەو ژمارە زۆرە ناگرێ و ئەڕمێ و ئەبێتە هۆی کارەساتێکی دلتەزێن ، بەراستیش زۆرلە هاورێیانمان ئەو ترسەیان لێ نیشتبوو بەلام هیچ نەئەکراو دەسەلات لەدەستی کەسدا نەمابوو .... خۆشبەختانە بەسەلامەتی کوتایی هات...



لەبەردەم هۆڵەکەدا ، دوای تەواو بونی ئاهەنگەکە برایەک لەگەڵ یەکێ لەهونەرمەندەکان ئەم گفتوگۆیەی کردبوو :

ـ ئەرێ براله توخوا ئەوە خودی حەمە جەزا بوو ؟

ـ بەڵێ کاکە گیان خۆی بوو .

ـ هەر خودی خۆی ، حەمە جەزا ئەطڵیەکە !

ـ ئەری وەڵڵا ، حەمە جەزا ئەطڵیەکە ؟

کابرا دەستی ڕاستی بەسنگیدا خشانبوبەرەو خوارو وتبوی :

ـ یاڕەبی شوکور ، پێی شاد بوم .


تیپی مۆسیقای







**شایانی شانازی و سەرنجی پێویست**

کۆمیتەی شاخی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان بەرهەمەکانی خۆی چ لەلایەن هونەرمەندانی مۆسیقاوە چ لەلایەن هونەرمەندانی تشکیلی و شانۆوە ـ هەمووکات ـ بە توانا و ئیمکانیاتی مادی کەم و پێشمەرگە ئاسا و ڕێگە و جێگەی نەشیاو و تەنگەبەر و ئامێرو ئالاتی کارکردنی هونەری کەم و کورتەوە، ئەم کارانەیان ئەنجام داوە. ئەگەر بیرتیژی و دڵسۆزی بۆ نەتەوەو نیشتمان نەبا پێشکەش نەدەکران .

هاوکاری گەرم و گوڕی هونەرمەندان و هونەر دۆستان و دانیشتوانی شاری سەقزیش ـ ئەم بەشەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەمان دڵبە سویی و تامەزرۆیی ئەمانە زیاترتین و تاوی داینێ ، ئێمەش بە شانازیەوە بۆ بەشێکی دیکەی نەتەوەکەمان ئاوات و ئامانج و ئازار هەڵدەڕێژین و تێکەڵ دەبین . هەرئەوان دڵسوزانە ئامێرەکانی مۆسیقایان داینێ بۆ ڕاپەراندنی کارەکانمان ، سەرەرای ئەوەش زۆر بەشەوق و تاسەوە دەهاتن و ئامادەبون و دەستخۆشکەریان ئەکرد .

شیعرو پەخشانی هەموو ڕۆژەکان تازەو تازەتر بون و دوبارەنەدەکرانەوە، تێکرای هونەرمەندانی ئەم میهرەجانەو کۆرسەکان و بەشداربوەکان پێشمەرگەو کوڕ و کچانی خێزانی پێشمەرگەو شەهیدان بوون . زۆربەیان پێشمەرگەی دەساڵەی ئەم شۆڕشە بون و لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا جەنگاون و نەتەوەو نیشتمانە داگیرکراوەکەیان و داگیرکەرانی نیشتمانەکەیان ناسیوەو دژی وەستاون و بەچەک و بەقەڵەم و بەدەنگ و هونەر دوژمنانیان ڕسوا کردووەو پەردەیان لەسەر تاوانەکانیان هەڵماڵیوەو ورەوسوربون یان لەسەر خەبات و درێژەدان بەتێکوشان کەورەتر کردووە و گەشبینتر ڕوی مەسەلەکەیانیان نیشان داوە . بەم جۆرە (فیستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجە) لەناو دڵی شاری سەقزی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بۆ مێژووی خەباتی هونەری و فەرهەنگی و سیاسی نەتەوەکەمان تۆمارکرا .



هونەرمەند کاک (محەمەدی ناهید) گۆرانی بێژوتار ژەنێکی بەرچاوی سەقزەو یەکێکە لەو ئوستادانەی بەدروست کردنی ئامێری مۆسیقا بەناوبانگە بەتایبەتی ئامێری (تار) لەساڵی ١٣٢٠ لەدایک بووەو تەمەنێکی لەخزمەتی هونەردا بەسەر بردووە، باوەڕی بە کەلەپوری مۆسیقای کوردی هەیەو لەسەر ئەو عەقیدەیەیە کە هەموو ئەو بەرهەمانەی بڵاوئەبنەوە ئەبێ لەسەرو هەموو شتێکەوە رەسەن و هونەری بن، خۆشی زۆربەی ئەوگۆرانیانەی بڵاو کردۆتەوە کەبەئاشکرا رەسەنایەتیان پێوە دیارەوکەلێکینی هەر ئاوازی فۆلکلۆرین. زۆر شەیدای ئەوەیە مۆسیقای کوردی بەشێوەیەکی زانستیانە بنوسرێ و بپارێزرێ، هونەرمەندێکی عاشقی هونەرو مرۆڤ پەروەرو مەجلیس خۆشە، سەر راست و سوورە لەسەر بەئەنجام گەیاندنی پەیمانەکانی شەیدای هونەرەو زۆربەی کاتی خۆی لەگەڵدا ئەباتە سەر، کاتێ ئێمەش ڕومان تێ کردو داوامان لێکرد سەردانی خۆیمان بۆ بڵێ لەسەر کۆراڵی داستانی هەڵەبجە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە :-

ڕۆژێ بەمناسەبەتی ئەوەی لام وایە زۆرتر لەهەموو شت حەز بەمۆسیقائەکەم چەند دۆستێ داوایان لێ کردم بۆ بینینی میهرەجانی نەورۆزو هەڵەبجەلەلایەن کۆڕی هونەرمەندانی عێراقی - تیپی مۆسیقای شەهید کارزان - لە شاری سەقزدا پێک هاتبوو، سەرم سوڕما .... لەدڵەوە بەخۆم وت ئاخر ئەمە چۆن دەبێ ؟بەکام ئیمکاناتەوە؟ بەنابەدڵیەکی زۆرەوە چومە هۆڵی دیاری کراو کە جەماعەتێکی زۆری تێدابوو. پێش ئەوەی کۆراڵ دەست پێ بکات چەند سروودو ئاواز لە لایەن هونەرمەندانی بەرێز مامۆستا (جەلال عەزیز) وکاک (حەمەجەزا) وکاک (شوانکابان) و کاک (سەلام ئەحمەد) وکاکە (عەتای حاجی عەلی) ئیجرابون، لەپاش تەواو بوونی پرۆگرامی کۆراڵەکە هەستم کرد هەڵبژاردنی ئەو سروودو ئاوازانە بە دانستەو وردبینانە بووە و میوانەکانی ئامادەتر ئەکرد بۆ زیاتر تێ گەیشتنی داستانی کۆراڵەکە، لەدواییدا کۆراڵەکە دەستی پێ کرد، جوان سەرنجم دا هەر ئەوەندەی لێ حاڵی بووم، وەڵامی ئەو پرسیارەی کەلەم بابەتەوڵێم کراوە بە کورتی بەم چەشنە بدەمەوە :

بێ گومان روداوی دڵ تەزین و سامناکی هەڵەبجە نەتەنیا لەسەر مێشکو دەماری هەر کوردێک کاری کردوە بەڵکو هەرکەسێ لەهەر شوێنێکی دونیاو بەهەر ئایین و یاسایێکەوە ، ئەم روداوەی بیستبێ ، مەگەر لە ئینسانیەت نزیک نەبو بێ ، دەنا ئاخی قوڵ و سوتێنەری بۆ خەڵقی ئەو شارە مەزڵومو بێ تاوانە هەڵکێشاوە، ئەگەرچی لاواندنەوە بەدرێژایی مێژو لەناوچەکانی کوردستاندا باوە، بەشێوەی ئاهەنگێکی خاو لەسەر گۆری ئازیزانی لەدەستچوو دەبیسترێ ، بەڵام کۆرالی هەڵەبجە بەشێوەی گازو ئاواز هاوارێکە دڵسۆزانەو خۆماڵیانە لەناخی دەرونەوە دێتە دەرو لاواندنەوەیەکە پڕ بەدڵ شیاوی هەرکۆست کەوتوویەکە .

کاری کۆرالی هەڵەبجە تەنیا شین گێڕی و لاواندنەوە نەبو، کۆراڵ پێویستی بە دەنگی بارهاتوی تایبەتی هەیە، پێویستی بەژمارەیەکی زۆرکۆڕو سازو هۆڵ ووسائلی صوتی ........ هەیە ، بەڵام کاک دلێرئیبراهیم زۆر دلێرانە ئەم کەمو کوڕ یانەی بەهیچ زانیوەو بەکارەجوانەکەی و بەدابەشکردنی دەنگی کۆڕی کچ و کورەکان و هەڵبژاردنی وشەو شیعری بەجێ ، بەچەشنێ سەرنجی راکێشامکەناتەواوی ژمارەی سازەکان و بێ ئیمکاناتی و رەق و تەقی هۆڵەکەی لەبیر بردمەوەو بۆ ماوەیەک پێم وابو لەیەکێ لەهۆڵە بەناوبانگەکانی ئۆپێرای ئەوروپادادانیشتوم وکۆرالێ بەزبانی کوردی ئەبینم ، لەدورەوە ناوچەی شارەزورم ئەبینی و لە ناکاو لەکاتێکدا کەئاسمان شینی مەیلەو سپی بو، بەگوێ بیستم ، بە چاو بینیم چۆن هەڵەبجە شەهید کرا و چۆن هەزاران عاشق بەدوای دڵداریاندا سەر گەردان بون ، کەڵک وەرگرتن لەزارەوەکانی جۆر بەجۆری کوردی پێی درکاندم کەچۆن تەواوی ناوچەکانی کوردستان لاواندیانەوە .... باوەڕم کرد لەماوەی کەمی چواردەساڵدا کەکۆراڵ هاتۆتە نێو کوردستانەوە، هونەرمەندی کورد توانیویەتی داستان و بەسەرهاتی خۆی بەمۆسیقاو کۆراڵ بگێرێتەوەو هونەرمەندانی کورد توانیویانە هونەری خۆیان بکەن بەئاوێنەبۆدەرخستنی مەبەستیان.



# گۆرانی و مۆسیقای کوردی و پێداویستیەکانی ئەم قۆناغە

ئەرسەلان بایز



دەڵێن : بەبێ باسکردن و لێکۆڵینەوە لەگۆرانی و مۆسیقای هەر میللەتێک ناتوانرێ باس لەمێژووی ئەو میللەتە بکرێت . چونکە گۆرانی و مۆسیقا یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کەئەتوانرێ لەرێگایەوە میللەتان بناسرێن و لەیەکتر جیابکرێنەوە ، رادەی پێشکەوتن و دواکەوتنیان دەست نیشان بکرێت .

هەروەها دەڵێن : چونکە هونەر ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە لەگەڵ هەست و نەستی خەڵک ، لەگەڵ دەروونیان دەدوێ و شنەی خۆی ئاراستەی عاتیفەو دەروونیان دەکات ، ناخیان دەجوڵێنێ، بۆیە لە فەلسەفە کاریگەرترە . رۆژانەش لەرێگای دەزگاکانی راگەیاندن سەربەهەموو ماڵێکدا دەکات و لەدەرگای عاتیفە و دەروونیان دەدات . هەر بۆیەش گۆرانی و مۆسیقای رەسەن تەنیا تەعبیر کردن نیە لە واقع ، بەڵکو بزوێنەری واقیعیشە . مێژوی تەمەنی هونەریش ئەو راستی یەی ساغ کردۆتەوە ، ئەو بەرهەمە هونەریەی لەگەڵ واقعی زاتی و بابەتی قۆناغەکەو، پێداویستیەکانی داهاتووی خەڵک جووت بوو بێت بەهونەریکی زیندوو و رەسەن ناسراوە . پێچەوانەکەشی هونەرێکی ووشک و بۆماوەیەکی کورت دەژێت .

هونەری سەرکەوتو و رەسەن، وەک هەر کارێکی تری مرۆڤایەتی رەسەن چ ئەدەبی، رۆشنبیری، سیاسی،بوونی خۆی بەسەر دڵ و دەروونی دەوروبەرەکەی دا دەسەپێنێ. بەڵام ئەو خۆسەپاندنە لەبوارێکەوە بۆ بوارێکی تر، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. خاسیەتێکی ئەو خۆسەپاندنەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەکاری ناسک و هێمنانەی دوور لەهەڕەشەو زەبروزەنگ باش و ئاسانتر جێگای خۆی لەدڵ و دەروونی خەڵک دا دەکاتەوە. هەر بۆیەش سەرجەم گەلان، دەوڵەتان بەپێشکەوتنخوازو کۆنەپەرستی یەوە بایەخێکی لەڕادە بەدەر بەو بوارە گرنگەی کۆمەل دەدەن. بایەخ نەدانی تەواویش بەو بوارە لە هەر کۆمەڵگایەک دا، مانای چۆڵ کردنی سەنگەرێکی کاریگەری میللەتە، مانای درز کردنە دیواری سۆزو دەروونی میللەتە تادوژمنان لێ یەوە دزەبکەن، ئیتر هێدی هێدی لەپەل و پۆیان بخەن و سۆزو مێشکیان داگیر بکەن.

هونەر، پێش ئەوەی لەخزمەتی هەرچینێک دا بێت هونەرە، تەنیا کاتێکیش لە هونەریتی خۆی دەکەوێت کەپایەگاکانی هونەری لەدەست بدات، ئەگینا هیچ کەسێک، چینێک باشۆرشگێریش بێت، ناتوانێت پێناسەو شناسنامەی هونەری لە هیچ بەرهەمێکی (هونەری) وەربگرێتەوە. دەتوانرێ بووترێ ئەو بەرهەمە هونەری یە لەگەڵ ئەم قۆناغە دەگونجێ و، لەگەڵ رەوتی مێژوو هاوتەریبە یان پێچەوانە. ئەبێ ئەو راستیەش بووترێ کەهونەرمەند هەم بۆخۆیی و هەم بۆ دەوروبەریشی بەرهەم دێنێتەکایە، جادیدو بۆچوونی ئەو هونەرمەندە جۆری پەیوەندی بەرهەمەکە لەگەڵ کۆمەڵ دەنەخشینێ، ئەو پەیوەندیەشی گەلێ جار لە خزمەتی ڕەش و ڕووت و گەلێ جاریش لەخزمەتی چینێکی دەسەڵاتداری زۆردارەبێت.

ئەوەی تائێستا شۆڕشگێڕەکان لەسەری یەکانگیرن ئەوەیە کە هونەری رەسەن راستگۆ و تەعبیر لەمعاناتی زۆربەی کۆمەڵ دەکات لەقۆناغێکی دیاریکراودا، بەڵام ئەو تەعبیرکردنە بەخواست و ئارەزووی هونەرمەندەکە خۆی دەبێت، بواری دیموکراتی و ئازادیش ئاقاری داهێنانی هونەرمەند خۆشتر دەکات، زەبرو زەنگیش ئاستەنگی بەردەم ئەو داهێنانەیە. ئەگەر تاچەند ساڵێکی بەر لە ئێستاش ستالینیەت لەژێر ئالای ڕەش و ڕووت و پێشکەوتنخوازی دا کۆت و پێوەندی دەکردە دەستی هونەرمەندە ئازادیخوازەکان، بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لێ قەدەغە دەکردن، گیرۆدەی دەست بەسەری و دوورخراوەیی و زیندانی دەکردن، ئەوا ئەمرۆ ئەوجۆرە ڕەفتارانە لەسەرانسەری جیهان دا شکستی خواردووەو باوی نەماوە، هونەرمەند وەکو باقی کۆمەڵانی خەڵک پربەدەمی خۆی هاوار دەکات و تەعبیر لەدیدو بۆچوونەکانی خۆی دەکات.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کەئایا هونەرمەند چۆن دەتوانێ پارسەنگی پەیوەندی نێوان خۆی و کۆمەڵ رابگرێت، بێگومان ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ (إنتمای) چینایەتی هونەرمەندەکەو دیدو بۆچوونی کەلەهەر قۆناغەو لەهەر میللەتێکا

جۆرە پەیوەندییەکی تایبەتی دێتەکایە کەڕەنگدانەوەی پێداویستیەکانی قۆناغەکەیە .

* * *

دەڵێن :

مۆسیقای بێتهۆڤن تەعبیر لەفکری شۆرشی ئەڵمانیا دەکات .

مۆسیقای سەید دەرویش تەعبیر لەفکری شۆرشی ۱۹۱۹ ی میسر دەکات .

بەم جۆرە دەبینین مۆسیقا تەعبیرکردنە لەفکر، یەکێ لەئەرکەکانی بەخشینی تام و چێژە بەمرۆڤ ، فکرێک ، تام و چێژێک کەمرۆڤ لەشکستی وتێکەوتنان بدات بۆ هەڵسانەوەو مقاوەمەت ، مرۆڤ فێربکات ژیان و مرۆڤایەتی و ئازادی وولاتەکەی لاخوشەویست بێت ، خەباتی بۆبکات و قوربانی لەپێناو بدات.

ئەگەر هونەرمەند سوور بێت لەسەر جێ بەجێ کردنی دەوری مێژویی شیاوی کۆمەڵایەتی خۆی، پێویستە ئەو ڕاستیە درک پێ بکات کەژیان و دنیا لەگۆڕان و بەرەو پێش چوون دان، هونەریش ئەبێ دەوری هەبێت لەو گۆرانکاریەدا .

هونەر دەتوانێ دەوری کاریگەر بنوێنێ لەبەرزکردنەوەی هەستی مرۆڤ بۆ رزگاربوون لەغوربەت و پارچەپارچەیی. دەتوانێ هاوکاری بکات لەوەی مرۆڤ وا لێ بکات لەواقیع و دەوروبەری خۆی بگات . وەبەهۆی ئەوەی هونەر بەشێکە لەواقعی کۆمەڵایەتی بۆیە کۆمەڵیش هەقی خۆیەتی داوا لەهونەرمەند بکات هوشیارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵ و رووداوەکان بکات و لەکاتی قەیرانە کۆمەڵایەتیەکاندا دەوری کاریگەرو بەرەوپێش چوون بنوێنێ.

ئایا بەپێی ئەو تێ ڕوانینە زانستییەی سەرەوە گۆرانی و مۆسیقای کوردی ح دەورێکیان بینیوە؟

ئەگەرچی گۆرانی و مۆسیقای کورد وەک میللەتەکەی بەهۆی ژێردەستەیی و پارچەپارچەیی، ژێردەست و پارچەپارچەو لەچاو گۆرانی و مۆسیقای ناوچەکە دواکەوتووە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ ئەو راستیە بووترێت کەگۆرانی و مۆسیقای کوردی، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەبوارەکانی تری خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەیان جێ نەماون. ئەگەرچی کۆسپ و ئاستەنگی گەورەیان هاتۆتە رێگا ، وەکو بوارەکانی تر بایەخیان پێ نەدراوەو زەمینەی لواویان بۆ نەرەخساوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی گەورەیان بەرەو پێشەوە هەڵناوە . ئەو سروودو گۆرانیە سیاسیانەی کەهەن دەروونی زامدارو پڕ جەنجاڵی پیرو لاوی کورد دەهەژێنن و تەکانیان پێ دەدەن بەرەو خەباتی سەخت و گیان بازی .

سەرباری دەسەڵاتی بکوژو ببری دکتاتۆری رژێمی عەفلەقی، هونەرمەندە خۆراگرو نیشتمان پەروەرەکانی کورد هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕاون درزێک لەدیواری فاشیەکان بدۆزنەوە تا تەعبیر لەژێردەستی و، خوێنی بەناهەق رژاوی

هەزاران شەهیدو، ئازارو سۆی دێهاتە راگوێزراوەکان بکەن، هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە پێناسەی هونەری کوردی سەردەمەکەی خۆیان بن و لەرەوتی کاروانی خەباتی گەلەکەیان دوانەکەون .

ناکرێ لەم بوارەشدا باسی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان نەکەین (ئەگەرچی خۆزگە بەرهەمی زیاتریان دەبوو) بەلام بەو (٤) شریتەی کەهەیانە جێ پەنجەیان بەهونەری شۆڕشگێڕو مقاوەمەتی خەڵکی کوردستانەوە دیارە . بەرهەمەکانیان هاندەرێکی بەتینی خۆڕاگری و چالاکیەکانی پێشمەرگەبوون لەقۆناغی سەردەمی خۆی دا خۆراکی رۆحی و هاندەرێکی بەتینی سەرجەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، هێندەی بواری بۆ رەخسا لەگەڵ پێشمەرگە لەسەنگەردابوو، مقاوەمەتی کرد، زاگەی باو و باپیرانی چۆڵ نەکرد، بەرهەمەکانی ئەو تیپە پێ بەپێ شاخەو شاخ و دەوەن بەدەوەن لەگەڵ گوللەی تفەنگی دەستی پێشمەرگە شەوی تاریکی دوژمنیان شەق دەکردو، لەگەڵ هەڵمەتی پێشمەرگە خۆیان هەڵدەدایە ناو سەنگەرەکانی دوژمن و نەعرەتەی سەرکەوتنیان لێ دەدا .



بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەکوردستانی عێراق دا ، ئەمڕۆ دووچاری وێک هاتنەوەیەکی دژواربووە ، ڕەنگ ڕشتنی هەڵسانەوە لەو شکستەش کەکارێکی حەتمی یە هەروا لەخۆیەوە نابێت ، بەڵکو پێویستی بەووردبینی و خەباتێکی سەختە هەیە ، **خەباتێکی گۆش کراو بەگۆڕانکاریەکانی ئەمڕۆی دنیا کەهونەریش** دەوری کاریگەر و شیاوی خۆی هەیە لەو ئەرکەدا ، چونکە هونەریش ئەبێ **رووبە** رووی کێشەکۆمەلایەتیەکان بێتەوە (بەکێشە سیاسیەکانیشەوە) کەڕۆژانە روو بە

رووی خەڵک دەبنەوە ، ئەگەر ئەو ئەرکەش وەدی نەهێنێ ناتوانێ رووی دەمی لە جەماوەر بکات و لێ یان تێ بگات و تێ یان بگەیەنێ .

پێداویستی قۆناغی ئەمڕۆی بزاڤی کورد ئەوە دەخوازێ خەڵکە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکانی لەپێشەوەی هەمووان ڕۆشنبیران، ئەدیب و هونەرمەندان ، نووسەران چاکی لێ بکەن بەلادا و هەماهەنگ بن بخەنە سەر ڕۆژ بۆ هەڵسانەوەی بزاڤەکە لەسەر بناغەیەکی نوێی دیموکراتی و ئازادی و ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ ، لەسەر بناغەی بایەخ دان بەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵ، بۆ ئەوەی هاوکێشە گەشەبکەن و، دەورو تەئسیری خۆیان لەکۆمەڵ بکەن و کوردەواری بگەیەننەئاستێکی هوشیاریولایق تر .

لەم قۆناغەی کوردستانی عێراق دا کەبواری خەباتی چەکدار کەمتر بۆتەوە ، ئەدەب و هونەر چەکێکی لەجاران کاریگەرتر دێتە پێشەوە . ئەگەر جاران تفەنگ نۆکەری خەبات بوو، گوللە ڕێگای شەوەزەنگی دوژمنانی شەق دەکرد، ئەوا ئەمڕۆ دێڕە شیعرێک ، ئاوازی کەمانێ، شانۆگەری یەک ، تابلۆیێ، چیروکێ بەرۆکی دوژمنان دەگرێت و داوای خوێنی شەهیدان دەکات . ئەرکی ئەمڕۆی گۆرانی و مۆسیقای کوردی زیاتر بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرو، هۆشیارکردنەوەی جەماوەرە لەڕەتکردنەوەی ژێردەستی و تەسلیم بوون بەئەمری واقع، ئەرکی هونەر ئەمڕۆ ڕەتکردنەوەی گیانی وورەبەردان و بەهێزکردنی رۆحی مقاوەمەتە. کۆمەڵانی زەحمەتکێش و لێ قەوماوی کوردیش ، عەودالی دۆزینەوەی پردێکی پەڕینەوەن لەم شکستەدا . عەودالی تروسکاییەکی ڕێگای کاروانی هاتونەهاتن.

دەڵێن : تێکەڵاوبوونی رۆحیی هونەرمەند لەگەڵ ئەو بابەتەی هەڵی دەبژێرێ بەردی بناغەی سەرکەوتن و داهێنانی بەرهەمە هونەرییەکەیە . ئەو هونەرمەندانەی تیپی مۆسیقای شەهید کارزانیش کەهەندێکیان زیاتر لە ٨ ساڵە پێشمەرگەی شاخ وکێو و دێهاتە هەمیشە بوردومان کراوەکانی کوردستانن، لە میهرەجانی نەورۆزو هەڵەبجەی ئەم ساڵدا ئەو تێکەڵابوونە رۆحییەیان بەئاشکرا پێوە دیارە .

کاتێ هەرزەکاربووم، لەئاهەنگی نەورۆزی هەموو ساڵێک دا دەستی رانک و چوخەم لەبەردەکردو پشتێنێکی هەولێریانەی گەورەم دەبەست و لەگەڵ هاوەڵەکانم لەمێرگێکا بەئاهەنگێکی خنجیلانە ئەوڕۆژەمان بەسەر دەبرد، لەگەڵ بیستنی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە )ی پیرەمێردی نەمر تەزوێک بەهەموو دەمارەکانی جەستەم دا تێ دەپەری . ناخی دەروونم دەبووە یەک پارچە ئاگری رق و مقاوەمەت و خەبات ، دەبوو بەهۆی ئەوەی گەل و نیشتمانەکەم زیاتر لا خوشەویست بێت . ئەمڕۆش دوای ئەم هەموو ساڵە نازانم بۆچی کاتێ گوێم لەو سرووده بۆوە لەو ئاهەنگە ،چەند فرمێسکێک لەچاوم قەتیس مان و نەم زانی

چۆن تەعبیری لێ بکەم. تۆبلێی هۆی غوربەت و لێ قەوماوی گەل و نیشتمانەکەم، یان تەلی کەمان و ئامێرە مۆسیقیەکان، یان دەنگە بەسۆزە زیندووەکە بوو بەو جۆرە شێتانەیە ڕای هەژاندم..؟

دەنگی بەسۆز و میللی کاک حەمەجەزای هونەرمەندیش لە:

هەڕۆ مەڕۆ بابە مەڕۆ بۆ جێمان دێلی
تاکەی ژیان بەرینە سەر هەروا بەوێلی
تاکەئەمی ئەم میللەتە بکەینە باوەش
تاکەی لەسۆزی باوکێتی ئەمانکەی بێ بەش
ژیانی شار، ماندوەمان ئەم ماڵەو ماڵە
ڕاکردنە، ئەشکەنجەیە، ژەهرێکی تاڵە

فلیمێکی تراجیدی هەزاران ماڵە کوردە کەچەندین ساڵە بەدەردیەوە دەناڵێنن. بەڵام باوکە ناچار دەبێت جێ یان بێڵێ نەوەکا لەکاروانی خەبات و هاوەڵەکانی جێ بمێنێ. ئەڕوا بۆ ئەوەی چرای ئازادی کورد دابگیرسێنێ.

کاتێ مرۆڤ شیعری (سەربازی وون) و (هەمووشەوێ) دەخوێنێتەوە وەک هەر شیعرێکی تری شۆرشگێرانە تەئسیری خۆی لاجێ دەهێڵێ بەڵام کاتی بەو ئاواز و ئامێرە مۆسیقایانەوبەدەنگی هێمن و بەسۆزی ئەو هونەرمەندانە گوێت لێ دەبێ، سۆزو ناخی دەروونی مرۆڤایەتیت دێنێتە هەلەکەسەما.

ئەی وەفدی میوانی هاتوو بۆ وولاتی کوردستانی، لێم مەپرسە گۆڕی سەربازی وون بوومان لەکوێ یە، لەسەرهەر بستەزەمینێ کەلەسەری وەستاوی کەمێک سەرت داخەو تاجەگوڵینەکەت دانێ.

کێ هەبێ لەم غوربەتە هەموو شەوێ کۆتری خەون و خەیالی بەرەو ئەودیو لەشەقەی باڵ نەدات و یەکەیەکەی تاشەبەردو دەوەن و شەقام و کۆڵان و شار و گوندەکان بەسەرنەکاتەوە، لەدەرگای دڵیان نەدات، بەڵام خەیاڵ بەجۆرێک و، خەیالی گۆشکراویش بەئاوازی مۆسیقاو دەنگی هێمن و کاریگەری دڵرفێنی هونەرمەند بەجۆرێکی تر.

یەکێ لەپایەگاهەرە سەرکەوتووەکانی هەرکارێک، بەتایبەتی هونەر، پەی بردنە بەدنیای هەست و دەروونی مرۆڤ. چونکە ئەو پەی بردنە مرۆڤ بەلای خۆی دا رادەکێشێ و تەئسیری خۆی لاجێ دەهێڵێ. پێم وایە (کۆڕالی داستانی هەڵەبجە) ش بەشارەزایی و پسپۆری یەکێ کەم وێنەوە ئەو ئەرکەی ئەنجام داوە، چ لەرووی هەڵبژاردنی ناوەرۆکەکەی و چ لەپێشکەش کردنی کارەکە. مەولەوی دەمێکە ئەو شیعرەی ووتوە، شاعیرەکانی تریش هەریەکەو بە پێی هەست و تێ روانین و رادەی کارتێکردنی ئەو کارەساتە شیعریان بۆ هەڵەبجە

هۆنیوەتەوە. هونەرمەند هاتووە ئەوهەموو شیعرە جیاوازانە، ئەو هەستە جیاوازانەی لەچوارچێوەی کۆراڵێکی واکاریگەر یەکخستووەو کردوویەتی بە کارێکی تازە، بۆ هەر یەک لەو پەرەگرافە شیعرانەش دەنگێکی گونجاو لەگەڵ ناوەرۆکەکەی هەڵبژاردووە. ئەو شیعرانە هەمویان لەپێزی شیعرییاندا وەک یەک نین، بەڵام هونەرمەند وای لێ کردووە گوێگر وەکو یەک هەستیان لێ رابگرێت لێیان ووردبیتەوە، هەریەکەو بەجۆرێک کاری تێ بکات. دوای ئەوەی ئەو کۆراڵە گوێگر رادەکێشێتە دەشتی شارەزوور و بەهەڵەبجەی بووکی رازاوەی ئەو ناوچەیەی دەناسێنێ، ئیتر بە شیعرو مۆسیقا پێ بەپێی ئەو داستانە دڵتەزێنە دەگێرێتەوە. مرۆڤ ئەگەر بەبێ شیعرەکانیش بەووردی گوێ لەمۆسیقاکان رابگرێت زۆربەرروونی سەرگوزەشتەی ئەو رۆژەی شار و دەشتەکەی دێتەوە بەرچاو،

هێمنی شار و دەشتەکەو ئاسایی ژیانی رۆژانەی،، هاڕژنی فرۆکەو داهاتنی شەوی دەیجوری دوکەڵی بۆمبی کیمیایی ،، هەڵەبجەو دەشتەکە پێکران،، مۆسیقای پرسەو غەریبی و لێ قەومانی خەڵکەکە، بەهار نەماو ژیان نەما، هەموو دەربەدەرو پێکران هەرخۆشیان بۆخۆیان دەگرین و کەسێک بەهاواریانەوە ناچێت و کارەسەتەکە هێندە گەورەیە ئاسمان و زەوی بۆی گریان،، ئیتر سەدای هەیرۆ هەیرۆ و گریان بەرزدەبێتەوە. لەگەڵ هەر گوێگرتنێک لەو کۆراڵە ئەڵقەی شین و واوەیلاو گریانی خەڵک زیندوو دەبێتەوە، برینەکان دێنەوە سوێ و دەکولێنەوە.

ئەگەر (لاوکی هەڵەبجە) بەدوندی داهێنانی شیعری کوردی بژمێررێت لەبواری ئەدەبیدا دەربارەی ئەو کارەساتە، ئەوا (کۆراڵی داستانی هەڵەبجە)ش داهێنانێکی گەورەی بواری هونەری کوردییە.

لەگەڵ ئەم قۆناغە تازەیەی کەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمانی پێدا تێ دەپەڕێ و رووبەرووی ئەرکێکی نوێتر بۆتەوە. تیپی مۆسیقای شەهید کارزانیش بەپێی پێداویستی قۆناغەکە، ئەویش بەبەرهەمێکی تر هاتۆتەوە مەیدانی خەباتو بەچەکی هونەر هاوبەشی لەهەڵسانەوەی میللەتەکەی دەکات، بەڵام ئەمجارەیان جیاوازتر لەجاران. ئەگەر بەرهەمەکانی پێشوو گیانی (تحدی)ی زیاتر تێدا بوو بێت و وایان راگەیاندبێ :

هەردەوەنەو

بن تا شەبەردی چیایە

سەنگەرێکەو



**قوتابخانەی ئارامێکی تری تیایە**

یان :

**باووباپیرم کە کوردن**

**لێرە ژیان لێرە مردن**

**تەوقی ئاسن بکەنە ئەستۆم**

لێرەنارۆم

من کۆچ ناکەم

قەت لێرە نارۆم

ئەوا ئەمجارە زیاتر شێوەی غەریبی و
لێ قەومانی پێوە دیارە :

هەی ڕۆ هەی ڕۆ

**تاعون ئەبارێ و دێی شێوا و هەی ڕۆ**

**سۆزو هاواری لەناکاو هەی ڕۆ**

**زاوای بەردەرگای چاوەڕوان هەی ڕۆ**

**بوکی رازاوەی پێوپاوان هەی ڕۆ**

گۆران کاتێ لەگەشتەکەی قەرەداغ دا باسی دێی (سێوسێنان) دەکات. ئەو کاتەی کەچووە زەماوەندی بوک گواستنەوە بووە. شاعیری هەڵەبشیماش ئەو یادە دێنێتەوە بەرچاوان، چونکە ئەو بنەماڵەیەی ئەو کاتەی گۆرانی شاعیر بەشداری لەزەماوەندەکەیان کردووەو لەگەشتەکەی دا باسی کردووە، لەساڵی(١٩٨٧) بە چەکی کیمیایی لەناوچوون. هونەرمەندیش زۆر زیرەکانە ئەو پەرەگرافەی هێناوەتەوە بۆ کۆراڵەکە.

بەڵام ئەو وەزعە دژوارەی کەگەلەکەمانی تێ کەوتووە نەبۆتە هۆی ئەوەی وورەی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان بلەرزێنێ، وەکو باقی کۆمەڵانی خۆراگر و نیشتمان پەروەر سەر بۆ ئەمری واقیعی داگیرکەر کەچ ناکات و داوای مقاوەمەت دەکات.

باهەڵەبجە دواسەمفۆنیای شەوی کورد بێت. باهەڵەبجە پەیامی سووری نەوە بێت.

لەکۆتایی دا دەڵێم : ئەگەر (لاوکی هەڵەبجە) بەدوندی داهێنانی شیعری کوردی بژمێررێت لەبواری ئەدەبی دا دەربارەی ئەو کارەساتە، ئەوا کۆراڵی داستانی هەڵەبجەش داهێنانێکی گەورەی بواری هونەری کوردی یە.

# کەمانی دەستکردی شارەزوور









دلێر ئیبراهیم

## کەمانی دەستکردی شارەزوور[1]

هەڵەبجەی شەهید ، شاری کیمیاوی ئەم سەردەمە ، مەڵبەندی(گۆران)ی نەمرو (مینەی لولەکژەن)ی هونەرمەند، خوا لێیان خوشبێ، شاری ئازاد کراوبەدەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ، جێگای رشتنی ئەوپەڕی ڕق وکینەی دوژمنان، هەڵەبجەی بەکیمیاوی جنراو، دەس بەرداری ژیان نابێ و لەلوتکەدا خۆی ئەنوێنێ، دوای ئەو کارەساتە دڵتەزێنە سامناکە، دوای دەهەزار شەهیدو برینداری کیمیاوی و دەربەدەربوونی هەموو ئەوانەی ماون ، ناسکترین ئامێری مۆسیقا لە (داری گوێز) و (داری بی) بە کیمیاوی سوتێنراو ئەخاتە مەیدانی پێشبرکێوە، لاوی خوێن گەرمی شارەزوور، جارێکی تر شارستانیەتی ئەژێنێتەوەودێتە پێشەوە، بەتوانایەکی کەمو بەچەند ئامێرێکی سەرەتایی و لەژێر سێبەری چادری دەربەدەری و پەناهەندەیی و غەریبیدا، قوڵی لێ هەڵئەکاو کەمانچەی دەستکردی شارەزوورمان پێشکەش ئەکا، ئەگەر ئەمە هاواری بەرگری و زیندویی نەبێ ، ئەبێ چیتر ئەو سیمایەی پێوە دیاربێ ؟

کەمان یان کەمانچە، لەدەربرینی ناسکترین هەستو سۆزی مرۆڤایەتیدا بە قوڵترین شێوە، شای ئامێرەکانی مۆسیقایە، لەدو سەدە بەرلەئێستاوە گەورەو سوڵتانی هەموو ئامێرەکانە، دروستکردنی ئەم ئامێرە لە سێ سەدەلەمەو پێشەوە، تەنانەت بچوکترین گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە، یەکەم کەس کەبۆ یەکەم جار کەمانچەی لەم شێوەیەی ئەمڕۆدا دروست کردوە، ناوی(گاسپارۆ–١٥٤٠– ١٦٠٩)یەو لەئیتالیادا ژیاوە، ئەم ئامێرە لەداری سنەوبەر دروست ئەکرێ ،دوای ئەوەی دارەکە دائەنرێ تاتەواو وشک بێتەوە، چونکە ئەگەر پێش وشک بونەوە کەمانی لێ دروست بکرێ ، گەرمی و ساردی و شێ کاری لێ ئەکاو ئەبێتە هۆی تێکدانی ئەو دەنگانەی لێی بەرز ئەبنەوە، چاکی وباشی کەمان بەندە بەم سێ خاڵەوە؛

١– باشی ئەو دارەی ئامێرەکەی لێ دروست ئەکرێ بەتایبەتی صندوقی بەدەنەکەی ، ئینجا جۆری ئەو واڕنیشە[2]ی بۆی بەکار ئەهێنرێ .

---

(١) کاتی خۆی ئەم چاوپێکەوتنەم نارد بۆ دەزگای راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تا بڵاوی بکەنەوە ، بەداخەوە برایەک لەژێرناوی(هاورێ)دا دوای ئەوەی بەئارەزوی خۆی دەستکاری کردوە لە رێبازی نوێدا بڵاوی کردۆتەوە ، لەو گۆڕانکاریەدا ناوبراو کەوتۆتە هەڵەوە، بۆیە بەچاکم زانی چاوپێکەوتنەکە وەکو خۆی لێرەدا بڵاوبکرێتەوە

(٢) " سترادیڤاری " جۆرە واڕنیشێکی تایبەتی بەکارهێناوە، بۆ ئەوکەمانانەی دروستی کردون ئەو واڕنیشە خۆی گرتویەتیەوە،گرتنەوەکەی بەکەس نەوتوە ،ئەڵێن چەند گیایەکی لەگەڵ یەکدا تێکەڵ کردوە بۆتە مایەی ئەوەی ئەو واڕنیشە زۆر درەنگ وشک بێتەوە و بەم شێوەیەش دەنگی کەمانەکەی کپ نەکردوە وەکو هەندێ

٢- وەستا یەتیودەست ڕەنگینی ئەو مرۆڤەی دروستی ئەکا .

٣-وردی وبەدیقەتی لە ئەندازەو ڕێژەی ئەو پارچانەی ئامێرەکە پێک دێنن .

دیارە کەمان ماوەیەک بەسەر دروستکردنەکەیدا بڕوات ، مرونەتی دارەکەی زیاتر ئەبێ و ئەو دەنگانەی لێی بەرز ئەبێتەوە خۆشترو سازکارتر ئەبێ و نرخەکەیشی گرانتر .

لەسەرتاسەری دنیادا دو خێزان هەبون زۆر بەناوبانگ بون لە دروست کردنی کەمانی باشدا ، ئەوانیش لەئیتالیا بون ، خێزانی یەکەمیان( ئەماتی – Amati)و دوەمیش کەلەیەکەمەوە ئەم کارەی بۆ ماوەتەوە ، بەناوی ستڕادیڤاری – Stradivari)یە ، لەگەڵ ئەوەی زۆر لەگەلانی دنیا پێش برکێیان لەدامەزراندنی کارگەی دروستکردنی ئەم ئامێرەدا کردوە ، بەڵام تائێستاش ئەو ئامێرانەی دەستکردن هەمیشە بێ هاوتا وپەسەند و مەقبوڵ ترن .

دوای ئەم پێشەکیە باروبکەینە ئەو لاوە خوێن گەرمە شارەزووریەو بزانین کێیە ؟ و چۆن ئەم کارەی ئەنجام داوە :

بورهان مەحمود حسەین - ١٩٦٧ - لەگەڵ براکەی محەمەد- ١٩٦٥- لەدێی(تەپە تۆڵەکە )ی شارەزور لەدوری(١٥) کیلومەتر لەهەڵەبجەوە ، لەخێزانێکی جوتیار هاتونەتە دنیاوە ، خوێندنی سەرەتاییان ، تەواو کردوە ، ئێستاش وەکوهەزارەها خێزانی کوردی ئاوارە لەیەکێ لەئۆردوگاکانی دەوروبەری پاوە بەناوی ئۆردوگای (سەریاس ) ژیان ئەبەنە سەر ، باوکیان و سێ کوڕی پێشمەرگەن ، ناوبراوان توانیویانە تەنیا بەهەوڵ و تەقەللای خۆیان و کەڵک وەرگرتن لەداری گوێزو داری بی و هەندێ ئامێری دەستی ساکار کەمان دروست بکەن ، تارادەیەکیش سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێناوە ، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێ گیروگرفت هاتۆتە پێشیان ، ئێمەیش پڕ بەدڵ پیرۆزباییان لێ ئەکەین و ئەم پرسیارانەیان ئاراستە ئەکەین : -

پرسیاری یەکەم :چەن وەختە دەستان کردوە بەهەوڵدان بۆ دروستکردنی کەمان ؟
بۆچی ئەم ئامێرەتان هەڵبژاردوە ؟

وەڵام :لەسەرەتای ساڵی(١٩٧٩) دا کاتێ لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوم ، لەگەڵ کاک محەمەدی برامدا ، گوێزراینەوە بۆ (سیروان) بۆ تەواو کردنی خوێندن ، لەوێ مامۆستای سردومان مامۆستا (هەڵکەوت شێخ محەمەد ) بو ، لەوانەی سرودا کمانکەی

---

وارنیشی عادی ، ستڕادیڤاری ئەم نهێنیەی لەسەر یەکێک لەلاپەرەکانی کتێبێکی ئاینی نوسیوەو دوای مردنی خۆیشی ئەو کتێبە کۆنە دراوە بەکڵێسایەک و سەرەونگون بوە ، زۆر لێکۆڵینەوە کراوە تاکو بزانرێ گرتنەوەی ئەو وارنیشە چۆن بوە ، تائێستا کەس پەیی پێ نەبردوە .

خۆی ئەهێنایە ناو پۆلەکەوە، هەندێ ئاوازی لێئەدا، هەرلەو رۆژەوە شەیدای ئەو ئامێرەبوین، هەر ئەم شەیدایەیەش وای لێ کردین هەوڵی دروست کردن و فێربونی کەمان بدەین، یەکەمین هەوڵدانمان زۆر ساکارانە بو، لەبەرئەوەی کەمانمان لەنزیکەوە نەدیبو، جگە لەوەی ئەورۆژانەی سرودمان هەبوایە و مامۆستا کەمانی بهێنایەو ئێمەش بماندیایە، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو پۆلدا شەرممان ئەکرد زیاترلە مامۆستا نزیک ببینەوە تا چاکتر دیقەتی ئەو ئامێرە بدەین، بۆیە لەتەپەدۆرو تەختەی عادی و تەلی عەمەلیات هەوڵێکمان دا شتێکمان لەو شێوەیە دروستکرد، چەند ساڵێک تێپەڕی هەربەو ساکاریە خەریکی کار کردن بوین، تا لە ساڵی (١٩٨٣)دا فرسەتێکمان بۆرەخسا وسەردانیتیپیمۆسیقای (شنروێ)مان کرد لە هەڵەبجە، لەوێ بۆ یەکەم جار توانیمان بەدڵی خۆمان لەنزیکەوە دیقەتیکەمان بدەین و لێی وردبینەوە، بۆیە ئەتوانین بڵێین لەو کاتەوە بەجدی هەوڵی دروستکردنی کەمانمان داوە، کاری سەرەکی دروستکردنەکە من ئەنجامی ئەدەم و کاک محەمەدی برام یارمەتیم ئەدات، هەروەکو لەسەرەوە باسمان کرد هەر بینینی یەکەم جار بو وای لێ کردین ئەم رێگایە بگرینەبەر .

پرسیاری دوەم : تا ئێستا چەند ئامێری مۆسیقاتان دروستکردوە ؟

وەڵام : تا ئێستا توانیومانە ١٠–١٢ کەمان دروست کەین و هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا چەند سەنتورێکمان دروست کردوە، ئەوەی ئەمانەوێ بیلێین ئەوەیە، هەمو پارچەکانی ئەو ئامێرانەی دروستی ئەکەین دەسکردی خۆمانە تەنانەت ئەو ژێ یانەی کەلەسەر کەمان ئەبەسرێن و دروستکردنێکی تایبەتی هەیە، ئەوانەش خۆمان دروستی ئەکەین، ئەوەی شایانی باسە یەکێک لەو کەمانانەی دروستمان کردوە لە جیاتی ئەو نەخشە پێچ پێچەی لەملی کەمانەکەدایە ئێمە پەیکەری سەری مرۆڤێکی کوردی جامانە بەسەرمان لێ هەڵکەندوە، ئەم کەمانەمان پێشکەش بەبەرێز سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڤاڵی تێکۆشەر (جەلال تاڵەبانی) کردوە، بەراستی ئافەرین و هاندان و پشتیوانی کردنی بەرێز (مام جەلال) بە تایبەتی سەبارەت بەرەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ کارکردنمان بۆ تەمایەی ئەوەی سورترو بەخۆماندوکردنێکی زیاترەوە بێینە مەیدانەوە بۆیە لەناخی دڵمانەوە سوپاسی بێ پایانی خۆمانی بۆ تۆمار ئەکەین .

پرسیاری سێیەم : ئێستا چۆن و لەکوێ ئەم کارانەتان ئەنجام ئەدەن ؟

وەڵام : لەبەر ئەوەی لەئۆردوگای (سەریاس) ین و تەنیا دو ژورمان هەیە، بۆیە هەر لەو ژورەی خۆمانی تێدایین کار ئەکەین، ئەگەر پێویستم بە تەختەو دار چاکردن هەبێ لەبەر ئەوەی خۆم هەمو دەزگاکانم نیە بۆیە ئەچمە

پاوەو ئەوانە تەئمین ئەکەم کە گەڕامەوە وەکو کاری هەمیشەیم دەست بە کارکردن ئەکەم تاکاتی نان خواردن . عەشقێکی سەیر لەسەرم دایە بەرامبەر بە ئەنجام دانی ئەم کارە هەمیشە بەدڵ گەرمیەوە ئەچمە سەر ئیش کردن ، هیوادارم بتوانم لەم ڕێیەوە خزمەتێک بەگەلەکەم بکەیەنم ، شایانی باسە تابلۆیەکمان دروست کردوە وێنەی چوار چیای سەرکەشی تیاکێشراوە ولێی نوسراوە کوردستان ، هەر ئامێرێک دروست بکەین ئەم تابلۆیە لەجێگای مارکەکەی ئەدەین .

پرسیاری چوارەم :لەم کارەتانا ح گیروگرفتێک هاتۆتە ڕێگاتان ؟

وەڵام : هەر لەسەرەتاوە یەکێک لەو گیروگرفتانەی هاتۆتە پێشمان ، نەبونی وەرشەیەک یان وەستایەک بوە تابتوانین لێیانەوە هەندێ شت فێربین ، تەنیا بەهەوڵ و ئەزمونی خۆمان توانیومانە بگەینە ئەم ئەنجامە ، هەروەها ئەو کەرەسانەی کارەکەی پێ ئەنجام ئەدرێ هەمو کات بەئاسانی دەستگیر نابێ ، سەرباری ژیانی غەریبی و پەناهەندەیی کەدەوری خۆی بینیوە. ئاواتی سەرەکیمان ئەوەیە میللەتی کورد بە مافەڕەواکانی خۆی بگات و ئێمەش لەسایەی دا بتوانین ئەرکی سەرشانی خۆمان ئەنجام بدەین .







ش . کابان





# ئامێرە لوڕیەکان

# ئامێره لوڕی یەکان[1]

مۆسیقای لوڕی پەیوەندی یەکی نەپساوی هەیە بەژیانی ڕۆژانەوە، لە (بۆنە ئایینی یەکان، لەشایی و خۆشی، کاتێ کەمناڵ ناوئەنێن، لەپرسە، لەگەرمیان و کوێستان کردن، لەوەختی ڕاو، لەکاتی شەر، لەشەوارە گرتن) دا، لە هەموو ئەمانەدا مۆسیقا جێی تایبەتی خۆی هەیە، هەربۆیەش، لوڕ ئامێری تایبەتی خۆیان هەیە کەلەزۆر کۆنەوە، لەم بۆنانەدا سودیان لێ وەرگرتووە.

ئەو ئامێرانەی بۆ لێدانی مۆسیقای لوڕی بەکاردێن، ئەکرێن بەسێ بەشەوە:

١. ئامێرە ژێینەکان
٢. ئامێرە دەمینەکان
٣. ئامێرە ئیقاعیەکان

١. ئامیرە ژێینەکان: بریتین لەکەمانچەو تەنبور. کەمانچە[2] لای لورەکان (تار ـ TÂR) یان (دار ـ DÂR) یاخود (تال ـ TÂL) یشی پێ ئەڵێن و لەچاو کەمانچەی ناوچەکانی تردا جیاوازی هەیە، بەوەی ئەمیان سێ ژێی هەیەو، سندوقەکەی درێژکۆلەیە، کەمانچە بەزۆری لەگەڵ (تونبوک ـ TONBOK) دا لێ ئەدرێ و پێکەوە (تارتومەک ـ TÂRTOMAK) یا (دارتومەک ـ DÂRTOMAK) ی پێ ئەڵێن.

تەنبور، لوڕەکان (تەمیرە) شی پێ ئەڵێن، هەندێ ئاوازو هەوای تایبەت هەیە لای لوڕەکان کەتایبەتە بەم ئامێرە، لەوانە:

أ. یاری و سەحەری: دووئاوازی تایبەتن بەپرسە، هەرکاتێ ناوداری یەکێ لەخێڵەکان کۆچی دوایی بکا، ئەم هەوایە لێ ئەدرێ، تاکو خێڵەکانی تر ئاگادار بن لەوکارەساتەو بێن بەشداری پرسەکە بکەن، ئەم دوو هەوایە ئەتوانرێت بە (دەهوڵ و زورنا)ش لێ بدرێ.

ب. رارا: ئاوازێکە لەکاتی پرسەدا لێ ئەدرێ، لەگەڵیدا پیاوان دەست ئەگرن وسەمایەک ئەکەن، کەئەویش تایبەتە بەپرسە، لەهەمان کاتدا یەکێکیان ئەلاوێنێتەوەو باسی سیفەتەباشەکانی مردووەکە ئەکات و لەگەڵیدا شیعریش ئەڵێ.

ج. تبرزکوئی: ئاوازێکە لەکاتی کۆچدا لەسەر شاخ لێ ئەدرێ. ئەم ئاوازە ئاوازی بەهارە، چونکە مژدەی هاتنی بەهار ئەدات.

د. خریوی مال ژیری: دوو هەوای تایبەتن بەپاییز.

---

١ ـ بۆ وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئەم باسە پشت بەم سەرچاوانە بەستراوە :ـ
أ. گۆڤاری (آهنگ) ژمارە ـ١ـ ساڵی یەکەم ـ ١٣٦٧ بەزمانی فارسی.
ب. گۆڤاری (دفتر موسیقی) ژمارە ـ٢ـ بەزمانی فارسی.

٢ ـ کەمانچە مەبەست لەئامێری کەمان نیە بەڵکو مەبەست لە (جۆرەیە).

٢. ئامێرە دەمینەکان :

أ . سورنا – SORNA : سورنای لوڕی لەزورنای تر بچوکترە، شوێن دەمەکەی (بیک – BIK) ی پێ ئەڵێن خۆمان (پیک – PIK) ی پێ ئەڵێین. زورنا هەندێ جار (ساز)یشی پێ ئەڵێن. زۆربەی کات، زورنا یا بەتەنیا یاخو لەگەڵ دەهۆڵدا لێ ئەدرێ .

ب . دووزەلە – DOZALE : ئامێرێکە لەدوو (زەل – قامیش)ی بچوکی کون کونی پێکەوە جەسپاو پێک هاتووە بەتەنیا یاخود لەگەڵ دەهۆڵیا (تونبوک)دا لە شایی و خەتەنەسوراندا لێ ئەدرێ .

ج . شمشاڵ : ئامێرێکە لە (قامیش)ێکی کون کون پێک هاتووە، بەزۆری شوان و چیانشینیەکان بەکاری ئەهێنن .

٣. ئامێرە ئیقاعیەکان :

بریتین لە (تویک – تونبەک – تونبوک – زەرب) و (دەهۆڵ).

أ . تونبەک – TONBAK : بەتەنهایی زۆر بەدەگمەن لێ ئەدرێ، هەمیشە لەگەڵ کەمانچەدا لێ ئەدرێ، دەهۆڵیش زۆربەی کات لەگەڵ زورنادا لێ ئەدرێ، دەهۆڵ و زورنا هەروەک پێشتریش باسمان کردووە لەشایی و لەپرسەشدا لێ ئەدرێن، جگە لەئاوازی یاری و سەحەری، ئاوازی (چەمەریانە) شکەهەوایەکی تایبەتە بەپرسە، بەدەهۆڵ و زورنا لێ ئەدرێ .

ب . دوهۆڵ – DOHOL : ئەم ئامێرە زیاتر لەگەڵ زورنا لێ ئەدرێ .

ج . دوطەبلە : ئەم ئامێرە لەسەر زینی ئەسپ لەبەشی پێشەوە دائەنرێ و زۆرتر لەکاتی کۆکردنەوەی لەشکرو فەرمان خوێندنەوەو کۆچ کردندا لێ ئەدرێ .





# گۆرانی و مۆسیقای کوردی و

# سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی

محەمەد حەمەباقی

## - بەرایی -

دەمێک بوو خۆشەویستی دەنگە بەسۆزەکەی گۆرانی بێژی نەمرو ناسراوی کورد، سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، تائەهات لەگەڵ گەورە بوونی تەمەن و رۆح و چێژی هونەریمدا، رۆژ دوای رۆژ هەر گەورە ئەبوو .. ئەو خۆشەویستیە دێرینەیە خستبوومیە سەر ئەوەی نووسینێکی تێرو تەسەلی لەسەر ئامادە بکەم، بەڵام تالە ناو شارەکانی کوردستانی عیراقدا بووم، مەیدانی لەسەر نووسینی ئەم بابەتە، چۆڵ و هۆڵ و، بێ سەرچاوەو، بەڵگەی تێرو تەسەلی مێژوویی بوو .. دواتریش دەرەتانی ژیانی دە ساڵانەی ناو شاخ و داخ و دوور بوونم لەسەرچاوەی پێویستەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتی نووسینەکەم، دەرفەتی بۆ نەڕەخساندم، تاسەرەتای بەهاری ١٣٦٧ ی هەتاوی - ١٩٨٨ ی زاینی، دوای هێرشە بەربڵاو کیمیاوییەکەی - صدام - بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عیراق، ناچاربووم لەگەڵ بەشێک لەجەماوەری گەلەکەمدا بێمە کوردستانی ئێرانەوە. لەم هاتنەمدا بەدڵم زانی لەسەروو زۆر بەرنامەی تری ئەدەبیمەوە، خولیای دێرینەم بۆ تەرخان کردنی کاتێکی باش لەبەرنامەکانم، بۆ لەسەر نووسینی ژیان وبەرهەمی گۆرانی بێژی ناوبراو تەرخان بکەم، کەدیارە لەسەر نووسینی ئەو گۆرانی بێژەش بەبێ ئاوردانەوەلەگۆرانی و مۆسیقای کوردی، کارێکی نیوە ناچڵ دەرئەچێ. بۆ ئەمە ماوەیەکی زۆرە بەم کارەوە ماندووم و، ئەوەی تروسکاییەکی زانیاری و هەواڵ و سۆراخ و کەڵکی بەرنامەکەمم تیا بەدی کردبێ، خۆمم گەیاندوویەتێ و، گوێم نەداوەتەدووری و نزیکی و کۆسپی رێگام، کەدیارە هیچکارێک بێ ماندوو بوون نایەتە ئەنجامدان ... هەرچەندە لە هەموو بارێکیشدا، واتە چ لەکوردستانی عیراق و، چ لەکوردستانی ئێران، بەو هۆیەوە کەئێمەی کورد، فێر نەبووین مێژووی خۆمان بنووسینەوەو رێزو پارێزگاری بەڵگەنامەو ژیانی ناودارانی خۆمان تۆمار بکەین، هێشتا تینوێتی نووسەران و لێکۆڵەرەوان لەم بوارانەدا ناشکێ و، زۆر بەگران و کوێرەوەری و ماندوو بوونی بێ پشوو، نووسەرێک ئەتوانێ چەردەیەکی زانستیانەی تێرو تەسەل، لەسەر بابەتێکی خۆماڵیانە ئامادە بکات، کەئیتر سەرو مڕی خوێندەواران پاراوبن و عەقداڵی زانیاری زیاتر نەبن لەو بابەتەدا .. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەبێ ئەوە بڵێم کە دارو باری ئەمدیومان، بۆ ئەم جۆرە کارانە (بەلای منەوە) لەچاو داروباری ئەودیوماندا زۆر لەبارترو بەپێزترە، چونکە مەیدانی رووناکبیری لە کوردستانی ئێراندا، خاکێکی بەیارەو، هێشتا زۆر کەم دەستی بۆ براوەو، ئەگەر لاوانی هوشیار، لەم مەیدانەدا قۆڵی کارکردن و پشکنینی شوێنەواری کۆنینەو دەستخەتی شاعیران و ئەدیبانی دێرینەمان، هەڵماڵن، بێگومانم ئەنجامی ماندووبوونیان پڕپیت و بەبرشت ئەبێ ... لەبەر ئەوەی کوردستانی عیراق، بەشارو شارۆچکەو گوندو

مزگەوت و کەنیسا و ئەشکەوتەکانیشیەوە، لەماوەی ئەم (٣٠) سیساڵەی رابووردودا سەرو مڕ، دەستی دوژمنانی کوردی کەیوەتێ و ، سووتێنراون و ،تاڵان کراون و، هەرچی سامانێکی رۆشنبیریمان کەوتبێتە بەردەستی دوژمنانمان. بێ سێ و دوو، بەمەبەستی کوێر کردنەوەی شوێنەواری شارستانیمان ، لەناویان بردووە.

ئەم تەقەلاو ماندوو بوونە کەمەی منیش ، کە ئێستا بووەتە کتێبێکی گەورە، ئەگەرچی بەری رەنجی نزیکەی دوو ساڵێکمە ، بەڵام دڵنیام بێ کەموکورتی ونشێوی نییەو ، هێشتا پێویستیم بەیارمەتی‌وهاوکاری روشنبیرانی دڵسۆزو هوشیارمان هەیە ، کەلێم روونە گەلێک کەسان و سەرچاوەو، جێگەی تر هەن ، من دەستم پیایاندا نەگەیشتووە .. هەر بۆیە بەری تەقەللاکەم بەش ، بەش بڵاوئەکەمەوە، تائەگەر خوێندەواران و دڵسۆزانی گەلەکەم، ئەوانی نرخی لێکۆڵینەوەونووسینی زانستیانە ئەگرن و، بیانەوێ باسەکەم دەوڵەمەند تربکەن،بەدەم بڵاوکردنەوەی بەشەکانی تری ئەم کارەمەوە، بتوانن یارمەتیم بدەن ، تاپێش ئەوەی سەرتاپای بەشەکانی ئەم نووسینە، ببێتە کتێبێکی سەربەخۆ، بتوانین بەهەموومان سەرچاوەیەکی بەکەڵک لەکتێبخانەی کوردیدا بخەینە بەردەستی خوێندەواران و هونەرو ئەدەب دۆستان و ، دۆستانی مۆسیقاو گۆرانی کوردی و، دەنگی هەمیشە زیندووی - سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی ،

نووسینەکەم لەم کتێبەدا کردووە بەسێ بەشەوە:

١- چەردەیەکی مێژوویی لەبارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردییەوەلای مێژوو نووسانی خۆمان و کورد ناسانی جیهان .

٢- جوگرافیای شێوەکانی گۆرانی کوردی و، نەخۆشیەکانی گۆرانی کوردی و، چارەسەرکردنیان .

٣- ژیان و بەرهەمی هونەری هونەرمەند - سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی .

ئەم بەشەیان کەلەبەر دەستتاندایە، بەشی یەکەمی کتێبەکەیە*، کەوەک وتم دڵنیام بێ دەلاقەو کەمو کورتی نییە .. دیارە حەزم ئەکرد دەوڵەمەند تربێت، بەڵام هەرئەوەندە سەرچاوە لەبەر دەستا بووەو، تکای خوێندەواران ئەکەم بەهانامەوە بێن و ، لەکەم و کورتی دەرەقەت هاتنەکەشم ببورن .

---

* لەبەرگرنگی ئەم بەشە بەپێویستمان زانی لێرەدا بڵاوی بکەینەوە .

## ( بەشی یەکەم )

-١-

تەمەنی گۆرانی کوردی ، وەک تەمەنی گۆرانی هەر گەلێکی تری سەر رووی ئەم دنیایە ، لەگەڵ تەمەنی مرۆڤی کورد دایە ، بۆیە دەستنیشان کردنی ساڵێکی دیاریکراو ، یان سەردەمێکی دیاریکراو ، بۆ مێژووی سەرهەڵدان ولەدایکبوونی گۆرانی کوردی ، کارێکی ئێجگار ستەم و سەختە .. کەئەمەش خۆی لەخۆیدا جێی سەربەرزی و دڵخۆشییە ، کەرەک و ریشەی گۆرانی کوردی ، ئەوەندەی مرۆڤی کورد، بەمێژووی کەلەپووری کورد دا رۆچووە ... لەبەر ئەوە ئەبێ تەمەنی گۆرانی کوردی ، زۆر لەپێش تەمەنی وشەی - گۆرانی - یشەوە بێت . چونکە وشەی - گۆرانی - دراوەتە باڵ (گۆران) کە خێڵێکی گەورەی نێوان (سنە)و(کرماشان)ە، ئەم خێڵە پێڕەوی ئاینی - ئەهلی هەق - ئەکەن و ، خاوەنی بیروباوەڕو ئادابو ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیانن ، کەهەموو شیعری کتێبە مەزهەبیەکانیان (دە) بڕگەیین [1] ... ئەم رایە زانای کورد - توفیق وەهبی - ش ئەیسەلمێنێو، ئەڵێ : (- گۆرانی - لەعەشیرەتی - گۆران - ەوە هاتووە . ئەم هونەرە ئەدرێتە پاڵ ئەوان ، چونکە عەشیرەتێکی کشتکاری نیشتەجێ بوون و ، پتر دەرفەت وتوانایان بۆ دانان و ، داهێنانی شیعرو ئاواز بووە .)[2] هەروەها - مێجەرسون - یش رای وەک ئەمانە ، کەئەڵێ :(- گۆران - خاوەنی شیعرو گۆرانی - ن و ، کوردەکانی گۆرانی لە - گۆران - ەوە فێربوون)[3]

بەڵام لەو سێ رایەی سەرەوەدا ، هۆی سەرەکی و زانستانەتر ، پەی پێ نەبراوە، کەبۆچی وشەی - گۆرانی - لەخێڵی - گۆران - ەوە داکەوت و ، بوو بەواژەیەک و، توانی خۆی بسەلمێنێ و ، تەشەنە بکات و ، بژی ؟!.. لەبەر ئەوە حەز ئەکەم هۆی نزیکایەتی وشەی - گۆران - و- گۆرانی - روونتر بکەمەوەوبڵێم :کەئەڵێین گۆرانی ، مەبەستمان لەسەر تاپای کۆڵەکەکانی گۆرانییە ، کەنزیکترینیان - موسیقا - یە .. ئەو موسیقایەی لەگەڵ لەدایک بوونی ئاوازەکە ، ئاوێتەی ئەبێ و ئەبێتە سۆزو هەوێن بۆی .. لەبەر ئەوەش کەعەشیرەتی - گۆران - نزیکەی هەزار ساڵێکیش ئەبێ ، لەپێڕەوانی - ئەهلی هەق - ن ، کە (ئاینێکی

---

١- دکتۆر محەمەد موکری - ترانەهای‌کردی - تاران ١٣٢٩هەتاوی - ناوی چاپخانەی لەسەر نییە .

٢- گەنجینەی گۆرانی کوردی - ل ٤٧ - وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن - دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - ژمارە (١٢٠)چاپخانەی - الزمان - بەغدا١٩٨٥- عثمان شارباژێڕی .

٣- گۆڤاری - گەلاوێژ- ژمارە ٧- ل ٢٠ ساڵی ٦- ١٩٤٥ - قادر خەفاف .

بێگەردی کوردییە )[٤] و ، لەکوردستاندا ئەژین و کتێبی بەناوبانگیان ـ سەرئەنجام ـ ەو ، بەزاراوەی ـ گۆران ـ نووسراوە ، لەکاتی سروود خوێندنەکانیاندا ،کە سروودی ـ یارسان ـ یان پێ ئەڵێن و بەئاوازەوە ئەوترێتەوەو ، لەگەڵیا ئامێری ـ تەنبوور ـ بەکار دێنن[٥]. ئەم هاوکاری و تێکەڵ بوونەی نێوان ئاوازوشیعرەکە کەئامرازی ـ تەنبوور ـ هاوڕێی کارەکە ئەکات و ، بەهاوبەشی هەردووکیان یاساو بنچینەکانی گۆرانی تەواو ، ئەنجام ئەدەن ، وای سەپاندووە ، کەکارەکەی ـ خێڵی گۆران ـ شەقڵێکی وا،لای خەڵکی نزیک و دراوسێی خێڵی ـ گۆران ـ دروست بکات، کە ئەگەر ئەوانیش شتێکی وەک ئەمەی خێڵی گۆران بکەن ، واتە شیعرو مۆسیقا تێکەڵ بکەن ، ئەوا هەرلەسەر پێودانگی ـ گۆران ـ ەکانەوە بڵێن ئێمەش وەک ئەوان ، واتە وەک خێڵی گۆران ـ مان کردووە . کە ئاکامی چاولێکەرییەکە ئەبێت بە ـ گورانی ......

ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە ، ئەو ئەدەبەی بەزاراوەی ـ گۆران ـ نووسراوە ، کۆنترین ئەدەبێکی نووسراوی کوردییە ، کە هەزار ساڵێک ئەبێ لە کوردستاندا ئەژی ... دیارە بەهۆی ئەو تەمەنە درێژەیشیەوە توانیویەتی پەل و پۆ بۆ شوێنە دوورەکانی کوردستانی باشووریش بهاوێ و ، تائێستاش کەم تا بێشتێک لە هەندێ شوێنی کوردستاندا ، بەتایبەتی وەک پێڕەوکردنی زاراوەکە ، بەشیعرو بەگۆرانی ، لەناوچەکانی گەرمیان و هەوراماندا پێڕەو بکرێ. ئەگینا لەسەرتاسەری کوردستانی باکووردا ، لەبری وشەی ـ گۆرانی ـ، ئەڵێن : ستران ، یان لاوژە ..

بەڵام تەمەنی گۆرانی و ، تەمەنی مۆسیقا ، سەرەڕای ئەوەی وەک دووانەی یەکترین ، کەچی تەمەنی گۆرانی لای مرۆڤ ، هەموومرۆڤ ،ئەوەی بەتەنیا هەر بەقوڕگ ئەوترێ لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە ، زووتر سەری هەڵداو،زووتر چەکەرەی کرد . لەم بارەیەوە ـ کۆرت زاکس ـ ئەڵێت : گۆرانی کۆنترولەپێشرە ، لەچاو ئامێرەکانی مۆسیقادا ، چونکە ئەو گەلانەی کەلەنزمترین پلەی شارستانیشدان و ، بەبێ ئەوەش شتێ لە مۆسیقا بزانن ، کەچی خاوەنی گۆرانی خۆیانن[٦]. لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەر بەمنداڵی و ، لەسەرەتای زمان پژانیەوە،کاتێ ئەکەوێتە گڕوگاڵ ، ئیتر وردە وردە ئاوازی پچڕ پچڕ بۆ خۆی ئەڵێت ، یان لاسایی ئەو دەنگانە ئەکاتەوە کە گوێی لێیان ئەبێت ، بەبێ ئەوەی بتوانێت ئاوازی مۆسیقا دابنێت ، یان بتوانێت مۆسیقا لێبدات ، یان شیعر بنووسێت .. ئیترهەرئەمزمان

---

٤ـ ف . ف ـ مینۆرسکی ـ الاکراد ـ ملاحظات وانطباعات ـ پیتروگراد ـ ١٩١٥ ـ ترجمە من الروسیە إلی العربیە ـ الدکتور معروف خزندار ـ بغداد ١٩٦٨ ـ ص ٥٢ ، ٥٦ ..

٥ـ لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە ، ـ دکتۆر مارف خەزنەدار، ل١٠١ بەغدا ـ ١٩٨٣ ـ چاپخانەی ـ المؤسسە العراقیە للدعلیە والطباعە ـ .

پژانە بە (گۆرانی)، مرۆڤی رێنمایی کردووە بۆ بیرکردنەوە لەدانانی شیعرو دروستکردنی ئامرازەکانی مۆسیقا ، تا لەکاتی وتندا کەڵک لەو ئامرازانەش وەربگرێ ...

سەبارەت بەدۆزینەوەو دروستکردنی ئامێری مۆسیقا لەژیانی ئادەمیزاددا، مشتومڕی هەمەجور هەیە، کە تەنانەت هەندێکیان جێی متمانە نین و ، تەمێکی ئەفسانا ویان بەسەرەوەیە ... لەو ئەفسانانە : ئەفسانەیەکی چینی هەیە ،ئەڵێت: باڵندەیەکی نەناسراو، رێنمایی مرۆڤی کردووە بۆ دۆزینەوەی ئامێری موسیقا ... یان ئەڵێن : لامک ـ کە بەچەند پشتێکی ئەچێتەوە سەر ـ ئادەم ـ یەکەمین کەسێکە ئامێری عود ـ ی دروستکردووەو، (یۆباڵ) و، (تۆباڵ) یش کەهەردووکیان کوڕی ئەون ، پەییان بەدۆزینەوەی مۆسیقا بردووەو، ئامێرەکانی (عوودو، تەپل و، دەف ) یان دروستکردووە ... مووسا ـ ی پێغەمبەریش ئەفەرموێ ـ تۆباڵ ـ لەپێش تۆفانەکەی ـ نووح ـ دا ژیاوەو، ئەو باوکی هەموو نەیژەن و عوودژانێکە (٧) ... نووح ـ یش خۆی یەکەمین کەسێکە، کە مۆسیقای دۆزیوەتەوە. ئەو عوود ـ ی دروستکردووەو ئاوازی لێ دەرهێناوە. بەڵام ئەو عوودە لەتۆفانەکەدا لەناو چووەو، لەرۆژگاری ـ داود ـ پێغەمبەردا دۆزراوەتەوەو چاککراوەتەوەو بەکارهێنراوەتەوە.(٨) بەڵام رایەکی تر هەیە ئەڵێ گوایە ـ جەمشید ـ ی شای ئێران ، یەکەمین کەسێکە کەهونەری عوود ـ ی داهێناوە (٩) ... کەچی هەر ـ کورت زاکس ـ ئەڵێت : ئەو قسانە وانین ، کە گوایە مۆسیقا بەهرەی خوایی‌و ... رێنمایی کردنی باڵندەو، لەرێگەی بانگ و هاوارو کاری هەرەوز ـ ەوە مرۆڤ فێری مۆسیقا بووبێ. بەڵکو قووڵبوونەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی گۆرانی‌و مۆسیقا ، لەژیانی سەرەتای مرۆڤ و، رۆژانی بەردین دا ، کارێکی ستەمە، چونکە ئەگەر مۆسیقاشیان هەبووبێ، دیارە لە کەرەسەیەکی وا دروست نەکراوە، کە بەرگەی سەدان و هەزاران ساڵی گرتبێ، لەبەرئەوەی رزیون و، لەناوچوون . بۆیە ئەوەی سەوێ لەمێژووی کۆنی گۆرانی‌و مۆسیقا ، شارەزابێت ، ئەبێت پاشماوەی کۆنینەکان و هەڵکولراوە دێرینەکانیان بخوێنێتەوە (١٠).

لەم بوارەدا ـ شتاوەرد ـ ی شوێنەوارناسی ئەڵمانی، کە پسپۆرێکی دێرینەزانە لەبنەچەی ئامێری عوود ـ دا ، لەنەخش و نیکارە کۆن و بەردینە

---

٦ـ کەلەپووری مۆسیقای جیهانی ـ ل ١٣ .

٧ـ مێژووی مۆسیقای عەرەبی ـ فارمەر ـ ل ٤٤ .

٨ـ مۆسیقای خۆرهەڵاتی ـ کامیل ئەلخولعی ـ ل ١٣ .

٩ـ سەرچاوەی پێشوو ـ ل ١٣ .

١٠ـ کەلەپووری مۆسیقای گەلان ـ ل(٢٠).

کاندا ، بەڵێکوڵینەوە سەلماندوویەتی کە (عوود)، یەکێکە لەو ئامێرە موسیقایانەی تایبەتمەندە بەخەڵکی کوێستان و چیانشینەکان و، بەتایبەتیش بە ـ هورییەکان ـ ، کە خێڵێک بوون (١٥٠٠) ساڵ بەر لەدایکبونی عیسا ، لە دەوروبەری زەریاچەی ـ وان ـ و، دامێنی ئەو زەریاچەیەدا نیشتەجێ بوون، تا ئەگاتەوە باکووری ئێستای عیراق و، ئەوان ئەم ئامێری موسیقایەیان داهێناوەو، هەر ئەوانیش لەعیراقی ئێستادا بڵاویان کردۆتەوە (١١)... بۆیە هەر لەعیراقیشدا گرنگترین بەڵگە لەم بارەیەوە دۆزراوەتەوە کە ـ سیرلنا دوولی ـ زانای ئینگلیزی، ساڵی ١٩٢٧ز ـ ئامێرێکی مۆسیقایی دۆزیوەتەوە ، لەشێوەی جەستەی (گا)دایە ، بەتوێژاڵێکی زیوین داپۆشراوە . ئەم ئامێرە بە عەرەبی پێی ئەڵێن ـ القیثارە ـ . مێژووی دروستکردنی ئەم ئامێرە (4500) بەر لەئێستایەو، بەشوێنەوارێکی بایەخداری مێژووی مۆسیقا دائەنرێت (١٢).

شارەزاکانی مێژووی مۆسیقا ، لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ دۆزینەوەی بنەچەو شوێنەواری مۆسیقا ، بەقووڵی چوونەتە بنج و بناوانی،هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاکامێکی ئێجگاری و دڵنیاتر.. هەندێک ئەڵێن وڵاتی هندستان لانکەی مۆسیقایەو، هەندێکی تر ئەڵێن وڵاتی ـ بابل ـ ە ، کەجێگەی جادووگەری وزانست بووە . هەندێکی تر ئەڵێن مۆسیقا لە ـ میسر ـ لەدایک بووە ... هەندێکی تر لەسەر ئەوەسوورن کەوڵاتی ـ فارس ـ ە ، چونکە لانکەی سیحرو جادوو بووەو، هەر لەرێگەی ئەوانیشەوە گەیشتۆتە وڵاتی( یۆنان ) و، دوای ئەوانیش گەیشتۆتە وڵاتانی ئەورووپا (١٣)... عەرەبەکانیش لەسەردەمی ئیسلامیداو، بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی ـ فارس ـ ەوە گام ـ پەیژەی موسیقایان لەوڵاتی فارس وەرگرتووەو، تورکەکانیش موسیقایان هەر لەفارس وەگرتووە...لەفەرەنسە ـ یش ئەشکەوتێک هەیە ، پێی ئەڵێن (لانەی نۆتون) ، هەندێک ئامێری ساکاری موسیقایان تیا دۆزیوەتەوە،کەیەکێک لەوانە: (فیقفیقە )یەکە ، لەئێسکی لولاقی بزن دروستکراوە .. عیبرانیەکانیش لە دێر زەمانەوە خاوەنی موسیقا بوون و ، گرنگییەکی زۆریان پێداوەو، گەلێ ئاوازی بەسۆزو دڵگیریان داناوە کەلەکۆڕی ئاینیدا وتوویانە ... تەورات ـ یش ناوی هەندێ دانەرو دەنگخۆش و ئاوازدانەرو ئامێری موسیقای بردووەو لەدەنگخۆشەکانیان، ناوی ـ داود پێغەمبەرو سلێمان ـ هاتووە.. میسرییە فیرعەونییەکان لەداب و دەستووری ئاینی خۆیاندا هەر (سێ) جۆرە ئامرازەکانی مۆسیقایان بەکاربردووە، لە ـ ژێدارو، تەپڵ و ، فووکار ...

بەڵام ئەوەی کە بەنووسین ، وەک سەرچاوەیەکی روون ، دەربارەی موسیقا

---

١١ـ ئامێرەکانی مۆسیقایی لەسەدەکانی ئیسلامیدا ـ دکتۆر صبحی ئەنوەر رەشید ـ ل٥٦.

١٢ـ مێژووی مۆسیقای خۆرهەڵاتی ـ سلیم الحلو ـ ل ٢٢ .

١٣ـ سەرچاوەی پێشوو .

بەدەستمان گەیشتبێ ، نووسنی – یۆنان – ە . لەیۆنانی کۆندا شیعرو موسیقا، هاورێ و هاوکاری یەکتر بوون ، شاعیرەکانی ئەو رۆژگارەی یۆنان شیعرەکانیان بەیارمەتی‌وهاوکاری گیتار خوێندۆتەوە ... هەرچەندە لەو سەردەمەدا ئەوهونەرە نەبووە کەئێستا هەیە، بەڵکو تەنیا بۆ راگرتنی ترپەو هەنگاو – ریتم – ی شیعرەکە ، بەکاریان هێناوە[14]!!..(ئەم داب‌ونەرێتە کۆنینەی یۆنانیەکان،کوت و مت داب و نەرێتی ئایینی – ئەهلی هەق – مان بیر ئەخاتەوە، کە ئەوانیش خوێندنەوەی سروودەکانی – یارسان – یان بەیارمەتی، وهاوکاری تەنبوور خوێندۆتەوە..) رەنگە هەر هۆی ئەم تەمەن درێژییەی موسیقاش بێت، لەناو یۆناندا، کەهەر ئەوان لەسەرەتاوە لە – گریک – ەکانیان وەرگرتبێ ،وەک‌واژەیەک کەپێیان وتووە: موسا – موس – و، مەبەستیان لەخواوەندی هونەرە جوانەکان بووبێ لێی و ، دواتر پاشگری (یکا ) یان لێ زیاد کردووەو،بووەبە: موسیکا = Music .. دیارە ئێمەی کوردیش‌ئەم پاشکرە زیادەمان لە فۆنەتێکی عەرەبەوە پێکەیشتووەو، کردوومانە بە مۆسیقا ...

هونەری موسیقا دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی(مەسیح) بەئەوروپادا ، زیاتر گەشەی کردوو ، زەمینەیەکی لەباری بۆ هەڵکەوت ، بەتایبەتیش لەرۆژگاری – قوستەنتین – ی پیمپراتۆردا کەلەسالآنی (٣١٢) زاییندا ئازادی دابە دیانەکان و رێگەی دان داب و دەستووری ئایینی خۆیان بەجێ بهێنن[15]!!.لەو سەردەمەدا یەکەمین سروودیک‌کە دەرکەوت ، موناجاتێک بوو بەشان و شکۆی یەزداندا .. ئەو سرووده تەنیا بەدەنگی مرۆڤ‌ئەوترا ، ئامێری موسیقایان لەگەڵ دا بەکارنەهێناوە ، چونکە بت‌پەرستەکان لەئاهەنگی ئایینیدا بەکاریان هێناوە .. ئەم زەمینەلە بارە تارۆژگاری – پاپا گریکۆ – ی گەورە هەر بەردەوام بوو، بەلآم لەسەردەمی ئەمدا ئیتر موسیقا کالآیەکی تری بەبالآ بڕدرا .. ئەو کالآیەش دەرکەوتنی –جین داروتزو – ٩٩٥ – ١٠٥٠ ز- بوو ،کە راهیبێکی دیان بوو ، گرێ کوێرەیەکی لە موسیقادا کردەوە ، کەتائەمرۆش‌جێ پەنجەی ئەو بلیمەتە لەهونەری موسیقادا دیارەو، یەکەمین کەسێکە توانیویەتی – پەیژەی موسیقا بدۆزێتەوەو، لەیەک لەیەک‌ئاوازدا چەند دەنگێکی جیاجیا دەربهێنێ .. جین دارتزو– سروودێکی رێکخست ؛ کەشیعری سروودەکە هی خۆیەتی و ، بۆ – جان پاتیست قەدیس دانراوە[16]!.

لە شیعری ئەم سروودەدا لەسەرەتای نیوە دێڕی هەربەیتێکا بەم وشانە دەست پێ ئەکا :(ئوت – Ut)، (ری – Re)، (می – Mi)، (فا – Fa)، (سۆل –Sol)، ( لا – La )، (سان – San). ئەم وشانە لەریشەدا هیچ مانایەک نابەخشن ،تەنیا کاریان‌ئەوەیە

١٤– کورتەیەک لە مێژووی مۆسیقا – عوسمان‌شارباژێڕی – رۆژ نامەی هاوکاری١٩٧٨/٨/٢١.

١٥– سەرچاوەی پێشوو .

١٦– هەمان سەرچاوە .

یارمەتی بیرو سەلیقەی مرۆڤ بدەن بۆ لەبەر کردنی ناوی پلەکانی دەنگ ، لە پەیژەی موسیقادا ، کە ئاوازی هەر دێڕێک لەشیعری ئەو گۆرانیەدا ، لە چاو دێڕی پێشوودا پلەیەکی دەنگی بەرزترەو ، پلەیەکیش لەنیو دێڕی دواتری نزمترە. ئەم کارەش بۆتە هۆی دۆزینەوەی پەردەکانی دەنگ و، پێکهێنانی پەیژەی موسیقای جیهانی ... پاشان هەر ئەم موسیقازانە ، برگەی یەکەمی لە نیوە دێڕی یەکەمی شیعرەکەدا ، لەئوت ـ Ut ـ ەوە گۆڕیوە بە ـ دۆ ـ ، بۆ ئەوەی لەسەرزمان ئاسانتر بێت هەروەها هی حەوتەمیشی لە (سا ن)ەوە گۆڕیوە بە (سی) ... ئیتر ئەم حەوت ناوە، بۆ شەتڵی نەغمەی موسیقا دانراون و ، پێیان ئەوترێ : نۆتە. کەئەمانە پیتی زمانی موسیقای جیهانن : (دۆ، رێ، می، فا، سۆ، لا، سی) تا رۆژگاری ئەمڕۆشمان زوربەی هەرەزۆری موسیقا ژەن و موسیقازانەکانی گەلانی دنیا، لەهونەری موسیقادا ،ئەم حەوت نەغمەیە بەکار دێنن بۆ دانانی گۆرانی و ئاواز.

بەڵام دوای ئەم تەقەلایەش ، کەسانی تری بلیمەت هەن ، کەتەقەلایان داوە بۆ ئازادی و دەربازبوون لە پێوەندی ئەو دەنگە ئاساییانەو دۆزینەوەی چاوگی تر بۆ ئەو دەنگانەی لەم گەردوونەدا هەن .: وەک تەقەللای ـ شیڤەر ـ و هاوڕێکانی ، کەهەوڵیان داوە : قاو وقیژ ـ و ـ شیرە ـ و ـ شریخە ـ و ـ شڵپە ـ و ـ زرمە ـ و ـ گرمە ـ و ـ قرمە ـ و ـ تەق وتۆق ـ و ـ لرفەولوورە ـ و ، ئەودەنگە ناقۆڵاو نارێکانەی لەم گەردوونەدا هەن ، تێکەڵ بەدەنگی ناسک و نیانی موسیقایی بکەن و بەکاریان بهێنن بۆ هەندێ کاری هونەری موسیقایی لە دەربڕین و دیمەنکاریدا ، کەپێی ئەوترێ: مۆسیقای کۆنکریت ـ ی[۱۷]!.

لەسەدەی شانزەهەمی زاینیش بەدواوە ، ئیتر سەردەمێکی زێڕین وبریسکەدار، بەسەر مێژووی موسیقاو گۆرانی دا هات و ، شێواز و ریبازی مە.ەجۆری وەک : ترۆبادۆر، ترۆفیر، دیسکانت ، کۆنداکتۆس ، مۆنیت ، کۆراڵ ، مادریجال ، ئۆپیرا ، کانتانا ، ئۆراتۆریۆ ، لید، میلۆدی ، فۆگە ، ئۆڤرۆچۆرۆ ، ڤیوک، پریلیۆدۆ، توکانا ـ و ، گەلێکی دیکەش لەو جۆرە هونەرانە پەیدابوون و،سەریان هەڵداوە .. چونکە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەلایەتیدا،هونەری تری موسیقایی سەریان هەڵداوەو ، برەوویاویان پەیداکردووە.. بەتایبەتیش لەسەر دەستی کۆمەڵێک موسیقازانی جیهانیدا ، هونەری موسیقا ، شاکاری تیادەرکەوت ، کەتا ئێستاو لەمەو دواتریش بەهرەو هونەریان هەر رووناک و شایستەی شانازین ، وەک : باخ ، هاندل ، هایدن ، مۆزارت ، روسینی ، بیتهۆڤن ، شۆپەرت ،شۆپان، پرامز، ڤاکنەر، کۆرساکۆف ، چایکۆڤسکی ، شتراوس ، خاچادۆریان و، چەندان و، دەیانی تریش ....

لێرەدا ئەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ ، کەئەم کورتە مێژووەی موسیقای

---

۱۷ـ دەست پێکردنێک بۆ هونەری موسیقا ـ ماکس پەنسار ـ ل ۱۰ .

جیهانی، لەژێر سایەی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و شارستانیەتدا چاوی هەڵهێناوەو گەشەی کردووە .. بۆیە لەم رووەوە ـ کۆنفۆشیۆس ـ راستی کردووە، کەوتوویەتی:
" ئەگەر ئەتەوێ پلەی پێشکەوتن و شارستانیتی هەر گەلێک بزانیت، گوێ لە موسیقاو گۆرانی ـ یان بگرە .." (١٨). کەواتە ئەگەر گۆرانی ومۆسیقا، دیاردەیەکی شارستانی بن، ئەوا ئەم قسەیە ئەوەندەی پەیوەندی بەئێمەی کوردەوە هەبێ، ئەوەیە کەهەر شوێنەوارو رووپەکی روناکی گۆرانی وموسیقامان لە بەڵگەنامەو لاپەڕەی خۆمان و دراوسێ و کوردناسەکاندا بۆمابێتەوە (کەدواتر باسیان ئەکەین) ئەوا، هی ئەو بڕگە مێژووییانەن کەجارجار لەژێر سایەی مەزهەبێکی ئاینی وەک (ئەهلی هەق)، یان یەکێک لەمیرنشینەکانی خۆماندا پەروەردەبوون وپەلو پۆیان هاویشتووە بۆ دەوروپشتی خۆیان و شوێنە دورەکانیش. بۆیە سەرەڕای ئەو هەموو چەوساندنەوەیەو، بەزۆر دوور خستنەوەیەشمان لەپێشکەوتن و شارستانیتی، ئەگەر سەرمایەیەکمان لەم بارەیەوە هەبێ، هەرهی ئەو دەرفەتە گەشە مێژووییانەمانن، کەبۆ ماوەیەک ئاسایش و هێمنی و حەسانەوە، باڵیان بەسەر پارچەیەکی نیشتمانەکەماندا کێشاوە، یان میرنشینێکمان هەلێکی بۆ خۆی رەخساندووە، کە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی لەئاقاری خۆیدا گەشە پێ بکات.

رەنگە بەهۆی ئەم داروبارە نالەبارە دێرینەی کوردەوەبێ، لەگەلەپووری شارستانیماندا، شتێکی نووسراومان نەبێ، کەببێتە هەوێن و سەرچاوەو کەرەسەی لێکۆڵینەوەیەکی تێرتەسەلی زانستیانە، کە مەگەر پسپۆرانی تایبەتی لەم مەبدانەدا، لەداهاتوودا بتوانن تەقەللای بۆ بدەن (١٩)!.. بەلام ئێمەوەک بەرکول بەئاوڕدانەوەیەک بۆ چەند سەدەیەک لەمەوبەر، تروسکایی وپرشنگێک بەدی ئەکەین ...

باپیرانمان خاوەنی زانیاری و ئەدەب و هونەر بوون و، لەبارەی موسیقاوە

---

١٨ـ گۆڤاری ـ العربی ـ ژمارە ٩٨ ی سالی ١٩٦٧ .

١٩ـ دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول لە کتێبی ـ أحمدی خانی ـ شاعراً ومفکراً، فَیلسوفًا ومتَصَوِّفًا ـ دا دەربارەی دەست پێشکەری کوردانی شورەوی، لەم بوارەدا ئاماژە بۆ ـ جەمیلە جاسم ـ ئەکات، وەک تەقەللایەکی سەرەتایی بۆتۆمارکردنی هەندێ مۆسیقای کوردی، کتێبێکی لەسالی ١٩٦٥ز ـ دانووسیوە، کەبەداخەوە ئێمە هێشتا ئەو کتێبەمان نەدیوە ... بەلام لەم بوارەدا دەست پێشکەری ترهەن، کە ئەبێ ناویان فەرامۆش نەکرێ، هەرچەندە تەقەللاکانیان سەرەتایی و سادەشن، وەک: دکتۆر محەمەد موکری، کەنزیکەی چل سال لەمەوبەر کتێبێکی بەفارسی بەناوی ـ ترانەهای کوردی ـ چاپ و بلاوکردوتەوە، هەروەها تەقەللای عوسمان شارباژێری و محەمەدی مەلا کریم و کەمال رەئووف محەمەد، لەکوردستانی ئێرانیش: ماموستا قادری فەتاحی قازی و، کاک ئەحمەد بەحری .

پەردەناسی و پسپۆرو مەقامنەغمەخوان و موسیقازانیان تیا هەڵکەوتووەو، لە بارترین بەڵگەمان ـ نەغمەی کوردە ـ ە، لەپەیژەی موسیقای موسیقای خۆر ـ هەڵاتیدا، کەپلەیەکی ناسک و ناسراوە لەهونەری موسیقادا. هەروەها مەقامی ـ کورد ـ کەسەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پێکهێنان و داهێنانی ئاوازی دڵکێش .. ڕێی تێناچێ بێگانەیەک بەکورد، ئەو نەغمەو مەقامەی ناونابێ ـ کورد ـ بەڵکو ئە( شاکارە لەو هونەرەدا، لەداهێنان و ناونانی کورد خۆیەتی و، دەستنێژی هونەرمەندی کوردەو، شوێن پەنجەی کوردی پێوەدیارە [20].. لەپاڵ ئەونەغمەو مەقامەشدا چەندین مەقامی تری وەک: (ئای ئای، خاوکەر، گەبر، ئەڵلاوەیسی، قەتار، هۆرە، خورشیدی، سەفەر، تایەری، سەحەر، نیوەشەو، لاوژە، لاووک، جەیران و، تێکستی ئەو سەدەها ـ بەیت ـ ە فۆلکلۆریانەی کەبەبێ هیچ سێ و دوویەک، هەموویان ئاوازەکانیان خۆماڵیانەو ڕەسەنن .. لەگەڵ ئاوازی سەدان و سەدان گۆرانی و بەستەی زیندووی فۆلکلۆری ڕەسەنماندا، کەداخەکەم، ئەمانەهیچیان بە(نۆتە) نەنووسراون، بەڵکو دەنگخۆشی کارامە، کەیاندوونی بەنەوەی دوای خۆی و، نەوە دوای نەوەش، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، بەرێگەی گوێدێری هەڵگیراون و پارێزگاری کراون ..

لەوانەیە هەر ئەم هۆیەش بوبێ کەلەسنگدا هەڵگرتنی ئەم گۆرانیانە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بووبێتە سونگەی پاراستنی ئەم گۆرانی وبەیتانە، چونکە وەک وتمان بەهۆی ئەو بارە نالەبارە دێرینەی کوردەوە، کەدوژمنان و داگیرکارانمان، لەقەلاچۆکردنی هەموو سامان و شارستانیەتیەکی نەتەوەییماندا، هەرگیز چاویان بەوەدا هەڵنەهاتووە، کە بیەڵن خاوەنی کەلەپوورێکی نووسراوی خۆمان بووبین و، ئەوەندەی بۆیان کرابێ لەم ڕووەوە درێغیان نەکردووە ..

سەبارەت بەڕیشەو ڕەچەڵەکی هەندێ لەو مەقامانەش کە ناومان بردن ناوکانیان هەر لەناو جەرگەی ئایین و ڕێبازگەی ئایینی کۆنینەی کوردەوە هەڵقولاون. بۆ وێنە: قەتار ـ ڕەنگە لەوشەی ـ گاتا ـ وە گۆرابێ ولەکاتی خۆیدا هەر ـ گاتا ـ ی پێ وترابێ .. هەروەها ـ هۆرە ـ ڕەنگە گۆرانییەکی تایبەت بوبێ بۆ ستایشی ـ ئاهورامازدا ـ .. هەروەها ـ کەلهوڕ ـ ی ڕەنگە لە ـ کەڵەئاهوڕایی ـ، واتە لە گۆرانیی هەڵبژاردەکانی باسی ـ ئاهوڕا ـ بووبێت. جکەلەوەی گۆرانی ـ خورشیدی ـ تائێستا گەواهە لەکاتی هەڵاتنی خۆردا وتراوەبەناوی نیازەوە، چونکە ئەبینین بەرامبەرەکەی گۆرانی ـ خاوکەر ـ مان هەیە، کە بۆ خەوهێنان وتراوە [21]....

پێ چواندن و نزیکایەتی لەنێوان ناوی ئەو گۆرانیانەی سەرەوە، لەگەڵ

---

٢٠ـ گەنجینەی گۆرانی کوردی ـ عوسمان شارباژێڕی ـ ل ٢٥ .

٢١ـ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول ـ ل ٦٧ .

پەردەناسی و پسپۆرو مەقامنەغمەخوان و موسیقازانیان تیا هەڵکەوتووەو، لە بارترین بەڵگەمان - نەغمەی کوردە - ە، لەپەیژەی موسیقای موسیقای خۆر - هەڵاتیدا، کەپلەیەکی ناسک و ناسراوە لەهونەری موسیقادا. هەروەها مەقامی - کورد- کەسەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پێکهێنان و داهێنانی ئاوازی دڵکێش .. رێی تێناچێ بێگانەیەک بەکورد، ئەو نەغمەو مەقامەی ناونابێ -کورد- بەڵکو ئە( شاکارە لەو هونەرەدا، لەداهێنان و ناونانی کورد خۆیەتی و، دەستنێژی هونەرمەندی کوردەو، شوێن پەنچەی کوردی پێوەدیارە [20].. لەپاڵ ئەونەغمەو مەقامەشدا چەندین مەقامی تری وەک :(ئای ئای، خاوکەر، گەبر، ئەڵلاوەیسی، قەتار، هۆرە، خورشیدی، سەفەر، تایەری، سەحەر، نیوەشەو، لاوژە، لاووک، جەیران و، تێکستی ئەو سەدەها - بەیت- ە فۆلکلۆریانەی کەبەبێ هیچ سێ و دوویەک، هەموویان ئاوازەکانیان خۆماڵیانەو رەسەنن .. لەگەڵ ئاوازی سەدان و سەدان گۆرانی و بەستەی زیندووی فۆلکلۆری رەسەنماندا، کەداخەکەم، ئەمانەهیچیان بە(نۆتە) نەنووسراون، بەڵکو دەنگخۆشی کارامە، کەیاندوونی بەنەوەی دوای خۆی و، نەوە دوای نەوەش، لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، بەرێگەی گوێدێری هەڵگیراون و پارێزگاری کراون ..

لەوانەیە هەر ئەم هۆیەش بوبێ کەلەسنگدا هەڵگرتنی ئەم گۆرانیانە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بووبێتە سونگەی پاراستنی ئەم گۆرانی وبەیتانە، چونکە وەک وتمان بەهۆی ئەو بارە نالەبارە دێرینەی کوردەوە، کەدوژمنان و داگیرکارانمان، لەقەلاچۆکردنی هەموو سامان و شارستانیەتیەکی نەتەوەیماندا، هەرگیز چاویان بەوەدا هەڵنەهاتووە، کە بیەڵن خاوەنی کەلەپوورێکی نووسراوی خۆمان بووبین و، ئەوەندەی بۆیان کرابێ لەم رووەوە درێغیان نەکردووە..

سەبارەت بەرِیشەو رەچەڵەکی هەندێ لەو مەقامانەش کە ناومان بردن ناوکانیان هەر لەناو جەرگەی ئایین و رێبازگەی ئایینی کۆنینەی کوردەوە هەڵقولاون. بۆ وێنە: قەتار - رەنگە لەوشەی - گاتا - وە گۆرابێ لەکاتی خۆیدا هەر- گاتا-ی پێ وترابێ .. هەروەها - هۆرە - رەنگە گۆرانییەکی تایبەت بوبێ بۆ ستایشی - ئاهورامازدا- .. هەروەها - کەلهوڕ- ی رەنگە لە - کەڵەئاهورایی -، واتە لە گۆرانیی هەڵبژاردەکانی باسی - ئاهورا- بووبێت. جگەلەوەی گۆرانی - خورشیدی - تائێستا گەواهە لەکاتی هەڵاتنی خۆردا وتراوەبەناوی نیازەوە، چونکە ئەبینین بەرامبەرەکەی گۆرانی - خاوکەر - مان هەیە، کە بۆ خەوهێنان وتراوە [21]...

پێ چواندن و نزیکایەتی لەنێوان ناوی ئەو گۆرانیانەی سەرەوە، لەگەڵ

٢٠- گەنجینەی گۆرانی کوردی - عوسمان شارباژێڕی - ل ٢٥ .

٢١- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول - ل ٦٧ .

کردووە، بەڵکو لەو رووەشەوە زیانی ئەوەی لێداوین کە نەبوونی پاریــزەرو هاندەرێکی دەسەڵاتدار، بۆ پاراستن و پێشخستن و دابین کردنی ژیان وگــوزەرانی ئەو هونەرمەندانەی ئەم مەقام و گۆرانیانەیان بۆ جێ هێشتووین، نەک تەنیا هەر ناویان نەزانین، بەڵکو دەیان وسەدان هونەرمەندی ترمان، لەهەمــوو بوارێکی هونەردا، بەو هۆیەوە کەلای وڵاتە دراوسێکانمان گوزەرانیان زامــن کراوەو، هۆیەکانی پێشخستنی هونەرەکەیان بۆ دەستەبەر کــراوەو، رێــزیان لێگیراوەو، زمانی رەسمی و رێز لێگیراو و باوی ئەو سەردەمە،زمانی داگیــر کارەکە بووە، ئیتر هونەرمەندەکەش بەزمانی داگیرکارەکە، توانا و سەلیقــەو داهێنانی خۆی نواندووە.. یان زۆر جار بووە داگیرکارەکە گەنجەفەی ئــەوەی بەسەردا لێداوین کە هەر خۆی خاوەنی بەهرەو زانست و شارستانیەتە، بــۆیــە هونەرمەندەکەی ئێمە، بۆ رەتکردنەوەی ئەو گەنجەفەیە، هاتووە بەهرەی خۆی بەجۆرێک، بەزمانی داگیرکارەکە دەرخستووە، کەپێش ئەویش کەوتووە .. لەبەر ئەوەیە لەم مەیدانەدا ئەڵێین: ئەو (بەدرەدین ئەربیلی و، جەلالەدینی کوڕی عومەری کوڕی خدری داسنیی و، زریاب و، عەبدولقادری مەراغەیی) یەی کەدواتر ناویان دێنین و، بەڕەگەز کورد بوون، چ بەڵگەیەک هەیە لەسەربەرهەمەکانیان کەخزمەتی هونەری کوردیان پێ کردبێ ؟! .. ئەمە نەک هەر لەبواری هونــەردا، بەڵکو لەبواری ئەدەب و زمان و زانستی ئایین و مێژووشدا،زۆر.بەهرەمەنــدو ئەدیب و زمانزان و زانای ئایینی و مێژوونووس، بەڕەگەز کوردبوون و، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوەو، زۆر هۆی تریش، ناویان لاپەڕەی مێژووی گــەلانی تریان رووناک کردۆتەوە.. ! کە بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەم قسەیەمان زۆرەو، لە هەمان کاتیشدا لەباسەکەمان دوورمان ئەخاتەوە(٢٤) بۆیە لەم رووەوە ئــەی

---

٢٤- بۆ بەڵگەی قسەمان، لەبواری ئاییندا، ئیمام غەزالی ئەڵێت: ئاینــی ئیسلام لەسەر سێ ستوون وەستاوە. ئەگەر خوا ئەو سێ کۆڵەکەیەی نەدایە،لەوانە بوو تێک بتەپێ .. ئەو سێ دیرەگە ئەستوورانەش: دینەوەری و، ئامــێدی و، شارەزووری ـ بوون، کام موسڵمانی خوێندەوار هەیە، کەناوی پیاوی بەناوبانگی وەک: ئیبنوخەلەکان، ئەبولفیدا، ئیبنو حاجیب، ئیبنو صەلاح و،هەرسێ ئیبن ئەثیرـ ەکانی بلیمەت و سەدان ئیبن و، ئەبوی دیکەی نەبیستبی، کەکورد بوون و، بەعەرەبی نووسیویانە؟ کام دەشتکەی و شوانە وێڵەی نەخوێندەوار، لــە هەموو دنیای ئیسلامیدا دەست ئەکەوێ، کەناوی ـ ئیبنوسرین ـ ی نەبیستبێ؟ ئەو کابرای داهێنەری خەونامەیەو، لەخەون لێکدانەوەدا هاوتای نەبووە.کێ ئەزانێ ئەو زیرەک و بلیمەتە، کوردەو، خەڵکی مەڵبەندی(بالەک)ە،لەکوردستانی عێراق .. ! یان ئیبنوخەلەکان ـ ی خەڵکی گوندی ـ خەلەکان ـ ی نێوان هەولێرو کۆیەو ئیبنوحاجب ـ ی خەڵکی جزیرەی ئیبنوعومەری مەڵبەندی کوردستانی سوریا ! و،

، ئەی ، ئۆربیلی ـ ی کوردناس ئەڵێت :( کورد، زۆر لەڕۆڵەکانی خۆی لەدەست داوەو، لێی بزربوون ، لەشاعیرو، مۆسیقازان و، پێشەوای مەزن ، کە ناویان مێژووی گەلانی دیکەی رازاندۆتەوە )![٢٥]

-٢-

کۆنترین سەرچاوە لەبارەی گۆرانی کوردیەوە، کتێبەکەی ـ زینەفون ـ ە ، کەساڵی (٤٠١ پ.ز) سەرکردایەتی ئەو لەشکرە یۆنانیەی کردووە ، کە دوای هێرش هێنانیان بۆ سەر ئێران و کوژرانی ـ کۆرش ـ ەوە لەگەڕانەوەیاندا بە کوردستاندا رەت بوون و، سەبارەت بە گۆرانی کوردی ئەڵێت :(کوردکان هەر سەیریان کرد ئەوا بەشێکمان لەئاو بەڕێوەتەوەو، بەشێکی ترمان لەوبەر ئاوکەیە، بەسروود ـ خوێندن لەشاخەکانەوە هاتنە خوارەوەو پەلاماریان داین .)[٢٦]

دوای ئەم ، کۆمەڵەی ـ إخوان الصّفا ـ دێن ، کە عەرەب نەژادن و ، هەزار ساڵ بەر لەئێستا لەشاری(بەسرە)دا ژیاون، لە نووسراوێکیاندا ناوی گۆرانی کوردی ـ یان هێناوەو ئەڵێن :( هەر گەلێک بۆ خۆی خاوەنی ئاوازو گۆرانی تایبەتمەندی خۆیەتی ، کە چێژی لێ وەرئەگرێ و، پێی دڵخۆش ئەبێ وندوەندەی چێژ لەوەی خۆیان وەرئەگرێ، ئەوەندە لەهی گەلێکی تر وەرناگرێ، وەک گۆرانی گەلانی : دەیلەم و، تورک و، عەرەب و، کوردو، ئەرمەن و، فارس و، رۆم )،[٢٧]

ئەمە لەبارەی ـ گۆرانی ـ یەوە، لەبارەی مۆسیقاشەوە، ئەوەی پێشتر لەسەرەوە وتمان . کە ـ شتاوەرد ـ ی شوێنەوارناسی ئەڵمانی و، پسپۆری دێرینەزان لەبنەچەی ئامیری ـ عوود ـ دا ، بەلێکۆلینەوە سەلماندویەتی، کەعوودئامێرێکی

---

دوای ئەمانیش زانایانی وەک : مەلاعەبدوڵڵای بێتوشی ـ ی مەلبەندی ـ ئالان ـ ی بەری کوردستانی ئێران و، ئیبنولحاج و ئەبوبەکری موصەنیف و، مەلا جامی و، سەدان کوردی وا ، کەبوونەتە مایەی شانازی عەرەب و پێشڕەوی موسوڵمانان !یان ئەو ئەدیب و نووسەرە گەورانەی لەم چەرخی بیستەمەدا ، نەتەوەی عەرەب شانازیان پێوە ئەکات ، وەک : ئەحمەد شەوقی ، کەنازناوی ـ أمیر الشُعراء ـ ی عەرەب زمانی دراوەتێ و، رەصافی و، محەمەد کوڕی عەلی و، عەبباس مەحمود عەقادو، چیرۆک نووسانی بەناوبانگ لە میسرو، دنیای عەرەبدا ،وەک : مەحود تەیمورو ، عایسە تەیمور .!. ....

( لەپێشەکی دیوانی ـ مەلای جزیری ـ کە هەژار شەرحی لێداوە-چاپخانەی سروش ـ ١٣٦١ هەتاوی).

٢٥ـ گۆڤاری(رۆژی کوردستان)ل١٢ ـ ١٩٧٤٢/١٩ .

٢٦ـ کوردستان ـ شوێنی گەڕانەوەی دەهەزار سواری یۆنان/ل٤٠١/٨٨ب.ز/گۆڕینی لەفارسیەوە بۆ کوردی ـ حەسەن فەهمی جاف .

٢٧ـ مێژووی مۆسیقای عەرەب ـ فارمەر ـ ل٢٩٥

تایبەتمەندە بە ـ هوریەکان ـ و، ئەمانیش وەک مێژوو سەلماندویەتی کوردن و، لەناوچە کوێستانەکانی سەرووی رووباری ـ دیجلەوفورات ـ، لەئارارات داژیاون و، پێش ئەمانیش ئامێریک کەلە ـ چەلو ـ ی ئێستا چووە.لای سومەرییەکان بەکار براوە، کەدیسان ئەمانیش وەک تۆژینەوەی تازەی مێژوویی ئەیسەلمێنێ کوردن و، ئەچنەوە سەر ئەو شەپۆلە کوچ وڕەوانەی کەلە چیاکانی زاگرۆسەوە شۆڕبوونەتەوە بۆ پێدەشتەکانی مسیۆپۆتامیاو، ناوەندی ئێستای عیراق ...

لە چەند سەرچاوەیەکیشدا ناوی ـ بدرالدین الاربیلی(هەولێری) ـ ٦٨٦ک ـ ١٢٨٧ز ـ دێت، کەخاوەنی ـ أرجوزه الأنغام ـ ەو، ساڵی ١٣٢٨ز ـ نووسیویێتی (٢٨). هەروەها لەکتێبی( الدُّر المُنْتَخَبْ فی تأریخ حَلَبْ) و ـ كَشْف الظنُون ـ داناوی ـ جلال الدینی کوڕی عومەری کوڕی خدری داسنێی کوردی(٨٠٠ ک ـ ١٣٩٧ز ـ کۆچی دوایی کردووە) هاتووە، کەناوبراو دانەری کتێبی( الكَنْز المَطلوب فی عِلم الدوائر والضروب) ە (٢٩).. مێژوونووسی ناسراوی عەرەبیش ـ مَسعودی ـ لە ـ مروج الذهب ـ دا ئامازە بۆ مۆسیقای کوردی ئەکات و، ئەڵێت :( شوانە کوردەکان شتێکیان بەکار ئەهێنا، کەفوویان پیا ئەکرد، دەنگی لێوە ئەهات ..بەمەئەگەر مێگەلەکانیان بلاوەی بکردایە، کۆیان ئەکردنەوە ..).. دیسان ـ إبن خردادانە ـ ئەم باسەی بۆ کتێبەکەی خۆی گواستۆتەوە، کەناوی ناوە :( نَبذه فی اللّهو والمَلاهی)(٣٠). ـ عەبدولقادری مەراغی ـ ش لەمامۆستا هەرەگەورەکانی مۆسیقا بووە، گەلێک پەڕاوی دەربارەی موسیقا هەیە، ئەم هونەرمەندە کوردە، لەسەردەمی خۆیدا، لە هونەری موسیقادا بێ هاوتا بووە، ناوبانگی هەموو ئێران و کوردستانی گرتبۆوە، ساڵی ١٤١٩ز ـ کۆچی دوایی کردووە، بەراوی ـ کۆئاوازە ـ ی زۆر بەناوبانگە(٣١). تۆمابوا ـ ی کورد ناسیش دەربارەی مۆسیقای کورد ئەڵێت: لەکۆندا مۆسیقای کورد کاری کردۆتە سەر نەتەوەکانی دراوسێی. لەسەردەمی ساسانیەکاندا مۆسیقایەکی ئێجگار بەرزیان هەبووە ... زریاب ـ ی مۆسیقاژەنی بەناوبانگ ،لەبنەماڵەیەکی کوردەو خەڵکی موسلە ـ، ژیانی هونەری لەبەغدا دەست پێکردووەو، زۆر بەچاکی وهوشیارانە، لەدیوەخانی ـ عەبدولرەحمان ـ لە ـ کوردۆ ـ پەیمانگایەکی مۆسیقای دامەزراندووە .. هەر زریاب ـ یش بووە، کە ـ ژێ ـ ی پێنجەمی لەئامێری عوود ـ دا هێناوە (٣٢)..

---

٢٨ ـ الدكتور عزالدين مصطفى رسول ـ احمد خانى ـ شاعِراً ومفكّراً، فَيلَسوفاً ومُتَصَوِّفاً ـ ص ١١٣ ـ بغداد ـ.

٢٩ ـ سەرچاوەی پێشوو ـ ل١١٣

٣٠ ـ سەرچاوەی پێشوو ل ١١٣

٣١ ـ گوڤاری ـ رۆژی نوێ ـ ژمارە " ٥ " ساڵی یەکەم ـ ١٩٦٠ ز ـ ل ٥٦

٣٢ ـ تۆمابوا ـ ژیانی کوردەواری ـ ل ١٤٥ ـ وەرگێرانی لەعەرەبیەوە بۆ کوردی : حەمە سەعید حەمە کەریم .

مێژووش لەسەدەی نۆهەمدا ناوی خێزانێکی مۆسیقازانی کوردی تۆمارکردووە، کە - ئیبراهیم کوڕی مەهدی - و- ئیسحاق موسڵی - ی کوڕێتی .. ئەوەی شایانی باسە تازەترین هەواڵی دوای لێکۆڵینەوەی ئەم دواییە لەئەورووپاوە، ئەوەرائەگەیەنێ کەگوایە ئاوازی - فلیمنکۆ- کە ئاوازێکی سەماکی ئامێزو مۆدو، باوی بەربڵاوی ئیسپانیاو ئەمەریکایە ، دەرکەوتووە کەهی - ئیسحاق و موسڵی - کورد بووەو، کاتی خۆی کەناوبراو چۆتە ئیسپانیا ، ئەو ئاوازەی لەوێ سازکردووەو، جێی هێشتووەو، ئێستاش هەر زیندووە ..

خاوەنی( شەرەفنامە- شەرەفخانی بەدلیسی)- ١٥٤٣ز- ١٦٠٣ز- ١٦٠٤ز- مەیدانی مۆسیقاو گۆرانی بەچۆڵی بەجێ نەهێشتووەو، هیمایەکی راگوزاریانەی بۆکردووەو، سەبارەت بەو ئاهەنگی میوانداریی‌ەی کە- میرخەلیل کوڕی میر سلێمان -ی حاکمی - حەسەنکیفا -،بۆ خوشکەکەی - شائیسماعیلی سەفەوی - سازکردبوو، لەکاتێکا کە بەوێدا تێپەڕبووە، لەزیارەتی - حەج- یدا ، شەرەفخانی بەدلیسی خۆی لەگەڵ ئامادە بووە کاندا بووە، ئەڵێت : گۆرانی بێژی زۆر دەنگخۆش ئامادە بوون ، کە زۆر شارەزای هونەری ئاوازبوون . مۆسیقاژەنەکانیش لەعوود ژەندندا زۆر لێزان بوون، کۆڕەکەیان سەرسام کردبوو(٣٣).. لە جێگەیەکی تریشدا ، لەوەسفی - بایسنقر- دا ، کەدووەمین میری - برتک - بووەلەناوچەی(دەرسیم) ،ئەڵێت (لەنە پاڵ ئەو هەموو توانا زانستیانەی و کارو فرمانە زۆرو ژیرییەکەی لە چاو تێکڕای میرانی کوردستان و، سەرکردەکانی ئێستایاندا ، کەچی شارەزاییەکی چاکیشی لە مۆسیقادا هەیە )!(٣٤)لەباسی میهرەجانێکیشداکەلە - قەڵای بەدلیس- دا ساز دراوە، وەسفی بەشی مۆسیقای میهرەجانەکە ئەکات و ئەڵێت :( گۆرانی بێژانی لە ئاوازو ئاهەنگداو، مۆسیقا ژەنی خاوەنی ئاوازی بەسۆزو دەنگ دڵگیر، بەتارو،لێزان لەبەرنامەی کوردی و، لەسەر بنچینەی عەرەبی و ڕێبازی فارسی و یاسای عەجەمی ، کەدەستیان بەچالاکی نواندن کرد، کارێکیان کرد گەشکە و شادییان گەیاندە - زوحەل - )(٣٥)

ئەوڵیا چەلەبی - ش لەو سیاحەتنامەیەیداکەلە ساڵی(١٠٦٥ک - ١٦٣٠ز) بۆ میرنشینی جزیرەو بۆتانی کردووەو، چاوی بە(عەبدالّ خان)ی میری جزیرەوبۆتان کەوتووە، سەبارەت بەهونەرو بەهرەی عەبدالّ خان ئەڵێت :( لەهونەری مۆسیقاو گۆرانی دا هەرباس ناکرێ ، مەقامی - راست - و- دووگا -زۆرباش ئەزانێ و،لەوتنی - زەجل - و- زیکر- و- تەسنیف - و- مورەبەعات - و- وارسقی - و- شەرقی - و- سەرچیا - دا وەستایەکە، کەس نایگاتێ . هەرچەندە دەنگی زۆر زلە ،بەڵام کەدەست

٣٣- شەرەفنامە - تەرجەمەی عەرەبی ل ١٧٧ .

٣٤- سەرچاوەی پێشوو - ل ١٩١

٣٥- سەرچاوەی پێشوو - ل ٤٢٣

ئەداتە ئامێرێکی مۆسقاو، شیعری - حافظ - بەبیست و چوار ئوسوڵەوە ئەڵێت،
مەل بەئاسمانەوە رائەگرێ ... لە - تەپڵ - لێدانندا وەستایەکە ،ئەتوانێ لە
نێوان چوار تەپڵدا دابنیشێ و، دەست بگەیەنێتە هەر چواریان و بەشێوەیەکی
رێک ، کاری چوار تەپڵ کوت بەجێ بهێنێ .. بەهۆی ئەم وەستاییەوە . سوڵتان
مورادی چوارەم خەرجی - موش - ی پێ ئەبەخشێ ...)[٣٦].
هەر ئەم گەڕیدەیە لەباسی - مەلاتیە - دا دەربارەی دەنگخۆش و مۆسیقا
زانەکانی کورد، ئەڵێت :"دەنگخۆش و مۆسیقاژەنەکان هەریەکە لەلایەکەوە کۆڕی
خۆیان گەرم ئەکەن و، ئاسمان ئەخەنە سەما .."[٣٧]دیسان لەگەڕانەکەیدا لە
باسی ئاسنگەرەکانی شاری - دیاربەکر - دا ئەڵێت : " ئاسنگەرو، وەستاکارو
مسگەرەکان لەکاتی کارکردندا چەکوشەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقا دائەوەشێنن و،
مەقامی - سێگا - و حسەینی - و، هی تری پێ لێئەدەن و، خۆشیان لەگەڵیئەڵێن .
هەرکەس گوێی لێ بێ ، پێی رویشتنی نامێنێ .."[٣٨].
دوای (ئەولیاچەلەبی) ش چەند گەشتەوەرو کوردناسێکی تر، لەچەندسەردەمی
جیاوازی مێژوویدا ، لەبارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردییەوەنووسیویانە، یان
هاتوونەتە کوردستان و، هەریەکەیان بەجۆرێک باسی گۆرانی و مۆسیقا ئەکەن ..
یەکەمیان میستەر - کلودیوس جیمس ریچ - ە (١٧٨٧ز - ١٨٢١ز)کەلەبەهاری ساڵی
(١٨٢٠ز)دا هاتۆتە کوردستان و، لەمانگی نیسانی هەمان ساڵدا گەیشتۆتە
(سلێمانی)ی، میوانی - مەحمود پاشای بابان - بووە .سەبارەت بەگۆرانی ومۆسیقای
کوردی ئەڵێت : " پاشاکانی بابان ، لەگەڵ پیاوماقوڵەکانیاندا، هەفتەی جارێک
یان دوو جار،کۆئەبنەوە ، بۆ ئەوەی گوێ لەگۆرانی و مۆسیقا بگرن ..مۆسیقاکەیان
لەم ئامێرانە پێک هاتووە : دەهۆڵ ، زوڕنا ، شمشاڵ ، تەپڵ ، دەف ، بلوێر،
دووزەلە " .. هەروەها لەشەوانی - سلێمانی - دا ئەڵێت :" دوێنێ شەومان لەگەڵ
دوو بلوێرژەنی کورددا بەسەر برد، کەبلوێرەکانیان لەقامیش دروست کرابوون .
هەردووکیشیان لەسەر خۆو خەمگین ، بەئاوازی دڵتەزێن ، بلوێرەکانیان لێئەدا ..
باشترین ئاوازیان،گۆرانییەک بوو،ناوی - لەیلێ گیان - بوو .. گۆرانییەکی
تریش بە - ئەزدەناڵم - دەستی پێ ئەکرد . جگە لەمانەش گۆرانی تری بەناوبانگی
کوردی ، وەک : مەمکۆزە بەنازو، مەلەکێ جان و، ئازیزێ - یان بۆ وتین"[٣٩].

---

٣٦- سیاحەتنامەی - ئەولیاچەلەبی - گۆڕینی بۆ کوردی - سەعیدناکام- ٢٤ل- بەدا
١٩٧٩ - لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد .
٣٧- سەرچاوەی پێشوو - ل ٢٤
٣٨- سەرچاوەی پێشوو - ل ٤٩
٣٩- گەشتی - ریچ - بۆ(سلێمانی) ساڵی ١٨٢٠ز- وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە بۆکوردی
- محەمەد حەمە باقی - هێشتا هەمووی چاپ نەکراوە - جگەلەمەش لەدوو جێگای

لەجیی خویدایەتی هەرلەمەر باسی بابانەکان و،لەسەروەری نەتەوایەتیشماندا، داستانی ئەو دوانزە جەنگاوەرەی ، کەبەدوانزە سوارەی مەریوان بەنا وبانگن و، لەسەردەمی(عەبدولرەحمان پاشای بابان دا ـ؟ـ١٨١٣ز )هیرش وهەلمەتی غافلگیرانەیان سەر لەشکریکی گەورەی دوژمن ، کەلەقولی ـ مەریوان ـ ەوە هاتوونەتەسەریان ، هەریەکە لەو دوانزە سوارە ـ تەپل ـ یان لیداوە ، تالەشکرەکەی دوژمن وابزانیت لەشکریکی گەورە هیرش ئەکاتە سەریان ک نەک دوانزە کەس ، چونکە لەو جورە شەرانەدا دەستوور وابووە ئەگەر لەشکری گەورە هیرشی بکردایە ، تەپل ـ یان بەکارئەهینا ...

دووەمیان ( فدریک فۆن بۆدن شتیت ـ )لەسالی ١٨٤٩ز ـ باسێکی زانستیانەی لەسەر گۆرانی و ئاوازی کوردی نووسیوە [٤٠]

سییەمیان ـ ئۆسکارمان ـ ە ، کە سالانی(١٩٠١ز ـ تاسالی ١٩٠٣ز )لەسەرفەرمانی خاوەن شکۆی ئیمپراتۆری دەولەتی ئەلمان بۆ لێکولینەوەی زمانەوانی هاتووە بۆ کوردستان و ، ولاتی فارس و هەندێ شوێنی تر ، لەم گەشتەیدا جگە لە کاری زمانەوانی ـ کوردی ـ فارسی ، گەلێک بەیت و گۆرانی و چیرۆک و داستانی وەک: مەم وزین و ، ناسروماڵ ماڵ و ، زەمبیل فرۆش و ، بەیتی ئەورەحمان پاشای بەبەو ، هتد ، لەسەر زمانی(رەحمان بەکر )و رێنوینی ـ میرزا جەوادی قازی [٤١] ـ کۆکردۆتەوە ، ئەم تێکستانەی بەتیپی عەرەبی ولاتینی و ، وەرگێرانی ئەلمانییەوە بلاوکردۆتەوە

---

تردا ، دیسانەوە باسی مۆسیقاو گۆرانی کوردی ئەکاتەوە :

١ـ رۆژی ٢٥ ی تەمووزی ١٨٢٠ز ـ: درویێنەوانان خەریکی درویێنە بوون ، بەدەمیشیەوە گۆرانی ـ چیرۆکی شیرین و فەرهاد ـ یان بەشیعری کوردی ئەوت .

٢ـ رۆژی ٢٧ی تەمووزی ١٨٢٠ز ـ: پیرەمێردێکی کوردی کەمانچەژەن ، سەمایەکی قۆزاخی بۆ ژەندم ، ئەیوت لەو تیپە مۆسیقاییەوە فێربووە ، کەلەگەل ـ بارملوف ـ دا بوون .

٤٠ـ داخەکەم ئەم باسەم هەروەک هەوال لەکتێبی :بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لەئەوروپا ـ ل ٢٠ ـ خوێندۆتەوە .

٤١ـ ئەم (جەوادی قازی) یە ، ئەو ـ میرزا محەمەد ـ ناوەیەکە ـ دکتور جمال نەبەز ـ لە ـ کورتەمێژویەکی کوردناسی لە ئەلمانیادا ـ بەم جۆرەی بلس ئەکات:(یەکەمین کوردێک بووە ، کەبەزمانی ئەلمانی ، وتاری لەسەر کورد نوسیوە ...من تائێستە بۆم ساغ نەبۆتەوە ئەم کوردە کێبووە ، خەلکی کوێ بوە . بەلام ئەوەم نە لاوە ئاشکرایە کەلەپێش جەنگی جیهانی یەکەمدا لەئەلمانیا بووەو ، دوو وتاری لەسەر کورد نووسیوە ، کەیەکێکیان لەسەر هۆزی ـ مەنگور ـ ەو ، لە گوڤاری Clobus بلاوی کردۆتەوە ، ئەوەی تریشیان لەسەر (دەستوور ویاسای کوردەواری)یەو ، لەگۆڤاری (زانستی بەراودکاری) دا بەخشی کردووە .( بەرکورتێکی خەرمانی کوردناسی لە

و ساڵی (١٩٠٥ز) لەبەرلین چاپی کردوون . هێمن- شاعیریش ،لەساڵی (١٩٧٥ز)دا هێناویتیەوە سەر ڕێنووسی کوردی[٤٢]! بەرای من ئەم کارەی - ئۆسکارمان- یەکێکە لەو کارە تاقانەو دەگمەنانەی کەلەوکاتەوە تائێستاش کاری وادڵسۆزانەبۆتۆمار کردن و بەسەرکردنەوەی بەیت و گۆرانی کوردی ، زۆرکەم کراوەوجێی داخمە کە مۆسیقازانان و گۆرانی بێژانی خوشمان زۆرکەم ئاوڕیان لێداوەتەوەوبەسەریان نەکردۆنەوتەوەو، بەگیانێکی هاوچەرخانە نەیان ژیاندوونەتەوە .

چوارەمیان - ئۆژین ئۆبین - ی باڵوێزی ئەو کاتەی فەرانسە بووەلەئێران ، کەساڵی ١٩٠٦ز-١٩٠٧ز- هاتۆتە شاری - مەهاباد - و ، شەوێک میوانی - ڕەشیدو لمولک - ی حاکمی شاری سابلاغ بووەو، لەو شەوەوە لەیاداشتی خۆیداوێک - هێمن - ی شاعیری کۆچکردوومان ئەڵێت و ، منیش هەر پێم وایە : لاپەڕەیەکی ناشیانەی[٤٣] لەسەر گۆرانی و مۆسیقای کوردی نووسیوەو ، تیایدا ئەڵێت[٤٤]" سەروموڕی کورد ، لەسەر بنچینەی خۆرهەلاتیانەی خۆیان ، زەوق و ئامادە بوونێکی تایبەتیان بۆ شیعرو موسیقا هەیە . گۆرانی بێژی کورد ، بەندوباوی شاعیرانەیان بەهۆی

---

ئەوروپا - لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد-١٩٧٤بەغدا-ل٦١ - ٦٢ )بەلام وەک هاوڕێی خۆشەویستم، نووسەری ناسراوی سابلاخی کاکە سەیید محەمەدی صەمەدی - ئاگاداری کردم ، پاش سۆراخێکی ورد ، بۆی دەرکەوتبوو، کە - جەوادی قازی - رێنوینی کارەکانی ئۆسکارمان - ی لەکوردستاندا کردووەو، هەر لەبەر زیرەکی و بلیمەتیشی بووە ، کەسەرنجی ئۆسکارمان - ی راکیشاوەو، پاش گەرانەوەی لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی بۆ ئەڵمانیاو، لەوێ خوێندنی بەرزیشی بۆ فەراهەم کردووە.. شایانی باسە هێمن - ی شاعیریش لە پێشەکی - تحفەی مُظفرَیة - دائەوە ئەسلمێنێ کەئەویش دەمێک بووە بیستوویەتی دکتۆر جەوادی قازی ، کەئەو کاتەی ئۆسکارمان هاتۆتە کوردستان ، مەلایەکی لاو بووەو، ئەو یارمەتی ئۆسکارمان - ی داوە،لە کۆکردنەوەی بەیتباوی کوردیدا ... ئەگەر دەرفەت بڕەخسی لەهەلێکی تردا بە تایبەتی وتارێک لەسەر- جەوادی قازی - ئەنووسم .

٤٢- تحفەی مظفریە - لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد - ١٩٧٤- ل ١٣ .

٤٣- پیشەکی چاپی دووەمی دیوانی نالی - بەقەلەمی هیمن - ل ؟ ئینیتشاراتی صەلاحەدینی ئەیوبی - ١٩٦٣ هەتاوی .

٤٤- کتێبی - إیران أمروز- ١٩٠٦ - ١٩٠٧ - أوژین ئوبین - وەرگێڕانی لە فەرەنسایيەوە، بۆ فارسی - علی اصغر سعیدی - چاپی یەکەم - ١٣٦٢ ی هەتاوی - بلاوکراوەی کتابفروشی - زوار- تاران - ل ١١٣ - ١١٥ - ١١٦، ئەو هەواڵو وەرگێڕانە برای هێژام ، نووسەری ناسراوی سابلاخی - کاکە سەیید محەمەدی صەمەدی - ئاگاداری کردمو لەسەر داخوازیم لەفارسیەوە بۆمی وەرگێرا-سوپاسی ئەکەم .

گۆرانییەوە لەماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر ئەبەن .. بەرۆژ هەرکەس خەریکی کارێکە، بەلام هەرکەشەو دایەت، ئیتر هەریەک لەوانە ئەبنە گۆرانی بێژو ئەهلی موسیقا.. بەرواڵەت وادیاوە کە کورد لەرابووردودا مۆسیقاو شیعری تایبەتی خۆیان هەبووبێ ، کەئاوازو ریتمیان توندو، شیعرەکانیشیان شیعری گەلێکی دلێرو جەنگاوەربووەو، خەلکی خرۆشاندووە .. بەلام لەهەل و مەرجی ئەمرۆدا مۆسیقای عەرەبی کاری خۆی تێکردووەو، گۆرانییەکانیان بێ ئەوەی شەوقوزەوق ببزوێنن، بوونەتە ئاخ و ئۆفی بێ برانەوەو، شیعرەکانیشیان زوربەی باسی ژن و، شەرابو، گولن و، هیچ جۆرە باسێکی نوێ و جوانیان تیا نەماوە.. ئەدەبی ئێستایان بۆتە چاولێکەرییەکی کوێرانەلەغەزەلە عاشقانەکانی عەرەب و، لەناویاندالەوشەی کوردی بەولاوە، هیچ شوێنەوارێکی تری کوردی تیا بەرچاو ناکەوێ ..

من لەشاری ـ ساوجبلاغ مکری ـ سابلاغ ـ میوانی رەشیدولمولک ـ ی حاکمی شاربووم ، شەوێ بۆ ئەوەی من خۆشم لێ بگوزەرێ ، حاکم داوای کرد بەزمی گۆرانی و مۆسیقا سازبکرێ .. دوو گۆرانی بێژی بەناوبانگی شار : سەعید ـ و ـ ئەحمەد ئەمین (٤٥) ـ هاتن ، هەردووکیان خەنجەریان لەبەر پشتێنابوو، شەدەی رەنگ شین ـ یان لەدەوری کلاوە قووچەکانیان ئالاندبوو.. بەتارو دەمبکەوە چوونەلای سەرەوەو، بەزمێکی خۆشیان گێرا .. ئەم شیعرانەی کەبەئاوازەوە ئەیانوت، بەیاریدەی ـ مەلا محەمەدی موفتی سابلاغ ـ بۆمیان وەرگێرا ، تاتێبگەم کە ئەلێن چی ! . شیعرەکان هی ـ نالی ـ ناوێک بوون ، کەئەلێن مەلایەکی خەلکی شاری ـ سلێمانی ـ بووە .. دەستە شیعرێکیان ئەمانە بوون : ـ

زولفت بەقەدتدا کە پەرێشان و بلاوە
ئەمرۆ لەمنی شێفتە ئالۆزو، بەداوە
ئەم عومرە عەزیزە، کەلەبۆت نەقدو دراوە،
سەد حەیف درێغا ، کەموسلمانی نەماوە!
عومرێکی درێژە بەخەیالی سەری زولفت
سەوداو پەرێشانم و، سەودایەکی خاوە
هەرچەندە کەرووتم، بەخودا مایلی رووتم،
بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە
(مانی) نییەتی قووەتی تەصویری بڕۆی تۆ
ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەففیس نەکشاوە
بۆچی نەگریم، صەد کەرەتم دڵ دەشکێنی !

---

٤٥ـ هەر مامۆستا ـ سەید محەمەدی صەمەدی ـ دلسۆزانە کۆششی کردووە ،سۆراخی تەواوی لەناوی ـ رەشیدولمولک ـ و، ناوی ئەم دوو گۆرانی بێژەی کردووەو، لە نامەیەکی تایبەتیدا بۆمی ناردووە .

بۆ مەی نەڕژێ ، شیشە لەصەد لاوە شکاوە !
بێ فائیدەیە مەنعی من ئێستاکە لەگریان
بۆ عاشقی بێچارە زووەم ئاوە رژاوە !
هەر جۆگەو جێگێکی کە واسوورو سوێربێ
جێی جۆششی گریانی منەو، خوێنە رژاوە
سۆزی دڵمە باعیثی تاوو کوڵی گریان
هەعلوومە کەئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە
(نالی) وەکو زوڵفتکە موطیعی بەری پێتە
تێکی مەشکێنەو، بەجەفا مەبخەرەلاوە(٤٦)

دووەم پارچە، شیعرێکی کەوتیان ، ئەمە بوو:

سەری زوڵفتکەڕشتەی عومری خضرە، نیوە هەودایە
چ هەودایە؟ کەهەر حەلقەی دووصەد زنجیری سەودایە
بڕۆتیغێکەو سمەی صەیقەل و مەسلول و مووکارە،
کەعیشوەی جەوهەرە، ڕەمزو ئیشارەی ئاوی مەودایە
بەنەشئەی ستی و مەستی وەها مەستوورو مەخموورە
نزانم خەو لەچاوتدایە، یاچاوتلەخەودایە !
لەسایەی کوفری زوڵفت ، دڵ ـ فَنا فی النور ـ ی ئیمانە
مەڵێن ظوڵمەتەخرابە، وەصڵی پەروانەلەشەودایە
هەناسەم زوڵفەکەی لاداو، مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگوتو شەو رابووردو نەرگس هەر لە خەودایە
لەدووری تۆیە، ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەو گەردان
کە ـ نالی ـ وا لەحالاتی میحاقی ماهی نەودایە(٤٧)

---

٤٦ـ دیوانی نالی ـ چاپی کوری زانیاری کورد ـ ل ٥٢٣ .

٤٧ـ ناوبراو یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ـ مەعهەدی ئیمشون ـ ، کەدیارترین کاری ئەوەبوو، لەبەهاری ١٩٥٦ز ـ دا (٢) دوو نهێنی گەورەیان لە کوردستاندا ئاشکرا کرد :

١ـ یەکەمیان لەئەشکەوتی (شانیدەر) لەکوردستانی باشوور، لاشەی (٢) مرۆڤی نیاندەرتال ـ یان دۆزییەوە، کە (٣٤ ـ ٤٠) هەزار ساڵ لەمەوپێش ژیاون .

٢ـ هەر لەوچەمەدا پاشماوەو شوێنەواری کۆنترین (گوند) ، نەک هەر لە کوردستانی باشووردا ، بەڵکو لەهەموو عێراقدا دوزییەوە، کە (١٠) هەزار ساڵ کۆنە .

لەساڵی ١٩٥٣ز- یشدا (ڕالف سۆلیکی - Ralph S. Soleckai ) پرۆفیسۆری ئەمریکایی ، لەزانستگەی کۆلۆمبیا - ئەمەریکا ، لەکاتی خەریک بوون وگەڕانیا لەگەڵ دەستەیەکی ئارخیولۆژناسدا بەکوردستاندا(٤٨) ژمارەی (١٣) گۆرانی و، (٥) پارچە مۆسیقای کوردی ، لەسەر قەوانێک تۆمار کردووەو، لەگەڵ نامیلکەیەکی (٨) لاپەڕەییدا ، کەبەزمانی ئینگلیزییەو، لەنووسینی(سۆلیکی) خۆیەتی، چاپ و بڵاوکردۆتەوە . قەوانەکە بەهەردوو دیوەکەیەوە(٣٤)دەقیقەیەو، گۆرانیەکانیش (٩)یان بەکرمانجی باشوورەو(٤)یان بەکرمانجی باکوورن . تێکڕاش (لاووک و حەیران) ن . گۆرانییەکان موسیقایان لەگەڵدانییەو، پارچە مۆسیقاکانیش (٢) یان بەدەم جوزەلەی : تاک / جووتەوەیەو(٣) یان بەدەم جووزەلەو تەپڵەوەیە . نامیلکەو قەوانەکەش لەبڵاوکراوەکانی نامەخانەی(ئیتنکی فۆلکلۆریی-نیویۆرک- ئەمەریکا ) .

سۆلیکی لەنامیلکەکەیدا بەکورتی ئەم باسانەی نووسیوە :
١- پێشەکییەکی مێژوویی دەربارەی کوردو کوردستان .
٢- باسکردنی چۆنێتی تومار کردنی گۆرانی و پارچە موسیقاکان .
٣- گۆڕینی چەند (بەیتێکی) گۆرانییەکان بۆ زمانی ئینگلیزی .
٤- ناوهێنان و پیشاندانی چەند سازێک ، بەوێنەی فتۆگرافی .هەروەها باسکردنی چۆنیتی دروستکردنیان و، کێڕانەوەی هۆش و لێکدانەوەی خۆی ، بەرامەریان .

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ،باری سەرنجی(سۆلیکی)یەدەربارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی ، کەهەندێک بەتێوتەسەلی باسی جووزەلەو، تەپڵی کردووەو، پاشان دەربارەی ئەو گۆرانیانەو، سەرومڕ گۆرانی کوردی ،بەمجۆرەی باسکردووە:
( شێوەی زۆری ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییانە ، لەگۆرانییەکانی سەر زاری شاخ نشینەکانی - ئەبەلاشیا - ئەچن ، کەوا هەستەکەن مەزاجیان چوون یەک بێ،ئەگەرچی ئەم گۆرانییانە لەمەڕ دڵداری و کێنەو دەنگ ئەدوێن ...گۆرانی فۆلکلۆریی کوردە ، لەباوەشی سرووشتدا ، لەهێمنایەتیدا زۆر خۆش ئەبیسترێ .... گۆرانیی کوردی فەرهەنگ و نەریتی میللی کورد ئەبارێزێ .... ئەو گۆرانییانەیکەلایمن وتراون و تۆمارکراون ، گۆرانیی کلاسیکی کوردن ، کەپێیان ئەوترێ(لاووک وحەیران). ئەوانەی تۆماریش کراون،پاک و خاوێنن و دەستکاری نەکراون و، بەنجەی شارستانێتیان نەگەیوەتێ ..)

---

٤٨- گۆڤاری (بەیان) ژمارە (٢٧) ل٨٨ - ٩٤ - تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ - نووسینی - کەمال ڕەئووف محەمەد .

لەساڵی (١٩٧٥ز) یشدا دەستەیەک مۆسیقا زانانی ژاپۆنی هاتوونەتە کوردستانی ئێران و توێژینەوەیەکی مەیدانی - یان لەسەر موسیقا و گۆرانی کوردیّ گەڵاڵە کردووەو، بەچاوێکی زانستیانەی موسیقای هاوچەرخانە، سەرنجێکی باشیان لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی داوەو، گەلیّ گۆرانییان کۆکردۆتەوەو، لەگەڵ خۆیاندا بردوویانەتەوەو، دواتر یەکێک لە دەستەکەیان بەناوی (ئایاکۆتا تیسومورا) لە دانشگای میللی موسیقاو هونەرە جوانەکانی تۆکیۆ- گەڵاڵەی ئەو توێژینەوەیەی کردووە بە وتاریّک و، لێکۆڵینەوەیەکی بەکەڵک و دەوڵەمەندی ، لەگەڵ دەقی نۆتەکانی چەند گۆرانیەکدا نووسیوەو، بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٩٨٠ز) دا بە زمانی ئینگلیزی ، لە ژێر ناوی :( Musics and Culture of the Kurds )و، لەگوفاری ( Senri Ethonological Studies, No. 5. 1980. ) دا بڵاوکردۆتەوە ... دواتر (ئەنیستیتۆی کورد لەپاریس ) ئەم وتارەی لە گۆڤارە وەرزانەکەیدا بە زمانی فارسی بڵاوکردۆتەوە . من پێم وایە ئەمە یەکەمین تەقەللای زانستیانەی نوێیە، لە دیدی مۆسیقای ئەکادیمیاییەوە، کە تائێستا بیانە لەسەر کوردیان نووسیبیّ ..

ئێستا دەقی نووسینە فارسیەکەم لەلایەو تەقەللای ئەوەشمان دابیکەینە کوردی، بەڵام لەوە ئەچیّ وەرگێڕانە فارسیەکە سەرکەوتوو نەبیّ ، چونکە کاتیّ لە دەرفەتێکا دەقە فارسیەکەم نیشانی موسیقاژەنی ناسراوی کورد، کاکە ( هوشەنگی کامکار) دا . سەرنجی ئەویش وابووکە، کەسێکی نەشارەزا لە مۆسیقادا ، وەری گێڕاوە ..لەم رووەوە سەرنج و بیروڕا دەربڕین لەسەر تەواوی ناوەڕۆکی ئەم وتارە بەنرخە ئەهێڵمەوە بۆ ئەو کاتەی بتوانم لە دەرفەتێکی نزیکدا ، دەقە ئەسڵیەکەیم چنگ بکەویّ .. هەرچەندە کەم تا زۆرێکیش لە تەواوی بیروڕا و سەرنجەکانی نووسەرە ژاپۆنیەکە ، شتێک وەرئەگیریّ ، بەڵام نەک وردەکاریەکانی .



# گۆرانی بێژ

نوسینی : دلێر

ئەو بەرهەمە مۆسیقایەی لەقورگی ئادەمیزادەوە سەرچاوەهەڵئەکرێ ـگۆرانی پێ ئەوترێ ـ بەیت بێژی و حکایەتخوانی و مەقام بێژی و لاواندنەوەو قورئان خویندن و کۆرس و کۆرال ، لەبەرئەوەی پێویستیان بەدەنگ خۆشی هەیەو لەرێی قورگی مرۆڤەوە ئیدا ئەکرێن، ئەکەونە ئەم خانەیەوە، هەرچەندە زۆرجار بۆ لێدوان و لێکوڵینەوە هەریەک لەوانەی باسمان کردن بەجیا ناویان دێت و دیراسەیان لەسەر ئەکرێ، جگەلەوەی ئەوەی لای خەڵک باوە ووشەی گۆرانی تەنیا بەستەو ستران دەگرێتەوە .

هەموو مرۆڤێک ئەتوانێ لەبەرخۆیەوەو بۆ خۆی شتێک بڵێ بەڵام بۆئەوەی بگاتە ئاستی گۆرانی وتن و بچێتە خانەی هونەرەوە پێویستە ئەم مەرجە[1] بنەرەتیانەی تیابێ کەبەپێی سەردەم و شوێن و رەگەز ناگۆرێن:

١ـ گورانی بێژ ئەبێ خاوەنی دەنگێکی خۆش و مەقبوڵ بێ .

٢ـ بەچاکی تواناى بەسەر نزمترین پلە تا بەرزترین پلەدا بشکێ (بەپێی جۆری دەنگی خۆی) بەمەرجێ هیچ گۆرانێکی پێوە دیار نەبێ لەکاتی نزم بوونـــــەوەو

---

١ـ ئەم مەرجانە لەوتارێکەوە وەرگیراوە کە (سمحة الخولي) وەری گێراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لەگۆڤاری (عالم الفكر ـ المجلد التاسع ـ العدد الرابع ـ١٩٧٩ـ لەژێر ناونیشانی ـ المغنون العظماء ـ نوسینی ـ هنری بیلزانتس) بڵاوکراوەتەوە.

بەرزبونەوەدا، واتە بەئاسانی ئەم کارە ئەنجام بدات.
٣- خاوەنی دەنگێکی پاک بێ لەروی تۆنی مۆسیقاوە.
٤- نەقیژێنێ و زۆر لەخۆی نەکا لەکاتی گۆرانی ووتندا.
٥- هەموو پیتەکان روون و ئاشکرا دەربڕێ و دانیان پیابنێ.
٦- دوورەپەرێز بێ لەوەی بەلوت گۆرانی بڵێ.
٧- توانایەکی وای هەبێ هەرچی ووردەکاریەک لەئاوازەکەدایە بتوانێ بەئاسانی زاڵ بێ بەسەریاو ئەنجامی بدا.

- ب -

دڵسۆزی و سوربون و بەردەوام بون لەکۆری هونەردا ئەبێتەهۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی هونەرمەند. رەنگە زۆرجار گوێمان لێ بوبێ فلان لەفیسار ناوچە دەنگی خۆش بووە بەلام تەنیا لەلای هەندێ لەهاورێکانی گۆرانی ووتوە بەبەلاوەنانی هۆکانی ئەم کارە هەرچی یەک بوبێ بۆتەهۆی ئەوەی رادەی خزمەتکردن و بەرهەم پێشکەش کردنی ئەو هونەرمەندە ئەوەندە دیاری کراوبێ کەنەیەتە حساب کردن. دڵسۆزی بۆ هونەر خاڵێکی گرنگەو لێبوردنی ئەوێ. دەگێرنەوە جارێکیان (ماریا مالیبران)ی گۆرانی بێژ [٢] بەنەخوشی گۆرانیەک پێشکەش ئەکا ئەبێتەهۆی ماندوبونێکی زۆربینەران داوای لێ ئەکەن دووبارەی بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی کەدکتۆرەکان پێش کێرانی ئەو ئاهەنگە ئاگاداریان کردبوو نابێ خۆی ماندوو بکا چونکە ئەبێتەهۆی نزیک بوونەوەی مردنی، بەلام ماریا هەرگۆرانیەکەی دووبارە کردەوەو دوای دوو سێ رۆژ کۆچی دوایی کرد.

- ج -

دەربرینی هەموو هەست و سۆزێک کەلەهۆنراوەکەدا هەیە توانا و دەسەلاتی گۆرانی بێژ ئاشکرا ئەکا ... لەبیرمە لەمیهرەجانێکدا برایەک لەسەر شانۆ دەوری سەرەک خێزانێکی ئەبینی، کەکاتێ ئەگەرێتەوە ماڵەوە، شارەکەیان بوردومان کراوەو خێزان و منالەکانی شەهید بوون. دەورەکە وابوو ئەو برایە بەپەلە ئەهاتە سەر شانۆو بەتەپەتەپ و نەرەنەر لەحەسرەت ئەو رودواوە دڵتەزێنە خۆی ئەشڵەژان و ئەی قیژان بۆئەوەی تەئسیر لەبینەران بکا، بەلام بەپێچەوانەوە خەڵکی هەموو خەفەتبارو خەمگین بوون و شانۆنامەکە زۆر بەتەئسیر بوو تا ئەگەیشتەئەومەشهەدەی ئەم ئەکتەرە ئەهاتە سەر شانۆکە، لەگەڵ هاتنی ئەم دا یەکسەر ئەدرایە پرمەی پێکەنین و ئەو حاڵەتە تێکەل بوونەی بینەران و شانۆنامەکە ئەپچرا ... دیارە هونەرمەند ئەبێ توانای ئەوەی هەبێ ئەو هەست و

---

٢- هەمان سەرچاوە

سۆزەی لەناوەرۆکی رۆڵەکەیدایەدەری ئەبرێ ئەگینا سەرکەوتو نابێ ..

(باکیرۆتی)[3] لەکاتی پێشکەش کردنی مەشهەدێکی ئۆپێرادا لەرۆما کەبەم وشانە دوایی دێ (من بێ تاوانم...) وادانراوە دوای ئەم وشانە مۆسیقا لێ ئەدرێ و ئینجا گۆرانی بێژ گۆرانیەکە ئەڵێ، بەڵام کاتێ (باکیرۆتی) ئەم وشانە ئەڵێ ئەوەندە بەهەست و سۆزەوە دەری ئەبرێ دوای ئەم تیپی مۆسیقاکە بێ دەنگ ئەبن وهیچیان بۆ لێ نادرێ، ئەویش ئاورئەداتەوە بزانێ بۆچی دەنگیان نایە ... سەرۆکی تیپی مۆسیقاکە بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە پێی ئەڵێ (ئەوەتا ئێمە هەمومان ئەگرین ... ئەوەندە تەئسیری لێ کردوین).

— د —

جگە لەو خاڵانەی باسمان کردن هەر نەتەوەیەک و ناوچەیەک مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە ئەم خاڵانەی لەخوارەوە باسیان ئەکەین، ئەو مەرجانەن کە ئەبێ لەگۆرانی بێژی کوردا هەبێ تاکو لەخزمەتەکەیدا سەرکەوتوبێ :

١- جەرەسی صوتی (زەنگ) یاخود ئەتوانین بڵێین زەنگی گۆرانی بێژ، دیارە هەمومان کاتێک ناسیاوێکمان تەلەفونمان لەگەڵ ئەکا، زۆرجار هەرخیرا دەنگی ئەناسینەوە، هەربەبیستنی دەنگەکە ئەزانین کێ قسە ئەکات .. یاخود کاتێ دەنگێکی مۆسیقا یان ئاوازێ بەکەمان لێ بدرێ و هەمان دەنگ یا ئاواز بە ئامێرێکی تر لێ بدرێ بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی دەنگەکە یان ئاوازەکە جیاوازە ئەتوانین جیایان بکەینەوە...

بەم لێکدانەوەیە ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە هەر دەنگێک لەسەرچاوەیەکەوە دەرچێ لەرووی زەنگەوە جیاوازە لەهەمان دەنگ کەلەسەرچاوەیەکی ترەوە دەردەچێ... بەم پێیە ئاشکراتر ئەوەیە بڵێین گۆرانی بێژەکانی هەر میللەتی کۆمەڵە زەنگێکیان هەیە جیاوازە لەزەنگەکانی گۆرانی بێژی میللەتەکانی تر.. ئەم مەسەلەیەش بەزۆر گوێگرتن ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدائەکرێ ...

نمونەی زۆرئاشکرا لەسەرئەم باسە کچە گۆرانی بێژەکانی هندستانە کەئەوەندە دەنگیان ناسکە هەرکەگوێمان لەچریکەیان ئەبێ راست ئەزانین ئەوانە هندین...

ئەو ئەنجامەی لێرەدا تۆماری ئەکەین ئەوەیە هەرمیللەتەو کۆمەڵێک زەنگی تایبەت و هەرناوچەش کۆمەڵێکی فراوانتر زەنگی تایبەتیان هەیە، لەگۆرانی کوردیدا زۆر بەئاسانی ئەتوانین ئەو گۆرانی بێژانەی زەنگیان لەزەنگی کوردیەوە دوورەو لەزەنگی عەرەبیەوە نزیکە دەست نیشان بکەین. نمونەیەکی زیندوو کەئەکرێ مروڤێک لێی ووردبێتەوە ئەوەیە جاری وابووە خوالێ خۆش بوو (حەسەن زیرەک) گۆرانی نەتەوەیەکی تری هێناوە و بەووشەی کوردی وتویەتی

---

٣- هەمان سەرچاوە

بەڵام چونکە زەنگی خۆی کوردی یەو چاک لەروحیەتی گۆرانی کوردی شارەزابووە ئەکرێ بڵێین کوردانویەتی چونکە لەکاتی گوێ گرتندا کەس هەست بەوە ناکا ئەمە ئەصڵەکەی لەئاوازێکی میللەتیکی بیگانەوە وەرگیراوە بەڵکو هەروای بۆ ئەچێ کەلەبنەرەتدا کوردی بێ .

٢- هەندێ وردەکاری تایبەت :

دیارە جۆری ژیان و گوزەران ئاووهەواوتایبەتمەندێتی زمان، ئەبێتەهۆی دروست بوونی وردەکاری لەکاتی ئیداکردندا ، نمونەیەکی زیندوش بوئەم باسە جیاوازی بەینی زمانی ئەوروپاییەکان(٤) و زمانی ڤێتنامیەکانە ، بناغەی کۆمەڵە زمانی یەکەم پیتەو، زمانی دووەم برگەیە ، هەرلەبەر ئەوەیە لەئەوروپا لە کاتی گۆرانی وتندا جۆریک وردەکاری باوەو بەکاردێ کەپێی ئەوترێ ( فێبراتۆ ) لەگەڵ ووشەو زمانەکەیان گونجاوە . بەڵام ئەگەر بێتو ڤیتنامیەک ئەم کارەبکا ئەبێتەهۆی شێواندنی زمانی گۆرانیەکە ، ئەم نمونەیە مرۆڤ بەئاسانی حاڵی ئەکا ، وردەکاری تریش هەن کەمرۆڤ ئەتوانێ درکی پێ بکا ، وەکو ئەو وردەکاریانەی لەگۆرانی هەورامیدا ئەنجام ئەدرێ، ئەگەر بێتو گۆرانی بێژێکی تر هەمان گۆرانی بڵێتەوەو توانای نەبێ ئەو وردەکاریانە بکا ، ئەوەندە گۆرانیەکە ئەگۆرێ، دورنیە هەرنەناسرێتەوە ، جگەلەوەی مۆرکەکەی زۆر دور ئەکەوێتەوە . خەسڵەتێك لەکاتی حەیران وتندا هەیەو پەیرەوی ئەکرێ ئەویش ئەوەیە چەند ووشەیەک بەخێرایی لەسەریەک تۆنی مۆسیقا ئیدائەکرێ کە ئەمە تایبەتە بەحەیران و لەهیچ کلێشەو فۆرمێکی تردا بەوزە قی و زۆریە بەرچاو ناکەوێ .

سەید عەلی ئەسغەری نەمر جۆرە لەرینەوەیەک لەقورگیا بووە کەکەم کەس توانای هەیە لاسایی بکاتەوە . هەربۆیە یەکێکە لەهۆیەکانی سەرکەوتنی ناوبراو هەرئەو وردەکاری و تەکنیکە زۆروتوانا بێ هاوتایە بووە لەئیداکردندا بەکاری هێناوە ئەمە جگەلە زەنگە دەگمەنەکەی و توانا خۆرسکیەکەی کەهەی بووە .

٣- مۆرکی کوردی ( طابعی کوردی ) :

زۆرلەمێژە مەسەلەی مۆرکی کوردی لەئارادایە ... زۆر پرسیاری دەربارە کراوە ... کام خاڵانە بکرێتە بناغە بۆ ناسینەوەی مۆرکی کوردی ؟... ئەوەی ئەمەوێ لێرەدا روونی بکەمەوە لەم بارەیەوە ئەوەیە کەوا مۆرک یان طابع شتێک نییە بەخوێندنەوەو گوێ گرتن و تەماشاکردنی سەرپێی بەدەس بهێنرێ و

---

٤- ئەم تێ بینی یە ووردە لەوتاری نوسەرێکی ڤێتنامیدا ، لەکاتی خۆی ، خوێندومەتەوە نوسەرەکە ناوی ( تران - ڤان - کی ) یەو لەیەکێک لەژمارەکانی گۆڤاری (القیثارە)دا بڵاوکراوەتەوە ، بەداخەوە ژمارەکەیم لەبەر دەستدانییەو ئەوەی لێرەدا نوسیومەتەوە مەفهومەکەیە نەوەک دەقی وتارەکە .

بریاری لێ بدرێ، پێویستی بەموماڕەسەو زۆر گوی گرتن و تێگەیشتن یا چاکتر وایە بڵێین لەگەڵدا ژیان بۆحاڵی بوون لەوردەکاری و تایبەتمەندێتی و فۆرمی مۆسیقای فۆلکلۆری هەیە، تائەو توانایە لای مرۆڤ گەشەبکا کەبەسەلیقە بتوانێ بەگورجی مۆرکی هەرنەتەوەیەک بناسیتەوەو جیای بکاتەوە بەتایبەتی ئەگەر ئەو نەتەوەیە وەکو کورد ژێردەست بێ و هەرجارە کەوتبێتە بەر شاڵاوی داگیرکردنی نەتەوەیەکی ترو هەموو مەسەلەیەکی پێ شیل کرابێ و تەنیا ئەوەندە ڕێگا بە گەشەدانی بەرهەمی درابێ کەلای نەتەوەی سەردەست مەقبوڵ بوبێ، نمونەیەک بۆ ئەم باسە لەساڵەکانی رابوردوودا کەتازە ئیزگەی کوردی لەبەغدا دامەزرابوو، لەکوردستاندا ئێزگەی تایبەت نەبوو، ئەم بارودۆخە بوبوەهۆی ئەوەی ئەو گۆرانی بێژانە بێنەکایەوە کەبەپێوانەی هونەرمەندەکانی ئیزگە پێورابون کە هەمویان عەرەب بوون و ئەگەر کوردیشیان تیابوبێت ئەوەندەی لەبەرهەمی مۆسیقای عەرەبی شارەزایی و ئاشنایەتی هەبووە دە ئەوەندە کولو کوێر بووە لەمۆسیقای کوردیدا، بۆیە تائێستا ئالۆزی یەک ئەبینین لەبەرهەمەکانی ئیزگەی کوردی بەغدادا، ئەویش ئەوەیە نیوا و نیوو زیاتریش لەو بەرهەمانەی لەوێوە بڵاوئەکرێنەوە مۆرکی عەرەبیان بەسەردا زاڵەو دوورن لەمۆرکی گۆرانی کوردی، دیارە ئەم حاڵەتەش رێی ئەوەی نەگرتووە کەبەرهەمی رەسەن و گۆرانی بێژی رەسەنیش بتوانێ لەو شوێنەدا جێ پێی خۆی بکاتەوە.

"بیلابارتوکی" مەجەری دەساڵ لەگەڵ "زولتانکودای" هاورێ یدا خەریکی کۆکردنەوەو شیکردنەوەی فۆلکلۆری هەنگاریا بووە، بەهۆی ئەم کارەوە ئەوەندە بەرۆحیەتی مۆسیقای هەنگاری ئاشنابووە، هەندێ جار ئاوازی تازەی دانــاوە کەوتونەتە گومان لێی کەگوایە ئەو ئاوازە فۆلکلۆریەو هەیەو دانراوی ئەو نی یە، راستیەکەش هەرئەوە بووە کەبارتوک ئەوەندە بەگیانی مۆسیقای میللی خۆیان ئاشنابووەو ئەمە بەجۆرێک لەبەرهەمەکانیا رەنگی داوەتەوە بۆتەهۆی دروستبوونی ئەو حاڵەتەی باسمان کرد. ئەوانەی لەسەرەوە باسکران ئەوە ناگەیەنن کەنەتوانرێ هیچ خاڵێ دەستنیشان بکرێ بۆ مۆرکی کوردی، راستر ئەوەیە ئەم کارە دوای کۆکردنەوەو شیکردنەوەو دبراسەکردنی بەرهەمە فۆلکلۆریەکان ئەنجام بدرێ تابتوانرێ بەشێوەیەکی زانستیانە ئەو خاڵانە دەستنیشان بکرێ کەتایبەتن بەمۆرکی کوردی، ئەتوانین بڵێین هەرچی ئێستا هەیە لەم بارەیەوە تەنیاهەوڵدانی تاکەکەسەو بەندە بەرادەی رۆشنبیری و قوڵ بوونەوەی ئەو هونەرمەندە لەکۆڕی مۆسیقای کوردیدا، بۆئەوەی زۆر لە باسەکە دوور نەکەوینەوە ئەگەر گۆرانی بێژ بیەوی چاکتر لەمۆرکی گۆرانی کوردی بگات و تیاقاڵ بێتەوەو لەبەرهەمەکانیدا رەنگ بداتەوە پێویستە:

آ. توانا و سەلیقەیەکی خۆرسکی لەم بارەیەوە هەبێ.

ب. چاک گوێ لەبەرهەمە فۆلکلۆریەکان بگرێ و بتوانێ ئیدایان بکا، بەمەرجێ

هەرچی پێویستەئاسان یان گران کەلەو بەرهەمەدا بەکاردێ دەسەڵاتی بەسەردا بشکێ.

ج. بەهۆی ئەوەی لەکوردستاندا بەرنامەیەکی زانستیانە نی یە بۆ پێگەیشتنی دەنگ خۆشی بۆیە تەنیا رێگا بۆئەم کارە هەر ئەوەیە گۆرانی بێژی تازەپێگەیشتو راستەوخۆ یان لە رێی گوێگرتنەوە لەژێردەستی مامۆستایەکی کارامەو قاڵبوودا پێ بگا، مامۆستایەکی ئاشنا بەمۆرکی گۆرانی کوردی.

— ه —

مەسەلەیەک کەزۆر جێگای پرسیارو لێدوانە ئەوەیە: ئایا گۆرانی بێژ ئامێرێکی مۆسیقا بزانێ و بتوانێ نۆتە بخوێنێتەوە، باشترو سەرکەوتوترە؟!

بۆ وەڵامدانەوەی بێ پێچ و پەنای ئەم مەسەلەیە ئەڵێین ئەگەر بلوێ گۆرانی بێژ خاوەنی توانایەکی باش و کەم هاوتابێ و دیارە خۆی فێری ئامێرێکی مۆسیقا بکاو نۆتەش بزانێ چاکترەو یارمەتی ئەدا قوڵترو ئاسانتر و خێراتر درک بە مەسەلە تایبەتیەکانی ئەم کۆرە بکا... بەتایبەتی ئەگەر گۆرانی بێژی ئۆپێرابێ ئەوە مسۆگەر ئەوانە ئەزانێ چونکە ئەبێ خوێندبێتی... بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ هەر گۆرانی بێژێ ئامێرێکی نەزانی و نۆتەی نەزانی ئیتر بەلاوە بنرێ.... بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر لەو هونەرمەندانەی لای ئێمە هەڵ ئەکەون ئەوانەن کەنەئامێرو نەنۆتە ئەزانن و هونەرمەندی سەرکەوتوو و هەڵکەوتو دیاریشن یائاشکراتر بڵێین زانینی ئامێرو نۆتە نابێتەهۆی ئەوەی ئەم گۆرانی بێژە لەوی تر سەرکەوتوتر بێ کەنایزانی بەڵکو تەنیا یارمەتی هونەرمەند ئەدا بو پێگەیشتن و تێگەیشتنی راست و دروست و قووڵ.

خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە زۆر لەمۆسیقاژەنەکانمان پەنجەی گلەیی ئاراستەی هەندی گۆرانی بێژ ئەکەن کە (صۆلفێج) نازانن و پێ یان ئەڵێن بڕۆن خۆتان هیلاک کەن... شت فێربن... بۆ روون کردنەوەی وشەی (صۆلفێج) ئەبێ بوترێ کەدەنگەکانی مۆسیقا هەریەکە ناوێکی بۆ دانراوە بەم شێوەیە(دۆ - رێ - می - فا - سۆڵ - لا - سی). وەختێ مرۆڤ پرۆڤە ئەکا لەجیاتی ئەوەی هەڵبەستێ بە ئاهەنگیکی دیاریکراو بڵێ ئاوازێکی دیاریکراو بەناوی دەنگەکانی مۆسیقا ناوئەباو ئەیڵێ بۆیە وردە وردە وای لێدێ هەرنۆتەیەک بێتە بەرچاوی ئەتوانێ وەکو خۆی بیخوێنێتەوە... ئەم رێگەیە لەئەورووپاوە هاتۆتە لای ئێمە بۆیە من لەو باوەردانیم بەم رێگایە ئەوگۆرانی بیژە مسۆگەر بکرێ و دروست ببێ کەلەم باسەدا لەسەری دواوین، وەکو لەجێگایەکی تری ئەم باسەدا روون کرایەوەتەنیا رێگە هەرئەوەیە لەبەردەستی مامۆستایەکی کارامەو قاڵبودا گۆرانی بێژ خۆی پەروەردەبکا، ئەگەر ئەمە لەتوانادا نەبوو لەرێی گوێگرتنەوە ئەگاتە ئەنجام. لەدوایی ئەم باسەدا ئەبێ ئەوە بڵێین ئێمەش هەر ئەبێ رێ و شوێنێکی زانستی

بۆ بەروەردە کردنی گۆرانی بێژ دابنێین بەلاَم ئەوەی لەو مەسەلەیەدا گرنگە ئەبێ ئەو رێگایە تەئمینی ئەوەمان بۆ بکا کەئەوەی بێ ئەگا ئەبێ گۆرانی بێژێکی سەرکەوتوی کورد بێ .

١٩٨٦ - بەرگەلو



# ئۆگمۆندی بیتهۆڤن

## ■ سەمفۆنیای پێنجەمی بیتهۆڤن




وەرگێڕانی
لەفارسیەوە :

ـ ئەڵوەدا ـ

ئەم باسانە لە کتێبی (موسیقی سنفنیک) دانانی (ئیدوارد داونز) ەوە گۆڕراوەتە سەر زمانی کوردی.

## کورتە باسێک دەربارەی نوسەر

(ئیدوارد داونز) مۆسیقا زانێکی خۆش زەوقی ئەمریکایە، پاش تەواوکردنی بەشی مۆسیقا لە (زانکۆی کۆلۆمبیا) بۆ ماوەی ساڵێک لە (زانکۆی پاریس) وپاش ئەو چوار ساڵ لە (زانکۆی میونیخ) دا درێژەی بەخوێندنەکەی داوە. هەڵگیرسانی شەری دوەمی جیهانی بووە هۆی ئەوەی کە (میونیخ) جێ بهێڵێ ونەتوانێ دکتۆراکەی لە مۆسیقادا وەربگرێ، کاتێ گەڕایەوە ئەمریکا وەکو رەخنە گرێک لەگۆڤارێکی مۆسیقادا دامەزرا بەناوی (بوستون ترانسکرپیت). لەساڵی ١٩٤١دا بوەئەندامی بەرێوەبەرایەتی دەزگای راگەیاندنی کۆلۆمبیا لە نیویۆرک (کولومبیا برود کاستینگ سیستی) و دەستی بەکارکردن کرد. هەر لەم داموو دەزگایەدا چەندین بەرنامەی رادیۆو لێکۆڵینەوەی جوانی لە مۆسیقادا بەرێوەبردوە، ئەم کتێبە کۆمەڵێکە لەو بەرنامانەو ئەو وتارە جۆراو جۆرانەی نوسەر لەگۆڤارەجیا جیاکاندا بڵاوی کردۆتەوە.

چەند ساڵێک لەوەو دوا نوسەر توانیویەتی لەبەشی مۆسیقاناسی ورابەرایەتی ئۆرکسترادا درێژە بەخوێندن بدات و رابەرایەتی چەندین ئۆرکسترای گرنگ بکات. ئێستا کەجگە لەجێ بەجێ کردنی سەرەتایەکی پربایەخی رەخنەگرانە لەئاساری مۆسیقادا خەریکی رابەرایەتی کردنی ئۆرکسترایە.

## بەرکولێک لەوتەی نوسەر

من چاکترین دەرسم لە ر ئۆدۆلف هیتلەر)ەوە وەرگرتووە سەبارەت بە تێگەیشتن لە مۆسیقاو هەست کردن بەبایەخی ئەم هونەرە، هێشتا لەسیاسەتی وڵاتداگیرکردن و هێرشی سوپای بەناو (رزگاریخواز) خەبەرێک نەبو، هیتلەر خۆی بە (فاتیح)و سەرکەوتوئەزانی، لەگەڵ ئەو گەواڵە هەورە سامناکانەی ئاسمانی ئەوروپایان دابوشیبو، هیچ بەڵگەیەکی وانەبو مرۆڤ بخاتە گومانەوە لەزاڵ بونی هیتلەر.

وڵاتی بچکۆلانەی نەمسا (ئوتریش) لەژێر پۆستاڵی داگیرکەراندا دەینالاند، ئەڵمان مەستی بادەی لەخۆبایی بون و سەرکەوتن بون وخەریکی قوتدانی نێچیرەکەی خۆیان بون، لەبارو دۆخێکی ئەوتۆدا من وەکو پەیامنیری رۆژنامەیەکی ئەمریکا هاتمە (سالزبورگ) هەتا لەبارەی فیستیڤاڵی ساڵانەی ئەوێوە ریپۆرتاجێ ئامادە بکەم، ئەو فیستیڤاڵەی ئەوسا ناوبانگێکی جیهانی هەبوو.

هەندێ لەدۆستەکانم کە دژبەنازیەکان بون کۆچیان کردبوو هەندێکیش هەڵهاتبون . ئەوانەیش کە هێشتا لە (نەمسا) دا مابونەوە زۆربەپەرێزوترسەوە دەجولانەوەو هونەرمەندە گەورەکانیش وەکو (ئارتوروتۆسکانینی) (برونووالتر) (لوتەلومان) و (ماکس راینهارت) لە نەمسادا نەمابون ،سەردەمی پێشکەشکردنی بەرهەمەبەررو بە شکۆکان بەسەر چوبو ، لە نێوئەو بەرهەمانەی لەو فیستیڤالەی ئەو ساڵەدا پێشکەش کرا تەنیا یەک پارچە مۆسیقای پڕ مانا بو کەبەشێوەیەکی سەرسورهێنەر پەیوەندی بەبارودۆخی ئەو کاتەوە هەبو ، ئەویش ترازیدیای (ئۆگمۆند) ی گۆتە بو کە مۆسیقاکەی لەدانانی (بێتهۆڤن) بو .

ڕێکخەرانی فیستیڤاڵەکە لەبری بەرهەمێکی (راینهارت) لەژێرناوی (فاوست) دا کە قەدەغەکرابو ، لەدوایین کاتدا بریاریان دابو (ئۆگمۆندی) بێتهۆڤن پێشکەش بکەن ، لەم کارەش مەبەستێکی تایبەتیان نەبو ، بەڵام خۆئەکری بەسەدان ڕێگەو هەزاران شێوە بەمیوانە ناوەختەکان و داگیرکەرە بێگانەکان بوترێ کەمانەوەیان چەندە بەئازارو دژوارە .(ئۆگمۆند) دەربارەی ئەوەئەدوێ کەچۆنا و چۆن هۆڵەندیەکان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی (دوک دالوا) ی سەرکردەی لەشکری داگیرکەری ئیسپانیا و چۆن بێزاری ورق و قینی خۆیان لەمکارەساتە شومەپیشان ئەدەن وداخلە دڵ ئەگرن و سەرئەنجام ئالای راپەرین بەرز ئەکەنەوە .

ئەم بەرهەمە بەشین و گرینی هۆڵەندیەکان لەپێناوی لەدەستدانی ئازادیدا دەست پێ ئەکا ، پاشان گۆشەگەلی جوان و دلڕفێن دەگاتە گوێ کە (کلارشن) خۆشەویستەکەی (ئۆگمۆند) دێنێتە پێش چاو ، پاش ئەمە دەنگێکی ناسکونیان وهەست بزوێن دەنگ ئەداتەوەو ووردە ووردە بەرزترو بەرزترئەبێتەوەو ، ئەمەش نیشانەی هاوار و رق و قینی نەتەوەیەکە ، کەبەئاگا هاتۆتەوە وراپەریوە ،پاشان بانگو هاواری راپەرین لەدژی بێگانەو پرلەتاسەی سەرکەوتن و رزگاری کۆتایی بە بەرهەمەکە دێنێ . بەڵام ئەگەر (ئۆگمۆند) بەرهەمێکی ترازیدیە ئەی ئەو هەموو هاواری شادی و خۆشیە چی یە ؟ کەتاکۆتایی دراماکە واتە تائەوزەمانەی کەجارێکی تر تیپە مۆسیقاکە (ئۆرکسترا) بەهەموو توانایەوە ئەو ئاوازە هەرەبەشکۆیە دەس پێنەکاو هەر بەمەش ئاوازەکە کۆتایی پێ نەهێنرێ مانای ئەم خاڵەسەرنج ڕاکێشە ئاشکرا نابێ .

کاتێ پەردەی شانۆ لادەبرێ ، نەمساویەکان ، هۆڵەندیە ئاشتی خوازو سەربەست و ئازادیخوازەکان واتە ئەو خەڵکە دێننەوە یاد کەهەروەکو خۆیان لە خۆشی ژیانی هێدیدا بون ، لەپاشان دا ترس و پەرۆشی ئەوان لە هێرشی (دوک دالوا) ولەشکرەکەی قورسایی ئەخاتە سەردڵ و دەرونیان و ئازادی و سەربەستیان پێشێل ئەکات و.هەناسە لەگەرویاندا دەخنکێنی وهەرکەس رەخنە بگرێ لەدەس زەبرو زەنگی داگیرکەران و سکاڵا بکات توشی ئەشکەنجەو چەرمەسەری دەبێ و بۆ هەمیشەش کپ ئەکرێ ،(ئۆگمۆند) قارەمانی سەربەستی و رزگاری

هۆڵەندیش دەکەوێتە بەندیخانە .

من ئاگام لێ بو وردەوردە کە بەسەرهاتی شانۆکە دەگەیشتە پلەی بەرزی تراژیکی خۆی ، بینەران کەخەڵکی سالزبورک بون یالەدەرەوە بۆ بینینی شانۆ هاتبون پتر هەستیان دەبزوا بەڵام کەس ورتەی لێوە نەدەهات . هەموتینیان بۆ هاتبو ، هەر وشەیەک کەبەتوررەییەوە لەلایەن ئەکتەرەکانەوە دەوترانەتەنیا داگیرکەران و ستەمکارانی ئیسپانیای مەحکوم دەکرد بەڵکو وەکو داوێک لەسەر شانۆکەوە لەتەپڵێ سەری ئەفسەرو سەربازەکانی هیتلەری کەبەجل و بەرگی قاوەیی و رەشەوە کە نیشانەی ستەم و زۆرداری بو دەدرا ، زوڵم و زۆری ( دوک دالوا ) وەکو زەبرو زەنگی هیتلەر دەچو ، وڵاتی هۆڵەند کەلەسەر شانۆکە پیشان دەدرا ، وێنەی ئۆتریشی ئەو کات و سەردەمە بو ، جالەبەرئەوە بینەران تینیان بۆ دەهات و تورەدەبون ، " ئۆگمۆند" مەحکوم بەمردن دەکرێ ، ئەو شەوەکەبریاربو ، سبەینێ لەدار بدرێت ، کلارشن خۆشەویستەکەی بەچەشنی خوای ئازادی لەعالەمی خەیاڵ و روئیادا دێتە سەردانی و هەرلەو حاڵەشدا پیشانی ئەدا کەمردنی ئەو وەکو پریشکی ئاگر ، خەرمانی رق و قینی خەڵک ئاگردەداو دەبێتە هۆی ئەوەکە هاونیشتمانەکانی بکەونە هەوڵ بۆ وەدەسهێنانەوەی رزگاری لەدەسچوو ودوژمن لە وڵات وەدەرنێن . ئەنجا کلارشن دڵدارەکەی بەناوی فاتیح سوپاس دەکاو حەلقەیەکی گەڵای سەوزی شانازی لەمل دەکا . کوتوپر تەپڵەکان دەنگ ئەدەنەوە و — ئۆگمۆند لە عالەمی خەیاڵ رادەچەنێ بەیانی داوە ، تیشکی خۆرلەتەنیشت شیشی پەنجەرەی بەندەکەوە ژورەکەی روناک کردۆتەوە ، ئۆگمۆند دەستی بۆ ملی دەبا هەتا حەلقەی سەربەرزی یەکە بگرێ .. بەڵام هیچی لەمل دانی یە ، ئەنجالە سەر خۆیەوە دەڵێ :

" حەلقەی سەوزی بەختەوەری ون بووە ، روئیایێکی سەیروسەمەرەو خۆشیش بو ، رۆژبۆتەوە ، روناکی رۆژەکە سەرنجی ڕاکیشام و بەئاگاهاتم و زانیم لەعالەمی خەیاڵدا بووم . بەڵێ .. ئەوان لێرە بوون دو سێبەری خۆشەویستلەوسێبەرە مێژینانەی لەگەڵ دڵم تێکەڵ ببون ، رزگاری پیرۆزو بەنرخ بەئەشکی دڵدارە جوانەکەم هاتە پێشچاوم ، دڵدارە خۆشەویستەکەم خۆی بو ، کەبەپێی خوێناویەوە هاتبو بۆ سەردانم ، داوێنە شۆرە شەنگەکەیشی خەڵتانی خوێن بو ، ئەمە خوێنی من و زۆربەی رزگاریخوازان بو.نا ، ئەم خوێنانە بەخۆڕایی نەڕژاون ، ئەی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان ڕاپەڕن ، بۆ پێشەوە ، خوای رزگاری لەم پێروزەدا پشتیوان و ڕێنوینتانە ، وەکو شەپۆلی خرۆشان وسامناکی دەریا بەسەر سەدو بەندو رۆخی وڵاتەکەتاندا تێ دەپەڕێ ، ئێوەش ئەبێ ڕاپەڕن ، بجوڵێن قەڵای ستەمکارو ئیستبداد بروخینن ، کۆشکی زاڵم وێرانکەن و دوژمنی داگیرکەر لە خاکی وڵاتی ئازیزەوە دەرنێن ( دەنگی تەپڵەکان نزیکترو نزیکتردەبنەوەو سەر دەکەون ، سەرانسەری شانۆ لەلایەن سەربازەکانی " دوک دالوا " وەداگیردەکرێ)

ناترسم دوژمن دەوران دەور گەمارۆی داوەو شیرەکانیان لەکالان دەرهێناوەو بریق و باقیانە، دۆستان وره لەدەس مەدەن ، لەپشت سەرتانەوە دایک وباوکتان، ژن و منداڵتان بەپەرۆشەوە چاوەڕێتانن ، میراتی پیرۆزتان بپارێزن و بۆ ئەو شتەکەلای ئێوە پیرۆزو خۆشەویستە بەشادی و سەربەرزیەوە گیانی ئازیزتان بەخت بکەن هەروا کەمن ئێستاکە بەروی خۆش و سەربڵندیەوە بەپیرمەرگەوە دەچم".
هەر لەو حاڵەدا کەئۆگمۆند لەلایەن سەربازانی دوژمنەوە گەمارۆدراوەوروەوسێ دارەکە دەڕوات ، ئۆرکستراکە بەشۆڕو سۆزەوە (سەمفۆنیای رزگاری) دەژەنێ و وە درامەکە هەر بەو فینالی ( ئۆڤەرتۆری بێتهۆڤن)ە بەشکۆوە کۆتایی دێت ، پاش کۆتایی درام و ئۆڤەرتۆرەکە وادیار بوو خەڵکی سالزبۆرگ واقیان وڕمابو، ئەنجا چەپڵەیان لێ داو چەپڵە لێ دانەکەش لەترسی دوژمن لێ درا چونکە ئەوانەش کە حەزیان لەچەپڵەڕێزان و شایی ئەکرد زاتیان نەبوو لەو کاتەدا، هەستی دەربڕینی شایی و خۆشیان لەبیر چوبووەوە، بەڵام من دڵنیام ئەوانەی کە ئەو رۆژە شایەتی بەرێوەبردنی ئەو شانۆیە بوون لەوەو دوا زۆر بەتاسەوحەزەوە گوێ بۆ ئۆڤەرتۆری ئۆگمۆندی بێتهۆڤن ڕادەگرن و مەبەستی زیاتری لێ دەبینەوە، چونکو دەورگێڕانی ئەو شانۆیەو ئەو قارەمانانەی کەلەو پارچە مۆسیقایەدا پیشان درابون دۆستانی من و ئێوە بون و بەواتایەکی تر باشترو روناکتر ئەوە ئێمە خۆمان بوین کەچوینە سەر شانۆو هاتوچومان دەکرد ، کاتێ قسەلەهونەرێکی جیهانی دێتە گۆڕێ مەبەست درکاندنی ئەم خاڵەیە .

هەر کام لەپارچە مۆسیقاکان لەمەبەستێ دەدوێ ، جارێ مۆسیقازان بۆ ئاهەنگەکەی مەبەستێک کەئێمەیش شارەزایین ، هەڵدەبژێرێ وەکو "رۆمیۆوژولێت" یا " ئۆگمۆند " یا " گەمارۆی لینینگراد " و جارێ بەسەرهاتی دڵداری و بە ئاکام نەگەیشتنێ بەیان دەکات بەو جۆرە کە (برلیۆز) لە ( سەمفۆنیای فانتاستیک) ەکەی دا نواندویەتی ، ئەم چەشنە ئاسارانە ناویان مۆسیقای بەرنامەیی یا چیرۆکە مۆسیقایە .

هەندێ جار مۆسیقازان بەسەر هاتێ لەمێشکیدا پەروەردەدەکات و ئنجا دەیکا بەپارچەیەک مۆسیقا ، بەڵام تێ گەیشتن لەوردەکاریەکانی دەخاتە ئەستۆی گوێگر هەتا ئەوپەڕی خەیاڵ و بۆچونی بیری لێ بکاتەوە، لەپشت تەنگەبەری لێڵ و شومی سەمفۆنیای (پانتیک )ی چایکۆفسکی ، چیرۆکێک حەشار دراوەکەمۆسیقازانەکە هەرگیز لەو بابەتەوە لەگەڵ کەسدا قسەی نەکردوە، چونکە نەیدەویست وا بکات. رێشارد شتراوس هەرگیز ئامادە نەبودەربارەی یەکێ لە (پویمسەمفۆنیاکانی)خۆی بەناوی پیاوخراپی (ئولنپشنیگل ) لێ بکۆڵێتەوەو بەسەرهاتەکە بدرکێنێ، چونکە لەپارچە مۆسیقاکەدا بەزمانی مۆسیقا ئەو مەبەستانەی وتبو، هەروەها وشە بۆ دەرخستنی پڕاوپڕی مەبەستەکە ناتەواو بوو، جاکەوابو چاکترە کە بوچونەکە بخاتە ئەستۆی بیسەر تاخۆیان لەوەی کەبۆیان سازدراوە تێ بگەن .

- ئۆگمۆندی بێتهوڤن
- سەمفۆنیای پێنجەمی بێتهوڤن

(١)

پێم وایە هەرکەسێ گوێ بداتە (ئۆراتۆریۆ) ی دراماتیک و حەماسی هەرە گەورەی "ئۆگمۆند" هەست ئەکا پارچەی ناوبراو سرودێکی پیرۆزی هەرە بەشکۆیە، بەراستی ئەم بەرهەمە سرودێکی بەرزە، کوتایی بەرهەمەکە، وێنەی ئەو ئاوازەیە کە لەگەڵ کۆتایی دراماکەدایە، پاش ئەوەی (گۆتەی) شاعیر قارەمانەکەی خۆی بەدەست داگیرکەرانی ستەمکار بەکوشت ئەدا، پاش ئەوەی کەبەئێمە ئەڵێ: مەرگی "ئۆگمۆند" پرشنگێکە، ناخی رق و کینی هۆڵەندیەکان ئاگر ئەدا، هانیان ئەدا بۆ راپەرین و بەدەست هێنانەوەی رزگاری لەدەس چوو. شاعیر پاش ئەوەی کە بەیارمەتی وشەسازی پێدا ویستی خۆی دائەرێژێ، ئەوسا روو ئەکاتە مۆسیقا و لە



چوارچێوەی رستەی پێویستدا داوای (سەمفۆنیای سەرکەوتن) ئەکا، تا بەئاوازی مۆسیقا، ئەو پەیامەی کە وشە ناتوانێ دەری ببرێ، بیگەیەنێ. بۆ بەدیهێنانی ویستی (گۆتە) هیچ کەس شایان تر لە (بێتهۆڤن) پەیدا نابێ، چونکە مۆسیقای بێتهۆڤن راستەو راست و زۆریش بیرورای (گۆتە) سەبارەت بەرزگاری، قارەمانێتی و ئازایەتی دەردەبرێ.

هۆی سەرەکی ئەوەی "ئۆگمۆند" یەکێکە لەهەرە بەرزترین و هەتاهەتایی ترین شاکار لەدنیای مۆسیقادا، تەنیا ئەوەنیە کە رازی نهێنی رزگاری بۆ خۆبەختکردن و شەهیدبوون رادەگەیەنێ، بەڵکو "ئۆگمۆند" وەکو هەندێ شانۆنامەی گەورە، لایەنی نواندن و خەباتی هۆڵەندی یەکانە لە بەرامبەر داگیرکەرە ئیسپانیەکاندا، ئەم بەرهەمە چیرۆکێکە بریتیە لەدەست درێژی و ستەم، هەربەوجورە کە لە سەردەمی (بێتهۆڤن) دا روی دابێ، لەئەوروپای ئەمرۆشدا دوپات دەبێتەوە.

کاتێ من گوێ لەم پارچە مۆسیقایە دەگرم، سەرم لەوە سوردەمێنی کە هەندێ لەرەخنەگرانی زمان لوس وتویانەو دەڵێن: هونەرو سیاسەت نابێ پێکەوە تێکەڵ بن و پەیوەندیان ببێ، بەڕای من تەنیا ئەوانەی کە ڕاکوزاریانە دەربارەی هونەر



ئاگادارن یاهونەر بەرێگایەکی دەربازبوون لەژیان سەیرئەکەن، دەتوانن بلێن هونەرو سیاسەت پەیوەندیان پێکەوەنیە ، ئەگینا یەکێکی وەکو بێتهۆڤن، هەرگیز لەسەر ئەو بروایە نەبووەو هەربەم چەشنەش گۆتەو دانتی، یاهیچ هونەرمەندو روناکبیرێکی سەردەمی ئێمە لەسەر ئەو بروایە نەبووەو ناشبێ .

بەرای ئەم روناکبیرانە ، هونەر هەرگیز وەکو رێگایەکی قوتاربوون لەژیان کەڵکی لێ وەرنەگیراوەو وەرناگیرێ، بەڵکو دەبێ وەک کەرەسەیەک بۆ رازاندنەوەی ژیان کەڵکی لێ وەربگیرێ .

ئێستا (٢) بار واهاتۆتەپێش کەگیروگرفت و تەگەرەی سەردەمی بێتهۆڤن جارێکی تر لەبەرامبەر نەوەکانی ئەم سەردەمەدا دووبارەبێتەوەو هەموکەسێ بەناچاری روبەرویان دەبێتەوە ، تەنیا جیاوازییەکی هەیە ، ئەویش ئەوەیە ، ئەمرۆ ئێمە لەبەرامبەر ئەواندا توندتر هەڵوێست وەردەگرین . ئێمە لەژیانی خۆش و ئارام بێ بەرین و ناچارین گیانی شیرینی خۆمان و خۆشەویستانمان بخەینە شەرێکی کۆن و پرمەترسیەوە ، شەرێکی ئەوتۆ کەپێمان وابوو دەمێک بێت بەسەر چوبێ و جارێکی تریش دوبارە نەبێتەوە(٣) لەبەرئەوەیە ئەم پارچە مۆسیقایە قوڵترو زیاتر ناخمان ئەخرۆشینێ بەجورێ کەئێستا خرۆشانەکەی لەوسا قوڵترو بەکارتربێ، بۆنمونە لەحەوتی دێسەمبەری ١٩٤١دا ، یاکاتێ هێرشی درندانەی ئاڵمان بۆسەر نەرویج و فەرەنسا ، یەکسەر تێدەگەین هەموشتێ سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە ، تێدەگەین کەبێتهۆڤن بەراستی لە" ئۆگمۆند "دا سەبارەت بەئێمە دواوە ، یاوەک ئەو رستە لاتینییە بەناوبانگە دەڵێ : ئەمە بەسەرهاتی تۆیە کە دەوترێ ـ ئەم چیرۆکە باسی تۆ دەکا ـ ( Dete fabule narratur ) هەرئەم مەبەستە لەسەمفۆنی پێنجەمی بێتهۆڤنیش دا دووبارەدەبێتەوە ، بەلام ئەمە هەڵکەوتەو دەست هەڵبەستنیە ، کەریتمی پیتی ( V ) ، لەزمانی ئینگلیزیدا پیتی یەکەمینی وشەی ( Victory ) یەو بەمانای سەرکەوتن و رزگاربونە ، لەئەلفوبێی مۆرسیش دا هەر ئەو نیشانەیەی هەیە کەمۆتیفی ئەصڵی سەمفۆنیای پێنجەمی لێ پێک هاتووە ، بەڵام هەڵبژاردنی ئەو مۆتیفە وەک بناغەیەک بۆ مۆسیقاکە لە ئامادەکردندا بۆسەرکەوتن، هۆیەکی چاکتر و بەرزتری هەیە ، سەرومری مۆسیقای سەمفۆنیاکە بەئاشکرا ، هەرچی سازدانێک بۆ سەرکەوتنەکە پێویستە تیایدا کۆکراوەتەوە .

لەیادتانە کەبیتهۆڤن بۆئەم مۆتیفی یەکەمە ، چ شەرحێکی بەیان کردووە : (چارەنوسی ئاوا لەدەرگا ئەدات) لەراستیدا ئەگەر بێتهۆڤن ئەم رستەیەشی نەوتبێ بێ گومان شتێکی لەوبابەتەی وتووە . تەواو ئاشکرایە کە مانایەکی رەمزی، زۆرقوڵ و پتەو لەچوار نۆتەی سەرەتادا کەحاڵەتیکی تێکوشان و هێرشکارانەی تێدا حەشاردراوە ، ئەم مانایە نەک تەنیا سەرانسەری (مۆمانی یەکەم)[٤] ئەخاتە زێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، بەڵکو جارجار لەکاتی زۆر ناسک و دراماتیکی سەمفۆنیەکەدا خۆی دەنوێنێ .

(مۆمانی یەکەم) ، (ریتمێکی) وەک هێرشێکی توندو دڕندانەی هەیە ، (ریتمی) مۆتیفی چارەنوس،ئەم ریتمە جاری واهەیە وەک راز ، جاری واش هەیە وەک هاوارێکی ترسناک ، جاری واش هەیە وەک دەنگیکی شووم و توقێنەر دەگاتەگوێ، تەنانەت (ثیم)[٥] ی دووەم کەلەبەراوردا لەگەڵ (ثیم) ی یەکەم ، وەکو لایەلایە وایە ، هەرلەسەر بناغەی ئەو ریتمەی یەکەم دانراوەو هەر ئەم ریتمەیەکەمۆمانی یەکەم بەدەنگێکی وەکو هاوارو حەبات خواز کوتایی پێ دێنێ .



(مۆمانی دووەم)، زنجیرە (واریاسیۆنێکە)[٦] لەسەر دوو (ثیمی) دژبەیەکی بەرودوا دانراوە ، (ثیم) ی یەکەم لەپەیژەی (لامێجەر) داو بە (ڤیۆلا و چەلۆ)[٧] کان لێدەدرێ، (میلۆدی) یەکی زۆر نەرم و رەوان و ئافرەت ئاسا سەرنج راکێشە ، بەڵام (ثیمی) دووەم لەپەیژەی توندو تورەی دۆمێجەردا لێدەدرێ و نێرانەیە .



لەمۆمانی سێیەم دا ، نیشانەیەک نابینرێ ئاوازی سەمای تیابێ، بەڵام رەنگە لەخرۆشی (کۆنتەرباصەکان)[٨] لەبەشی ناوەراستی مۆمانەکەدا ئاوازی سەما ببیسترێ، هەرئەم بەشەش زیاتر لەبومەلەرزە ئەچێ وەک لەمۆسیقایەکی سەما

ئامێز، بەشی سەرەتاو کوتایی مۆمانەکە لەگەڵ ئەوەشدا کەمی تەماوی و لیلە، بەڵام هاندەرو سامناکیشە، کەلەئاسەواری مۆسیقادا وێنەی دانسقەیە. لەکاتی دڵەخورپەو پەروشی دا جارێکی تر (مۆتیف)[9] ی ڕێزگرتن بەهێمنی ئەبیسترێ، بەڵام ئاوازەکە هەندێ گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. ئامێرە ژێدارەکانی تر بە شێوەیەکی نیان و پچرپچر وەڵام ئەدەنەوە، لەم کاتەدا هەموو تیپەکە بەچەشنێ بێ دەنگ ئەبێ گوێگر هەست دەکا هەموو ئامێرەکان ماندوبوون. لێرەدا (کۆرد)[10] ێکی بەردەوام و هێدی کە (تۆنالیتە) کەی ئەوەندە ناخاێنێ، دەنگ ئەداتەوە، هەر لەم کاتەدا، دەنگی مۆسیقایەکی پرکومان و مەترسی ئەبیسترێ ولەقوڵایی ناخی تیپەمۆسیقاکەوە دەنگی تەپڵێک وەکو لێدانی دڵ دیتەگوێ، دەنگی ئەم تەپڵەش هەر (ریتم) ی مۆتیفی ڕێزگرتنەکەی هەیە.





قوناغی دوودلّی و دلّەخورپەو چاوەروانی، وردەوردە بەهێزترو توندتر دەبێ، دەنگی (ثیمی) (سکرتزۆ – Scherzo) دەکاتەکویّ. کۆمەلّە هارمۆنیەکی کورت و پرپەزارە بەرەو پەیژەی (دۆمیجەر) بلّندو بلّندتر دەروات، لەم کاتە پر پشێوی یەدا، گوێگر واهەست دەکا کەخۆر لەپشت هەورەکانەوە دێتەدەرو لەپرێکدا هەموو دنیا روناک ئەکاتەوە. هەرلەم کاتەدا ئاوازەکە دەگاتە لوتکەی بلّندی، کت وپر هەموو تیپی مۆسیقاکە (ئۆرکستراکە) بەیەک (کریشاندۆ)ی مەزن دەنگ ئەداتەوەو، زۆر ئازایانە بەرەو مۆمانی چوارەم دەروات ئەم (فینالە) وەکو شەپۆلی دەریا بەجۆش و خرۆشێکی بێ وێنە دەزرنگێتەوەو دەلّێی (بێتهۆڤن) خۆیەتی، جارجاریش یادی (سکرتزۆ) دەکا، بەلاّم ئەم بیرخستنەوەیە تەنیا




لەبەر ئەوەیە کەگوێگر دلّنیا بکات لەوەی ترس و سامناکی (سکرتزۆ) کۆتایی هاتووە. بەشی دوایی سەمفۆنیاکە بەچەند (کۆردێکی) مەزن و بلّند، لەپەیژەی دۆ میجەردا، زۆر پر دلّینایی و توند مژدەی سەرکەوتن دەدا.

**پەراوێزەکان : ئەم پەراوێزانە (هۆرە) ئامادەی کردووە.**

١ . **ئۆراتۆریۆ** – بریتی یە لەئۆبێرایەک تەنیا بەئاوازو گۆرانی بێنکەش دەکرێ و دیکۆر و نواندن و ........ هتد تیا نی یە .

٣،٢ . ئەم کتێبە لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا نوسراوە .

٤ . **مۆمان** – بەشی حرکە، هەر سەمفۆنیایەک لەچوار (حەرەکە) پێک دێ .

٥ . **ثیم** ( Theme ) – بیرۆکەی ئەساسی کەدانەر بشتی پێ ئەبەستێ لەئاواز دانانەکەیدا .

٦ . **واریاسیۆن** (ڤاریاسیون) (Variation): دانەر ئەو بیرۆکەیەی دابناوە ئەیدات بەگوێی گوێگراندا، ئنجا هەر ئەو بیرۆکەکە لەگەلّ چەند گۆرانکاری یەکدا دوبات ئەکاتەوە بێ‌ی ئەوترێ (واریاسیۆنی یەکەم) چەند بیرۆکە مەجال بدات و توانای دانەر دەسەلاّتی هەبێ، گۆرانکاری تر بەسەر بیرۆکەکەدا دێنی بەم شێوەیە زنجیرەیەک (واریاسیۆن) پەیدا ئەبێ .

٧ . **ڤیۆلاو چەلۆ** – دو ئامێری مۆسیقان لەخێزانی کەمانن. ڤیۆلا لەکەمان گەورەترەو وەکو کەمان وایە، دەنگی گرترە. چەلۆ لەشکلّی کەمانەدایە بەلاّم زۆرگەورەترەو لەسەر زەمین دائەنرێ، ئەخرێتە باوەشەوە لێ ئەدرێ، دەنگی زۆر گرە .

٨ . **کۆنتەرباص** – ئامێرێکە لەخێزانی کەمان، لەهەمویان گەورەترەو لەسەر زەمین دائەنرێ. دەنگی یەکجار گرەو بەپێوە لێ ئەدرێ .

٩ . **مۆتیف** (Motif) – پارچەیەکە لە "ثیم" .

١٠ . **کۆرد** – چەند دەنگێکی مۆسقا لەیەک کاتدا لێ بدرێ (کۆرد)ی پێ ئەلّێن .



# ئامێرە میللیەکانی مۆسیقای کوردی

# - باڵەبان -



هۆرە

پێشەکی : لەسەر زەمیندا نەتەوەیەک نییە خاوەنی مۆسیقای تایبەتی خۆی نەبێ ، لەگەڵ ئەوەی کەبنەما بنچینییەکانی مۆسیقا ـ لەگەڵ هەندێ جیاوازی ـ هەریەککۆ مەڵ دەنگی تایبەتیە ، بەڵام بەکارهێنان و لەگەڵ خستنی ئەودەنگانە لەگەڵ یەکتری مۆرکی تایبەتی هەر نەتەوەیەک دیاری ئەکا ، یەکێ لەرکولەکانەی مۆرکی میللی هەر نەتەوەیەک پشتی پێ ئەبەستێ جگە لەزەنگی گۆرانی بێژەکانی، ئامێرە میللیەکانی ئەو نەتەوەیەیە، دیارە ئەو ئامێرانە بەپێی پێویستی کۆمەڵێکی دیاری کراو هاتۆتە کایەوەو هەر لەبەر ئەمە زۆر نزیکە بەرۆحی ئەو کۆمەڵە ،هەروەها ئەو ئامێرانە باشترو قوڵتر لەگەڵ دەنگی گۆرانی بێژە میللیەکاندا ئەگونجێن و هەرچی ووردەکاری و تەکنیککە پێویستە بەئاسانی لەکاتی لێداندا پێی ئەنجام ئەدرێ .

لەبەر ئەوەی میللەتی کورد ژیانیکی ئاسایش و سروشتی نەبووە ، هەر بۆیە لایەنەکانی ژیانی وەکو پێویست گەشەیان نەکردوە ، یەکێ لەولایەنانە ئەوەیە بارودۆخی کۆمەلایەتی و ڕامیاری میللەتەکە بەهەر شێوەیەک بێ بەرەو پێش چووەو چەشەی مرۆڤی کورد پێشکەوتووە ، میللەتانی دنیای دیوە لەمۆسیقادا چییان کردووە بەتایبەتی میللەتەکانی ئەوروپا ، دیارە ئەم نابەرامبەریە وای لەزۆر کەس کردووە بیرلەوە بکاتەوە هۆی ئەم کێشەیە چیە ؟ و چۆن چارە بکرێ ، ئەوەی قورەکەی خەست کردووە ئەوەیە ئەیانەوێ بەزوترین کات ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ لەگەڵ ئەوەی مۆسیقا خۆی لەخۆی دا یەکێکە لەو چالاکیە ئینسانیانەی بەهێمنی پێش ئەکەوێ وگەشە ئەکا . مەیدانی مۆسیقا وەکو زۆر مەیدانی کە ئازادەو هەرکەسە ئەتوانێ بەپێی ئەو ڕادە ڕۆشنبیریەی هەیەتی لەسەری بکۆڵێتەوەو ڕیگای چارەکردنیشی بۆ دابنێ ، بۆیە شتێکی سەیر نیە کە چەندبۆچون وهەولدانێک سەر هەلئەدا ، بەلام هونەرمەندی کارامەو روناکبیرو واقیع بین لەوەی رەسەنە و مومکینە دەست پێ ئەکاو ئەگاتە ئەوەی بەهیوایەتی .

گورەپانی مۆسیقای کوردی دەنگ خۆشی میللی زۆری تیا بووە ، بەلام دانەرو مۆسیقا ژەنی میللی بەتواناو بەسەلیقەی گەورەی کەم تیا بووە .ئەگەرتاک تاکیش هەلکەوتبێ لەگەل کۆچی دوایی خۆیدا هەموو تەجرەبەو ئەزموونی خۆی بردووە ( هەرچەندە ئەم مەسەلەیە هۆی تایبەت و معقولی خۆی هەیە ) ، ئەمە شتێکی زۆر گرنگە بۆ نمونە ئامێری (نای) لای عەرەب و فارس و کورد لەمۆسیقادا بەکاردێ بەلام نای ژەنی فارسی بەجۆرێک فوو ئەکاو بەشێوازێکی تایبەتی لێی ئەدا کە هەرچی لێبداو گوێمان لێی بێ ڕۆحیەتە فارسیەکەی داوەتێ و ئەم شێوازی نای لێدانە زۆر جیاوازە لەوەی نای ژەنێکی عەرەب پەیرەوی ئەکاو هەروەهاش کوردەکەش لەوان جیا وازە ، کەبەداخەوە ئێمە تائێستا لێکۆلینەوەیەکی زانستیانەمان لەم بارەیەوە نیە ، بۆئەوەی ئەمە ئاشکراتر بێ ،مینەی لولەک ژەنی خەلکی هەلەبجە بەنمونەی نای ژەنی کورد دێنمەوە کەجۆریک فووی بە شمشالەکەیدا ئەکرد بەش بەحالی خۆم نەلەفارسیدا و نەلە عەرەبیدا ، ئەو جۆرە دەنگەی لێی دەرئەچوو ، گوێم لێ نەبووە ، دیارە (ئەو جۆرە فوو پیاکردنە ئەگەر لامان ئاشکرابێ ، ئەتوانین وەکو شێوازێکی تایبەتی بۆ لێدانی نای دەست نیشانی بکەین ونای ژەنەکانیمان فێری ببن ) . لێرەدامن ئەمەوێ ڕاستیەک هەیە بیخەمە بەرچاو ئەویش ئەوەیە ، هەموو ئامێرێکی مۆسیقا بێ گیانە تا ئەو کاتەی مۆسیقا ژەنێک دێ گیانی بەبەردا ئەکا جا تاچ رادەیەک ئەو مۆسیقاژەنە بەتوانابێ ئەوەندە ئەتوانێ کەلک لەو ئامێرە وەربگرێ و بەهۆی ئەو ئامێرەوە هەستی مرۆڤ بجولێنێ ، ئاشکراتر ئەوەیە چەند ئەو مۆسیقاژەنە بەتواناوکارامە بێ لەکارەکەیدا ئەوەندە توانای ئەو ئامێرە ئاشکرا ئەکا ، لەم ڕاستیەوە ئەوە بنیات ئەنێم و ئەلێم ئەگەر بێت و ئامێرە میللیەکانی ئێمە بخرێنە بەر فێربوون ، و

مۆسیقا ژەنی باش فێری ببێ و لێی بدا ، ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو ئامێرانە هەم پێشتر بکەون و هەم بەرهەمی باشتری پێ لێ بدرێ،هەموو ئامێرەکان لەپێشدا بەم شێوەیەی ئەمڕۆ نەبوون بەڵکو سادە بوون و ووردە ووردە گەشەیانکردووە، ئەوە دیاردەیەکی گشتی یە و ڕەوتیکی عامەو ئامێرە کوردیەکانیش لێی بەدوورنین. لەم نوسینەدا کەلەمەودوا بەردەوامە ، هەرجارەو باسی ئامێرێکی مۆسیقای کوردی ئەکەین ئەوەندەی دەستمان پێی بگا بەو هیوایەی ببێتە بناغەیەک بۆ لێکۆڵینەوەیەکی قوڵتروو لەبارتر دەربارەی ئەم ئامێرە میللیانە .




— ١ —

ئەم جارە ئامێری " باڵەبان " هەلئەبژێرین .

باڵەبان : هەندێ بوچون هەیە سەبارەت بەوەی ئەم ناوە لەزمانی ئازەری یەوە وەرگیرابێ چونکە لە کوردیدا ئەم ووشەیە بەم مانایانە هاتووە :

یەکەم : باڵندەیەکی ڕاوکەرە ، لەباز بچوکترە .

دووەم : ئامێرێکە مۆسیقای پێ لێ ئەدرێ .

ئەم ئامێرە یەکێکە لەو ئامێرانەی لەگەڵ گۆرانی کوردیدا بەکارهاتووە بەتایبەتی لەگەڵ ئاهەنگە پڕ جۆشەکاندا لێ ئەدرێ لەگەڵ ئەوەی ئەم ئامێرە دەنگێکی خەماوی پڕ ماتەمی هەیە .

باڵەبان بریتی یە لەلولەیەکی دارینە ناوەکەی بۆشەو درێژیەکەی لە ٢٨ تا

٣٣ سانتیمەتر ئەبێ و لەڕوی پێشەوەی حەوت کونی تیایەو لەڕوەکەی پشتەوەیەک کون هەیەلە ڕێگای دەمەوە فوی پیا ئەکرێ و زمانیەکی تایبەت هەیە بۆ ئەم مەبەستە لەقامیش دروست کراوە کەپێی ئەڵێن (پیک)،کۆک کردنی ئەم ئامێرە بە هۆی پشتێنەیەکی ئازادەوە ئەنجام ئەدرێ کەلەسەر ئەو پیکەیە بەهێنانە پێشەوەو بردنە دواوەی ئەم پشتێنە ئامێرەکە کۆک ئەبێ ئەم زمانە لەهەندێ جێ پێی ئەوترێ (کەڵەمە) جگەلەم کەڵەمەیە (دەمبێن) ێکی هەیە بۆ ئەوەی ئەو پیکە بپارێزێ کە فوی پیا ئەکرێ،لەکاتێکدا کەکاری پێ ناکرێ ، "پیک" ە کە لولەیەکی دەوری "٥ سانتیمەتر" درێژە سەرێکی خڕەو سەرەکەی تری بەسدریەکدا پان بۆتەوە سەرەخڕەکەی ئەچێتە ناو لولە دارینەکەوەو سەرە ئازادەکەی دەخرێتە ناودەمەوە لەکاتی لێداندا ، لەکاتێکداکە کاری پێ ناکرێ دەمبینەکەی دەخرێتەسەر بۆ ئەوەی لە خراپ بوون و شکاندن بیپارێزێ ، لەو ماوەیەی کەئەم دەمبێنەی لەسەرە ئەو سەرە پانەی پیکەکە بەیەکەوە ئەنوسێ بۆیە پێش ئەوەی بەکاربێ ئەبێ ئەو سەرەی قامیشەکە تەڕ بکرێ بۆ ئەوەی ئەوەندەلەیەک جیابێتەوە کەڕێ بدات هەواکە لێوەی ڕەت ببێ . ئەم ئامێرە (نەرمەنای) شی پێ دەڵێن مەودای ئەم ئامێرە یەک ئۆکتاڤە هەڵبەتە ئەگەر مۆسیقا ژەن بەتوانابێ ئەتوانێ چەند دەنگێک زیاتر لەو مەودایە لێ بدات .

ئەوبەشەی ( پیک ) مان پێ وت (بیک ) یشی پێ ئەڵێن هەروەها ( کەڵەمە ) وشەی (میزان) یشی بۆ بەکاردێت و (دەم بێن)یش (دم بەست )ی پێ ئەوترێ ، ئەو کونەی پشتەوە پاش کونی پێ ئەوترێ .






## کورتەیەک دەربارەی هەندێ لە قالبەکانی مۆسیقاو

# ئۆپێرا

ئامادەکردنی : ئاوات

ئاریا "Aria " : پارچە ئاوازێکە لە سێ بەش پێکدێت، زیاتر لە ئۆپێرا و ئۆراتۆریۆدا ئەوترێ ، گۆرانی بێژ بە تەنیا یا لەگەڵ کۆرس دا ئەیڵێ ، هۆنراوەی ئەم جۆرە گۆرانی یە زیاتر ئاشقانەیە لە دڵداری ئەدوێ ،

پۆلۆنیز "polonaise " : سەمایەکی میللی پۆلۆنی یە لەوەزنی سیانی یەو هەندێ لە " ڤالس " خاوترە ، جوانترین پارچە مۆسیقای پۆلۆنیزئەوانەن کە شوپان داینا و ن .

سیریناد " Serenad " : مۆسیقای شەو، یا ئەو ئاوازەی کەدڵدارلەبەر پەنجەرەی خۆشەویستەکەیدا پێشکەشی ئەکا ، دیارە بەرهەمەکە عاشقانەیە، لەبەرئەوەی بابەتی ئەم قالبە زۆر نزیکو لەباربوە بۆ ئۆپێرا ، بۆیە بەچاکی کەڵکیان لێ وەرگرتووە لەئۆپێرادا .

کوارتێت " Quartet " : لەزمانی ئینگلیزیدا " Quartet " و لە فەرەنسیدا " Quartuor " و لەئەڵمانیادا " Quartett " ولەئیتالیدا " Quartetto "ی پێ

ئەوترێ ، بریتی یە لەپارچە مۆسیقایەک کەپێک دێ لەچوار بەش هەر بەشەی ئامێرێک لێی ئەدا ، هەروەها بەو چوار ئامێرەش ئەوترێ چوارقۆڵی (کوارتێت).
چوار قۆڵی چەند جۆریکی جیاوازی هەیە بەپێی ئەو ئامێرانەی هەڵئەبژێرێن بۆ لێدانی مۆسیقاکە ، بەناوبانگترین چوار قۆڵی ئەو چوارقۆڵی یەیە کەلەئامێرە ژێینەکان پێک دێت ( دوو کەمان و یەک ڤیۆلا و یەک چەلۆ) هەروەها ئەکرێ لە کۆمەڵێ ئامێری تر پێک بهێنرێ .



چوارقۆڵی شتراوس

<u>لید "Lied"</u> :لید بەزمانی ئەڵمانی بەمانای گۆرانی دێت ، لەئینگلیزیشدا " Song " ی پێ ئەوترێ ، بەڵام لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنی مۆسیقای ئەڵمانیدا ، ووردە ووردە ئەم ناوە بەو گۆرانیە هونەریانە وتراوە کە ئاوازو هۆنراوەکە یەک بەرهەمی ( هونەری ) پێک هێناوە،شۆبێرت بەمامۆستای ئەم قالبەناسراوە .

<u>مینویت "Minuet"</u> : سەمایەکی دێهاتی فەرەنسی یە .
وادەگێڕنەوە لەسەردەمی لویسی چواردەهەمدا لەدەوربەری ساڵەکانی ١٦٥٠ کاتێ " لولی " ئیتالی بو یەکەم جار ئەم سەمایەی بەمۆسیقا لەدەرباری لویس دا لێدا ، لویس خۆی یەکەم کەس بو کەلەسەر ئەو مۆسیقایە سەمای کردو بەم جۆرە ئەم سەمایە لەهەموو ئەوروپادا زۆر بەخێرایی بڵاوبووەو جێگای بەسەماکانی تری پێش خۆی وەکو (کورانت وپاوان) چۆڵ کرد. ئەم سەمایە لەسەر وەزنی " سیانی " واتە " سێ زەربی " یەو لەدوای ساڵانی "١٧٠٠" بەدواوە بو بەبەشێکی گرنگ لە (سویت) و (سەمفۆنیا ) کانی کە دائەنران .

بەفەرەنسی " Menuet " وئەڵمانی " Menuett " و ئیتالی "Minuetto" ی پێ ئەڵێن .

**فانتازی "Fantasia" :** ووشەیەکی ئیتالی یە بەمانای "خەیاڵ "دێت، لەمۆسیقادا فۆرمێکە رێ بەدانەر ئەدا ئازادانە هەستی خۆی دەربرێ ، ئەم فۆرمە ئەبێتە هۆی دروست کردنی حاڵەتی " ئیرتجال " لە مۆسیقادا ، حاڵەتی ( ئیرتجال) بریتی یە لەحاڵەتیکی دەروونی لای مۆسیقا ژەن ،لەکاتی دانانی پارچە مۆسیقاکـــــەی دا بەشێک بەبۆشی ئەهێڵێتەوە لەوکاتەی بەرهەمەکەی پێشکەش ئەکا،ئەوەندەی سەلیقەی خۆی ئیزنی ئەدا ، ئەو بەشەپڕ ئەکاتەوە واتە ئاوازێکی دانراوو دیاری کراوی بۆ ئەو بەشە دانەناوە تەنیا حاڵەتی دەروونی خۆی رابەرایەتی ئەوپڕکردنەوەیە ئەکات ، واتە لەکاتی پێشکەش کردنەکەدا ئەو بەشە ئاوازە دائەنێ .

**ڤاڵس " Waltz " :** سەمایەکە لەسەر وەزنی " سیانی " لەدوای ساڵەکانی "١٨٠٠" بووە بەباو ، ڕیشەی ئەم سەمایە ئەگەڕێتەوە بۆ سەمایەکی نەمسایی بەنـــــاوی " لندلر " کەبەمانای (دێهاتیەکان) دێ ، ئەم سەمایە کاتێ هاتە ڤیینا پەرەی سەندو گەشەی کردو تائێستاش مایەی دڵخۆشی و سەرنج ڕاکێشانـــــی خەڵکی یە. جوانترین پارچە مۆسیقای ڤاڵس لەبەرهەمەکانی " شتراوس " دا ئەبینرێ .






# ئۆپێرا

ئامادەکردنی : ئاوات



١

زاراوەیەکی ئیتالیە، بەمانای (کارێکی مۆسیقایی) دێ. فۆرمیکی تایبەتە لەمۆسیقادا، بەشانۆنامەیەکی ئاواز بۆدانراو ئەوترێ. ئەو شانۆنامەیەی ئەکتەرەکان لەجیاتی ئەوەی هەیانە بەحیوار بینێن، بەئاواز دەری دەبرن. ئۆپێرا لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەمووی ئاوازبۆدانراو نەبووە، بەڵکو چەند گۆرانی یەکی تەنیا -ئاریا- و کۆرس کەتایبەت بۆئۆپێراکە دانراوەو لە شانۆنامەکە دەهێنراوە، بەشەسەرەکیەکەی پێک هیناوە، لەنێوان ئەم کۆمەڵە گۆرانیەدا، پاشماوەی شانۆنامەکە بەرێستاتیڤ (Recitative) وتراوە. بەم

شێوەیە بەشەکانی ئۆپێراکە بەستراونەتەوە بەیەکەوە. بۆ رونکردنەوەی مانای ئەم ووشەیە ئەکرێ بڵێین، ئەو حیوارەی هەبووە بەشێوەیەک وتراوە لەنێوانی قسەو ئاوازدا بووەو نەئەمیان بووەو نەئەویان، هەرلەبەر ئەمە بینەری ئۆپێرایەک کەلەو زمانەی ئۆپێراکەی پێ نوسراوە شارەزا نەبێ، ئەم بەشی (رێستاتێڤە) ئەبێتە مایەی بێزاری بۆی.

## ئۆڤەر تۆر (Overture) - ٢ -

بریتی یە لەپارچەیەک مۆسیقا، لەپێش ئۆپێرا یا (ئۆراتۆریۆ) لێ ئەدرێ، واتە پێش کردنەوەی پەردەی شانۆ یا پێش دەست پێکردنی بەرهەمەکە، ئەکرێ بابەتەکەی لەئۆپێرا، یا ئۆراتۆریۆکەوە سەرچاوە هەڵبگرێ، ئەم فۆرمە گەشەی کردوە ئێستا قاڵبێکی سەربەخۆیەو لەزمانی عەرەبیدا بە (إفتتاحیە) ناوی دێ.

جیاوازی نیوان ئۆپێراو ئۆراتۆریۆ (Cratoric) لەوەدایە، یەکەم لەسەر شانۆی تایبەت نیشان ئەدرێ و جگەلەوشەو ئاواز، دیکۆرو جلوبەرگ و روناکی و نواندن ... هتد دەوری تیا ئەبینێ، بەڵام دووەم تەنیا دەقەکەیەو ئاوازی بۆ دانراوەو پێشکەش ئەکرێ، زیاتریش بابەتەکەی ئاینی یە. بەناوبانگترین ئۆراتۆریۆ ئەوەی (جۆرج فرێدریک هاندڵ)ە بەناوی (مسیح - Messiah) کە دەقەکەی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە (مسیح)ەوە هەیە، لەئینجیل وەرگیراوە، هەموو سەری ساڵێ لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا پێشکەش ئەکرێ.



جورج فريدريك هندل
Georg Friedrich Händel

## هەندێ زانیاری ......... - ٣ -

شایانی باسە، ئۆپێرا دوو مایسترۆی پێویستە، یەکێکیان ڕێبەرایەتی ئۆرکستراکە(تیپەمۆسیقاکە) ئەکاو لەبەرچاوی بینەرانەو ئەوی تریان لەپشت شانۆکەوە ڕێنمایی ئەوهونەرمەندانە ئەکا کەلەسەرشانۆ دەرئەکەون .

> درێژترین ئۆپێرا لەدنیادا، ئۆپێرایەکەبە ناوی ( مفیس تفلیس )، لەدانانی مۆسیقاژەنی ئیتالی (اریکۆ بواتر)ە ئەم بەرهەمە پەنجاو سێیەمین ئۆپێرایەکەدەربارەی (فاوست) دانراوە پێشکەشکردنی ئەم ئۆپێرایەشەش سەعات و دە دەقیقە ئەخایەنێ ، دوای ئەم ئۆپێرایە، ئۆپێرای (پارسیفال) لەدانانی ڕیشارد ڤاگنەر)ی ئەڵمانی یە ، کە پێشکەشکردنی چوارسەعات و چل دەقیقە ئەخایەنێ .

ئۆپێرا هەمیشە بەناوی ئەو کەسەی مۆسیقاکەی داناوە ناوئەبرێ و ناوبانگ دەرئەکا .

ئۆپێرا لەکۆکردنەوەی کۆمەڵێک لایەن دێتەکابەوە... هەرلەکۆنەوە هەوڵی ئەوە دراوە هەموو ئەو لایەنانەی ئۆپێرای لێ پێک دێ وەکویەک گرنگی پێبدرێ، بەڵام هیچ کاتێ ئەمە سەری نەگرتووەو هەمیشە یەک لایەن گرنگی پێ دراوە لەسەر حیسابی لایەنەکانی تر .

پێویستە بوترێ کەهەموو فۆرمیک ، شێوەیەک کەلەمۆسیقادا هەیە ئەتوانرێ لەناو قاڵبی ئۆپێرادا جێی بکرێتەوە. ئۆپێرا لەسەر داستان و ئەفسانە دارێژراوە، هەربۆیەش بەدرێژایی سوونی ئۆپێرا هەوڵ دراوە نزیکتر بخرێتەوە لەواقع و بەشێوەیەک بێ عەقڵ پەسەندی بکا .

## مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردن -٤-

مێژووی سەرهەڵدانی ئۆپێرا ئەگەرێتەوە بۆسەدەی شانزەهەمی زاینی .
لەکۆشکی کۆنت باردی ( Count bardi) لەفلۆرەنسا ، چەند ئاوازدانەرو شاعیرێک کۆبونەوە دەربارەی دراما لێکوڵینەوەیان کرد، لەئەنجامدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، ئەبێ دراما بەمەرجێ بێتەکایەوە، لەشێوازی دراماى یۆنانی کۆنەوە نزیک بێ و وەکو ئەو کاریگەربێ، هەڵبەتە ئەوەی دوای ئەو دانیشتنە پەیدابوو، جۆرە بەرهەمێ بوو زۆرجیا لەدرامای یۆنانی کۆن و فۆرمیکی تایبەتی بەخۆیەوە

گرت و ناوی ئۆپێرای لێنرا ، یەکەم ئۆپێرا بەناوی ئۆپێرای (دافنێ Dafne)یە لەدانانی (ژاکوب پیری Jacob peri ١٥٦١-١٦٣٣) کەساڵی ١٥٩٧ دایناوە. لەم بەرهەمە تەنیا چەندپارچەیەک ماوەتەوەو ئەوانی تری هەمووی وون بووە.

شایانی باسە کاتێ (هانری چوارەم) زەماوەندێکی گەورەی کرد بەبۆنەی مارە برینی (ماری دومدیسی) وکردیە هاوسەری خۆی، هەربەم بۆنەیەوە داوالە (پیری) کرا بەرهەمێک دابنێ و ئەمیش ئەم ئۆپێرایەی داناوە.

لەسەرهەڵدانی ئۆپێرادا ئەوەی گرنگی زۆری هەبوو تەنیا ووشەو دەقی داستانەکە بووە، ووردە ووردە وای لێهات ئەوەهەموو گرنگی بە درابەمۆسیقای ئۆپێراو بەتایبەتی گۆرانیەکان کەبەشی گرنگی ئۆپێراکەیان پێک ئەهینا. ئەو بەشە ئاواز بۆ دانراوەی گۆرانی بێژ بەتەنیا ئەیڵێ، لەگەڵ تیپی مۆسیقا، پێی ئەوترێ (ئاریا ـ Aria) کەلەسێ بەش پێک دێ و دیارە هەر لەم بەشەدابووکە گۆرانی بێژەکان هەموو توانای قورگی خۆیان دەرئەخست و هەرچی پالەوانیتی هەیەو لەدەنگدا ئەکرێ، ئەیانکرد، بەم هۆیە ئاشوبەیەکی گەورە لەناوگۆرانی بێژەکانی ئۆپێرادا هاتەکایەوە، لەسەرئەوەی کێ ئەتوانێ پالەوانی پرشنگداری ئۆپێراکە بێ و شانۆکە داگیربکا، بەم شێوەیەی باسی لێوەکرا، ئۆپێرا بریتی بوو لەچەند ئاریایەک و لەنێوانیاندا چەند پارچەیەک رێستاتیف ئەیبەستن بەیەکەوە، ئەم وەزعە بەجۆری ناخۆش بوو، پێویستی کرد کۆتایی پێ بهێنرێ (کریستۆف ویلیباد گلۆک) ی مۆسیقازەن (١٧١٤-١٧٨٧) هاتەمەیدانەوەو ئەو



کریستف ویلی‌باند فن گلوك
Christoph Willibald von Gluck

ئەرکەی بەئەنجام گەیاند، شایانی باسە خۆشی یەکێ بوو لەوانەی ئۆپێرای زۆری نوسیبو لەبەرئەوە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا ئاشنایەتیەکی باشی هەبوو، بۆیە ئەم گرنگی تەواوی دا بەداستانەکەو کەڵکی لەمۆسیقا وەرگرت بۆ روون کردنەوەی بیری داستانەکە. پێش ئەم سەمای (بالیە) بۆخوشی و لەزەت بردن لەئۆپێرادا بەکارئەهات ئەم وای لێکرد بەشێوەیەک بێ بەشێ لەداستانەکە پێک بهێنێ، نامۆ نەبێ بەبیری داستانەکەو جگەلەمەش زۆر هەوڵی ئەوەی دا ئۆپێرا لەعەقڵەوە نزیکتر بێ.

مۆزارت (١٧٥٦ – ١٧٩١) هەرچۆن بەوە بەناوبانگە، لەهەر نۆرمێکدا بەرهەمی پێشکەش کردووە، جوانترین و کاملترین بەرهەمی دارشتووە، هەروەهاش لەقاڵبی ئۆپێرادا کاتێ (دۆن جوان و شمشاڵێکی سیحراوی) پێشکەش کرد، بووە مایەی



ولفگانگ آمادئوس موتزارت
Wolfgang Amadeus Mozart

ئەوەی ئەوانەی لەدوای ئەم دێن لاسایی شێوازەکەی بکەنەوە. ئەوەی کەجێ دەستی مۆزارتە لەئۆپێرادا ئەوەیە کەلەکۆتایی هێناندا شێوازێکی تازەی پێشکەش کرد کەناوی لێ نرا (Finale) ئەمەش خۆی لەوەدا ئەنوان کەهەموو ئەو ئەکتەرە سەرەکیانەی لەئۆپێراکەدا رۆڵی خۆیان ئەگێرا لەکۆتایی بەرهەمەکەدا ئەهاتنە سەر شانۆو هەریەکەو ئاوازی خۆی ئەوت کەلەوی تر جیابوو، ئینجا بەیەکەوە کوتاییان بەئۆپێراکە ئەهێناو ئەمەوە مایەی سەرنج راکێشانی بینەران. ئەوەندە سەرکەوتووانە ئەم بەشەی دارشتووەو پێشکەش کراوە، لەدوای خۆی بووە

سونەتێک و لاسایی یان کردەوەو تائەمرۆش هەرکاریگەرە.

کاتێ (ڤاگنەر) هاتەمەیدانەوە، ناوی ئۆپێرای گۆری بۆ (درامای مۆسیقایی) کەلەدووخاڵدا جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئۆپێرای پێش خۆی:

خاڵی یەکەم: ئەوەیە هەر لەدەست پێکردنی ئۆپێراکەوە تاکۆتایی یەکەی، ئۆرکسترا بەردەوام بوو لەمۆسیقالێدانداندا، کەپێشتر بەوشێوەبەردەوامیە نەبووە.

خاڵی دووەم: مەسەلەی هێنانی (لێتمۆتیف Leitmotiv) بوو بۆناو ئۆپێرا، ئەمەش بریتیە لەوەی هەرشەخصیەتێک و هەربیریک لەئۆپێراکە ئاوازێکی تایبەتی خۆی بۆدانراوە، بەشێوەیەک لەئەنجامی دووپاتکردنەوەدا گوێگر وای لێ دێ هەر کەئاوازەکەی گوێ لێبێ ئەیبەستێتەوە بەوشەخصەتەی ئاوازەکەی بۆ دانراوە. ئەم هەنگاوە بووەهۆی قوڵ کردنەوەی پەیوەندی لەنێوانی داستانی ئۆپێراکەو ئەومۆسیقایەی بۆی دانراوەو زیاتر بەستنەوەیان بەیەکەوە. دیارە جگە لەم دووخاڵە ئەوەی (ڤاگنەر) کردویەتی لەوەی (گلۆک) زیاتر نەبووە، شایانی باسە



(ڤاگنەر)

لەزۆر نووسیندا ئۆپێرابە "کچی ئیتالیا" ناوئەبرێ، لەبەر ئەوەی لە ئیتالیاوە سەری هەڵداوە.

---

یەکەمین هۆڵی ئۆپێرا لە ساڵی ١٦٣٧ ی زاینی لەشاری ڤینیسیای ئیتالیا دروستکراوە.

ڤاگنەریش وەکو لە هەموو بوارێکدا باسی لەوەوە کردووە کە ئەبێ ئەو لایەنانەی ئۆپێرا پێک دێنێ، هەمووی لە یەک ئاستدا گرنگی پێ بدرێ، تەنانەت خۆیشی نەیتوانی بگاتە ئەم ئامانجە و ئەو لایەنەی زاڵ و گرنگی پێدراوە بریتی یە لە لایەنی مۆسیقای ئۆپێراکە و، ئۆرکێستراش دەوری سەرەکی ئەگێڕێ لە بەرهەمەکەدا، دوای ڤاگنەر زۆرهەوڵ درا ئۆپێرا بە شێوەیەک بێ لە ژێر تەئسیری ڤاگنەردا دەربکرێ .

هۆڵی ئۆپێرای (سکالای) لە شاری میلانۆی ئیتالیا، لەرووی فراوانی جێگای بینەرانەوە، بە گەورەترین هۆڵی ئۆپێرا دەژمێررێ، ئەم هۆڵە لە ساڵی ١٧٧٨ ردا تەواوبوەو، (٣٦٠٠) کەس ئەگرێ .

ئۆپێرا لە سەرهەڵدانیەوە تائەمرۆ، هەمیشە پەسەند نەبووەو چەندەها جار بۆتە مایەی رازی نەبوون و نیگەرانی و بێزاری لە لایەن بینەران و رەخنەگرانەوە. زۆر جار قاڵبی ئۆپێرا بە قاڵبێکی دەستکرد دانراوەو بابەتەکەی بە بابەتێکی دوور لە واقیع زانراوە، هەربۆیە ئێستاش لە ئەوروپا و ئەمریکا زۆر خەڵک هەن حەز بە سەیرکردنی ناکەن. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە ئۆپێرا هاتەوە کایە، بە تایبەتی لە ئەڵمانیادا نزیکەی ١٠ خانەی ئۆپێرای دەرەجە یەک و ٢٠ خانەی ئۆپێرای دەرەجە دوو لە شارەکاندا هەیە بۆ پێشکەشکردنی ئۆپێرا .

گەورەترین هۆڵی ئۆپێرا، کە یازدە ساڵ (١٨٦٢-١٨٧٣) تەواو بوە، هۆڵی ئۆپێرای (پاریس) ە

زەمینەکەی ١١/٠٠٠ م٢

قووڵی شانۆکەی ٢٥/٣٠ م

پانیەکەی ١٥/١٥ م

بەرزی یەکەی ١٤/٣٠ م

٢/١٦٠ کەس ئەگرێ



WAGNER, Richard

لەم دوایی‌یانەدا زۆرهەوڵ دراوە بابەتەکەی لەواقیع هەڵبهێنجرێ و دوا بۆچوون ئەوەیە لەبەرئەوەی ئۆپێرا شانۆنامەیە، بۆیە بەچاکتر ئەزانرێ ئەو ئاوازدانەرە خۆی بەدانانی ئۆپێراوە ماندوو بکا کەلەرێ و شوێنی شانۆنامە نوسیندا شارەزابێ. ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا دەری ببڕین، ئەوەیە هونەرمەندی کارامەو لێزان جۆریک بەرهەمەکەی خۆی دائەرێژێ کەببێتە مایەی سەپاندنی ئەو بەرهەمە.



تێ بینی : بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە کەڵک لەکۆمەڵێک سەرچاوەی فارسیو عەرەبی وەرگیراوە .



# من وشەهید کارزان و تێپێکی نوێ

نەجیبە ئەحمەد

هەموو کەسێک لەژیاندا حەز ئەکات شەرەفی کارێکی مەزنی پێ ببرێ و هەتا هەتایە نازی بەو سەروەرییەوە بکات. منیش تا لەژیاندا بوم وێڵی دوای ئەو سەروەرییە بوم، نازانم چۆن دەستە سیحراویەکانی هونەر لەئاسمانی هونەر پەروەرییەوە بۆ ناو ناخ و دەرونم شۆڕبونەوە، بونە کڵپەی خۆشەویستی و تیامدا بڵێسە سێنی داگیرسان و منیش نوقمی ئەو گڕە بوم، هەر ئەو گڕەشیرینەش بوو کەمەندکێشی ناو دەفتەری سەروەری هونەرمەندان و کاروانی گەورەی شەهیدانی کردم، من ئابەمە لەجێی جارێ،دوجار شەرەفمەند کراوم .. ئینجا هەڵبەتە حەز ئەکەی بزانی من کێم و چۆن و کەی لەدایک بوم و چۆن ژیام...دەگوێ بگرە.

لەدووەمین ڕۆژی مانگی حوزەیرانی چاوگەش و لاکەردن ساف و بێگەردی ساڵی ١٩٦٦ـ دا، لەگەڕەکی شیرینی مەڵکەندی، شاری هەڵمەت و قوربانیدا یەکەم گریان و ناڵەو هاواری من گەشە و خەندەی خستە ئاسۆی ماڵە هەژارێکەوە، بزە کەوتە سەر لێوان و،فنێنکی لە دڵا ڕوا، بوم بەیادگاری کۆڵنەدانی باوکم و زەحمەتکێشانی میللەتەکەم، بۆیە ناویان لێ نام:یادگار، وەکو لێیان عەیان بێ کەلەتەمەنێکی زۆر کورتدا هەیکەلی یادگارێکی پڕ لەشانازی وسەربڵندییان بۆبەجێ ئەهێڵم .. بەڵێ ئەوە منم، وەکو گشت منالە هەژارێک مەمکی هەژاری و شیری کەم دەرامەتی،خرایە سەر لێوم و هەر بەو شیرەش گەورە بوم وسالانم بەڕێخست.

تەمەن بوو بەشەش سالان و قوتابخانەی " شێخ مەحمود " ی سەرەتایی کوڕان باوەشی نەرمی و دڵسۆزی و میهری بۆکردمەوەو لەوێدا چاوو زمان و گۆشم بە

وشەو پیتی پیرۆزی کوردی پڕاو رۆشن بونەوە . ئینجا لەقۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەییدا قوتابخانەی " صلاح الدین " سنگی گەرمی دایک و کانیاوی زانست و زانیاری بوو و لێی پاراو ئەبوم .

رۆژگار گەلێ جار نامەردەو لەخراپیش خراپترمان نیشان ئەدا ، ئەوەتا من هێشتا لەپۆلی یەکەمداو " دارا دو داری دی " ئەخوێنم ، باوکم ماڵئاوایی یەکجاری ئەکات و لەگۆڕەپانی مەینەتی و کوڵنەداندا ئەمانداتە دەستی ـ باپیرە[1] ـ و هەوڵی خۆمان ـ ئیتر لەو ساوەفێربوم دەستی داوا بۆ هیچ کەسێ درێژنەکەم و کاسبی کەم .. بەڵام منال و کاسبی .. ؟
جگەرە فرۆشێکی وریا و زیتەڵەبوم .

ساڵ هات و چوو ، ساڵ گوزەرا ، ساڵ گەیشتە ١٩٧٦ ـ و عەشقی هونەر پەرەی سەندو خۆی گەیاندە چڵە پۆپەو بەختیارانە خۆم لەتیپی چالاکی قوتابخانەکاندا بینیەوە ، وەرگیرام و لەژێر سایەو سەرپەرشتی کردنی مامۆستا دلێرئیبراهیم ـ دا و لەسەر ئەرکی چالاکی قوتابخانەکان ، دەستم خستە سەر سەنتورو ، هێندە تیایدا بەتوانا بوم .. هێندە بەعەشق و سۆزەوە ئاوێتەی بوم . تالەرۆژی ١٨/٦/١٩٧٧ ـ دا بڕوانامەی تەقدیری و پلەی بالام لەئالەتی سەنتور ـ دا وەرگرت .

من نازانم عەشق لەکوێوە سەر ئەکا ، عەشق چۆن چۆن دەست پێ ئەکا ، نەمزانیوە خۆشەویستی کوردستانم لەکام ئەندامی لەشمەوە هەڵقوڵیوە و ، بەرەو کوێ مل ئەنێ و ئەڕوا .. هەر ئەزانم زەمانێک بوو ، شەیدای ئەم خاک و ئاوە بوم ، قرچەی دڵم بەکڕوزی باڵای سوتاوی خاکەکەم زراڤتر و بەرزتر ئەبوو . سنگی شاخان لانەی هەڵۆی خەونی سەوزو رەنگینم بوو ، بۆیە لەپۆلی شەشی ئامادەییدا دەستم لە خوێندن هەڵگرت و دوای ئەو گڕە سورە کەوتم ، بۆی هەڵفڕیم ، سەرم هەڵگرت .
من لە ١٤ /١٠/١٩٨٣ ەوە بەسەر شاخ و دۆڵ و دەشت و کوێرەکانی وشکدا پەلە هەورم ، دێم و عەشق دەبەشمەوە . دێم ودەستەو یەخە دەبم لەگەڵ سیخوڕ و دوژمنان .

من وام لەسەر گلەزەردە ، فەرماندەی مەفرەزەیەکم ، هێزی دوژمن چەندگەورە بێ بڕوای بەتینم گەورەتر ، گوللەی نامەردیان بگاتە سەر پەردەی دڵم ، شەهید ئەبم ، ئەوساش لەوان مەزنترم ، خۆ نەکوژراوم ، من وام لەبەر سایەی نەمری گلەزەردەو لەژێر باڵی پڕ لە شکۆی هەزارمێرد ـ دا ڕاکشاوم . ئێستا من و کارزان ـ ی هاوڕێی شەهیدم لە تیپێکداین ، ئاهەنگی مەرگی دوژمنان ، بەجوتە بۆ گەل ئەگێڕین . ئەمجارەشیان ، هەر کارزان حیکایەت خوانە ...

یادگار فوئاد ئەمین ( مەلا یادگار )

---

(١) باپیرە ـ مەبەست لە باپیری ـ باوکی دایکێتی .

کاکە یادکار خۆی نایەوێ پێتان بلێ چ شاسوارێکی هونەرە با من پێتان بناسێنم ..

هەڵبەتە من و کاکە یادگار دوو رۆڵەی باوەشی دایکە هونەر بوین،هەرچەندە پێشتریش بەهۆی خزمایەتی،کەسایەتیەوە یەکمان ئەناسی ، بەلام لەکۆشی دلسۆزانەی ئەودا بوین بەدو هاورێی گیانی بەگیانی، بۆیە کەمن و هاورێکانم ( فرمان و ئازادو رێبوار) بەو ڕوداوە دلتەزێنە شەهید بوین ، ئیترکاکە یادگارچاوی بەرایی نەدا چی تر مۆسیقالێبدات ، بەتایبەتکە خۆشی لەو ئوتومبیلەیئێمەدا بو و،کارەساتەکەی بینی ، دوای ئەوە چەند شانۆگەریەکی نوسی،هەمیشە لەگەڵ خۆیدا ئەیگێڕان و پیشانی خەلکی لێزان و شارەزای ئەدا تا ڕێنمایی بکەن ..

ئەرێ ... شەهید یادگار ، لەسالی ۱۹۷۶ا- دا لە ئۆپەرێتی - شمشالێشوان - دا، بەشداری کردو تێیدا بە ئاوازەوە ئەیوت : " ئازادینە .. ئازادینە، ژیانتان نمونەی ژینە .. هیوای ئێمەش ڕاپەڕینە .. هیوای ئێمەش ڕاپەڕینە" . ئەم ئۆپەرێتەش کەلەدانان و ئاوازی مامۆستا " دلێرئیبراهیم " بوو، تێیداسودلە هەندێ هۆنراوەی " فایق بێکەس" وەرگیرا بوو ، لە تەلەفزیونی کەرکوک تۆمار کراو بووە یادگارێکی مەزنی دوای کاکە یادگار .

هەر لە هەمان ساڵدالە نوسینی مامۆستا سمکۆ ناکامودەرهێنانی مامۆستاعوسمان چێوار- و ئاوازی مامۆستا- دلێرئیبراهیم - بەیتی رێزانکێ - مان پێشکەشکرد،

- بەیتی رێزانکێ - ش شانۆ گەرییەکی منالان بوو ، لەمیهرەجانی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانیدا پێشکەش کراو ئینجا هەلبژێردرا بۆ میهرەجانی سەر تاسەری عێراق ، لەوێش پلەی یەکەمی هێناو بۆ تەلەفزیونی کەرکوکیش تۆمار کرا ، هەردوکمان لەم شانۆگەرییە دا بەشداریمان کرد ، من بەکەمان و، حیکایەتخوانی و بەیت بێژی ، شەهید یادگاریش بەسەنتور لێدان و، حیکایەتخوانی و بەیت بێژی . هەڵبەتە ئەو کاتە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەکانی ولات لەسەریان نوسین و،هیوای دوا رۆژی گەشیان بۆ ئەخواستین،دوا رۆژیشمان هێندە روناک و گەش بوو،هیچی لەبالای پڕ شەوق و روناکی هەتاو کەمتر نەبوو .

دوای ئەم شانۆگەریە، لەسالی ۱۹۷۸- دا لەشانۆگەری (گورگی بێشەوهەرد)دا بەشداری کردووە ، ئەم شانۆگەریەش هەر لەنوسینی مامۆستا سمکۆ ناکام و، دەرهێنانی مامۆستا - عوسمان چێوار- و،ئاوازی کاک - صلاح رؤوف- بوو . ئەم شانۆگەریەش لەمیهرەجانی چالاکی قوتابخانەکاندا پێشکەش کراو، پلەی یەکەمی وەرگرت . کاکە یادگار دەوری گورگی تێدا بینی ، ئەو دەورەی هێندەبەچاکی و سەرکەوتوانە بینی ، پسپۆران و شارەزایانی شانۆ سەریان لێ سوڕما .

کاکە یادگار دوای گەیشتنی بەکاروانی شەهیدان،بۆی گێڕامەوە کەچەندین نامەی پیرۆز بایی بۆ ئەو تیپی مۆسیقایە ناردووە،کەلەشاخ بەناوی منەوە دروست بووەو تیایاندا ئاواتەخوازی خۆی دەربڕیوە کەرۆژێ بێ و بتوانێ لەو تیپەدا کاربکات ، بەلام بە هۆی ئەرکی پێشمەرگایەتیەوە نەکراوەوئەوئاواتەی

نەهاتۆتە دی .

پێشی وتم کە جارێک سەری لەو تیپە داوە، پێخۆشحاڵی خۆی نیشاندا وەلەوەی ئەو رێزەیان لێ ناوم و، تیپەکەیان بەناوی منەوە ناو ناوە، ئیجا بەشەوق و تاسەیەکی زۆرەوە پێی وتون(ئەگەر سەنتورتان هەیە، ئەوا من هەربەیادی شەهید -کارزان -ەوە دێم و لەگەڵتاندا کار ئەکەم). بەڵام بەداخەوە ئەو تیپە مەزنە هیچ کاتێ ئەوەندە توانا و دەرامەتی نەبووە، سەنتورێک پەیدابکات، بۆیە ئەو ئاواتەشی لەگەڵ گشت ئاواتەکانی تریدا و لەرۆژی ٢٥ - ٥ - ١٩٨٧ -ەوە، تا ئێستا ، هەموو ئێوارەیەک بەسەر گلەزەردەوە ئەستێرەیەکی گەشە، هەر زوو ناگاتە بەرەبەیان ئاوائەبێ .

دوا قسەمان بۆ هونەردوستان و خۆشەویستانی ئێمە ، ئەوەیە قەت بەداخ و کەسەرەوە باسمان نەکەن ، ئێمە لەم تیپەی ئێستاماندا هەمیشە چاومانوا لەدەست و پەنجەو هۆشی ئەوان .. دڵمان لای ئەوەیە رۆژی بێ و میللەتەکەمان ئازادو هونەرو، هونەرمەندانمان ئازادترو ئازاتربا وەش بەوئاسۆمەزنەیهونەردا بکەن و، بەسۆزتر بیلاوێنن و، دڵسۆزتر دەست و پەنجە بخەنە سەر ئالەت وگۆرانی سەربەستی بەباڵای ئەو نەتەوە ستەم دیدەیەدا بڵێن .





٢ پەیوەندی کردنی زیاتر لە ١٢٠٠ چەکدار بە شۆڕشەوە

# پاشکۆی ڕێبازی نوێ

ژمارە (٥)
مایسی ١٩٨٧

پێکران و تێکشکاندنی ١٠ کۆپتەر، ١٠ دەبابە،
٢ مدرعە، ٦٣ سیارە.
کوشتنی ٩٧٨ کەس و بە دیل گرتنی ٢٤٥ ی بتر.
گرتنی ناحیەی خورمال، سیروان، ڕەواندوز، تەق تەق
ڕزگارکردنی زنجیرە شاخی گڵەزەردە.
گرتنی ٧ مقر فوج و دەیان مقر سریە و ڕەبیە.
گرتنی ١ دەبابە، ١ مدرعە، ١ دیمتروفی، لوولە،
٢ دیمتروف، ٣ دۆشکا، ٥٦ R.P.G، ٣ هاوەن،
٢ B.K.C، ٧١٥ کلاشنکوف، ٤ گرینوف، ٣٩ دکتاریوف،
١٠ R.B.K، ٢ قەناس، ١٩ پارچە چەکی هەمەجۆر،
١ جهازی ڕاکاڵ و ١ تۆمسۆن، ٢٢ جهازی هەمەجۆر،
٧٢ سیارە.

## ڕزگارکردنی زنجیرە شاخی گڵەزەردە
## گڵەزەردە: داستانی قارەمانێتی و فیداکاری

ناوچەیەکی بەرفراوان کە پانتاییەکەی
دەیان کیلۆمەتری چوارگۆشەیە لە ماوەی ٣ سەعاتی
دوو قۆناغی هێرش و هەڵمەتی هـ.پ.ک دا ڕزگار
کرا.
**قۆناغی یەکەم:** شەوی ٢٤/٢٥ ی ٤ ٥ هێزەکانی مەڵبەندی
١ و دەستەیەکی ڕێکخراوی ٤ و دەستەیەکی
باسۆک لەسێ قۆڵەوە هێرشێکی کتوپڕیان بردە
سەر ڕەبیەکانی دوژمن لەسەر شاخی گڵەزەردە.
لەقۆڵی یەکەمدا هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە
کانی تیپی ٥٥ ی قەرەداخ و تیپی مەڵبەندی ١
و تیپی تایبەتی و هێزی پشتگیری
هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر مۆڵگەکانی دوژمن لە
بنی سوێراوا، زرگوێز، کلاوگورگ، دارمازەڵو
لە ماوەیەکی کەمدا توانی بارەگای
بەوجی ١٠٣ و دوو بارەگای سریە و ٧ ڕەبیە
بەوجی ١٠٧ دا بگرێ. هێزێکی هاوبەش لە
لەقۆڵی دووەمدا تیپی ٥٢ و ٥١ و هێزی پشتگیری
پێشمەرگەکانی لەگەڵ هێرشی قۆڵی یەکەمدا هێرشەو
هاوکات لەگەڵ هێرشی دوژمن لەسێ کوچکە
کردە سەر مۆڵگاکانی برواسە لایەرە (٥)



# شەهیدانی ئەم مانگە

١- شەهید عبدالرحیم عبداللە / لێپرسراوی
دەزگای پێشمەرگایەتی مەڵبەندی ٢ .
٢- قادر حمە صالح یاروەیس ( دلێر جاف ) /
فەرماندەی تیپی مەڵبەندی ١ .
٣- کریم سعید (ملا کریم )/فەرماندەی کەرتی
٥ ی تیپی ٥٣ ی شیروانە .
٤- عبداللە کریم سلیم (عبداللە رەباتی ) /
فەرماندەی کەرتی تیپی ٥٥ ی قەرەداغ .
٥- سەرتیپ محمد محمود (سەرتیپ حمە آغا ) /
فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی ٣ ی تیپی ٥١ ی
گەرمیان .
٦- مەلا یادگار / فەرماندەی مەفرەزەی پاسۆکە .

---

پاسۆکی ...

(٤)

# شەهیدانی ئەم ...

١- شەهید عبدالرحیم عبداللە / لێپرسراوی
دەزگای پێشمەرگایەتی مەڵبەندی ٢ .
٢- قادر حمە صالح یاروەیس ( دلێر جاف ) /
فەرماندەی تیپی مەڵبەندی ١ .
٣- کریم سعید (ملا کریم )/فەرماندەی کەرتی
٥ ی تیپی ٥٣ ی شیروانە .
٤- عبداللە کریم سلیم (عبداللە رەباتی ) /
فەرماندەی کەرتی تیپی ٥٥ ی قەرەداغ .
٥- سەرتیپ محمد محمود (سەرتیپ حمە آغا ) /
فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی ٣ ی تیپی ٥١ ی
گەرمیان .
٦- مەلا یادگار / فەرماندەی مەفرەزەی پاسۆکە .
٧- مەلا ... / فەرماندەی مەفرەزەی
تیپی ٨٥ ی سەرا ئەسی (سجوکا ) / فەرماندەی
٨- اسماعیل حمە امین سەرا ئەسی . فەرماندەی
مەفرەزەی تیپی ٨٥ ی سەرا ئەسی (بابیرە ) / فەرماندەی
٩- طاری علی امین (بابیرە ) ٢١ ی کەرکوک .
مەفرەزەی کەرتی ٢ ی تیپی ٢١ ی کەرکوک . فەرماندەی مەفرەزەی
١٠- سەلام احمد ناسر / فەرماندەی مەفرەزەی
کەرتی د ی تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ .
١١- شێرزاد ابراهیم / فەرماندەی مەفرەزەی
کەرتی دی تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ .
١٢- یاسین بیرداود / فەرماندەی مەفرەزەی
کەرتی ٣ ی تیپی ٨٥ ی سەرا ئەسی .
١٣- مستەفا سە / جێگری فەرماندەی
کەرتی تیپ . تیپی ٧٤ ی بالەک .
١٤- سەربەر مستەفا محمد سلیم /پێشمەرگەی پەروەردە
١٥- سوشیروان محمد / سکەی شیروان / پەکتی
سۆزرشکرانی کوردستان ( کۆمەڵە ) / کەرتی ٤ ی
١٦- مجید نایر (مجید کۆمەڵە ) / کەرتی ٤ ی تیپی ٥٩ ی حەمرین .
تیپی ٥٩ ی حەمرین . کەرتی ٤ ی تیپی ١٢ ی سۆران .
١٧- سۆرش رشید / احمد (ئەسەد ) / تیپی ١٢ ی سۆران .
١٨- رەشی رسول قادری (محمد سەید محمودی ) /
١٩- محمد صالح تیروانە .
تیپی ٥٢ ی شیروانە . تیپی ٥٥ ی قەرەداغ .
٢٠- شەهید هادی / تیپی ٥٥ ی قەرەداغ .
٢١- شەهید توفیق / تیپی مەڵبەندی ١ .
٢٢- عمر حمە امین روستم / تیپی مەڵبەندی ١ .
٢٣- حکمت محمود رشید / تیپی تایبەتی سپێ تیپی
٢٤- عادل شریف (رشاد ) / کەرتی تیپ
٢١ ی کەرکوک . مەکتەبی رێکخستنی مەڵبەندی ٢ .
٢٥- کاوە عمر / مەکتەبی تایبەتی مەڵبەندی ٢ .
٢٦- لوقمان رحمان / تیپی ٨٢ ی قەرەچوغ .
٢٧- عارف وهاب (رەنجدەر ) / تیپی ٢١ ی کەرکوک .
٢٨- یاسین حمەرەش / کەرتی ١ ی تیپی ٢١ ی کەرکوک .
٢٩- حمە زیاد / کەرتی ٢ ی تیپی ٢١ ی کەرکوک .
٣٠- سەرزان طە / تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ .
٣١- عباس وهاب / تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ .

---

شەهید نصرالدین کە بەچەکی کیمیاوی
شەهید کرا .

chemical weapons why!

هەڵەبجە شێوازی ستەمێک، مەرگی جەنۆساید



KURDISTAN OF IRAQ

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN



خەرمانەی ڕێباز

★

# ڕێبازی نوێ

ژمارە -٦- ١٩٨٧
خەرمانەی ڕێباز

مراز:

ئاشتبوونەوەی گشتی ئەوەندەلەلای سەفامگیرو بەرجەستە بووئاواتەخواز بوو لەگەڵ هەڵۆ گیانبازە تیز ڕۆبەکانی یەکێتی بەهەڵمەتیکی گورچکبر گورزێکی کاریگەر بسرەوێننە زوحاکی تینو بەخوێنی سەری کورد. ئاواتی دەروون، چاوی تروکاند لە چەخماخەی داو لەسەر ئەرزی واقیع گەلاڵە بوو .. پێی کرت و شەوی $\frac{٢٤}{٢٥}$/٥ زنجیرەشاخی گڵەزەردەیان کردبەکوانووی ژیلەمۆی ژێرپێی کلاورەشەکان و پاشماوەی وەچەکانی موشیری حمەی سلێمان و ئاسەواریان برینەوە.

گیانی مەلا یادگارو ٤ هەڵۆی تریش پارسەنگی کێشی گەڕانەوەی شکۆمەندی و سەرکەشی گڵەزەردەو هاتنی ئاواتەکە بوو.

# دەمی ڕاپەڕین

## لەسرودە کوردیەکان

نوسینەوەی نۆتە

ئاراس

دەمی ڕاپەڕینە ، دەمی ڕاپەڕین !
هەتاکەی بەسستی و بەپەستی‌بژین ؟
پەلاماردە ،ئەی کورد عەرەق ڕشتنێ !
لەدڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ !
بەیەک بوونە گشت !
پتەو بونی پشت !
بدیەک بوون ئەبێ :
گەلت پێش کەوی !

* * *

دەمی راپەرینە ، دەمی راپەرین !
هەتاکەی بەسستی و بەپەستی بژین ؟
بەلادا بکە چاکی مەردایەتی ..
درێغی مەکە گیان لەکوردایەتی ..
بگرمێنە وەک شێر بچۆرە نەبەرد ؛
بلێ : کوا هەقی ژینی ئینسانی مەرد ؟
درشت تاکو ورد ،
نەکەین دەست و برد ،
بەهەق چۆن ئەگەین ؟
پشوو چۆن ئەدەین ؟

* * *

دەمی راپەرینە ، دەمی راپەڕین !
هەتاکەی بەسستی‌وبەپەستی بژین ؟

گۆران

١٩٤٣

## دەمی ڕاپەڕین



چەند دەنگی کردن ( پۆلیفۆنی ) لەمۆسیقای ئیرانیدا ، ئەبێ چەند بناغەو دەستورێکی تایبەتی بگرێتە خۆی ، بۆ هارمۆنی کردنی میلۆدیە ئێرانیەکان ( تەنانەت ئەگەر هاتو چارەکە دەنگەکانیشیان دەستکاری و بەرامبەر کردبێ ) هەرگیز نابێ پشت بەدەستورەکانی هارمونی ڕۆژئاوا ببەسترێ ، چونکە جوانترین پۆلیفۆنیکی ڕۆژئاوا بە گوێی ئێمە نامۆیە .

( مرتضی حنانه ) تاران - ۱۳۶۷ -
"گامهای گمشده"



محەمەدی ناهید

# گیان گیان
## گۆرانیەکی کوردی

براى هونەرمەند کاک محەمەدی ناهید ئەم دیاریەی بۆ ناردوین ، لە گۆڤاری ( مجلە موسیقی ) ژمارە ( ٣٩ ) ی ساڵی ١٣٣٨ دا بڵاوکراوەتەوە، ئێمەش بە سوپاسەوە بڵاوی دەکەینەوە •

" گیان گیان " لەگۆرانیەهەرە کۆنەکانەو لەناوچەکانی کوردستاندائەبیسترێ، وادەردەکەوێ کەلێ گۆرانی تر هەرلەم گۆرانیەوە وەرگیرابێ - واتە- سەرچاوەکەیان هەر ئەم گورانیە بێ - چونکە چەند بەشێکی ئەم گۆرانیە بە شێوەی ( هەڵگەڕاوە ) لەگورانی میللی تازەتردا بەرچاو دەکەون . هەوای ئەم گۆرانیە بەدێڕێک دەست پێ دەکات کەلەڕاستیدا (سەربەند - دوبارەوێژ )ی گۆرانیەکەیە ، دوای ئەوە چەند ڕستەیەکی تر خۆیان ئەنوێنن لەهەمان ڕستەی ئەوەڵەوە نزیکن و زیاتری دەردەخەن . هیچ یەکێک لەڕستەکان بۆ خۆی سەربەخۆو تەواو نین و تەواو کەری ڕستەکانی بەرودوای خۆیانن •

گۆرانی " گیان گیان " ئەو سەر ڕاستی و ڕەسەنایەتیەتایبەتیەی گۆرانیە کۆنەکانی تێدایە - کەتێپەڕبونی رۆژگار شاخ و بەرگی ئیزافەیانی قرتانوەو پاکی کردونەتەوە - •

<u>تێبینی</u>: -

بەداخەوە نۆتەی گۆرانی(گیان گیان ) کەلەلاپەرەی(١٥) گۆڤاری ( مجلە موسیقی - ژمارە ٣٩ - ١٣٣٨) دا بڵاوبۆتەوە. ناوی کەسی لەسەر نیە تا مرۆڤ بزانێ کێ ئەم گۆرانیەی وتوە یا لەکام ناوچەدا دەستکەوتووەو بڵاوەو کێ نۆتەکەی نوسیوەتەوە ، ئەوەیئێمە هەستی پێ ئەکەین ئەوەیە ئەم نۆتەیە تەواو نەکراوە چوار (بار) ی تری ماوە بو ئەوەی هەر هیچ نەبێ سەربەندی گۆرانیەکە تەواو بکا ، تەنانەت ئەو بەشە هۆنراوەیەی کە لەژێر دێڕە نۆتەکەدا نوسراوە

چاپ نەبوە، دوای ئەوە ئەم گۆرانیە بەگوێرەی ئەو چەند دێڕەی کەچاپ بووە وا دەرئەکەوێ کەلەسەر مەقامی بیات واتە (دەستگای شور) دانرابێ بۆیە لەکۆتایی گۆرانیەکەدا ئەبێ بێتە سەردەنگی " لا " کەمەقامەکەی لەسەر بنیات نراوە، بە داخەوە ئەوەش ئاشکرا نیە .

( نۆتە )

## " گیان گیان " گۆرانیەکی کوردی



لەبەرهەمەکانی تیپ

# هۆکاکی پێشمەرگە

هۆنراوەوئاوازو وتنی
حمه جەزا علی
ئامادەکردنی
دلێر ئیبراهیم



نوسینەوەی نۆتە
ئاراس

هۆکاکی پێشمەرگە
شۆرشگێری قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە
بۆتە ویردی سەرزمان
لەناو گیان و دەرونی
چەوساوەکانا دەژیت
هەمیشە هاوڕێی چەک و
بڕوا و سەنگەرو کەژیت

∆ ∆ ∆

برسێتی و رەنج کێشانت
بۆتە پیشەی چەند ساڵە
ئەبێ هەڵکەی خەباتکەی
دژی ئەم ژینە تاڵە

∆ ∆ ∆

بیروبڕوا و تفەنگت
مایەی خۆراگرتنە
بەردەوامیت لەخەبات
نیشانەی سەرکەوتنە

∆ ∆ ∆

ژینی کۆشک و تەلارت
بن بەردو ناو چیایە
هەرچی ناوی سامانە
شک نابەی لەم دنیایە

∆ ∆ ∆

## هۆکاکی پێشمەرگە







تیۆری
مۆسیقا
«نظرية الموسيقى»
دلێر ئیبراهیم
سەلاح رەووف
کاوە ئەحمەد میرزا

## نیشانەکانی گۆڕین (علامات التحویل):

نیشانەیەکی مۆسیقایە لەسەرەتای پلیکانەی مۆسیقادا و یەکسەر لەدوای کلیلەوە دائەنرێ لەوانەشە یەکسەر پێش نۆتەکە بێت، ئەمەش بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوە یا نزم کردنەوەی نۆتەکە وە یا گێڕانەوەی بـــــۆ دۆخی جارانی وەئەم جۆرانەش هەیە :-

### ١- دێــــز (#)

ئەم نیشانەیە بەکاردێ بۆ بەرزکردنەوەی نۆتەکە ( نیو تۆن ) یـــان ( نیو پلە ) .

### ٢- بیمـۆڵ: (♭)

ئەمە بەکاردێ بۆ نزم کردنەوەی نۆتەکە ( نیو تۆن ) یا ( نیو پلە ) .

### ٣- ناچراڵ (بیکار ♮ )

ئەمە بەکاردێ بۆ گێڕانەوەی نۆتە بەرزکراوەکە وەیا نۆتە نزم کراوەکە بۆ دۆخە ئاسابیەکەی خۆی واتە ئەم هێزی دێزو بیمۆڵ لەناو ئەبات .

### ٤- دەبڵ دێز ( × )

ئەم نیشانەیە بەکاردێ بۆ بەرزکردنەوەی نۆتەکە ( دوو نیو تۆن ) واتە یەك تۆنی تەواو .

### ٥- دەبڵ بیمۆڵ (♭♭)

ئەم نیشانەیە بەکاردێ بۆ نزم کردنەوەی نۆتەکە ( دوو نیو تۆن )واتە ( یەك تۆنی تەواو ) .

وە ئەشگونجێ یەکێ لە نیشانەکانی بەرزکردنەوە یـــا نـــزم کردنەوە بگێڕرێتەوەو یەکێکیان وەك خۆی بمێنێتەوە ( ♮# یا ♮♭ )

بەهەرحاڵ پێویستە نیشانەی گۆڕین لەشوێنی راستەقینەی خۆیدا دابنرێ

( یا لەسەر هێڵ یان لەبنا و بۆشایی ) ڕاستەوخۆ لەپێش نۆتەکەوە وەبا لەدوای کلیلی مۆسیقاوە ، واتە ئەبێ ئەونیشانانە لەجێی ئەو نۆتانە دابنرێ کە ئەمانەوێ بیان گۆڕین ٠

تێبینی ژمارە (١)

بەڵام لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیدا جگە لەوانەی باسمان کردن ئەم نیشانانەش بەکاردێن :ـ

## ١ـ کار بیمۆڵ ( ♭ - 𝄳 )

ئەمەش چارەکی تۆن ئەگەیەنێت واتە ئەو دەنگەی ئەم نیشانەیەی بۆ دانراوە چارەکە تۆنێك بیهێنینە خوارێ یا نزمی کەینەوە ٠ ( $\frac{1}{4}$ تۆن )

## ٢ـ کاردێز ( 𝄲 - ♯ )

ئەمەش هەر چارەکی تۆن ئەگەیەنێت ، واتە ئەو دەنگەی ئەم نیشانەیەی بۆ دانراوە چارەکە تۆنێك بەرزی ئەکەینەوە ٠ ( $\frac{1}{4}$ تۆن ) وەکو مەقامی بەیات لەسەر ـ می ـ ( فا 𝄲 ) فا کاردێز وەرئەگرێ ٠

تێبینی ژمارە (٢)

نیشانەکانی گۆڕین دائەنرێن :ـ

ا ـ لەپێش ئەو نۆتەیەوە کە نیاز وایە بیگۆڕین لەسەر هەمان بۆشایی نۆتەکە خۆی ، واتە ئەگەر نۆتەکە لەسەر هەر هێڵێ یان هەر بۆشاییەك بوو ئەبێ نیشانەکەش لەسەر هەمان شوێن دابنێین ( بەم شێوەیە دەسەڵاتی ئەشکێ بەسەر هەموو ئەو نۆتانەدا کە هەمان ناویان هەیەو لەسەر هەمان پلیکانەی مۆسیقان و لەهەمان باردان ) ٠

ب ـ یا لەسەر پلیکانەی مۆسیقاکە ڕاستەوخۆ لەپاش کلیلەوە لەسەر هەمان هێڵ یا بۆشایی ئەو نۆتەیەی نیاز وایە بی گۆڕین ( کەنیشانەی گۆڕینەکە لەسەرەتای پلیکانەکەدا بێ دەسەڵاتی ئەشکێ بەسەر هەموو ئەو نۆتانەدا کە هەمان ناویان هەیەو لەسەر هەمان پلیکانەی مۆسیقان ) ٠



# میترۆنۆم

Metronome

## ئامادەکردنی : A

کات لەمۆسیقادا رۆڵێکی گرنگ ئەگێرێ، بۆیە خاوی و خێرایی هەربەرهەمێکی مۆسیقا لەلایەن دانەرەوە دەستنیشان ئەکرێ،ئەگەر لەوکاتە دەستنیشان کراوە، خێراتر یا خاوتر لێدرا، سیما و ئەرکی بەرهەمەکە ئەگۆرێ و ئەبێتەهۆی ئەوەی ئەو مەبەستەی بەرهەمەکەی بۆ دانراوە نەگاتە لای گوێگر بەو شێوەیەی کە دانەر ویستویەتی . ماوەیەکی زۆر ئەم کێشەیە لەئارادابووە، دانەر چۆن و لە رێی چیەوە بتوانێ ئەو خێرایەی دەستنیشانی کردووەو مەرامێتی بۆ بەرهەمەکەی، لەو کەسانەی بگەیەنێ کە ئیدای ئەکەن، بۆئەوەی بەرهەمەکە بێ گۆران و شێواندن پێشکەش بکرێ .




زانایەکی میکانیکی، هاورێی بێتهوڤن، لەدایکبووی شاری (راتیسبون) لەئەڵمانیا بەناوی(یوهان میلزل "Maelzel" ١٧٧٢ – ١٨٣٨) توانیویەتی ئامێرێکی وادروست بکا، بتوانێ زۆر بە وردی و رێک و پیک ئەوکارە ئەنجام بداو، ناوی ئەم ئامیرەش بەناوی خۆیەوە ناوبراوە (میترۆنۆم میلزل) .

میترۆنۆم بریتی یە لەسندوقێک لەشێوەی هەرەمدا و لەیەکی لە رووەکانی هەندێ ژمارە نوسراوە، بەتەرتیبێکی دیاریکراو، لەژمارەی(٤٠) ەوە دەست پێ ئەکا لەسەرەوە، بەژمارەی (٢٠٨) لەخوارەوە کوتایی دێ، هەر لەسەر ئەم رووە

میلێک هەیە ، سەری خوارەوەی چەسپاوەو سەرەوەی میلەکە ئازادە ، سەنگێک لەسەر میلەکەیە ئەتوانرێ خوارو و ژووری پێ بکرێ بۆئەوەی بخرێتە ئاستی ئەو ژمارەیەی پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی خێرایی داواکراو . بۆ نمونە ئەگەر ژمارەی (٦٠) لەسەر بەرهەمێک نوسرابوو ئەوا سەنگەکەی سەر میلەکە ئەبێ بخرێتە ئاستی ژمارەی (٦٠) کەلەسەر رووبەکی ئامێرەکە نوسراوە ، بەم شێوەیەو دوای کۆک کردنی ئامێرەکە ، میلەکە بەلای راست و چەپدا ئەجولێ و لەماوەی یەک دەقیقەدا (٦٠) جار لێ ئەدا ، بەمجۆرە کاتێ ئامێرەکە ئەکەوێتە گەڕ ، مۆسیقاژەن زەربەبنچینەییەکانی بەرهەمەکە لەگەڵ لێدانی ئامێرەکە هاوجووت ئەکا ، بۆ ئەوەی ئەو خێراییەی پێویستە بەرێک و پێکی وبێ شێواندن دەستبکەوێ .

شایانی باسە ، هەتا سەنگەکەی رووی میلەکە بۆسەرەوە ببەین خاوتر لێ ئەداو تابەرەو خوارەوەی بێنین خێراتر . وەکو لەسەرەوە باسمان کرد ئەم ئامێرە کەکۆک ئەکرێ بۆماوەیەکی دیاریکراو کارئەکاو دووبارە ئەبێ کۆک بکرێتەوە ، لەم دواییەدا میترۆنۆمی کارەباییش دروستکراوە .

لەحاڵەتی نەبوونی میترۆنۆم دا لەو زاراوە تایبەتیانە کەڵک وەردەگیرێ کەلەسەر بەرهەمەکە نوسراوەو هەروەها لەئاستی ژمارەکانی سەرووی میترۆنۆمیش نوسراوە ، کەبریتییە لەپێنج مۆمانی (حرکە) ئەساسی و بەم زاراوانەی خوارەوە ناوئەبرێن :

١. زۆرخاو (بطیئة جدا) ( Largo , Grave , Adagio , lento )
سەنگەکە لەسەر ژمارەکانی (٤٠ ــ ٥٠) دائەنرێ .

٢. خاو ـ خاوێکی مام ناوەندی ـ (معتدلة البطء) ( Andante , Andantino )
سەنگەکە لەسەر ژمارەکانی ( ٥٠ ــ ٦٠ ) دائەنرێ .

٣. مام ناوەندی (متوسطة السرعة) ( Allegro Moderato )
سەنگەکە لەسەر ژمارەکانی ( ٧٠ ــ ١٢٠ ) دائەنرێ .

٤. خێرا (فوق متوسطة السرعة) ( Allegro Vivace )
سەنگەکە لەسەر ژمارەکانی ( ١٢٠ ــ ١٧٠ ) دائەنرێ .

٥. زۆرخێرا (سریعة للغایة) ( Presto )
سەنگەکە لەسەر ژمارەکانی ( ١٧٠ ــ ٢٠٠ ) دائەنرێ .

# ئۆكۆرديۆن



Accordion [1]

ئامادەكردنی : ئاوات

مێژووی دروست بوونی ئەم ئامێرە دەگەڕێتەوە بو دەوروبەری سـی یەكانی سەدەی نۆزدەهەم ، كاتێك (بوشمان – F. Buschmann) ی ئەڵمانی ئامێرێكـی لە (كان – معدن) دروستكردبوو (١٥) زمانەی هەبوو لەكاتی فوپیاكردندا چـەند دەنگێكی جیاواز دەهاتەدەر ، بۆ كۆككردنی پیانۆ ، هەردوو دەستی كاری دەكردو بەدەم فوی بەو ئامێرەدا دەكرد تادەنگەكانی سەر پیانۆكە لەگەڵ ئەو دەنگـەی لەئامێرەكەوە دەردەچێت جووت بكا ، ئەمەش كارێكی زەحمەت بوو بۆیـە دوای ئەوەی زانی ئەم ئامێرە سوودی لێ وەرناگیرێ بۆ ئەو كارە ، لەسـالّی ١٨٢٢ دا ئامێرێكی تری دروستكرد تاوەكو پێویست سوودی لێ وەربگرێت و بەسەربەستی كارەكەی ئەنجام بدات .

دوای ئەم (دمیان C. Demian) زۆر لایەنی لەم ئامێرەدا گۆری و گەشـەی پێداو لەڤێننا لەساڵی (١٨٢٩) دا بەناوی (ئۆكۆردیۆن) كەوشەیەكی ئیتالـی یەو بەمانای (خاوەنی چەندجۆر دەنگ – متعدد الاصوات) دێت تۆماری كرد .

(والتر – Walter) ی نەمساوی توانی بەجۆریك گەشە بەم ئامێرە بدات كـە بتوانرێ (بەپێژەی كرۆماتی) پێ لێ بدرێ بەبێ ئەوەی لەراكێشان و داخستندا – كەدەبێتەهۆی هاتوچۆی هەوا – هەست بەهیچ گۆرانێك بكرێ لەدەنگەكەدا ، ئـەوەی شایانی باسە ئەم ئامێرە لەدەست پێكردنی ئەم سەدەیەوە دواشێوەی ئێسـتای

---

١– بەئیتالی (Accordion) و بەئەڵمانی (Ziehharmonika) و بەفەرەنسـی (Accordeon) و بەعەرەبی (أكوردیون) ی پێ دەوترێت .

وەرگرتووە .

ئەم ئامێرە لەی زۆربەی گەلانی جیهان بەکاردێ، فێربوون و بەکارهێنان و گواستنەوەی ئاسانە، جێی چەند ئامێرێک دەگرێتەوە. بەهۆی ئەو دوو پارچە قایشەی بۆی دروست کراوە دەکرێتە شانی مۆسیقاژەن و لەبەر سنگدا دەوەستێ بەشێوەیەک کەهەردوو دەست سەربەست دەبن لەکارکردنیاندا.

دەستی چەپ هەم دوگمەکانی لای چەپ بەکاردێنێ و هەم بەهۆی راکێشان و پال




| کۆردی هەوتەم | کۆردی بچوک | کۆردی گەورە | دەنگی سادە |
|---|---|---|---|
| ری<br>سی<br>صول #<br>می | سی<br>صول<br>می | سی<br>صول #<br>می | می |
| صول<br>می<br>دو #<br>لا | می<br>دو<br>لا | می<br>دو #<br>لا | لا |
| دو<br>لا<br>فا #<br>ری | لا<br>فا<br>ری | لا<br>فا #<br>ری | ری |
| فا<br>ری<br>سی<br>صول | ری<br>سی b<br>صول | ری<br>سی<br>صول | صول |
| سی b<br>صول<br>می<br>دو | صول<br>می b<br>دو | صول<br>می<br>دو | دو |
| می b<br>دو<br>لا<br>فا | دو<br>لا b<br>فا | دو<br>لا<br>فا | فا |
| لا b<br>فا<br>ری<br>سی b | فا<br>ری b<br>سی b | فا<br>ری<br>سی b | سی b |
| ری b<br>سی b<br>صول<br>می b | سی b<br>صول b<br>می b | سی b<br>صول<br>می b | می b |

پێوەنانی سندوقی ئامێرەکەوە ئەبێتەهۆی چونەژوورەوەو هاتنەدەرەوەی هەوا ، واتە هاتوچۆی هەوا ، کەکاردەکاتە سەر ئەو زمانانەی (ریشە) لە (معدن) دروست کراون و بەلەرینەوەیان دەنگەکان دەرئەچن و کورت و درێژی ئەم زمانانە ئەبێتەهۆی جیاوازی دەنگەکانیان. ئەوەی شایانی باسە ئەو زمانانە تەنیا سەرێکیان نوسێنراوە بەو شوێنەی هەواکەی پیادا دەروات وەکو دەرگا وابۆی و هەموو لاکانی تری زمانەکە ئازادن و رێگای لەرینەوەیان لێ نەگیراوە.

لای راستی ئەم ئامێرە پیانۆئاسا چەند ریز کلیلی رەش و سپی هەیە بەهۆی دەستی راستی مۆسیقاژەنەوە لێ‌دەدرێن و مەوداکەیان تاچەند پەیژەیەک ئەروات وبەندە بەئەندازەی ئامێرەکەوە ، لای چەپیش چەند دوگمەیەکی هەیە کەپێی ئەوتری (باص) یان (قرار)ی ئۆکۆردیۆن. ژمارەکانیان دیسان بەپێی ئەندازەی ئامێرەکە ئەگۆرڕێت و لەمابەینی (١٢-٢٤-٣٢-٤٨) دوگمەدایەو لەکاتێکدا ئاوازێک بەدەستی راست لێ ئەدرێت دەستی چەپیش بەهۆی ئەم دوگمانەوە چەند دەنگێک دەرئەکا کە هاوزەمانی ئاوازە ئەصلیەکەیەو لەگەڵیدا ئەگونجێ و دەوڵەمەندی دەکات .

ئەو دوگمانەی لای چەپ بەدووری مەیانەیەکی چوارەمی تەواو رێکخراون و بەشێوەیەکی شاقولێ و ئاسۆیی ریزکراون، ریزی یەکەمی شاقولێ هەمووی دەنگی سادەیەو لەهەمان کاتیشدا بنچینەشە بۆ ریزە ئاسۆییەکەی خۆی، دەتوانین کەڵک لەم خشتەیەی خوارەوە وەربگرین بۆ زیاتر شارەزابوون :

بەم شێوەیە ژمارەی دوگمەکانی دەستی چەپ جۆری ئۆکوردیۆنەکە دیاری دەکات، واتە چەند دوگمە لەلای چەپی ئۆکۆردیۆنەکە هەبوو کۆی ئەو دوگمانە ئەبێتە ناوی ئۆکۆردیۆنەکە وەکو (ئۆکۆردیۆنی ٣٢ دوگمەیی، ٤٨ دوگمەیی ..... هتد).

ئەو جورەی زیاتر باوەو بەکاردێ ئۆکۆردیۆنی ٤٨ دوگمەیی یە کەمەوداکەی ٣ پەیژەیەو لە (فا ١) ەوە دەست پی ئەکا تا (فا ٢) بەم شێوەیە .






THE INTERVALS OF MUSIC
الأبعاد
الفواصل
چاپ کردنی
کاوە احمد میرزا
ئامادەکردنی
دلێر ابراهیم محمد

# هەڵگێرانەوەی مەیانە

" قلب الفاصلة "

" Inversion of Intervals "

١٣ـ هەڵگێرانەوەی مەیانە :ـ

بریتی‌یە لە گۆڕینی شوێنی یەکێك لەو دوو دەنگـــــەی مەیانەکەیان پێك هیناوە • هەڵگێڕانەوەی مەیانش بە یەکێك لەم دوو ڕێگەیەی خوارەوە ئەکرێت :ـ

ا ـ یان بەگوێزانەوەی دەنگی " گڕ " لە مەیانەکەدا بۆ پلـــەیەکی بەرزتر لە پلەکەی خۆی وەك لە وێنەی " ١١ " دەبینرێ •




وێنەی ( ١١ )

ب ـ یان بە گواستنەوەی دەنگی " ناسك " لە مەیانەکەدا بۆ پلەیەکی نزمتر لە پلەکەی خۆی ، وەك لەوێنەی " ١٢ " دەبینرێ •




وێنەی ( ١٢ )

تەنیا مەیانە سادەکان هەڵگێڕانەوە هەڵ دەگرن، مەیانە لێکدراوەکان هەڵگێڕانەوە هەڵناگرن ، چونکە ئەگەر بمانەوێ شوێنی دەنگی نزم بگوێزینەوە بە ئەندازەی ئۆکتانێك لە پلەکەی خۆی بەرزتر لە شێوە هەڵگێڕاوەکەیدا هێشتا هەر بە نزمی دەمێنێتەوە لەمپاو دەنگە بەرزەکەی تردا کە مەیانەکەیان پێك هێناوە ، هەروەها ئەگەر بمانەوێ شوێنی دەنگی بەرز بگوێزینەوە بە ئەندازەی ئۆکتانێك لە پلەکەی خۆی نزمتر ئەمیش هەمدیسان لە شێوە هەڵگێڕاوەکەیدا هەر بە بەرزی دەمێنێتەوە ، وەکو لەوێنەی " ١٣ " دا دەبینرێ .



وێنەی (١٣)

١٤- ئەم خشتەیەش مەیانەکان و شێوە هەڵگێڕاوەکانیان دەنوێنێ . وێنەی ژمارە " ١٤ " .



وێنەی (١٤)

١٥ـ ڕێگایەکی ئاسان هەیە بۆ زانین و ناسینی ئاوی مەیانە ، دوای هەڵگێڕانەوەی ، ئەویش بەوە دەبێت کە ناوی مەیانە ئەسلیەکە لەژمارە "٩" دەربکەین ، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە ناوی مەیانە هەڵگێڕاوەکە . بۆ نموونە ، ئەگەر مەیانەی پێنجەم هەڵبگێڕینەوە .. دوای هەڵگێڕانەوەکەی دەبێت بە مەیانەی چوارەم .

٩ ـ ٥ ـ ٤

دوای هەڵگێڕانەوە

١ـ ٩ ـ ١ = ______ ٨
٢ـ ٩ ـ ٢ = ______ ٧
٣ـ ٩ ـ ٣ = ______ ٦
٤ـ ٩ ـ ٤ = ______ ٥

٥ـ ٩ ـ ٥ = ______ ٤
٦ـ ٩ ـ ٦ = ______ ٣
٧ـ ٩ ـ ٧ = ______ ٢
٨ـ ٩ ـ ٨ = ______ ١

١٦ـ لەکاتی هەڵگێڕانەوەی مەیانە بەم جۆرەی لێ دێت :

کەم کراوە ـــ دەبێ بە ـــ› زیاد کراو        زیاد کراو ـــ دەبێ بە ـــ› کەم کراو
بچووک ـــــ› گەورە        تەواو ـــــ› تەواو
گەورە ـــــ› بچووک

تەنیا مەیانەی یەکەم نەبێ " بڕوانە سەرنج "١" " وێنەی ( ١٥ " ١٦ )




ویـــــــنەی ژمارە (١٥)

١٧- چۆن مەیانەی لێکدرا و دەکرێ بەمەیانەی سادە ؟

بۆ ئەوەی مەیانەیەکی لێکدرا و بکرێت بە مەیانەیەکی سادە پێویستە "٧" حەوت لە ژمارەی پلەکانی ئەو مەیانەیە دەربکرێت و ئەمە چەند جارێک دووبارە بکرێتەوە تا ئەو رادەیەی ژمارەکە لە حەفت تێنەپەرێت ، جا ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لەو مەیانە سادەیەی مەبەستە .

نمــوونــە

ئەگەر بتەوێ مەبانەی سادەی بەرانبەر بە مەبانەی شازدەی لــێکدراو بدۆزیتەوە پێویستە دوو کەرەت " ٧ " حەوتی لێدەرکەی :

واتە : ١٦ ـ ١٤ = ٢

ئەو ژمارەیەی ئەمێنێتەوە مەبەستەکەیە ٠

واتە مەبانەی شازدە مەبانەی لێکدراوە بۆ مەبانەی دووەمــــی ســادە ، وێنەی " ١٧ " ٠




ویــــــنەی ژمارە (١٦)

سەرنج (٤)

لەکاتێکا مەبانەی لێکدراو ئەگۆڕێن بۆ مەبانەی سادە ، جۆری مەبانەکە ناگــــۆڕێت ، تەنیا ناوەکەی ئەبێت ٠ وێنەی " ١٨ " ٠




وێنــــــەی (١٧)




وێنـــــــەی (١٨)

# مەودای دەنگەکانی ئادەمیزاد

دەنگەکانی ئادەمیزاد زن بێ یا پیاو ناسکە، گڕە یان مامناوەندیە.
بەلام بەگوێرەی پیاو و ژنەیەن و ناوەکانی ئەگۆڕێن :-

١ ـ دەنگی ژن و منال : ئۆکتاڤێک ( یەك لیبە واتە هەشت دەنگ ) لە دەنگی پیاو بەرزترە و ئەکرێ بەم بەشانەوە :-

أ ـ سۆپرانۆی یەکەم ——————— دەنگی ناسکی ژنان .
ب ـ سۆپرانۆی دووەم ( میتزۆسۆپرانۆ ) ——— دەنگی ناسکی ژنان .
ج ـ ئالتۆ (کۆنتەر ئالتۆ) ——————— دەنگی گڕی ژنان .

٢ ـ دەنگی پیاوان : ئۆکتاڤێک لە دەنگی ژنان نزم ترە و ئەکرێ بەم بەشانەوە :-

أ ـ تینۆری یەکەم ——————— دەنگی ناسکی پیاوان .
ب ـ تینۆری دووەم ——————— دەنگی ناسکی پیاوان .
ج ـ باسی یەکەم ( باریتۆن ) ——————— دەنگی گڕی پیاوان .
د ـ باسی دووەم ——————— دەنگی گڕی پیاوان .

---

لەسەرچاوەی ( علم الالات الموسیقیة ) وە وەرگیراوە .



# کلیلەکانی مۆسیـــقا







تێبینی :- ▼ دەستنیشانی ئەو دەنگە ئەکات کە ئەکەوێتە سەرئەوهێڵـــەی کلیلەکەی لەسەر وێنەکێشراوە .

بەشی یەکەم

# کاروانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی

١- برایانی زێزێ و عەزیزی نەجەفی .
٢- حەمە جەبران و عەبدوڵڵا جەبران .
٣- عەبدوڵڵا تۆقە .
٤- حاجی سەعیدی میناغا . .
٥- کتێبی(گۆرانی گوند نشین و شوانی کوردی )
کۆکردنەوەی سالمی پەرهامی .
٦- کتێبی ( گۆرانی کوردی ) دکتۆر محەمەدی موکری .

## بەشی یەکەم[1]

گەنجینەی گورانی و مۆسیقای کوردی زۆر گەوهەری دانسقەی تیا هەڵکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی مێژووی نوسراوی ئەم کاروانە لەبەر دەستدا نەبووە، بۆیە زۆر لەلاپەڕەکانی ون بوون، بۆ ئەوەی ئەم ونبونە بەردەوام نەبێ وامان بەباش زانی لەمێژووی نزیکی ئەم کاروانەدا هەرچیمان دەست ئەکەوێ لێرەدا تۆماری بکەین، ئاشکرایە ناوی هونەرمەندانێکی زۆر لەبەر چاودایە بەڵام ئێمە وامان پێ چاک بوو، دەربارەی برایانی زێزێ و کاک حەمە جەیران وەک دوو هونەرمەندی ڕەسەن بدوێین، هەرچی برایانی زێزێیە ئەوە وەکو ڕۆژ ڕوناکە بەرهەمەکانیان سەرتاپا کوردیەو کەس ناتوانێ نکولی لەم مەسەلەیەبکات، برایانی جەیرانیش بەتایبەتی کاکە حەمە گەوهەرێکی خاوێن و دەست لێ نەدراوە لەگەنجینەی فۆلکلۆری کوردیدا، جگە لەمانە هونەرمەند کاک عەبدوڵڵا تۆقەی تارژەن و کاک عەزیزی نەجەفی بەهرەمەند دوو هونەرمەندی مۆسیقاژەن بوون خوالێیان خۆش بێ کۆچی دوایان کردووە، بەتایبەتی کاک عەزیزی نەجەفی کەبەرهەمەکانی لەبەر دەستدان بەئاسانی مرۆڤ بڕیار لەسەر ئەوە ئەدا کە باڵەبان ژەنێکی بێهاوتاو زۆرنا ژەنێکی بەتوانا بووەو هەروەها ئاواز دانەرێکی ڕەسەن بووە لەگۆرانی و مۆسیقای کوردیدا، جگە لەئاوازی گۆرانیەکانی کە دایناوە ئەودێڕە مۆسیقایانەی کە لەبەینی گۆرانیەکاندا[2] لێی داوەو لەدانانی خۆی بووە ئەوەندە کوردیەو ئەوەندە لەگەڵ گورانیەکە گونجاوە، کاتێ گوێ لەگۆرانیەکە ئەگری دوای هەر بەشێک لەگۆرانیەکە بیری مۆسیقا تەنیاکەی دەستی ئەم هونەرمەندە ئەکەیت و تەزویەکی خۆش دڵی مرۆڤ ئەگرێتەوە بەتایبەتی لەگۆرانی "های شیرین و خانم" ی برایانی زێزێ دا بەئاسانی ئەم هەستە ئاشکرایە بەو دێڕە کورتە پڕ لە وردەکاریەی هونەرمەند بەشەکانی گۆرانیەکە ئەبەستێتەوە بەیەکەوە ئیتر ماوەی ئەوەمان پێ نادات دوا بکەوین لەبڕیارەکانی خۆمان و یەکسەر دان بە توانای ئەم برا دەست ڕەنگینەدا ئەنیین.

---

(١) بەپێی ئەو بارو دۆخەی بۆمان ڕەخسا، لەم بەشەدا توانیمان هەندێ لەلاپەڕە ڕەنگینەکانی ئەم کاروانە کەلەسەر دەستی هونەرمەندانی کوردستانی ئێران تۆمارکراوە، بخەینە بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویست.

(٢) ئەو جۆرە رستە مۆسیقایانەی لەبەینی برگەکانی گۆرانیەکەدا (چاوش) لێی ئەدا (گوڵ)ەی پێ ئەڵێن بەزاراوەی میللیانەی ناو چاوشەکان، ئەم (گوڵ)ە بە تایبەتی لەگۆرانی (های شیرینی و خانم) دا ئاشکرایە.



1

# برایانی زێزێ

## گەلاوێژی ئاسمانی گۆرانی ڕەسەنی کوردی

دلێر ئیبراهیم

سەردەمێک گۆرانیە ڕەسەنەکانی هونەرمەندان (برایانی زێزێ) ئاسمانی مۆسیقای کوردیان پڕکردبووەو کەس نەمابوو بەدڵێکی پڕجۆش و خرۆشەوە لەگەڵ بەرهەمە پڕ زەوقەکانیاندا سەما نەکاو هەڵنەپەڕێ، بەرهەمەکانیان ئەوەندە ڕەسەن و کوردین، ئەگەر بڵێین لەمەسەلەی ڕەسەنایەتیان دا بێ هاوتان توشی هیچ گرفتێک نایەین. کێ نێ (بەبانانەوەو دەسماڵ بەشمینەو سۆیبە باڵابەرز و هەللامەو شرینی و خانم ) ی لەیاد چوبێ، کێ بێ ئەو مرۆڤەی گوێی لەم گۆرانیانە دەبێ دەرونی نەهەژێ و لەبەرخۆیەوە شانی هەڵنەتەکێنێ لەسەر هەوای پڕشۆری ئەو گۆرانیانە، کێ بێ لە (برایانی زێزێ) زیاتر بەرۆحی ئێمەی کورد ئاشنابێوسکاڵا لەگەڵ رۆحی کلۆڵمان دا بکا، پێم وانی یە کوردێ هەبێ ناوی ئەم برایانەی نەبیستبێ، چونکە بەرهەمەکانیان بەچەشنێ بڵاوە، هەموو سوچێکی کوردستانی گرتۆتەوە.

هەرلەسەرەتای فێربوونی مۆسیقاوە یەکێ بووم لەو کەسانەی کەبەرهەمەکانی برایانی زێزیم زۆر بێ خۆش بوو بەڵام هیچ مەعلوماتێکم لەسەریان نەبوو جگە لەوەی ئەمانە دو برابون و خەڵکی ئەمدیو بون و ئەم ناوەیان لەخۆیان ناوە و ئەو کۆمەڵە بەرهەمانەیان تۆمار کردووە، تاکاتێ بەهۆی بارودۆخی پێشمەرگایەتیەوە لەشاری سەقزی خۆشەویستدا ماوەیەک مامەوە، بەشوێن شایەرەکانی ئەم شارەدا ئەگەڕام و بەهۆی هونەرمەندی خۆشەویست کاکە حەمە جەژاوە کەبانگ کرابوو وەکو میوانێک بۆسەر شایی، منیش چووم، لەو شاییەدا هونەرمەند سەید ئیبراهیم ی گۆرانی بێژ لەگەڵ کاک عوسمان بە نەرمەنای (باڵەبان) و برایەکی تر زەربی لێ ئەدا، شایی یەکەیان ئەگێڕا، ئەوە بە



ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە بە باش ئەزانن، کاک عەلی برای گەورەیەو لە ساڵی (١٣٠٥) و کاک حسین لەساڵی (١٣١٧) لەشاری سەقز هاتونەتە دنیاوە، دوو برا و دوو خوشک بوون، هەر دوو براکە دەنگ خۆش بوون، بۆیە یەکەم جار کاک عەلی دەستی بەگۆرانی وتن کردووەو زەرب (دمەک) ی لێداوەو ئەڵێ خۆی کاک حسێنی برای کەشاگردی قاوەخانە بووە هێناوەتە ناو ئەم

خەیاڵمدا هات لەوەوبەر کاتێ برایانی زێزێ شایی یان لەم شارەدا گێڕابێ ئەو شاییە چەند خۆشو پرجۆش و خرۆش بوبێ ؟ کەگەڕاینەوە باسی ئەم مەسەلەیەم کرد لەپڕ برایەک ئاگاداری کردم کەوا برایانی زێزێ لێرەن و ماون و ئەتوانین بچینەلایان، بۆیە بەپەلە رێگای چونە لایانمان گرتە بەرو ئەم زانیاریانەمان لاکۆبوەوە :

برایانی زێزێ دوبرای دەنگ خۆش بوون هونەرمەند بوون و بەیارمەتی هونەرمەندێکی تر ئەو بەرهەمانەی خۆیانیان تۆمارکردووە یەکی لەو برایانە بەناوی کاک (علی شکرالله)یەو براکەی تر بەناوی کاک (حسێن شکرالله) یە شوهرەتیان (شۆخ کەمان) ە، وەکو لەزاری خۆیانەوە بیستمان لەمناڵیدا پیتی (زێ) یان گرتووە بۆیە بەناوی (زێ زێ) وە بەناوبانگن و زۆر بە دڵنیاییەوە ئەمەیان باس کرد و دوپاتیان کردەوە کە (زی زی) نییە و (زێ زێ) یە بەڵام من پێم وایە ئەمە هۆیەکی تری هەیە کە پێیان باش نییە لەم سەردەمەدا لێک بدرێتەوەو هەر

کۆرەو ئەوەی لێ دەرچووە. باوکیان لەدارایی کارمەند بووە، لەدواییدا بۆتە حەمام چی، دەنگی خۆش بووەو خوێندەواری یەکی باشی هەبووە، کاتی خۆی چۆتە دێی (طلوات ئاباد) و لەگەڵ هونەرمەندی نەمر (سید عەلی ئەصغەر) ئاشنایەتی پەیداکردووەو هەمیشە گۆرانیەکانی ئەوی وتۆتەوە. کاک عەلی لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستی کردووە بەگۆرانی وتن. لەکاتی خۆیدا لەگەڵ کاک ئەحمەدی شێخ خاڵیدا بەدوو قۆڵی خەڵک پەسەندی کردوون و تەنانەت چاوشەکانی سەقز بەخیلیان پێ بردون و وردە وردە لەگەڵ رەحمان چاوشی (قەدیم) مێردی (خالەیلێ) گۆرانی وتوەو دوای بەینێک (دمەگ) یان داوەتەدەستی. کاک عەلی وادەگێرێتەوە کەیەکەمین جار کاک (عەزیزی نەجەفی) یان لەبانە بینیوە لەقاوەخانەکەی حاجی جەمیل کاتی تورنا بازی یان ئەکرد لەمانگی رەمەزاندا، ئەویش دانیشتبو نەرمە نای (باڵەبان) ی لێ ئەدا، پێی ئاشنابوون و رێک کەوتن دەست بەکارکردن بکەن بەبۆچونی من باشترین کۆمەڵە گۆرانیان هەر ئەوانەنکە لەگەڵ ئەم هونەرمەندە تۆماریان کردووە، چونکە ناوبراو نەرمەنای و جوزەلەو زورنای زۆرچاک زانیوەو بەتواناو بەزەوق بووە لێرەدا پێم باشە رایەکی شەخسی خۆم تۆمار بکەم ئەویش ئەوەیە تا ئێستا باشترین کەسێ کەباڵەبانی لێدابێ لەبەرچاوی من ئەم کاک (عەزیزە)یە لەچاو هەموو ئەو کەسانەی تر کەگوێم لێ بوون، جگە لەوەی تەرجومەی گۆرانی لێداوە زۆرهەولی داوە چەند رستەیەکی تر[1] جیا لە تەرجومەی گۆرانی یەکە لێبدا کە زۆر گونجاو و لەبارو کوردی بووە و سەرکەوتوانە ئیدای کردووە. کاک حسێن لەگەڵ گۆرانی وتنەکەیدا (دائرە)شی لێداوە کەبریتی بووە لە دەفێکی بچوکی خڕ، زیاتر دەنگی لە (زەرب)ەوە نزیکترە وەک لە دەف تیرەکەی (٣٠) سانتیمەتر بووە. لێمان پرسین باشترین و سەرکەوتوترین بەرهەمەکانتان کامانەن، لە وەڵام دا وتیان (شەمامەو خاڵ خاڵ و سۆیبە



بالاَبەرز ) دوو بەرهەمی زۆرسەرکەوتون. هەروەها وتیان دوای ماوەیەکی کەم کەشەمامەو خالّ خالّیان بلاّوکردۆتەوە ئەم گۆرانیە گۆڕاوەتە سەر زمانی فارسی بەناوی ( پیراهن خال خال ) بلاّوبۆتەوە ، شایانی باسە لەهەشتاکاندا گۆرانی بێژی عەرەب (صلاح عبدالغفور) ئەم گۆرانیەی بەزمانی عەرەبی وتووەو لەتەلەفزیۆنی عێراق تۆماری کردووە زۆربەداخەوە وشەکانی لەمەدح و سەنای سەدامی دیکتاتۆردایە.

هونەرمەندی بەسەلیقە کاک(عەزیزی نەجەفی) خەلّکی دێی سائین قەلا بووە لەگەلّ دەهولّ ژەنێکدا هاتۆتە شاری (بانە)، کاک حسین ئەلّێ کاتێ کاک عەزیزیان دیوە گەنجێکی خوێن گەرم و خۆشەویست بووە بۆیە کاک حسین پێی وتوە ( ئێمە لەزەماوەندا کارئەکەین ئەبێ پیاوێکی ئابڕومەندو بەحەیاو حورمەت بیت ، ئەبێ زوو فریب نەخۆیت و ئیحترامی خۆت رابگریت ) دوای ماوەیەک کاک حسین هەولّی ئەوەی داوە ژن بۆ کاک عەزیز بهێنێ،بۆ ئەم مەبەستە (خافاتم)ی ژنی کاکە حەمەی شاریکەندی کەبە حەمە چاوەشبەناوبانگ بووەو بەنەخوشی کۆچی دوایی کردووە، دەست نیشان ئەکەن و دوای ماوەیەک لەکاک عەزیز مارەئەکرێ، کاکە حەمە زۆرنا ژەن و جوزەلەژەنێکی مەشهور بووە سێ منالّی لە خافاتم هەبووە، بەناوی (خەجیج و حەلیم و عەبو) کاک عەزیزیش دوو کوڕی لەخافاتم بووە بە ناوی ( محەمەد و حسین) کاک حسێن کۆچی دوایی کردووە . برایانی ( زێ زێ)



دان بەوەدا ئەنێن کەهەوای ( سۆیبە بالاّبەرزو دەسمالّ پەشمینەو یا محەمەد لەمەدینە ) هی کاک عەزیز بووە . ئەمان تەنیا هۆنراوەکانیان هۆنیوەتەوە لەسەر ئەو ئاوازانە ، ئەم برا هونەرمەندانە دوای ئەوەی لەکاک عەزیزی نەجەفی جیابونەتەوە ، لەگەلّ کاک(حسێن والیدی) دا کاریان کردووە بەلاّم ئەستێرەکەیان وەکو جاران نەدرەوشاوەتەوە . بۆیە بەدووری نازانم زۆربەی ئاوازی ئەو کۆمەلّە گۆرانیە سەرکەوتوانەی وتویانە لەئاوازی کاک عەزیز بوو بێ، چونکە ئەگەر بە دیقەت گوێ لەو بەرهەمانە بگیرێ کە لەگەلّ کاک عەزیزدا وتویانەو ئەو بەرهەمانەی بێ ئەو و لەگەلّ هونەرمەندانی تر تۆماریان کردووە زۆر جیاوازەو فەرقێکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە . کاک عەلی ئەلّێ تەنیا یەک گۆرانی هەیە کەئاوازەکەیان لەگۆرانی تورکیەوە وەرگرتووە ئەویش

ئەم گۆرانی یەیە:

زاوا بەرەو پیری هات
دەرێژی نوقڵ و نەبات
لێی دە لەچەپڵەرێزان
زاوا بۆ لای بوکی هات

گۆرانیە تورکیەکە ئەمەیە (ئوغلان تورویت مبارەک).

ئەم برایانە لەم جۆرە بەدرم و ئاهەنگانەدا بەشداریان کردووە:

آ. لەکۆڕی شایی و ژن هێنانداا.
ب. ئازاد بوون لەزیندان.
ج. گەڕانەوە لەغەریبی.
د. گەڕانەوە لەسەربازی و تەواوکردنی.
ه. دۆزینەوەی وون بویەک.
و. لەدایک بوون.
ز. ناونان.
ح. هەوتانە.

لەسالی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ ی زاینی کاک عەلی لەگەڵ هونەرمەند کاک حەمەجەزا هەندێ گورانیان بەیەکەوە تۆمارکردووە لەئاهەنگێکی بچوک لەماڵێکدا گێراویانە لەگەڵ کاک حسین ناوێکدا کەنەرمە نای لێداوە، ئێستا کۆچی دوایی کردووە لەو گۆرانیانەی وتویانە (زولێخا فەرموت دیم و نەهاتی) کاک حەمە جزا ئەڵێ کاتێ (گەڕامەوە دیوی عێراق ئەم گۆرانیەی ناومان برد و لەکاک عەلی وەرم گرتبو وتومەتەوە ماوەیەکی زۆر باو بووە). برایانی زێزێ لەتەلەفزیۆنی تاران و ورمێ و رادیۆی کوردستان (سنە) بەرهەمیان تۆمار کردووە. بەشێ لەبەرهەمەکانیان لەسەر قەوان بەبێ ئاگاداری خویان تۆمارکراوە ئەمانیش زۆر هەوڵیان داوە بزانن کێ ئەم کارەی کردوە و قازانجەکەی بۆ کێ بووە، بەلام بەداخەوە دوای زەحمەتێکی زۆربێ ئەنجام بووە.

خۆشترین بیرەوەریان، ئەوەیە جارێکیان لەتالارێ رودکی لەکاتێکدا ئاهەنگ ئەگێڕن لەسەر داوای بینەران سێ جار پەردەی شانۆکە ئەبرێتەوە سەرەوەو بەرهەمەکەیان پێشکەش ئەکەنەوەو ئەمە بەسەرکەوتنیکی زۆر گەورە لەژیانیاندا ئەزانن.



کاک عەلی بەشانازی یەوە بۆی گێڕاینەوە کەوا ماوەیەک وای لێهاتبو هەموو شایی یەک بەو مەرجە ئەکرا کە برایانی (زێ زێ) بێن و بەشداری بکەن ئنجا لەسەر مەسەلەکانی تر رێک ئەکەوتن. ئێستا کاک حسێن دوکانی قەنادی (شیرینی) هەیەو کاک عەلیش کارەبای ناومالان دائەنێ (سیم کشی

ساختمان) لەدوای ساڵی ١٣٥٨ بەدواوە گۆرانیان نەوتووە، لیّمان پرسین ئایا توانای گۆرانی وتنیان ماوە یان نا؟ لەوەڵامدا وتیان (بەڵێ... بەڵام لەووڵاتی ئیّمەدا گۆرانی ووتن لەتەمەنیّکی دیاریکراودا خۆشەو ئیّمە ئیّستا عومریّکمان بەسەر بردووە و جەوانیمان تیّ پەڕیوە).

بەپیّی ئەو هەواڵانەی لای بەریّز کاک حسیّن هەیە لەساڵی ١٣٦٨ کاک عەزیزی هونەرمەند بەسەکتەی دڵ کۆچی دوایی کردووە.

بەداخەوە ئەم برایانە نازانن چەند گورانیان تۆمارکردووە، لە دوو دانیشتندا بەمنیان راگەیاند لە بەینی ٥٠ – ٦٠ گۆرانیان تۆمار کردووە.
منیش دوای گەڕانیّکی زۆر تائیّستاش ناتوانم ژمارەی تەواوی بەرهەمەکانیان لیّرەدا تۆمار بکەم بەو هیوایەی لە ئایندەدا و لەبارودۆخی لەبارتردا ئەم مەسەلەیە یەکلابکریّتەوە، دوا وشەمان ئەوەیە بەڕاستی برایانی (زێ زێ) گەلاویّژی ئاسمانی گۆرانی ڕەسەنی کوردین.





شەمامەوخاڵ خاڵ

فروشگاه جمال جعفری – بانه –
خال خال
خواننده برادران زیزی

## شەمامەو خالّ خالّ(1)

" ئەی ، ئەرێ " بەبانانەوە " گیانە " بەبانانەوە
" ئەرێ " بەرتیشیان دەدا " توخودا " دەپاڕانەوە
" هەی " شەمامەوخالّ خالّ شەمام شلکی
ناردومە لەومالّ ساردەوفێنکی
" ئەی " دلێ ـ دلێک ـ بۆدلێ گیانە نەکولێتەوە
" ئەرێ " بامار پێوەی دائیمشەو برزێتەوە
شەمامەو .......
" ئای " چاوان مەرێژە " گیانە " هێشتا منالّی
" ئەرێ " سێوی نەگەیوی " بمرم " هەلّوژەی کالّی
شەمامەو ......
" ئای " دەلّێم لەوبانە " گیانە " خۆم بخەمە خوارێ
" ئای " خۆم بخەمە باوەش " لەیلێ " گێل گێلەدارێ
شەمامەو ......
" ئای " دایکت خەجالّەت " گیانە " باوکت رووسیا
" کچێ " ئەتۆی لەمن کرد " وەلّلاّ " بۆمالّی دونیا
شەمامەو .....
بم کەبەخاتر دووکوڕی مندالّت
" کچێ "بێ بەشم مەکە " توخوا " لەتەنیا خالّت
شەمامەو ....
" ئەی " چنارولاولاو " گیانە " سەرلەیەکان گیر
" ئەی " من بۆکێ دەگریم توخوا بەکێم دەکەن ژیر
شەمامەو ....
" ئەی " هەرکوڕێ نەیکا " گیانە " شەوگارمالّەومالّ
" ئەی " عەمری بابڕوا " توخوا " بەتۆزی شەمالّ
شەمامەو ......
" ئەی " چنارولاولاو " گیانە " سەریان نەمامە
" ئەی " من بۆکێ دەگریم " توخوا " کێ بەتەمامە
ئوف شەمامەو ....

---

(1)ـ سەربەندی ئەم گۆرانیە یەک دێڕە هۆنراوەیە " شەمامەو ... فێنکی "بەشی یەکەمی ئەم دێڕە یەکجارو بەشی دوەم دووجار ئەوترێ ، بەپێچەوانەی بەندەکانی ترەوە کەهەمویان بەشی یەکەمیان دووجارو، دووەم یەکجار ئەوترێن .




تێ بینی

١ـ لەدەست پێکردنی قەوانەکەوە تاکۆتایی بەشی دووەمی گۆرانیەکە ، هەموی (٧١) باری شەش هەشتە ، (٣) باری یەکەم (تەپڵە) ، (١٨) باری دوای ئەو مۆسیقایە بە ( باڵەبان ـ نەرمەنای ) لێدراوە ، (١٨) باری تر گۆرانیەکەیە ، (١٤) بارکۆپلەی مۆسیقایەو (١٨) باریش بەشی دووەمی گۆرانیەکەیە ، ئەم نۆتەیەی نوسراوەتەوە بریتی یە لەو (٧١) بارە .

٢ـ ئەم قەوانە (٦) دەقیقەو نزیکەی ٦ ـ ٧ چرکەیە .

٣ـ دەنگی سۆل کەمێک لە ( سۆلی طبیعی ) نزمترە .

٤ـ گۆرانی بێژ لەکۆتایی نیوە دێڕی (شەمامەو خاڵ خاڵ و ناردومەلەومال) دا دەنگی (دۆ) بەخشاندن (زەحف) بەرەو نزمتر لەخۆی رائەکێشێ بەتایبەتی لەدوا بەشی زەمەنی (دۆ) کەدا .

٥ـ گۆرانیەکە بەدوبارەکردنەوەی دێڕی (ناردومە لەومال ساردەوفێنکی) بە(فێت) تەواو ئەبێ ، (فێت) بریتی یە لەچەند بارەکردنەوەی بەشێک لەئاوازەکە بەریتمەکەی خۆی و ووردە ووردە کز ئەبێ تا نابیستریَ .


Tempo
Copla 1
D 4 Bars
D 4 Bars
B 4 Bars
C 3 Bars
C 3 Bars
Song 1
A 4 Bars
A
B
C
C
Copla 2
D
B
C

## " فۆرمی شەمامەو خاڵ خاڵ "

فۆرمی ئەم گۆرانیە بەم شێوەیە :

١- سەربەندی گۆرانیە کە دێڕێک هۆنراوەیە ، هەر نیوەی لەسێ (بار)ی شەش هەشتدا ئاوازی بۆ دانراوە ، ئەوانی تر هەر نیوە دێڕەو لەچوار (بار) دایە لەهەمان کێش ، ئەگەر بۆ یەکەم دێڕی ئاوازەکە - واتە یەکەم نیوە دێڕی هۆنراوەکە - پیتی "A" دابنێین ، دێڕی دوەمیش هەر هەمان شێوەیە بۆیە ئەبێ هەر پیتی "A" بکەینە نیشانە بۆی ، دێڕی سێ یەمی ئاوازەکە لەگەڵ ئەوەی زۆر نزیکە لەهەندەسەی دێڕی "A" یەوە ، بەڵام گۆڕانکاریەکی وای بەسەردا هاتووە ئەبێ وەکو دێڕی ئاوازێکی سەربەخۆ سەیر بکرێ ، چونکە هەر ئەم دێڕە ئاوازەیە ، دێڕی یەکەم و دووەم لەگەڵ سەربەندی گۆرانیەکە ئەبەستێتەوە بەیەکەوە کە ئەکاتە دێڕی چوارو پێنج ، لەبەر ئەوە پیتی "B" بۆ دائەنرێ چوارەم و پینجەم دێڕی هەریەک جۆرە - هەرچەندە لەبەر هۆنراوەکە لە هەر جارێکدا گۆڕانێکی کەم بەسەر یەکەم نۆتەی باڕی یەکەمدا دێ - بەڵام هیچ لە جەوهەری ئاوازەکە ناگۆرێ ئەم دێڕەش پیتی "C" بۆ دائەنرێ کە ئەمە سەربەندی گۆرانیەکەیە ، بەم جۆرە قاڵبەکە لەبڕگەی یەکەمی گۆرانیەکەدا بەم شێوەیەی لێ دێ (C—B—A) بەڵام لەبرگەی دووەمی گۆرانیەکە دێڕێکی تر زیاد ئەبێ جیاوازە کە ئەچێتە جێگای دێڕی "A" ، ئەم دێڕە جیاوازی زۆری لەگەڵ دێڕەکانی تردا هەیە بۆیە پیتی "D" بۆ دائەنرێ ، ئەم جارەیان فۆرمەکە وای لێ دێ (C—B—D) . هەڵبەتە دێڕی (C—D—A) دو جار دوبارە ئەکرێنەوە هەرچی مۆسیقازەنە ئەم دێڕانە بەسەلیقەی خۆی لێ ئەداو دوبارەیان ئەکاتەوە، بۆ نمونە مۆسیقای یەکەم جار بەم شێوەیە لێ ئەدا (C—C—B—D—D)-لەڕاستەوە پیتەکان ڕێچکە ئەگرن - بەڵام دوەم جار بەم شێوەیە لێی ئەدا (C — C—B—D) جگەلەوەش هەندێ وردەکاری ئەکا لەگەڵ ئەصڵی ئاوازەکەدا .

٢- لەباڕی یەکەم چوارەمی دێڕی (D) لەبڕگەی دوەمی گۆرانیەکەدا ، گۆڕانکاریەکی بچوک بەسەر دێڕە ئاوازەکەدا هاتووە ، بەڵام ئەصڵی ئاوازەکەی نەگۆڕیوە .

٣- لەباڕی چوارەمی دێڕی (B) لەبڕگەی یەکەمو دوەمی گۆرانیەکەگۆڕانهەیە، کەمە .

٤- دێڕی (B) لەبەر ئەوەی دێڕی پاش و پێشی خۆی ئەبەستێتەوە بەیەکەوە ، بەهیچ جۆرێک دوبارە کردنەوە هەڵناگرێ ، بەپێچەوانەی دێڕەکانی ترەوە .



" تۆفیقی تارژەن "

دیوەکەی تری ئەم قەوانە لۆی نوسراوە (لەیلا کوردی)، گورانی(بۆم بلێ تۆزە تۆزە) ی لەسەر تۆمارکراوە. لەدەنگی تۆفیقی تارژەن ، ئەم هونەرمەندەگۆرانی وتووەو تارژەنیش بووە، هەروەکو لەم قەوانەدا دەرئەکەوێ ،( گۆرانی بۆمبلێ تۆزە تۆزە ) ی وتوەو هەرخوێشی تارەکەی لێداوە، ،(برایانی زێ زێ)ش لەگەڵیدا بونەتە کۆرس و سەربەندەکەی بۆ ئەڵێنەوە، ئەم تۆفیقە لاوێکی خەڵکی (تیکاب) بووە ، هاتۆتە سەقزو شەیدای کچێک بووە گۆرانی بەو دڵدارەیدا هەڵداوە،کەس و کاری کیژەش هەڕەشەیان لێ کردووەو ترسانویانەئەگەر بەردەوام بێ، تەمێی ئەکەن، بەڵام ئەم هەڕەشەو گوڕەشانە دەوری نەبووە لای تۆفیق وهەرلەعەشقەکەیدا بەردەوام بووە، لەئەنجامدا سەریان تاشیوەو بەو شێوەیە ـ وەکو باو بوەـ ئەتکیان کردوە، سەرەڕای ئەمەش تۆفیق هەر درێژەی بەکارەکەی داوەو هەمیشە ئەوقژە بڕاوەی خۆی بەدەستەوە گرتووەو وتویەتی (تائەو کچە قژەکەم بۆنەڕنێ واز ناهێنمو هەر بۆی دەڵێم) ، دەڵێن ئەم عاشقە هونەرمەندە.................................................... ، لەوساوە سەرو سۆراخی نی یە، دەنگێک بڵاوبۆتەوە گوایە شەهید کراوە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم کوڕە بێ کەس بووە،کەس هەواڵی دروستی نازانێ .

# ئەی گوڵی من(۱)




" ئای " خەبەربەرن بۆ قەومانم
لێم زیزە گەوهەری جوانم
ئاورێ بەربوە لەخەرمانم
ئەی گوڵی من سونبولی من
تۆی هێلانەی بولبولی من
تۆی هێلانەی " لەیلەکەم " سەرچڵی من
شەماڵ وەرە " ئەرێ " یارنوستووە
زولفی پەرێشان کردووە
بەچاوان ئەمنی کوشتووە
ئەی گوڵی من .....
دەمم لەسەر کولمی راگرت /٢
گوڵوریحانەم دەستە کرد /٢
ئەی گوڵی من ....
قوربانت بم چاوی چاوم
لەسەرتۆ زۆریان لێ داوم
وام زانی خەڵات کراوم
ئەی گوڵی من ....
" ئای " هەڵم بگرە " هەی " بەچواردەستان
بم بەنەکوچەی چاومەستان
شینم بۆبکا هەزار دۆستان
ئەی گوڵی من ...
قەستەم بەباڵای لاولاوت
بەو ئەگریجەی گرژوخاوت

سفارش مخصوص فروشگاه احمدی
سقز – خیابان پهلوی تلفن ۳۰۸
حق چاپ وتقلید محفوظو مخصوص است
ای گلی من
خوانندەگان : برادران زی زی
M 45

---

(۱) ـ هەموو بەندێ لەم گۆرانی‌یە لەسێ هۆنراوە پێک هاتووە ـ جگە لەبەندی پێنجەم ـ دێری یەکەمی هەربەندێک دوجارئەوترێ وئەوانی ترتەنیا جارێک ·

سوتام برزام لەبەرتاوت
ئەی گوڵی من ....
" ئای " بەوقورعانەی مەلاخاڵە
چاورەشێکم دی لەماڵە
ئەکوژێ پیری هەزار ساڵە
ئەی گوڵی من ...
هەڵم بگرە بەسێ وبەدوو
بم بەرەگەرەکی ژوروو
شینم سۆبکا بوکوخەسوو
ئەی گوڵی من ....

چەند تێبینیەک

١- لەدەست پێکردنی(نەرمەنایەکەوە ) تاکۆتایی بەشی یەکەمی گۆرانیەکە ،(٤٤) بارە ،(١٦) باری مۆسیقایەو بە (نەرمەنای - باڵەبان) لێدراوەو ئەوانی تر هونراوەی گۆرانیەکەیە ، ئەم نۆتەیەی نوسراوەتەوە بریتیە لەو٤٤ بارە .

٢- لە پێش دەست پێکردنی دێڕی یەکەمی گۆرانیەکە ، گۆرانی بێژ لەدوا (باری ) مۆسیقاکەوە زەمەنیک وەردەگرێ و بەوشەی (ئای) دەستی پێ ئەکاو ئینجائەچێتە سەر دێڕی یەکەمی گۆرانیەکە، واتە ئەم گۆرانیە بەبارێکی نوقسان دەست پێ ئەکا ، لەکۆتایی کۆپلەی یەکەمی گۆرانیەکە ئەم نوقسانیە تەواو ئەبێ .

٣- ئەم گۆرانیە بەتەپڵ دەست پێ ئەکا .

٤- باری یەکەم و سێ یەمی وورد ئەنوسرێتەوە وەکو خوارەوە :



# ئەی گوڵی من



# سۆیبە بالابەرز[1]




سويبه بالابرز
خوانندەگان : برادران زی زی

سۆیبە بالاّبەرز هەستە بەیانە
دەم لەناوی دەم دەستەولەملانە

مانگە شەو خۆشەحیلەی ئەسپی شێ
دۆستت لەشاربێ ودەزگیران لەدێ
سۆیبە بالاّ ....
بەبەرزی بالاّت بەودیدەی تەیرت
مەگەر ئێواران تێربکەم سەیرت
سۆیبە ....
پیرەمەگرونەی بەرزی قەلاّتێ
ئەوکچە گەورەکەی ماچمان بداتێ
سۆیبە ....
هەلّکێشە خەنجەر بییەن لەجەرگم
ئیمشەو بخوێنە یاسینی مەرگم
سۆیبە ....
چنارە بەرزەی سەرلەحەوتەمین
قەف قەف دێنەخوار بۆبالاّی ئامین
سۆیبە ....
یاخوابێ بۆمن دەردوبەلاّکەت
ئەم کوژێ بەنازگیانە تەلاّکەت
سویبە .......
هەلّیتەکێنە قەزات لەمالّم
سەرگۆی مەمکەکەت ئەخشێ لەبالّم
سۆیبە ....

(١)ـ هەموو نیوە دێرێکی هۆنراوەکانی ئەم گۆرانیە دوجار لەسەریەک دووبارە ئەکرێتەوە .

# سەدبریا

سەدبریا بم زانیبا ئەوگوڵە میوانی کێیە /٢
بەدڵ دوعام بۆدەکرد ئاوەدان بێ ئەوجێ یە /١
خۆمن ئەوگوڵەم خۆش دەوێ شۆخ وگوارەلەگوێ یە /١
ئەمن ئەوکچەم خۆش دەوێ شۆخ وگوارەلەگوێ یە /١
لەسەرپردی میاندواوێ شەکرم ـ قەندم ـ لێ کەوتە ئاوێ /٢
سێبەرم لێ حەرام بێ بابسوتێم لەبەرتاوێ /٢
سەدبریا ......

ئەوساڵ دەچمەکوێستانێ بۆبزنێکی کوێر گوان /٢
کەپرێکی بۆهەڵدەدەم لەسپیرێزی غەیلانیان /١
حەوتکوپان پەنیر دەگرم لەگەڵ نۆپوتی رۆنان /١
حەوتساڵیش شوانی دەکەم تۆبیری بی ئامین گیان /١
سەدبریا ....

بادەمی نێوسنجووان قەیس نێو قەلەڕوان /٢
بۆماچی لێوی ئاڵێ پێنج فەرزەی نوێژم چوان /٢
شەمس وقەمەر تیکەڵ بون ئێوارەبانگی شێوان /٢
ئاشقان هەموپێک بڕان ئەی ئەمن وتۆ یارەگیان /١
سەدبریا

دەردتلێم کەوی چاوجوان قەدباریکەی خان ومان /٢
ئەگەر قەولمپێ دەدەی ڕاستە وڕاستوەرەکەوان /١
قەولی راستیت لانی یە غەیرەس درۆوتەفرەدان /١
دەنا بەونەحلەتەبی کەخودا کردی لەشەیتان /١
سەدبریا ......

دەسرەوحەریرسادە دڵ بگرێ بەری نادا /٢
نەخۆش ودەردەدارم بم شێلە حاجی زادە /١
بەدەستێکت بم شێلە بەودەسرۆکە پێم دادادە /١
ئاوری لەمن بەرداوە ئیمانتدام بەبادا /١
سەدبریا ....
بەشەو بۆتبەخەیاڵم بەرۆژ بۆتشیتو شەیدام /٢
قاصیدی بنێرە بۆ لام دەردتلەماڵی دنیام /٢
سەد بریا ....

بەمۆسیقا تەواو ئەبێ ....

## ئازیز بەهارە

" ئەی " ئازیزبەهارە ئازیز بەهارە /٢
بەهاری شادی " وەی " جەژنی دلدارە /٢
" ئەی " وەرە دانیشین " ئەی " پرچاولەئەسرین /٢
تۆبگری بۆخۆت ئەمنیش بۆ شیرین /١
ئەوا بەهارەکەژوکیو رەنگین /١
ئەو دلەی عالەم شاد دلەکەی من غەمگین /١
ئازیز .......
" ئای " وەرە دانیشین " ئەی " لەنێو گولشەندا /٢
لەسیای دارەبی " کچێ – وەی " داروودەوەندا /٢
ئازیز .......
" ئای " لەهارەهاڕێ " ئەی " چۆمی سێ بواران
سەردەشتم لێ بووە " وەی – هەی " بەمازیندەران
ئازیز .....
" ئای " کناچە لەچەم " هەی تووتی لەشاران
هەرچواردەیان خوێن " دەی " پای عشقی یاران
ئازیز .....
" ئای " دوکەس لەم دنیا " وەی – ئەی " ڕەنجیان بەبادە
یەکیان شیرینە " ئەی " یەکیان فەرهادە
ئاوا بەهارە .....
بم کەبەخاتر " وەی " دوکوری مندالت
بێ بەشم مەکە " کچێ – وەی " لەوتەنیا خالت
ئازیز بەهارە .....



1125
آزیزبهاره
RT - 697
برادران زی زی

---

فروشگاه رادیوایران
سنندج خیابان پهلوی روبروی بانک ملی ایران
ساخت شرکت تولیدی موزیکال
RT - 696 1125 A
صدبریا
برادران زی زی





دوسەرلەسەر سەرینی (١)

لایەلایەکەت " لەیلێ "(٢) نایەلەگوشم
یاسەدای تۆیە " خانم " یامن سەرخۆشم
دوسەرلەسەر سەرینێ (٣)
ناسکۆڵەی نازەنینێ
یاخودا بەخێربێتەوە
یاری زەڕا شیرینم
پیرەمەگرونەی " گیانە " بەرزی قەڵاتێ
ئەوکچە گەورەکەی " لەیلێ ـ بەڵکو "(٤) ماچمان بداتێ
دوسەر ......
نەخۆش ومەستی " گیانە " دوچاوی کاڵم
هەقم بەدەستە " لەیلا " هەربۆت بناڵم
دوسەر .....
یاخوا هەرشەوبێ " گیانە " لەرۆژبێزارم
نەوەک بەدکاران " لەیلا " پەی بوەن بەکارم
دوسەر ....
چنارە بەرزەی " گیانە " سەرلەحەوتەمین
قەفقەف دێنە خوار " لەیلم " بۆبالآی ئامین
دوسەر ....
ئیمشەو لەرۆرۆی " گیانە ـ لەیلا " ئەودڵەی ناشادم
دۆستی دوور وڵات " لەیلا ـ لەیلێ " کەوتۆتە یادم
دوسەر .....

سفارش مخصوص فروشگاه احمدی
سقز ـ خیابان پهلوی تلفن ۳۰۸
حق چاپ وتقلید محفوظ ومخصوص است
دوسرلەسرسرینی
خوانندەگان : برادران زی زی
M 45

---

(١)ـ هەموو نیودێڕێک دوجار ئەوترێ . تەنیا سەربەندەکەنەبێ یەکجار ئەوترێ
(٢)ـ ئەو وشانەی لەناوکەوانەدا دانراون . لەئەصڵی هۆنراوەکەدا نین .
(٣)ـ پێم وایە قافیەی دێڕەکانی ئەم سەربەندە بەپیتی " م " دێتەوە .
(٤)ـ ئەگەر دوو وشە لەکەوانەکەدا بوو، ئەوە ئەگەیەنی ئەو بەشەهۆنراوەیە دوجار دوبارە ئەبێتەوە وهەرجار یەکێک لەووشانەی لەگەڵدایە .



## هه‌للامه (١)

ئه‌ی بۆ هه‌للامه شیرین هه‌للامه
به‌وده‌سره‌ی ده‌ستت ( گیان گیان گیان ) کفنم ته‌مامه
به‌وده‌سره‌ی ده‌ستت کفنم ته‌مامه
به‌وبه‌رزی بالآت به‌ودیده‌ی ته‌یرت
مه‌گه‌ر ئێواران تێربکه‌م سه‌یرت
ئه‌ی بۆهه‌للامه شیرین جا بۆچی
ماچمان پێ ناده‌ی جنێو مانای چی
ره‌نگ زه‌ردو زه‌عیف لێوبه‌باری تۆم
عالم بیزانێ گرفتاری تۆم
ئه‌ی بۆهه‌للامه شیرین هه‌للامه
به‌وده‌سره‌ی ده‌ستت کفنم ته‌مامه
غه‌مباروغه‌مگین لێوبه‌باره‌وه
ئه‌منت موفته‌لام له‌پێراره‌وه
ئه‌ی بۆهه‌للامه شیرین جابۆچی
ماچمان پێ ناده‌ی جنێومانای چی
ره‌نگ زه‌ردوزه‌عیف لێوبه‌بارت بم
به‌فدای مه‌مکۆڵه‌ی دوهه‌نارت بم
ئه‌ی بۆهه‌للامه شیرین جابۆچی
ماچمان پێ ناده‌ی جنێو مانای چی
کۆرپه‌ی دڵه‌که‌ی من گریه‌وزارئه‌کا
بۆخوت ده‌زانی بۆهاوارئه‌کا
ئه‌ی بۆهه‌للامه شیرین هه‌للامه
به‌وده‌سره‌ی ده‌ستت کفنم ته‌مامه



هلامه
خواننده‌گان : برادران زی زی

---

(١)- هه‌ربه‌ندێکی ئه‌م گۆرانیه له‌دێرێک هۆنراوه پێک هاتووه ، هه‌ردێره‌ش دو به‌شه ، هه‌موجاری هه‌ربه‌شێک دووجار ئه‌وترێ ، به‌شی دووه‌م جارێک له‌گه‌ڵ ( گیان گیان گیان ) داوجارێکی تر وه‌کو خۆی ئه‌وترێ .






دەنا ئامین[١]

" ئای " دەنا ئامین رۆینەی هەڵگرت
" های " بەبای شەماڵ مەمکی خڕکرد

" ئەری وەی ـ هەی " گۆزەی هەڵگرت چوبۆئاوێ
" ئای " ماچێکی بۆمن بهاوێ

" ئەرێ وەی ـ هەی " جەرگم لەت لەتی باڵاتە
" های " بەوخاڵەی لەسەر کولمەتە
" های " عالەمێکی بەحەسرەتە

" های " دەنائامین روێنەی هەڵگرت
" های " بەبای شەماڵ مەمکی خڕکرد

ئای دەنگ " تۆ ـ های " دەنگ دەنگی کەودێ
" هەی دەنگی پێمورەی کەوکەودێ
قەولی دا بوپێنجی[٢] شەوبێ

دەنائامین ....

" ئەرێ ـ های " مەجنون وای لێ نەقەوماوە
وەک من جەفای نەکێشاوە
" هەی " رەنجەڕۆ خۆم لێم تۆراوە

دەنائامین ....

---

(١)ـ لەبەندی ( ١ ـ ٢ ـ ٤ ـ ٦ ـ ٨ ) ئەم گۆرانی‌یە دا هەربەشە هۆنزاوەیەک دوجار ئەوترێ . بەڵام لەبەندی ( ٣ ـ ٥ ـ ٧ ) دا بەشی یەکەم .و سێ یەمی هۆنراوەکە دوجاروبەشی دوەم یەکجار ئەوترێ .

(٢)ـ پێم وایە لەجیاتی وشەی پێنجی دەڵێ " فێنکی " ، بەڵام کاک حسین خۆی سورە لەسەرئەوەی وشەکە خۆی تەواوە .



## توخودا فاتم(١)

توخودا فاتم دەوازبێنە
غەریبم دڵەکەم مەشکێنە
هێواش هێواش دەمت بێنە
مەجنون وای لێ نەقەوماوە
وەک من جەفای نەکێشاوە
رەنجەڕۆخۆم لێم تۆراوە
توخودا فاتم ....
" ئای " غەریب مابووم لەتارانێ
فرمێسکم دێ وەک بارانێ
کوشتەی تۆم خودا دەیزانێ
توخودا فاتم ....
" ئەرێ " هەی دادوبێ داد ـ هەی بێ داد ـ خزمینە
ئاوری بن پۆلوان بەتینە
کوشتومی خاڵی ئامینە
توخودا فاتم ...
ئەی خانم خانم خانمەوە
دەچیە کانی زووبێرەوە
غەریبم بێ‌بمبەرەوە
تۆراوم ئاشتم کەرەوە
توخودا فاتم .....
هەرچەند فکرانی لێ دەکەم
عیلاجی دەردی دڵ ناکەم
توخودا فاتم ....
زوڵفی تۆم بۆیە خۆش دەوێ
تاوتاو لەکوڵمی دەکەوێ
تاوهەڵدێ لەنیمەی شەوێ لەبەرتاوی ـ چاوی ـ کەس ناسرەوێ
توخودا .....




---

(١)ـ بەندی ( ١ تا ٧ لەگەڵ ٩ ـ ١١ ـ ١٢ )بەشی یەکەمی هۆنراوەکە سیانیە کە ٢ جاروبەشی دوەم یەکجارو بەشی سێ یەم دووجارئەوترێ ٠ بەندی هەشتەم ( ٢ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢ ) و بەندی دەیەم ( ٢ ـ ٢ ) بەندی دوازدەهەم (٢ـ١ـ١ ـ ٢) ئەوترێ ٠



دەسماڵ پەشمینە

" هەی " ڕێواسی باسکە باسکە

هەناری ترش و ناسکە ٢/

پارێزدەبەم بۆئەو کچە

هەڵدەفرێ ـ و ـ دەڵێی ئاسکە ٢/

ئۆخەی دەسرە پەشمینە

فەسڵێ بادەیشەکێنێ ١/

چاوم کەوتوە بەچاوی

جەرگم خوێن دەدەڵێنێ ١/

ئاوری لەدڵم بەرداوە

" کچێ " دوڕڕەولەسەر خەزێنێ ١/

" هەی " بەئاستەم خۆت بنوێنی

مەجبورم دێمەسڵاوت ١/

شێتی باڵای بەرزت بوم

وەختە بمرم لەتاوت ١/

ئەڵوەدەی چاوی کاڵت

شەهیدی زوڵفی خاوت ١/

سەروماڵم دەفرۆشم

بۆزێڕی تاس کڵاوت ١/

ئۆخەی ......

" هەی " شێت وشەیدات کردوم

" کچێ " دوڕڕەو لەسەرخەزێنێ




دۆلارە لەنێو لیران

مێوژی لەنێو هەنجیران ٢/

مەمکی یارم هێند توندە

بۆم بەپەنجە نەگیران ١/

ئەوکچە بارگەکەی لێنا

دنیای بۆکەوتەگریان ١/

ئۆخەی ......

دەوای دەردەکەم زارا

زێڕی هەژدە عەیارە /٢
" هەی " دەڵێم بێنە ماچتکەم
" کچێ " قازانجت یەک و چوارە /١
ئۆخەی .....
" ئەرێ " هەرچی کەمن هەولّم دا
یاربێت بەحەلاڵم /١
چی بکەم خودانەیدامێ
فریشتە لەگەڵ ئیقبالم /١
لەبەردووری وبێ کەسی
زۆرچاکە کوچە ماڵم /١
تیرێکی لەجەرگمدا
تاکودەمرم دەنالم /١
ئۆخەی .....
جەرگ ودڵ وپەراسوم
هەموی خوێن دەدەلێنێ
شێت وشەیدای کردم
دوورەو لەسەرخەزێنێ
جوانی بەینەلا جوانی
باڵ بەئەستۆم زۆرجوانی
بەگزادەی لای بۆکانی /١
" هەی " دەڵێم دەس لەملانت بم
بۆچ بەدەردم نازانی /١
ئۆخەی .....
بەگرمەی دەلێی هەورە
بەهارەی دەلێی بایە /١
" هەی " نەخۆشم بۆلێوئالێ
لەبەر لەنجەی توبایە /١
لەو وەختە ئەو ژنەم دیوە
قەتکەسم وەبیرنایە /١
وەرن جەرگم هەڵدڕن
بزانە چیم لەدڵدایە /١
هەموی داخ وحەسرەتە
" کچێ " لەبۆدوری لەیلایە /١




## دەزگیران(١)

" ئەرێ " قوربانت بم ئەی بای شەوێ — دەزگیران
خەوبێ و لەچاوم ناکەوێ — دەزگیران
دڵ مەجنونە لەیلی دەوێ — دەزگیران(٢)
" ئای " هەنم بگرن بەسێ و بەدوو
بم بەنە گەرەکی ژورو
شینم بۆبکا بوکوخەسو

" ئەرێ " ئەو لەیلایە خۆم دەیزانم
بەردی بۆبکێشم بەشانم
هێشتا منەتە بەگیانم

قوربانت بم چاوی چاوم
لەسەرتۆ زۆریان لێ داوم
وام زانی ـ لام وایە ـ حەڵاڵت کراوم

" ئەرێ " غەریب ماوم دەکەم زاری
دەکەم شین و بێ قەراری
لەو عیشقی گۆنای نازداری

" ئەرێ " ئەوچاوانەی ـ چاوانە ـ هەڵیان دێنی
بەکلە و دەرمان دەی ڕەنگێنی
ڕۆژنی‌یە مردوم لێ نەمرێنی

قوربانت بم ئەی فاتمە
مەمکی شەمامەی گم گمە
خۆم قاوەچێ پێم لازمە

---

(١)ـ دەبەندی ئەم گۆرانی یە بەم شێوەیە ئەوترێ : ( ٢ ـ ١ ـ ٢ ) بەڵام بەندی یانزەهەم بەم جۆرەبە ( ٢ ـ ٢ ) بەندی دوازدەهەم ( ١ ـ ١ ـ ١ ـ ٢ ) ە

(٢)ـ لەپشت هەرخەتێک نوسراوە وشەی دەزگیران هەیە وەکوبەندی یەکەم کە نوسراوە .

هەروا دەڕوا دەکا رەوتێ
هەروەک کۆتری بەرمزگەوتێ
سوتام برژام چۆقم کەوتێ

" ئەرێ " چاوت ئەستێرەی دەریازی
هەڵیان دێنی چەند بەنازی.
بۆمردنم ئاوات خوازی
" ئەرێ " قەسەم بەرەحمان و رەحیم
تالەو دونیایەی دا بژیم
نایێنم مەیلی یاری قەدیم

" ئەرێ " چاودەگێرم لەچاوانی
وەختە بمرم لەسوێیانی

" ئەی " بەرامبەرم دامەنیشە
ئەو عادەتەی کردبەپیشە
ئەوغەم لەتۆیە لەمنیشە
جەرگی دەرهێنام لەڕیشە




فروشگاه رادیو ایران

| | |
|---|---|
| 1221 | 3259 A |
| 1222 | 3259 B |

شیرینێ و خانم

" ئەرێ ـ هەی " شیرینێ و خانم
هاتیەوە باوانم /٢
" هۆ " قسەی لەگەڵ ناکەم
چونکە نەیلاوانم /١
ئەو رەنگەت بۆوا زەردە
هەی ماڵی وێرانم /٢

١ ـ شیرنوخانم
٢ ـ شیرنوخانم
خوانندەبرادران زی زی

" ئەی " دەڵێن ـ دەڵێم ـ لەوبانە خۆم بخەمە خوارێ /٢
خۆم بخەمە باوەش گێلەدارێ /٢

مولن روژ
١ – شیرینو خانم A 3259 1221
٢ – شیرینوخانم B 3259 1222
خواننده:برادران ن.ز.ی
تهران – پشت شهرداری تلفن : ۳۰۶۵۱

" ئەرێ " شیرینێ و خانم
هاتیەوە باوانم /١
مرقسەی لەگەڵ ناکەم
چونکە نەیلاوانم /١
ئەو رەنگەت بۆ وازەردە
های ماڵی وێرانم /٢
" ئەرێ وەی " شێخانی شەمزین پیری بیارە /٢
خەم لەدڵەکەی من شوێنی دیارە /٢
کفنەکەم ببرەلەکراسی زارا /١
ئای شیرینێ وخانم
" هەی " رەنگ زەردو زەعیف لێوبەباری تۆم /٢
عالم بیزانێ – دەیزانێ – گرفتاری تۆم /٢
ئای شیرینێ و خانم ......
ئەوشەو لەخەوما دووربا تۆ مردی /٢
" ئەی " لەزووان – زوبان – لال بم " کچە گیان " دوعام لێ کردی /٢
ئای شیرینێ و خانم......
بم کەبەخاتردوکوڕی مندالّت /٢
بێ بەشم مەکە " وەی " لەخەت وخالّت /٢
ئای شیرینێ و خانم
دوست مەنیجەو گیانم /٢
شەوێ بەدزی دایکەکەت
بێ و بوەبەمیوانم /١



ئەو رەنگەت بۆوازەردە
ئەی ماڵی وێرانم /٢

خاڵێ هاوەبان کۆنای پیرۆزۆ /٢
وەک شەم دەسوتێ " هەی " بەنەکەرۆزۆ /٢

ئای شیرینێ وخانم
دۆست مەنیج باوانم
شەوێ .......

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1221 | COPYRIGHT CONTROL | M45 | 3259 A |
| 1222 | COPYRIGHT CONTROL | MI45 | 3259 A |

دلێر ئیبراهیم

2



# حەمە جەیران

# و



# عەبدوڵڵا جەیران

## ٢- " حەمە جەیران "

دەمێک بوو بۆیان باس کردبووم کاتی خۆی گۆڤارێکی رادیۆی تاران هەبووە لەیەکێ لەژمارەکانیدا دەربارەی بەرنامە کوردیەکەی رادیۆی ئێران و گۆرانی بێژە کوردەکانی نوسیوە، زۆر گەرام لەهەموو شارەکانی ئەم دیو ئەوژمارەیەم چنگ نەکەوت، بۆیە بێ هیوا بووم لێی و سارد بوومەوە، تا بەهۆی ئیشێکی تایبەتیەوە رێم کەوتە بێدەلانی سەردەشت و هەندێ پیشمەرگەی خۆمان لەو ناوچانە ئەرکیان پێ سپێرابوو کاتێ منیان دی ئەیانزانی لەتیپی مۆسیقای شەهید کارزانم، هاتنە لام و وتیان بیاوێکی بەتەمەن هەیەلێرە چایچی یەو کەپرێکی نایلۆنی کردووەو کاسبی ئەکات، دۆڵی بێدەلان جیگای قاچاخچی وئالوگۆری کالای قاچاخ بوو لەبەینی ئێران وعێراق دا، جگەلە پێشمەرگە هێزی تر لەو دۆڵە دەستی نەئەرۆیشت و دەسەلاتی نەبوو تیایدا، چوینە چایخانەکەوە کابرایەکی تێکسمراوو پرو بالابەرزو بەتەمەن و تۆکمە بەخێر هاتنی کردینو براکان بەیەکتریان ناسانین وەبەمنیان ووت ئەوە کاکە (حەمە جەیران)ە دیارە تەنیا ناو هێنانی بەسە بۆئەوەی بزانیت کاتی خۆی ئەم پیاوە چی کردووە، یەکی لەو تایبەتمەندیانەی ئەم گۆرانی بێژە ئەوەیە کە (کوردی خالصە) بێ غەلو غەشەو لەناوجەرگەی میللەتەوە هەڵقولاوە، جاری ئەوە حەیران بێژێکی بێهاوتایەو لەدانانی هۆنراوەی حەیراندا ئەکرێ بڵێین کەس شان لەشانی نادا کاتێ دانیشتین کاکە حەمە دەستی کرد بەگلەیی لەبەختی خۆیی و منیش ئەم مەسەلەیەم زۆربە دڵ نەبوو...... بەلام کاتێ راستی شتەکانی بۆ دەرخستم تێگەیشتم ئەم برا هونەرمەندە لەشتێک بێزار بووە هەقی بەدەستە، وەکو خۆی ووتی من تەمەنم لە " ٧٠ " ساڵ تێپەڕیوە لەتاو قەرزاری شاری سەردەشتم جێهیشتووەولەم دۆڵەدا کاسبی ئەکەم کەچی لەوەخت و ناوەختدا برادەران دێنە چایخانەکەو دائەنیشن و ئەگەر چایەک داوابکەن ئەبێ بەدوو گۆرانیەوە بیخۆنەوە، هەرواش بووم ئەو دوو رۆژەی لەو ناوەمامەوە ئەوەم بەچاوی خۆم بینی رنگەئەوەلە خۆشەویستیدا بوبێ بەلام بەجۆری بوو لەزەتی تیانەمابوو.

کاکە حەمە زۆری پێ خۆش بوو کاتێ تێگەیشت من لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلیمانی کارم کردووەو لەسەنگەری پێشمەرگایەتیدا تیپێکی مۆسیقامان هەیە بۆیە گۆرانیەکی بۆ ووتین بەسەر یەکێ لەسەرکردە تازەکانی شۆرشی کوردستاندا هەڵدرابوو دێرێکی سەربەندی هەبوو ناوی ئەوبرایەی ئەهێنا کەرابەری شۆرشی ئەم جارەیە، دوایی حەیرانێکی زۆر خۆشی بۆ ووتین ناوی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و شاخ و کوێستانەکانی تیادا ئەهێنا، زۆر سەرنج راکێش بوو، ئەوەی تەواو کرد ئینجا گۆرانیەکی بۆ ووتین لەسەر ئاوارەیی، باسی کیمیاوی و دەربەدەربوون و وولات جێهشتنی تیا بوو لەسەر بەندەکەیدا ئەیووت ( ئەی ئاوارەی فەلەستین) منیش سەرنجێکم لەهۆنراوەکەدا هەمووی ئاوو هەوای کوردە

واری یەو باسی کیماوی تیایەو واتێگەیشتم ئەم ووشەی(فەلەستین)ەبەزۆرتێکەڵ کراوە ، کاتێ ئەو سەرنجەی خۆمم پێ ووت وتی راستە من دڵم بۆ ئاوارەیی و دەربەدەری کورد سوتاوە ئەم گۆرانیەم داناوە بەڵام بەم شێوەیە بێ سەلامەت و بێ وەیە . لەبەر ئەوەی تەمەنی زۆر بوو رۆژانەش هەرلەبەیانی زووەوە تاشەو درەنگ کاری ئەکرد بۆیە لەکاتی گۆرانی ووتنەکەیدا زۆرجار دەنگی ئەنوساو هیچی بۆنەئەوترا،بۆ دواجار کە دوا دێڕی بۆ ووتین قورگی پڕ بوو لەگریان و بەدڵێکی پڕ لە گریانەوە وتی جاران دەنگم زۆر خۆش بوو ئێستا پیر بووم کەی وەختی گۆرانی وتنمە ، درەنگ هاتون گوێم لێ ئەگرن ، زۆر دیمەنێکی دڵتەزێنی هەبوو دوای ئەوەی بەگەرمی دەم خۆشیمان لێ کرد فرسەتم لێهێناو وتم کاکە حەمە ئێوە پیر بوون و من ئەمەوێ هەندێ پرسیارتان لێ بکەمو وەڵامم بدەنەوە بۆ ئەوەی لە گۆڤارێکی خۆماندا بڵاوی بکەینەوە، ئەویش رازی بوو، لە وەڵامدا وتی من هیچ وەختێ دەربارەی ژیانم هیچم بڵاونەکردۆتەوە تەنیا یەکجار لە گۆڤاری رادیۆ تاران وێنەیەکی منیان بڵاوکردۆتەوە ئێستا ئەو گۆڤارەم ماوە . دوای چەند پرسیارێک بۆم روون بوەوە ئەوەی کاکە حەمە باسی لێوە ئەکات هەر ئەو ژمارەیەیە کەمن بەدوایدا عەودالم، لەدڵی خۆمدا وتم من ئەم هەموو ئاوەدانیە گەرام ئەم ژمارەیەم دەست نەکەوت لەم چۆڵەوانیەدا بۆم پەیدابوو ،




مجله رادیو ایران
صاحب امتیاز و مدیر مسئول
دکتر ناصرالدین شاه‌حسینی
مدیر داخلی داود فخر
زیر نظر هیئت تحریریه
تلفنهای ۱۱۶۴ـ۵۱۱۶۵
بها ۵ ریال
شماره ۳۵ تیرماه ۱۳۲۸
چاپ اطلاعات

بەداخەوە دوای ئەوەی ئەو ژمارەیەم دەست کەوت بۆم دەرکەوت هیچی وانی یەجگە لەوەی چەند وێنەیەک و چەند ناوێکی بڵاوکردۆتەوە لەوانەی لەبەرنامەی کوردیدا کاریان کردووە ، کاتێ کاکە حەمە ڕازی بوو ئەوانەی ئەمانەوێ پێمان بدات زۆرم پێ خوش بوو بەڵام وتی ئەم هەفتەیە زۆر سەرم قاڵە لەهەفتەی ئایندەدا لەگەڵتان دائەنیشم ، منیش پرسیارەکانم دایە دەست کاک بەختیار عومەرکەیەکێک بوو لەو پێشمەرگە دڵسۆزانەی بەردەوام کۆرسی تیپی مۆسقای شەهید کارزان بووە ، ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی خۆی و وەڵامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە نوسیەوە، شایانی باسە تێبینیەک ماوە لێرەدا تۆماری بکەین ئەویش ئەوەیە کاک محمدناوی هەندێ هونەرمەندی هێناوە بۆمان نەکرا ساغی بکەینەوە هەروەها هەندێ مەعلومات باس ئەکات پشت بە بۆچون و بیرەوەریەکانی خۆی ئەبەستێ لەو مەسەلانەدا .

ناوم "محمد جلیل خلیل" ە شوهرەتم "جلیل زادە" یە لەساڵی ١٢٩٥ لە گوندی(سی سیر) ی ناوچەی(سەردەشت) لە دایک بووم، ئەم گوندە دەکەوێتەسەر رێی (مهاباد ـ سەردەشت) ، دایک و باوکم خەڵکی ناوچەی جەنگەڵی(گەورک)ە، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان سەردەشت و چۆمی سەردەشت، شەش ساڵان بووم باوکم کۆچی دوایی کردووە، ساڵێک لەمەرگی باوکم تێ پەری دایکیشم کۆچی دوایی کرد، جەیرانی خوشکم کە هێشتا تەمەنی ١٥ ساڵان بوو ئێمەی گرتۆتەخۆی وبەخێوی کردوین و هەرئەمە بۆتە هۆی ئەوەی ناسراوبم بە (حەمەجەیران) .

-٢-

باوکم لەزەمانی "رەزاشا" دا تاپولی شەشەمی خوێندبوو، لەشاری سابڵاغ بوبوە ( موعەلیم ) بەڵام لە قوتابخانەی دەوڵەتیدا دەرسی نەوتۆتەوە، لەدێی (مەکلاوێ) بووەبە (میرزا ) ی(خدر ئاغای مەکلاوێ) خدر ئاغا ، ئاغای ناوچەی (گەورکان) بووە .... باوکم لەوێ دەرسی بەخەڵکی گوندەکە وتوەو کاروباری ئاغاشی بەرێوە بردووە، هەروەها قورئانیشی خوێندووە،(خدر ئاغا) ش لەجیاتی دەوڵەت ( مەعاشی) داوەتێ، باوکم بۆ قورئان خوێندن دەنگێکی خۆشی هەبووەو خەڵک بەبیستنی دەنگی شاد بوون و حەزیان لەدەنگی کردووە، هەر لەو دێیە باوکم کۆچی دوایی کردووەوقەبرەکەی لەوێ یە .

من لەلای باوکم تاکلاسی(یەکی) دەبستانم خوێندو پاش مەرگی باوکم لەبەر هەژاری وازم لەخوێندن هێناوە هەردوای مەرگی باوکم و دایکم بەماوەیەک جەیرانی خوشکمیان لەکابرایەکی دەوڵەمەند،کەتەمەنی ٧٠ ساڵێک بو مارەکرد، تالەسایەی ئەودا ئێمەیش بتوانین ژیان بەرینە سەر،وەکو من لەبیرمە جەیران بە (٦٠ ) تمەن شوی کرد، ئەوکاتە ژن هێنان هەرزان بوو بە (٢٠) تمەن تەواو ئەبوو...... بەڵام پاش ماوەبەک وازمان لەماڵی خوشکمان هێناو چوین بۆناوچەی بۆکان لەگەڵ کاک(عەبدوڵڵا جەیرانی) برامدا . لەگوندی(سەرباخچە ) لەلای (ئیبراهیم خاتوزین) کە کابرایەکی دەوڵەمەند بوو کارمان ئەکرد،کاری کشتوکاڵ بوماوەی(٣ـ٤)ساڵێک ماینەوە، کاک ئیبراهیم زۆر ئیهتمامی پێ ئەداین وخزمەتی ئەکردین ، هەر ئەو کاتانە کاک عەبدوڵڵای برام بەدەنگ خۆش ناسراو شوهرەتی دەرکردو هەروەها لەناو خەڵکیشدا بلوێری لێئەدا . هەرچەندە منیش دەنگم خۆش بوو بەڵام لەگەلیدا بەشدار نەئەبووم ، خولیای خوێندەواری لەسەری دابووم دوای هەولێکی زۆربەتایبەتی لەساڵی ١٣٣٣دا بۆتۆمارکردنی گۆرانی چومە تاران لەوێ لەلای ( سەیدحەلیمی کرماشانی) کەرۆژنامە فرۆش بوو بەتەواوی فێری خوێندن ونوسین بووم، زۆرکەسی تریش یارمەتیان داوم هەمیشە لەیادما ماون .

هەرلەمنداڵیەوە دەنگم خۆش بوو، کاتێ تەمەنم "٥" ساڵان بوو، ئەو گۆرانیانەم ئەوتەوە کەلەناو خەڵکدا باوبوو، یەکێ لەو گۆرانیانەی ئەو سەردەمە لەناو خەڵکدا مەشهور بوو من ئەمتوانی بیلێمەوەگۆرانی(بارانەو بارانە) بوو.

ئەو گۆرانیانەی ئەموتەوە خۆم فێری ئەبووم، کەس فێری نەئەکردم ، ئەو وەختە رادیۆ نەبوو، بەڵکو تەنیا ئەوان هەبوو، زۆر گوێم لەگۆرانیەکانی ( سەیدعەلی ئەسغەر ) ئەگرت بەڵام لێوەی فێر نەدەبووم، تەنیا گۆرانی(یارغەزالی و ئەری کورتێم) لەگەڵیدا ئەوتەوە، هەمیشە حەیرانم ئەوت و بەدائیمی لەسەر دەمم بوو .

بۆ دابین کردنی گوزەران لەگەڵ خەلکی دەچومە کوێستانەکان بۆ کردنی ( کەتیرە ) لەکاتی ئیش کردندا گۆرانیم ئەوت ، بچومایە هەرجێگایەک ئاشنایەکی لێبوایە گۆرانیم دەوت بەڵام بەبێ پارە وەرگرتن و هیچ کاتێکیش لە شایی و زەماوەندا گۆرانیم نەوتوە لەو سەردەمانەدا گۆرانیەک هەبوو زۆر ناوی دەرکردبوو لەناوچەکەدا بەناوی(کالێ لێ رابیلێ) من دەم وتەوە .

بویەکەم جار لەساڵی(١٣٣٠)دا چوومە شاری سنە بۆ گورانی وتن، ئەو کاتە لێپرسراوی رادیۆی سنە ئاغای(قادر بەنا ) بوو، لەسنە مەسئولی مۆسیقا ژەنەکان بو کە ژمارەیان دوانزە کەس بوون و ئێستا ناویانم لەیادنەماوە ،مەسئولەکەیان ئاغای(کەمانگەر ) بوو کەمانیشی لێئەدا زۆر ئوستاد بوو لەگەڵ کەمانەکەی ئەم هونەرمەندەدا گۆرانی(ئای نازدار عەمرم نازدار )و حەیرانێکم تۆمار کرد .

— ٤ —

لەسالانی پێش (١٣٣٠)دا چەند جارێک چووم بۆ ناوچەی پشدەری عێراق لەوێ ئەیانناسیم هەڵبەتە وەکو گۆرانی بێژێک ، لەوێ لەمیوانداریشدا گۆرانیم ووتوە دیسان بێ پارە وەرگرتن ، لەساڵی(١٣٣٠) دا چومەوە بۆ ئەو ناوچەیە لەوێ بە (رەسولی حەسەن ئاغای پشدەر) یان ناسانم کەئەیانووت( نوێنەری مەجلیس ) بوو لەزەمانی مەلیک دا لەناوچەی(رانیە وقەڵادزی) لەسەر حسابی خۆی بردمی بۆ بەغداد ولەئوتێل(شیمالکەبیر ) دابەزین و بۆ ماوەی دوو هەفتە ماینەوە و باشان چوومە لای کورەکانی(مەحمود ئاغای هێرۆ ) کەبەهۆی کاک رەسولەوە پێیان ئاشنا بووم ئەو دوو کورەش دۆستی هونەرو گۆرانی بوون و لەگەڵ رادیۆی کوردی عەلاقەیان هەبوو بەم هۆیەوە منیان بردە رادیۆی بەغداد ـ بەشی کوردی ـ لەوێ چەند کەسێکم ناسی لەوانە (مامۆستا رەفیق چالاک ، شێخ حەسەنی شیخ حەمە مارف ، مامۆستا عەلی مەردان ، مامۆستا تایەر تۆفیق ،شەماڵ صائیب ، وەهەندێکی تر کە عەرب بوون ، ماموستا شەماڵ صائیب لەوێ مەسئول بوولەگەڵ چەند گۆرانی بێژێکی تر کەنەم ئەناسین لەوێ لیژنە بوون ، پاش تاقیکردنەوەم لەلایەن ئەو مامۆستایانەوە نزیکەی ١٧ گۆرانیم لەرادیۆی بەغداد تۆمار کرد. یەکەم گۆرانی حەیرانی(چیای نستانێ) بوو هۆنراوەکەی هی خۆم و مامۆستاشەماڵ صائیب و ئەوان مۆسیقایان لێئەدا .

باشان(لاوک)ی(دوو ماڵ جیرانی ئێمەن) ئاوازەکەی هی خومە جگە لەم دوو حەیرانە ئەم گۆرانیانەشم لەوێ تۆمار کرد .









١- دەنگ دێ لەشیلانەکەی		ئاوازی خۆمە
٢- باخەوان خۆم غەریبم		ئاوازی خۆمەو دوای من بڵاوبۆتەوە
٣- ئەی فاتم عەمرم فاتم - بێ کەپرم بێ ساباتم/ئاوازوهۆنراوەی خۆمە .
٤- لانکۆلێ/ ئاوازی خۆمەو .... دوایی هونەرمەندحەسەن زیرەک وتویەتیەوە.
٥- هەرمێ یاهەنار بێ		ئاوازی خۆمە .
٦- غەم خۆرو نازەنینم		ئاوازو هۆنراوەی خۆمە

ئەوانەی ترم لەیاد نەماوە .

ئەو کاتە لەرادیۆ هەر چوار هەزار گۆرانی تمەنیان ئەداینێ ،دیارەبەدیناز بێیان ئەدایین ، رۆژانە لەرادیۆی بەغدا تەمرینمان ئەکرد، مامۆستا شەماڵ طائیب مەسئولمان بو . بەم جۆرە شوهرەت پەیداکردنم لەرێی رادیۆی بەغداوە

بوو،. پاشان گەڕامەوە ئێران و چوومە شاری مهاباد ، ئەوسا لەوێ رادیـــوی لەشکری پێنج هەبوو، ئەم رادیۆیە تەنها شەوانە بۆ ماوەی سەعاتێـــک کاری ئەکرد، کارکردنەکەیشی راستەوخۆ(مباشر) بوو واتە لەسەر نەوار تۆمار نەئەکرا بەڵکو گۆرانی بێژ لەبەردەم مایکرۆفۆن داڕائەوەســتاو گۆرانی خۆی ئـــەوت . لێپرسراوی ئەو رادیۆیە (سەرهەنگ رادپور) بو، کە خۆی(ئەرتەشی)بو، شەوانە هەر گۆرانی بێژێک دەچوو دوو گۆرانی دەوت و دەگەڕایەوە، یەکێ لەو گۆرانی بێژانە کاک ( محمدی مالمێ) بوو ، ئێمە زۆر برادەربوین، لەدەرەوەی رادیۆ زۆر بـــە یەکەوە دەبوین و بەدوقۆڵی گۆرانیمان ئەوت ، لەو رادیۆیە مانگی حەفتا تمەنیان دەداینێ و ماوەی یەک ساڵ لەوێ بووم ، بەرۆژ هیچ کارێکم نەدەکرد تەنیـــا رادیۆ سەرچاوەی ژیانم بوو، لەدوای ئەو ساڵە ، رادیۆکە گوێزرایەوە بۆخانە، لەماوەی ئەو ساڵەدا زیاتر لەپەنجا بەرهەمم لەو رادیۆیەوە بڵاوکردەوە، لەو گۆرانیانە کەلەساڵی(١٣٣٢) داوتومە .

١ـ حەیرانێک بوو ...... دیارە حەیران هەر هەیە بەڵام هۆنراوەکەی خۆمدام نابو شایانی باسە ئەو کات کاک ( محمدی مالمێ) گۆرانی(ریحانم دێرا ودێراون)ی دەوت .
٢ـ گۆرانی لێدەن پێش باران ... هەواری کەندو لەندان ) ئەم گۆرانی یـــە وترابومنیش دەم وتەوە .

لەساڵی ١٣٣٣ ی هەتاوی دا . کاتێ رادیۆکە گوێزرایەوە بۆ خانە، منیـــش خەریکی کـــــــردنی(کەتیرە ) بووم لە کوێستانەکان .
لە کۆتایی ساڵی(١٣٣٣)و سەرەتای(١٣٣٤)دا بو، نامەیەکم ناردبۆ ئیزگـــەی تاران ـ بەشی کوردی ، موافەقەتیان کرد لەسەر چوونم، یەکەم نەفەر بووم لـە ناوچەی مهابادەوە چومە ئەوێ، کاتێ گەیشتمە تاران چومە مەیدانی(توپخانە ) و لە موسافیرخانەی(حەقیقەت) مامەوە، ئەو کاتە هەموو ئەو کوردانەی ئەچوونــە تاران لەم موسافیرخانە ئەبوون،، پاشان چووم بۆ بەشی کوردی رادیۆی تاران، یەکەم کەسێک کەبینیم مامۆستا ( شوکروڵڵای بابان ) بوو، ناوبراو ئەوسا سـەر پەرشتی بەشی کوردی بوو، ئەم برایانەش لەوێ کاریان ئەکرد .

---

١ـ عابیدی سیراجەدینی ـ موتەرجیم بوو .
٢ـ موحەمەدی موفتی زادە .
٣ـ مەلا ئەحمەدی موفتی زادە ـ بەرنامەی مەزهەبی دەنوسی و بڵاودەکردەوە .
٤ـ عەبدولرەحمانی موفتی زادەش لەوێ بوو .

سەعاتی چواری پاش نیوەڕوی ئەوکاتە بەو پینج برایە ناسینرام وئەوانیش چون موهەندیس (مۆشیری هۆمایۆن)[1] کە ئوستادی مۆسیقا بوو، تەمەنی زۆر بوو، لەسەر عەرەبانەیەک هێنایان ، بۆ گوێ گرتن لە دەنگم و تاقی کردنەوەی بەرهەمەکانی من،حەیرانێکیان پێ وتم و هەرلەو کاتە بێ مۆسیقا بۆیان تومار کردم . مامۆستا (هۆمایۆن) وتبووی دەنگی خۆشە، بەلآم شەرم ئەکاو تەواو دەنگی دەرنایەت ، لەئەنجامدا وەرگیرام و هەزار تمەنیان پێ دام و بردمیان لە موسافیرخانەی(حەقیقەت) حیسابەکەمیان خستە ئۆبالێ رادیۆی تاران، بۆسبەینێ بردمیانە جێگایەک وەکو لەبیرم مابێ پێیان ئەوت ( ئەزمایشگای هونەرهای زیبا ـ ازمایشگاه هنرهای زیبا ) کە موهەندیس (کەیهان) مەسئولی بوو، لەوێ لەبەشی مۆسیقادا (دوانزە ) مۆسیقاژەن هەبوون ، لەژێر سەرپەرشتی( شوکرولڵای بابان)دا کاریان ئەکرد لەناو مۆسیقاژەنەکاندا کاک (حوسەینی زەمانی) مەسئولیان بوو کەخۆی(کەمانچەژەن بوو ) لەو کۆمەڵە ٥ ـ ٦ کەسیان کوردبوون ،پاش هەفتەیەک تەمرین کردن لەوێ گوێزرانەوە بۆ(کلاس میللی) کە (خانەی ژمارەیەکی جەوانا ـ نیشیان) پێ ئەوت ، هەموو ئەو کەسانەی لەوێ بون لەکۆڕی مۆسیقادا کاریان ئەکردو لە هەموو نەتەوەکانی ناو ئێرانیان تێدا بوو، ئەم خانەیە بۆفێربوونی مۆسیقا تەرخان کرابوو،لەو گۆرانی بێژانەی ئەوکات لەوێ بوون :

١ـ حەسەن زیرەک ، پێش من بەمانگیک لەوێ بو .
٢ـ خەلیلی صەدیقی ، خەڵکی مهاباد بو .
٣ـ موحەمەدی طەهماسپی ، خەڵکی بیجار بوو خۆی ئاوازدانەرو گۆرانی بێژبوو.
٤ـ رۆمی ، گۆرانی بێژ خەڵکی سنە بوو.
٥ـ ئاغای نەورۆزی ـ سنە ـ گۆرانی بیژ.

لەرۆژی چوارشەموان دا دەچوینە رادیۆی تاران و گۆرانیمان تۆمارئەکرد، لەو گۆرانیانەی لەوێ تۆمارم کردووە :

١ـ حەیرانێک ، کەلەمانگی یەکەمدا تۆمارم کرد .
٢ـ لەمانگی دووەمدا گۆرانیەکی بادینانیی بو بەناوی(لێلێ مابرۆ) کە (نەسرین شیروان) پێش من وتبوی .
٣ـ گۆرانی(شلێرە)ی مامۆستا تایەر تۆفیقم وتەوە .
٤ـ(ئەی وەی لەرزانە ) ئەم ئەزانی ئاوازەکەی هی کێیە ، بەلآم پاش دەساڵێک دوای من (برایانی زێ زێ) وتویانە .
٥ـ (دڵەکەی وەرگرتم ، وازی لێ هینام) کۆن وترابو، منیش وتمەوە.

---

(١) موشیرهومایون(١٢٦٤ـ١٣٤٨)یەکێکە لەپیانۆ ژەنە بەناوبانگەکانی ئێران لەژێر دەستی مامۆستا (سماع حضور) دا پیانۆ فێر بووە .

٦- (کراسکودەری ئاوریشم)ی مامۆستا عەلی مەردانم وتەوە .

لەو ماوەیەداهەزدە بەرهەمم تۆمار کرد مانگی(نوصەد) تمەنیان ئەداینێ .
پاش (١٣) مانگ لەرادیۆی تارانەوە گوێزرامەوە بۆ رادیۆی کرماشان چونکە ئەیان ووت ئێرە مەرکەزەو بۆ ئێوەمانان گرانە، بەڵام ئەوکاتە من نەچووم ودوای ماوەیەک چوومە کرماشان،لەو ماوەیەدا هەرخەریکی کاسبی یەکەی خۆم بووم کە (کەتیرە) کــــردن بوو .
لەساڵی ١٣٣٧ دا لەرادیۆی کرماشان شەش بەرهەمم تۆمار کرد:
١-(بەشەو ئەستێران دەبژێرم... بەرۆژ قاسید دەنێرم) ئاوازی کۆن بوودارشتنی هۆنراوەکەی هی خۆم بوو .
٢-(وامەکە وامەکە) ، حەسەن زیرەک پاش من وتویەتیەوە .
٣- (دەنکە دەنکەی بەفر) هۆنراوەکەی هی منەو ئاوازەکەی نازانم هێ کێیە .
ماوەی سێ هەفتە لەکرماشان مامەوەو پارەیەکی کەمیان پێدام بۆیە گەرامەوە مهاباد و لەگەڵ تیپی مۆسیقای مهاباد دا دوو گۆرانیم ووت یەکێکیان حەیران بوو ئەویتریش گۆرانی(لەپێشدا... لەپێشدا ) بوو، ئەو کاتە تیپەکە بریتی بوو لە :
١- حەسەنە سوور کە خۆی سەربەرشتی تیپەکە بوو خۆی(عود)ی لێئەداو ئەودەمە زۆر مەشهور بوو.
٢- حەمەی شامراد(تار)ی لێئەدا .
٣- قودرەتی شامراد(زەرب)ی لێئەدا .
ئەم دوو گۆرانیەمان لەساڵی ١٣٣٨ دا لەرادیۆی سنە، تۆمار کرد، لەسەر یەک قەوان بڵاوبووەوە لەدیوێکی نوسرابو(حەیران - محمدجەیران)و لەدیوەکەی تری نوسرابوو(لەپێشدا .. لەپێشدا ) بۆ خۆم قەوانەکەم برد بۆ تاران نیشانی دو شوێنمدا ، یەکەمیان بۆ کارخانەی(رۆیاڵ)و دوەمیان(فرۆشگای کالای فلێبس)ی یەهودیان بو لە خیابانی لالەزار، لەلای هەردوکیان نزیکەی(٥٠٠) پێنج سەد قەوانم لەبەر گرتەوە ، ئەوانەی لای(رۆیاڵ) کرابون باشتربون، ئەمانەهەر قەوانەیان ئەدامێ بەدوو قران و منیش ئەمفرۆشتەوە بەدوو تمەن. پاشان زیاتر لەدەهەزار دانەم لێ گرتەوەو دوو ساڵێک لەسەر فرۆشتنی ئەو قەوانانەژیانم مسۆگەر بوبو. پاشساڵی ١٣٣٨ تاساڵی ١٣٥٧ واتەتا (ئینقیلابی ئیسلامی)(مەسئولی ئیجارەی دار) بووم لە (سەرجەنگەڵداری ورمێ) لەوێ(کەتیرە- قامیش- جیگاهەوار ، پنیشت ، جەنگەڵ) بەکرێ ئەدران بەخەڵکی ، منیش لەوێ کارمەندی دەوڵەتی بووم ومانگانەم وەرئەگرت لەو ماوەیەدا وەکو لەیادم بێ لەساڵی ١٣٥٢ دا بوو لە رادیۆی مهاباد ئەم گۆرانیانەم تۆمار کرد:

١- حەیرانی(سەددی مهاباد) — هۆنراوەکەی هی خۆمە
٢- سەیزادە دوعام لێ ئەکا — ئاوازو هۆنراوەی خۆمە
٣- کیژی بێستانچی — ئاوازو هۆنراوەی خۆمە
٤- گوڵم تۆ گوڵی کوردستانی — ئاوازو هۆنراوەی خۆمە
٥- کاڵێ کاڵێ کەمەرە شۆڕ — ئاوازەکەی هەبو، هۆنراوەی خۆمە.

هەموی تێکڕا هەشتگۆرانی بوون، ئەوانی ترم لەیاد نییە، شایانی باسە ئەو کاتەی ئەم بەرهەمانەم تۆمار کرد برادەرێکم لەگەڵ بوو ناوی(سەیدعەلی رەحیم پور)بوو خەڵکی سەردەشت لەزۆر کونەوە گۆرانی بیژ بوو، تەنیا لە رادیۆی مهاباد چەند گۆرانیەکی تۆمارکرد. چونکە زیاتر گۆرانی بیژی میللی بوو، لەناوخەڵکدا گۆرانی ئەوت، دوای ئەوکارانە بەهەردوکمان دە هەزار تمەنمان وەرگرت. هەرئەوکاتەی لەمهاباد گۆرانیەکانمان تۆمار کردسەرپەرشتی مۆسیقاژەنەکان هونەرمەندکاک (فەیزی نەژاد) بووکەکەمانی لێ ئەداو ئاغای (قادری سەیاحی) بو (قەرەنەی)یا (کلارنێت)ی‌لێ‌ئەداو تورکێک تاری لێ‌ئەدا، هەمو تیپەکە شەش‌کەس‌بوون ئامێرەکان بریتی بوون لە(کەمان - تار - سەنتور-عود- دەفی بچوک - زەرب - کلارنیت ) لێ پرسراوی تۆمارکردنەکە ئاغای ( کەریمی مهاباد)ی بوو کەلێپرسراوی بەشی کوردی بو لەرادیۆی مهاباد . دیسانەوە پاش تۆمارکردنی ئەو گۆرانیانە گەڕامەوە سەر کاسبیەکەی خۆم.

## - ٥ -

خێزاندارمو دوو کوڕم هەبوو، یەکێکیان شەهید بوو کەهەمیشە لە گیانو دەروونمایە و ئەوی تر هەرزەکارەو جارجارێ لەبەر خۆیەوە گۆرانی ئەڵێ.

## -٦-

عەبدوڵلاجەیرانی برایشم کەلەخۆم گەورەترە ئەویش‌چەند بەرهەمێکی تۆمار کردووەو بۆ خۆیشی زەربلێ ئەداو زۆر لەهۆنراوەی گۆرانیەکانی هی منن. کاکە عەبدوڵلام لەمن گەورەترەو لەپێش منەوە دەستی بەگۆرانی وتن‌کردووەو هەرخۆیشی بلوێرژەن بووەو زۆر جاریش پێکەوە گۆرانیمان وتووە هەرچی ئەو بوو پێی باش‌بوو هەمیشە لەناو خەڵکدا گۆرانی بلێ و ئێستاش‌هەر بەردەوامە.

## -٧-

لە سەردەشت لەرۆژی ١٩٩٠/٤/٣ بەخزمەت کاکە (عەبدوڵلا جەیران) گەیشتم‌ودوای ئەوەی پێکەوە نانێکمان خواردو چەند وێنەیەکمان گرت‌هەندێ باسی‌خۆی بۆکردم و هۆنراوەی یەک دوو حەیران و لاوکی خۆی بۆ وتم جگە لەوەی ئەوەی بۆباس کردم کە ئاوازی کاروانە کاروانە هی ئەمە منیش‌ئاوازێکی دیاری کراوی‌کاروانە لەیادمابوو بۆم‌وت‌لەوەڵامدا وتی براکەم(بارانەو کاروانە) لەکوردیدا چل

ئاهەنگیان هەیە ئەوەی من بەم جۆرەیە،کاتێ ئاوازەکەی بۆ وتم زۆر سەرم سورما لەو هەموو ئەصالەت و رەسەنایەتیەی لەو ئاوازەدا بوو، پێم وایە زۆر گورانی بێژ سوودی لەم ئاوازە وەرگرتووە لەگورانیەکانیدا ، بەهیوام ئاورێکی تایبەت لەم مەسەلەیە بدەمەوە، جگە لەمانە ئاگاداری کردم کەسێ حەیران و سێ لاوکی لە رادیۆی بەغدا تۆمارکردووە بەناوبانگەکەیان لاوکی سمایل ئاغایە، وەکو خۆی ئەڵێ ئەم لاوکە هەر هەبووە بەڵام ئەو هۆنراوەیەی لێرەدا بڵاوی ئەکەینەوە هی کاک عەبدوڵلایە جگە لەوەی وەکو خۆی دەڵێ خەم خۆری خوێن شیرینم ئاوازی ئەم بووە.

لاوکی " سمایل ئاغا "

کلدانێک بام لە کلدانی شورێ ،شوکرێ ، دەرێ بەرێ
دەرزیلێک بام ، دەرزیلێک زیو بام ،
دابایانم لەسەر گوێ کەمبەرێ ،
بەدەرێ ئەرێ بەدەرێ
ئەرێ جوانی وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ
باریکێ چاو جوانێ ،
گەلاوێژێ ، زەرد ئەسمەرێ
لە پەنجەرێ
بروانە عدو دان
سمت تەبەقان
گوێ مقەستان
بێننە دەرێ
لێ یان بکەن زینێکی معتەبەر، توندیان بکێشنەوە
تەنگە بەرێ ،
بەزمە هەرایە شەڕە
شەڕێکی گەورەو گرانە
رادیۆیان دانێن
بەرقیان بهاوێنە سەرێ
باوەکێڕن باسێ لەگەڵ هەرامەخەبەرێ،
دەستەو دوعا راوەستن لە خزمەت خودای تەبارەو تەعالا
رابوەستن بەڵکو سمایل ئاغای سمکۆ
بێتەوە لەوی سەفەرێ
ـ کاک عەبدوڵلا دەڵێ ئەم لاوکە زۆر درێژ بوو نەیاندەهێشت هەمووی بڵێم لەبەر درێژی .



## " گۆرانی کاروانە "

کاروانەی لێرەو لەوێ — چاوی لێڵ بوون بۆ خەوێ
بێتۆ دڵەکەم ناسرەوێ — دەچیە کوێ من دێمە وێ

کاروانە هەی کاروانە — کاروان لێی نالـــــەچاکی
عەمری من کەسی کاکی — بۆچ وا ماسوو هیلاکی
وەکو مانگ جەمال پاکی — دۆز گرتن بۆیە فەرزە (خۆشە)
بۆ وەرزیی و غەمناکی

کاروانە هەی کاروانە — کاروان دێ لەکوێستانێ
بەهاران خۆشە بانێ — عالەم دەچنە سەیرانێ
دەستە دەستە جەوانان — دێن بۆ گەردەنەی خانێ
سەیرانە زەماوەندە — لەدەرکی مە گۆوەندە
فەصلی خیلات لێ بانێ

کاروانە هەی کاروانە — کاروانی جافەتی یە
بەبێ تۆ کەیفم نییە — گەردنی ئەڵێی قومری یە
ئاوری لەمن بەرداوە — کۆی یەیان هەولێری یە

کاروانە هەی کاروانە — کاروان لێی نا لەواوان
سینگت هەسانی ساوان — ماسی سوی لەتەنکاوان
نەدەگیرای بەداوان — حالیت کردم بەچاوان

کاروانە هەی کاروانە    بانگم دەکا هەی ڕێبوار
بارەکەت چییە هەنار    چونی دەدەی یەک و چوار

کاروانە هەی کاروانە    کاروان دەڕوا بۆ شنۆ
دەبەر ئەو سینگەت دەمرم    لێم بۆتە بەفری گمۆ
چون ئەو ماچەت نەدا مێ    ئۆبالێ منت بەئەستۆ

کاروانە هەی کاروانە    کاروان لێی نابە شەوێ
لەعەمری ئەمنت کەوێ    قاسپەی دێ هەر وەک کەوێ
بەشەوقی مانگە شەوێ

کاروان هات لە هەنگەوێ    دڵم بێ تۆ ناسرەوێ
ئەو خەفەتەی منی کوشتووە    ..................
....................



# قادری عەبدوڵا تۆقە

– محەمەد حەمەباقی –

(1)

کەبەلاپەرە بێ نازو تۆزلێ نیشتووەکانی سامانی گۆرانی‌ومۆسیقای تۆمار نەکراومان‌دا ئەچینەوە، بەزەییمان بەخومان‌دا دێتەوە. بۆچی ناتوانین وفێرنابین مێژووی نەتەوەکەمان بنوسینەوە؟ مێژوو بەهەموو بەشەکانیەوە.. مێژووی فەرهەنگ، مێژووی زمان، مێژووی ئەدەبیات.. مێژووی. هتد مەبەستیشم لەنووسینەوەی مێژوو، ئەوە نییە، مێژووی سەرومرِی کونینەو، نوێی نەتەوەی کورد، بنوسرێتەوە. چونکە

ئەمە کارێکە هەموو کەس دەرەقەتی نایەت و ، ئەو رابەرانەش کەشوێن دەستیان لە نووسینەوەی مێژوومانا دیارە، مانای وانییە ئیتر دوای ئەوان ، مێژووی ئێمەش دوایی دێت .. بەڵکو مێژوو، مانای ژیانی بەردەوامی سەرومری هەموو لایەنەکانی ژیان ... ژیانیش بەهەموو مانا فراوانەکەیەوە.. کەهەر رۆژێک مێژوو بنووسرێتەوە، ئەبێت بەسامان و، ئەچێتە سەر گەنجینەی کەلەپوری نەتەوابەتیمانەوە.. لەبەر ئەوە مێژووی ژیانی رۆژانەی قارەمانێک، شاعیرێک، گۆرانی بێژێک ، مۆسیقاژەنێک ،... هتد.. هەر کەسێک کەلەژیانی شارستانێتی و پێشکەوتنی کۆمەڵدا بەشداری کردوەو، ئەیکات .. ئیتر مەرج نییە ئەوکەسە، لەرابووردوودا بێت، یان ئێستا لەگەڵماندا بژی ... کەچی مخابن . ئێمەی بێ بەش لەهەموو مافێکی مرۆڤانە، سەرباری ئەوەش کەدوژمنانمان ، چاویان پیاماندا هەڵنەهاتووەو، هەرچی سامان و کەلەپووری ئێمەیان کەوتبێتە دەست، لەناویان بردووە ، یان سووتاندوویانە ... خۆشمان هێشتا فێری ئەوەنەبووین مێژووی خۆمان بنووسینەوە.. فێرنەبووین پاریزگاریی لەبەلگەنامەیەکی مێژوویی بکەین .. بۆیە، کەئاوڕ لەنزکترین رۆژگارەکانی ژیانی کوردەواری ئەدەینەوە، زۆر کەم و، بەدەگمەن تووشی مێژووی نووسراوەو بەڵگەنامەی مێژوویی و زیندوو ئەبین ، کەببن بەپشتیوان و هەوێنی زانستیانە ، بۆ باس و لێکۆڵینەوەی تازە.. بۆ وێنە: هەر دوور سەروین ، شاعیرانی سەردەمی میرنشینی بابان ، نالی و، سالم و، کوردی ـ کەسەردەمیان لەچاومێژوودا ، چاوتروکانێکە ، ... کەچی خەتی کەسیانمان نییە ... ژیانیان مژو تەماوییە .. ئێستاش نازانین ـ حەبیبەـ ی نالی ، ناوی ـ حەبیبەـ یە ، یان مەحبوبە؟ بۆتە هاوسەری نالی ، یانا؟! ... نالی ، کەی کوردستانی بۆئێجگاری ودواجار، جێ هیشتووەو، چۆتە ئاوارەیی ...! ئەوەندە ئەزانین لەـ تورکیاـ کۆچی دوایی کردووەو... نامەیەکیشی شک نابەین .. ئیترو .. ئیتر... کەچی کەسەیری کتێبخانە دەوڵەمەندەکانی گەلانی دراوسێمان ئەکەین ، ئەگەر کتێبخانەی هەرکامێکیان بکەین بەچوار بەشەوە، بەشێکی بریتییە لەیاداشتنامەی خەڵکانی ئاشکراو، گومناوی کۆنینەو، تازەی ئەو گەلانە ..

—٢—

ماوەیەکی زۆرە، خەریکی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاریم، لەسەر ژیان و بەرهەمی هونەرمەندو گۆرانی بێژی ناسراومان ـ سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی ـ ، کەزۆر بەگران و ، بەکوێرەوەری توانیومە کتێبێکی لەسەر ئامادەبکەم ...

بەدەم ئەم کۆششەمەوە گەلی دەنگ و باس و گەنجینەی شاراوەم بۆئاشکرابووە، کەئەگەر رۆژگارو دەرفەت ، مەودام بدەن ، وردە وردە بەری رەنجم،رووناکیی

ئەبینێ و، لەفەوتان رزگاریان ئەکەم .

یەکێک لەو هەواڵ و باسانە، کەتائێستا لەگەنجینەی پشتگوێ خراوماندا، بەشاراوەیی مابووەوە، ژیان و، ناوبانگی هونەرمەندێکی مۆسیقاژەنمانە، کە نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر، لەناوچەی ـ سابڵاخ ـ دا ژیاوە ..ئەوهونەرمەندەش: قادری عەبدوڵڵا تۆقە ـ یە .

کەواتە قادری عەبدوڵڵا تۆقەـ کێیە ؟!

وەک وتم لەکاتی گەران و پشکنین و هەواڵ کۆکردنەوەدا، لەسەر سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانی ، چەندان جار، شوێن پێی هەواڵ بردمی بۆ شاری پرسەرومەی مەزن و شیرین و، لانکی هونەرمان ـ مەهاباد ـ کە ـ سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی ـ لەهەرەتی ناوبانگ و بەخشینی هونەرە نەمرەکەیدا، هاوینێکی سەرتاسەری ، میوانی ئەو شارە پر هونەرە بووەو، دانیشتوان و باخچەوکۆڵان و گەرەکەکانی پر کردووە لەچریکەی پر سۆزو گریاوی ناو دنیای پاک و بێگەردی عارفانەو، بەوشەی کوردیی زێرچەقۆی ئەو سەردەمە تاریکەوە، خەمی گوڵ و مەل و گەورەو بچووکی ئەو شارەی لاواندوتەوەو، تائێستاش هاوشارەبەتەمەنەکانی ئەو شارە، وەک یادگارێکی گەورەو خۆشەویست، باسی ئەو دیدەنی و سەردانە شیرینەی ـ سەیید عەلی ئەسغەر ـ ئەکەن و، هەمووشیان دوای ناوهێنانی ـ سەیید عەلی ئەسغەرـ یەکسەر ئەڵێن : ئەو جارەی ـ سەیدـ هاتەئێرە، قادریعەبدوڵڵا تۆقە، تاری بۆ ژەندووە ..

من ، بۆ یەکەمجار ، لەماڵە پر لەهونەرە سروشتیو خورسکەکەی، هونەرمەندی بەریزو ناسراومان ، هاورێم ـ ماملێ ـ گیاندا ، ناوی عەبدوڵڵا تۆقەـ مبیست، کە (ماملێ) هەمیشە بەپەروشێکی گەورەوە، بەدەنگداخوازییە یەک لە دوای یەکەکانی منەوە هاتووەو چەندان جار، رۆژتائێوارە، لەم ماڵ بۆ ئەوماڵی مەهاباد، ئەرکی رێنمایی و چاوساغی هەواڵ کۆکردنەوەی لەسەر ـ سەیید عەلی ئەسغەرـ لەگەڵمدا کێشاوە، کەهەرگیز ماندوو بوونە دلسوزانەکەیلەیادناکەم .

لەو جارەشدا، کەلەماڵی ئەوان ، ناوی ـ قادری عەبدوڵڵا تۆقە ـ م بیست، لەگەڵ هەواڵەکەشدا هەڵسایە سەرپێ و، لەپشت سەرییەوە، ئامازەی بۆوینەیەکی گەورەو هەڵواسراو کردو، وتی : ئەم وێنە سێ قۆڵییە، ئەبینیت ؟. وتم:بەڵێ . وتی : ئەوەیان کەتارەکەی بەدەستەوەیەو، دانیشتووە، ئەوەـ قادری عەبدوڵڵا تۆقە ـ یە. ئەوەشکەلەپاڵ ئەودا دانیشتووە، سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی ـ یە،، ئەوەشیان کەلەناوەراستی هەردوکیاندا، بەپێوە راوەستاوە، ئەوە: عەولا دەروێش ـ ی دمبەگ ژەن ـ ە ... و،یەکسەریش دوای دانیشتنەکەمان، پێکەوە هاتینە دەرێ و، چوینە لای وێنەگرێکی ناسیاوی ئەو، (کەفلیم ووێنەکەی ماڵەوەیانی لابوو) تاپێی بلێ وێنەیەکیش بۆ من بگرێتەوە... ئیتر چەندرۆژی

دوای گەڕانەوەم بۆ سەقز، دانەیەک لەو وێنەیەی، بەدەستی هونەرمەندی خۆشەویستمان، هاورێم کاکە حەمە جەزا ـ دا بۆ ناردبووم.

دواتر، کەخولیای زیاتر ناسینی ـ قادری عەبدوڵڵا تۆقە ـ م مەبەست بوو، هاوینی ١٩٨٩ز ـ هاورێی بەرێزو خۆشەویستی مەهاباد ـ یم، کاکە ـ ناسرسینا ـ، کە لەبەشی کوردی، رادیۆی تارانەوە، بەتایبەتی هاتبوو بۆ گفتوگۆ تۆمار کردن، لەگەڵ من و ـ زووان ـ دا، دوای ئەنجامدانی کارەکەی، رووم لێنا، تا بۆ رێنمایی کردنم لەمەهاباد، بمباتە لای نەوەکانی ـ قادری عەبدوڵڵاتۆقە ـ.
دوای چەند رۆژێک لەگەڵ کاکە ـ ناسر ـ دا، چوینە لای هونەرمەندی بەرێزی مەهابادی ـ کاکەمحەمەدی دانش ـ کە نەوەی خوالێخۆشبوو، قادری عەبدوڵڵا تۆقە ـ یە... ئەویش راستەوخۆ بردینیە لای (گوڵ بەدەن خانم)ی نەنکی، کە دوا زنی ـ قادری عەبدوڵڵا تۆقە ـ بووەو، هێشتا لەژیاندایە...

( گوڵ بەدەن)، ناوی تەواوی گوڵ بەدەن قاسم محمدعارفی ـ یەو، دایکی ناوی (کڵاو زێڕ) بووە. گوڵ بەدەن خانم، ئەگەرچی ساڵی ١٢٨٢ی هەتاوی ـ واتە ١٩٠٩ز ـ لەگەڕەکی ( سەربەرداش )ی مەهاباد لەدایک بووەو، سەرەرای ئەوەش کە تەمەنی (٨١)ساڵە، بەڵام هێشتا بیرەوەری و بیرکردنەوەی، ئاسایی کارئەکات و، زنجیرەی رووداوەکان، تێکەڵ و پێکەڵ ناکات و، گوێچکەو چاویشی، توانای بیستن و بینینیان باشە.

هەرکە زانیبووی ئەمانەوێ سەبارەت بەهەواڵ کۆکردنەوە، لەسەر (قادری عەبدوڵڵا تۆقە)ی مێردی، بەهیوایین دیدەنی بکەین.. بەخۆشیەوە پێشوازی لێکردین، بۆیە کەلێم پرسی:

ـ حەز ئەکەم باسی قادری عەبدوڵڵا تۆقەم بۆ بکەیت...وەک ئەوەی نارنجۆکێک بخرێتە ناو زەریاچەی ژیانی تەنیایی و یادگاری رابردوویەوە، یەکەر ئاو، زایە چاوی و، هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشاو، سەرنجی لەکاغەزو قەڵەمی ئامادە کراوی نێوان دەستمی داو، وتی:

ـ ئەمە یەکەم جارە، دوای ئەو تەمەنە درێژەی پاش مردنی، کەسێک هەبێ، بیەوی بەو جۆرەی تۆ ئەتەوێ، بۆی باس بکەم... میرزا قادر پیاوێکی زۆرچاک بوو.. من منداڵ بووم، کەشووم پێکرد.. تەمەنم دوانزە ساڵان بوو.. بەڵام ئەو، نزیکەی (٦٠) شەست ساڵان ئەبوو.. پێش من، ژنی تری زۆر هێنابوو..بەڵام رێزی منی زۆر ئەگرت و، زۆریشی خۆش ئەویستم..

لێرەدا قسەکانی (گوڵ بەدەن خانم) ئەبرین و، ئەڵێین: ئەگەر ( گوڵ بەدەن ) ساڵی ١٩٠٩ز ـ لەدایک بوبێ و، وەک خوی ئەڵێت کەلەتەمەنی(١٢)ساڵیدا، شووی کردووە، قادری عەبدوڵڵا تۆقە، نزیکەی(٦٠) ساڵ ئەبوو، ئەوا بەمەدا دوای وردبونەوە لەو ساڵانەی لەدایکبوون و شووکردنی ( گوڵ بەدەن)دا، دەرئەکەوێ کەساڵی نزیک، بۆ مێژووی لەدایک بوونی ـ قادری عەبدوڵڵا تۆقە ـ، ئەکەوێتە

نێوان : ( ١٨٦٢ز - ١٨٦٣ز)..
بەداخەوە بۆ شوناسنامەکەی گەڕاین هیچمان نەدۆزییەوە..)
ئەگەڕێینەوە بۆ لای قسەکانی - گوڵ بەدەن خانم).
لێم پرسی :

- جگە لەتار ژەندن ، میرزا قادری مێردت ، چی ئەزانی وبەچی ئەژیا ؟

وتی:

- ژیانمان بەداهاتی تار ژەندن نەبوو، چونکە کاری سەرەکیی میرزاقادر، ئاوێنە فرۆشتن بوو، زۆر سەربەرزو دڵشاد بوو، بەئاوێنە فروشتن ، چونکە بەری ڕەنجی شانی خۆی ، ئاوێنەی دروست ئەکرد، پێوەی ماندوو ئەبوو.

دوای ئێواران کەلەئیش ئەگەڕایەوە، لەماڵی خۆمان ، بەتەنیا تاری بۆ خۆی ئەژەند .. یان کاتێ دۆست و خۆشەویستانی ئەهاتن بۆ لای .. یان کەخۆی حەزی بکردایە، ئەچووە سەردانی هاورێکانی و، لای ئەوان ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا ژەندنێکیان ساز ئەکرد.

- نەتزانی کەی و، لەکوێ ، فێری تارژەندن ببوو ؟!

- پێش ئەوەی من شووی پێ بکەم ، هەربەتارژەندن ناسراوبوو.. میرزا قادر، خۆی ئەیوت گوایە لەکابرایەکی - رووسی - یەوە فێربووە.. هەموو جارێکیش ناوەکەی ئەوت ، بەڵام من ئێستا ناوەکەی نازانم ، لەسەرەتای ژیانی هونەرمەندیی و تار ژەندنیشا ، لە - بۆکان - ، لای (سەرداری بۆکان) بووەو،تارژەنی تایبەتی (سەردار)بووە.. دواتر هاتۆتەوە ( مەهاباد ) و، تاکۆتایی ژیانیشی هەر لە مەهاباد ماوەتەوە.. بەڵام لەهەر جێگەیەکی دەرەوەی - مەهاباد- یش، ئاهەنگی گەورە سازبکرایە، ئەهاتن بەشوێن - میرزاقادر- دا ... لەخۆیم بیستووە، ئەیوت : ساڵی ١٢٩٩ای هەتاوی ، واتە : ساڵی ١٩٢٠ز بەبۆنەی لەسەر تەختنشینی - ڕەزا خانی میر پێنج - ەوە - ناردویانە بەشوینیا و، لە ئاهەنگی تاج لەسەرنانەکەدا بەشداری کردووە .. ئەوساڵەش ، کە هاوینێکی تەواو، سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانی - لەمەهاباد، ئاهەنگی گۆرانی وتنی گێرا ، میرزاقادر، تاری بۆئەژەند .. زۆردۆستی - سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی - بوو ... یەکتریان زۆرخۆش ئەویست ... وەک لەیادم بێ ، وتیان ئەوێک ، لەئەوانی ئەوئاهەنگ گێرانە، لەسەر شتێکی بچووک ، میرزاقادر، توورەببوو، تاری بۆ سەید عەلی ئەسغەر، نەژەندبوو... کارگێرانی قاوەخانەکە بۆپرکردنەوەی شوێنەکەی میرزاقادر و، پەک نەخستنی ئاهەنگەکە ، چەندان تارژەنی تریان هێنابوو، کەلەگەڵ ( سەیدعەلی ) دا تاربژەنن .. ( سەید ) بەکەسیان ڕازی نەببوو.. گۆرانی لەگەڵ کەسیاندا نەوتبوو - تا (میرزاقادر) یان ئاشت کردبۆوە.. رلەو هاوینەدا، چەند جارێکیش ئەوانە، سەیدعەلی ئەسغەر - ی بەمیوانیی ئەهێنایەوە ماڵی خۆمان و، ... ئالەوژوورە ( ئامازەی

بۆ زووڕێکی ناوماڵەکەی کرد) ، لەگەڵ پیاوانی تردا پێکەوە دائەنیشتن و، قسەیان ئەکرد..

لێرەدابەهەلم زانی ، لێی بپرسم :

- لەوچەند جارەدا کەسەید عەلی ئەسغەر- ئەهاتە ماڵی ئێوە ، تۆئەتبینی ؟!

- نەخێر، چونکە میرزاقادر حەزی نەئەکرد پیاوان بمبینن .. ئەوسادنیا وەکو ئێستا نەبوو...

رێگەی نەئەدام بچمە بەردەرکای ماڵەکەی خۆمان ..

- ئەی ئەو چەند جارەی ( سەید عەلی ئەسغەر ) ی بۆ ماڵەوە ، میوانیی کرد، گۆرانی وت ؟

- نەخێر، هەرباس و حواسی گۆرانیان ئەکرد .

- میرزاقادر، خۆی تار- ی دروست ئەکرد، یان ئەیکڕی ؟

- ئەوانە نازانم ، چونکە نەمئەدی کڕین و فرۆشتنی ( تار ) بکات. هەریەک( تار ) م پێ دیبوو، دوای مردنی خۆی ، قادری کوڕی میرزا مەجیدی قازیان - ی گوندی - بادام - کڕیبوویەوە .

- چەند ساڵ لەگەڵ میرزاقادر- دا هاوسەربوون ؟!

- نزیکەی " ١٥ " ساڵ .

- چەند منداڵتان لەنێواندا هەبوو؟!

- چوارکچ و، کوڕێک ...

- ئەی کەی کۆچی دوایی کرد؟!

- ساڵی ١٣١٨ ی هەتاوی " واتە ساڵی ١٩٣٩ زایینی "

تازیاتر- گوڵ بەدەن خانم - مان بدواندایە ... گەنگەیەکی پرئازاری خۆش، بەگیانیا ئەتەنێتەوە.. وەک ئەوەی هەست بکات ئەیبەنەوەبۆ ناوبیرەوەرییە شیرینیەکانی ژیانی خۆی و میرزاقادر - ی هاوسەری .. بەلام کەباسی ساڵی مردنی میرزاقادر - م لێ پرسی ، ... هەستمان کرد، کپەیەک لەهەناویا هەلکشاو، چەند فرمێسکێکی لەگەڵ خۆیدا سەرحست بۆناو چاوە تەڕەکانی - گوڵ بەدەن - .. بەلام کەپێم وت :

- ئەم قسانەت، بۆبلاوکردنەوە، لەرۆژنامەدا بۆ ئەنووسم هەر بەفرمێسکەکانەوە پێکەنی و، وتی :

- زۆرباشە، باناوی میرزاقادر ون نەبێ ، لەگەڵ کاکە - ناسر- دا هەستاین و، مالاواییمان کرد.



# 4 حاجی سەعیدی میناغا

مرحوم حاج سعید محمد امینی (مینەاقا ـ میناغا) تا واپسین لحظات حیات خود بە همان شکل کاملا قدیمی (دامن کەوا را روی پانتول انداختن) لباس پوشید وجزو آخرین افرادی بودند کە اینگونە لباس را میپوشیدند .

خوداليێخوشبوو حاجی سەعید محەمەدئەمینی (حاجی سەعیدی میناغای) تا دواهەمین پشووی ژیانی بە شێوەو مۆدێلی قەدیمی (داوێنی کەواکەی لەناوپانتۆڵنەدەهاویشت بەڵکوو بەسەر پانتۆڵەکەی دا بەری دەداوە) لیباسی دەبەر دەکرد . ئەوانەی لەم عەکسەدا لەگەڵی راوەستاون : ئەم پیاوەی لە دەستی راستی حاجی سعید راوەستاوە ، خودالێخوشبوو وەستا رەحمان کوڕی سێ‌هەمی حاجی‌سعیدە دووکەسەکەی ئەم سەرو ئەو سەری عەکسەکە هەردووک نەوەی حاجی سەعیدن کە ئێستا ماون .

حاجی سعید لە ١٣٤٣/١٢/٢٣ ی هەتاوی لەتەمەنی ١١٠ساڵیدا کۆچی دوایی کرد .

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: سەید محەمەدی صەمەدی

کتێبی " ایران امروز ۱۹۰۷–۱۹۰٦ "
نووسراوی : اوژین اوبین ، بالوێزی فەرانسە لە ئێران .
وەرگێڕاوی : علی اصغر سعیدی . ( لە فەرانسەیی را کردوویە بە فارسی )
چاپی یەکەم : ۱۳٦۲ هەتاوی .
بڵاوکراوەی : کتابفروشی زوار – تاران .

لەلاپەڕەکانی ۱۱٤ و ۱۱٥ و ۱۱٦ ی ئەم کتێبەدا ، ئەم مەتڵەبەی خوارەوە نووسراوە :

تەواوی کوردەکان ، لەسەر بنچینەی ڕۆژهەڵاتی خۆیان،زەوق وئیستیعدادێکی تایبەتیان بۆ شیعرو مۆسیقا هەیە . گۆرانی بێژانی کورد، بەندوباوشاعیرەکانیان بەهۆی گۆرانی لە ماڵێک ڕا بۆ ماڵێکی تر دەبەن . بەرۆژ هەرکەسەی خەریکی کارێکە ، بەڵام هەریەک لەوانە، کە شەو هات ، دەبنە گۆرانی بێژوئەهلی مۆسیقا ،

بەرواڵەت وا دیارە کەکوردەکان لە رابردوودا مۆسیقاو شیعری خۆیان بووە کەئاهەنگ وریتمی وان توندو شیعرەکانیان شیعری گەلێکی دلێرو ئەهلی شەڕ بووە و خەڵکی وەجۆش هێناوە .

بەڵام لەهەل و مەرجی ئەمڕۆدا مۆسیقای عەرەبی شوێنی خستۆتە سەری ، و گۆرانیەکان بێ ئەوەی شەوق و زەوق ببزوێنن ، بوونە ئاخ و ئۆفی بێ بڕانەوە، شیعرەکانیش زۆربەی باسی ژن – شەراب – و، گوڵن و هیچ چەشنە باسێکی نوێ و جوانیان تێدا نەماوە .

ئەدەبی ئیستای وان چاولێکەرێکی کوێرانە لە غەزەلە عاشقانەکانیعەرەبی، ولە ناویاندا – غەیری وشەی کوردی هیچ شوێنەوارێکی دیکەی کوردی وەبەرچاو نایە . ئەمن لەشاری ساوجبلاغ مکری (سابلاغ) میوانی – رشیدالملک – حاکمی شار بووم . شەوێ بۆ ئەوەی من خۆشم بۆ بگوزەرێ(بەخۆشی کاتم تێبەربێ)، حاکم دەستووری دا بەزمی گۆرانی و مۆسیقا ساز بکرێ . دو گۆرانی بێژی بەناوبانگی شار، " سعید " و " احمدامین " هاتن . هەردووک خەنجەریان لەبەر پشتدابوو ، پێچی ئاسمانی رەنگیان لەدەوری کڵاوە قووچەکانیان هاڵاندبوو، بەتاردمبکەوە وەژوور کەوتن و بەزمێکی خۆشیان گێڕا .ئەم شیعرانەی کە بەئاهەنگ دەیانگوت، بەهیممەتی " موفتی " بۆیان وەرگێڕامەوە تا تێ بگەم کەدەڵێن چی، شیعرەکان هی " نالی " ناوێک بوون کە دەڵێن مەلایەکی خەڵکی شاری سلێمانیەبووە .دەستە شیعرێک ئەوانە بوون[1]:

---

(۱) بڕوانە لاپەڕەی ۸٤ – ۸٥ .

تێبینی وەرگێڕ

رشید الملک ، پیاوێکی خەڵکی ورمێ ، یان وەکو بەعزە سەرچاوەیەک دەنوسن خەڵکی تەوێز بووە کە ٧٨ ساڵ لەمەو پێش حاکمی شاری سابلاغ بووە ، یانی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانەوە هاتۆتە شاری مهابادی ئێستا . لە دەورانی حکوومەتی ئەم شەخسەدا کارەساتێک رووی داوە کەهەر ئێستاش بەنێوی(ساڵی حەمە گڕوی و مەلا و سوو) ی لەنێو پیرەپیاوەکانی مهاباد دا باسی دەکرێ ئەمن بۆ خۆم لەگەڵ یەکێک لەو پیاوە قەدیمیانەی مەهاباد وت و وێژم کردووە و چەند تێکستی مێژوویی ئەم مەسەلەیەم روون کردۆتەوە کەلە جێگەی خۆیدا ئەویش دەگێڕمەوە .

بەڵام ، اوزین اوبین لە نووسراوەکەی خۆیدا ناوی " سعید " و" احمدامین" دوو هونەرمەندی ئەو سەردەم باس دەکا ، کەلەو بارەشەوە چەند قسەیەکم هەیە :

بەعزێک لەدۆستان بیروڕایان وابوو کەئەم " سعید " ناوە ، خوالێخۆشبوو " سعید ماملێ " باوکی کاک محەمەدی ماملێ بووبێت ، بەڵام لێکۆڵینەوەی ورد نیشانی دام کە ئەم مرۆڤە ناتوانێ کە " سعید ماملێ " بووبێت . جەنابی ( مەلا قادرمدرسی) نەزەری وایە کەدەبێ " محمد سعید واحدی " بوو بێ،کەئەم محمد سعید واحدی یە ، خەڵکی سەقز بووەو گۆرانی بێژو تارلێدەری تایبەتی " محمد حسین خان سردار" حاکمی مەهابادی بووە .

ئەم بۆچوونەش زۆر بەڵگەیی قایمی لەگەڵ نەبوو . بەڵام دوایین لێکۆڵینەوە شتێکی دیکەی وە دەست داین ، ئەویش ئەمەیە :

خوالێخۆشبوو ( حاجی سعیدی مینە ئاغای )[٢] کە ئەمرۆ لە مەهابادی بەنێوی سەعیدی میناغای نێوبانگی هەیەو بەبنەماڵەی وان دەڵێن(ماڵە مینەغای)، ئەمن بۆ خۆم ئەو پیاوە گەورەو هونەرمەندەم دیبوو . دووکانی لەگەڵ دووکانی باوکم پێکەوە بوویانی دیوارێک لەبەینیاندا بوو ، حاجی سعیدی رەحمەتی ، کەوا و پانتۆڵ و لێفەی دەفرۆشت و بێ غایەت پیاوێکی ئەهلی جەفەنگ و شۆخی کردن بوو و زۆریش قسەخۆش . لەرۆژگاری خۆی دا یەکێک لەبەناوبانگترین تارزەن ( تار لێدەر) ەکانی سابلاغ بوو و بنەماڵەیان هەموو هونەرمەند بوون لەپاشان تۆبەی کردبوو ، و بەداخەوە دەستی لەو هونەرە گەورەیە هەڵگرتبوو . ئەم مرۆڤە تەنیا کەسێک لەتەواوی شاری مەهاباددا بووکەهەر بەشێوەیکۆنیوقەدیمی مەهاباد کەوای دەبەر دەکرد ، یانی داوێن ( ئاتەگی)کەواکەی لەژووری پانتۆڵەکی نەدەهاویشت ، بەڵکوو بەسەر پانتۆڵەکی دا بەری دەداوە و پشتێندی لێدەبەست و رستانان پەستەکی دەبەر دەکرد ، لەنێو تەواوی شاری مەهاباددا تەنیا ئەو پیاوە بوو کە هەتا رۆژی مردنی ئەو لیباسەی نەگۆڕی . حاجی سعیدی میناغای لەرۆژی ٢٣ ی مانگی رەشەمەی ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لەتەمەنی ١١٠ ساڵی داکۆچی دوایی کرد . لەنێو ئێمەدا بە" محمد امین " دەڵێن ـ مینە ـ ، حاجی سعید لەگەڵ ئەم محمد

امین ەدا پێکەوە تیپێکی مۆسیقایان پێک هێناوە، و خۆشی (حاجی سعید)بەنێوی هاوکارەکەیەوە کە محمد امین بووە، نێوی دەرکردووە و پێیان گوتووە- سعیدی میناغا-ی . نێوی وەک احمد امین لەشاری مەهاباد قەد سابیقەی نەبووەو، زۆر وێدەچی کە اوزین اوبین لە نووسینی ئەم نێوەدا بەهەڵە چوبێ و لە جیاتی " محمد امین " ، " احمد امینی " نووسیبێ .

هەر ئەمڕۆکەش نێوی خانەوادەگی (شهرت) ئەم بنەماڵە لەمەهاباد (محمد امینی ) یە .هیچ شک لەوەدانیە کەئەم دوو نەفەرەی ئۆزین ئۆبین نێویان دەڵێ هەر ئەم دوو نەفەرە بوون .

ئەمن چوومە لای خزمو کەسەکانی خوالێخۆشبوو حاجی سعید ( لەگەڵ زۆربەیان دۆستایەتیم هەیە ) بەداخەوە غەیر وێنەیەک ، کەلەگەڵ یەکێک لەکوڕەکان و دوو نەوەی راوەستاوە ، عەکسی دیکەم وەگیر نەکەوت . عەکسی حاجی سعیدبەتایبەت لە روانگەی لیباسەکەی کە مۆدیلی ٨٠ - ٩٠ ساڵ لەمەو پێشی مەهابادە شتێکی مێژووییە .


برای عەزیزم کاک محەممەد حەمە باقی
هاوڕێ لەگەڵ ڕێز و سڵاومدا ئەوا
لە سەر بەڵێنی پێشووە وەرگێڕراوی
باسی ئۆزین ئۆبین ی فەرانسەیی م
نارده خزمەتتان ، هیوام وایە
کە بە کەڵک بێت . لە نووسینەکەی
ئۆزین ئۆبین دا هاتووە کە شەخسێک
بەنێوی " مونتی " ئەم شیعرە ئەندی
نالی بۆ وەرگێڕاوەتەوە بە داخەوە
بۆم مەعلووم نەکرا کە ئەم
" مونتی " یە کێ بووە؟
تا کاتێکی دیکە بە خواتان
دەسپێرم هەر شاد و سەرکەوتوو بن
برای چووکتان - سید محمد صمدی
١٣٦٨/٢/٣١
مەهاباد

# گۆرانی گوندنشین و شوانی کوردی ⑤

کۆکراوەی : موهەندیس سالمی پەرهامی
بڵاوکراوەی : ئیبتیکار
هێنانە سەر ڕێنوسی کوردی : (مەم)

## ڕوونکردنەوەیەک

لەدانیشتنێکدا لەگەڵ مامۆستا (موحسنی عەدیقی) باسی کتێبەکەی دکتۆر موحەمەدی موکریمان هێنا بە پێش ئەویش ئاگاداری کردین کە موسابیەک (جلەکەیەک) بەناوی سالمی پەرهامی کاتی خۆی کۆمەڵێک هۆنراوەی کۆکردۆتەوەو لەچاپی داوە خولیای ئەو کتێبە کەوتە سەرم بەرێکەوت لای دۆستێکی هونەرمەند پەیدا بوو کاکە (مەم) ئەرکی نوسینەوەی هۆنراوەکانی ئەو کتێبەی بەرێنوسی کوردی خستەئەستۆو ئەنجامی دا، بەڵام هێشتا کرنتێک مابو بۆمان چارەنەدەکرا ئەویش ئەوەبو کتێبەکە بەرگەکەی نەمابوو.لەناو چوبو.بۆیە نەمان ئەزانی ساڵی چەن چاپکراوەکاکە (مەم) چووە خزمەتی مامۆستا (موحسن) و ئەم مەعلوماتانەی لێ وەرگرت :

نوسەری کتێبەکە ( سالمی پەرهامی) کوڕی دکتۆر (میکائیلی پەرهامی ) بوە کەلەسەقزدا داروخانەی هەبووە، دو برای تری بوە بەناوی(برایم) و (یونس) دوەمیان دکتۆر بوە، خوێنی موهەندیسی ڕێگاوبان بووە و لەسەقز دانیشتون ، بەئیحتمالێکی زۆر لەساڵی ١٩٤٧ زۆربەیان چونەتەوە دەوڵەتەکەی خۆیان بۆیەوادەزەکەوێ ئەم کتێبە لەساڵی ١٩٤٥ - ١٩٤٦دا لەچاپ درابێ .

** پێشەکی

هۆگرانی وێژەو زاراوە شیرینەکانی میللی و ئەو گورانیانەی جێی ڕێزو حەزی خەڵکن، هەمیشە پەی جۆرن و لە باسێکی تازەو نوێ ئەگەڕێن .

باشترین سەرچاوە بۆ وێژەی تازەی فارسی و مۆسیقای نوێ ، ئەم ئاوازو زاراوە کۆنانەن کەلەوپەڕی جوانی و پێکەو تویی و دڵگیریدا ماونەتەوە .

کەوایە بۆ چاودێری کردن و پاراستنی ئەم شوێنەوارە بە نرخانەو بۆ بەدەس هێنانی سەرچاوگەی ئیلهامێکی نوێ ، ئەم کۆکراوە بچکۆلەیە ، کە هەڵبژاردەیەکە لە باشترین و رازاوەترین گۆرانی گوند نشین و شوانی کورد ، بە ئەدەب دۆستان ( وێژەران ) و هونەرپەروەران پێشکەش ئەکرێ .

ئەم کۆمەڵە هۆنراوە کۆکراوەیە بە نزیکەی حەفتا ئاوازی ( هەوا ) جۆر بە جۆر لە ناو قەوم و عەشیرەتەکانی کوردا ئەخوێنرێ ، بۆ ڕێنمایی لە ئامادەکردنی ئاوازەکاندا ، ناوی چەن گۆرانیەکی بە ناوبانگیش لێرەدا هاتووە .

لە ئاوازدانەرو گۆرانی بێژو مۆسیقازانە خۆشەویست و بەڕێزەکان داوا ئەکەین ، بە یارمەتی و ڕێنمایی ئەم بنکەیە ، ئاهەنگە دڵگیرەکانی ئەم گۆرانیانە بهۆننەوەو جێ گیریان بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی خاوەن زەوق و هونەر دۆست بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن .

" بنکەی ئیبتیکار "

( چۆن یارێکم ئەوێ ؟ )

یارێکم دەوێ یاری کەس نەبێ — لیمۆی هەڵ مژیا و زەدەی دەست نەبێ
یارێکم دەوێ لە کەس نەترسێ — سەررێگە بگرێ ئەحواڵ بپرسێ

( شەرتی دڵداری )

گیانە وانابێ شەرتی دڵداری — تۆ لە عەیش و نۆش من لە غەمباری
تۆ های لەوسەرەلە حوجرەی حەو رەنگ — من هام لە تاران غەریب و دڵ تەنگ
شەرت بێ تا مردن مەیلت هەرزیاد کەم — خاتر هەر بە مەیل بالای تۆ شاد کەم
شەرت بێ پۆستی دڵ بە بن کاڵکەم — هەرلایێ بچم ئاهو ناڵەکەم
کراسەکەت زەردە مەیدە لە دیوار — دڵ هەریەکێکە مەیدە بە هەزار

( زەردی ڕەنگی عاشق ! )

دەینی من و لەیل زەردی خەزانان — هەرسێ بەگەردن ئەحواڵ نەزانان
هەی بادهەی بێدا دکەس دیارنیە — کەس لە دەردی من ئاگادار نیە

ڕەنگ زەردی گەڵا ساردی پاییزە   زەردی ڕەنگی من دووری ئازیزە
ئەترسم بمرم بە جوانەمەرگی   بم نێننە ژێر گڵ ناڵە و دڵتەنگی *
ڕەنگم زەرد بوە بە وێنەی داران   یار بەجێ ئێڵم ئەچم بۆ تاران
کەی تاقەت ئەگرم بە مەیل و دووری   مەگەر خوداوەند بدا سەبووری

( باری خەم و پەژارە )

دیسان باری خەم نیشتوە لە لێوم   بۆ روحمێ ناکەی بە دڵەی پەشێوم
ئەگەر دەت زانی بە حاڵی دەردم   بەزەییت دەهات بە ڕەنگی زەردم
لە دوور بڕوانە بڕاوە ڕەنگم   تۆزی غەریبی نیشتوە لە ڕەنگم
خودا دەیزانێ من پەی تۆ چۆنم   بۆی کزەی کەباب دێ لە دەرونم
دەترسم بمرم نەگەم بە مرادم   یار بێ بە حاکم نەپرسێ دادم
شەوان شیوەنمە ڕۆژان ڕۆ ڕۆمە   یەکجار پەژارەی دووریەکەی تۆمە
هەی داد و بێداد خۆ من سوتاوم   هەروەک جۆگەلە خوێن دێ لە چاوم
کز کز دانیشم لە پای دیواران   زنجیر بە گەردن وەک گوناهکاران
ئیمرۆ دوو ڕۆژە من لە تۆ تاکم   بە وێنەی نمام ئەسپەردەی خاکم *
نە خودا دەم داتێ مەرگێ بە ئاسان   نە دڵ لەلای تۆ دەبێ هەراسان

( داد لە دەس دڵ و دووری یارم )

دڵە زەلیل بی زەلیلت کردم   موحتاج بە دەرگای نامەردت کردم
دەردم ئاوێتەی دەردی فەرهادبو   منیش وەک فەرهاد ڕەنجم بەبادبو
خودا داد لە دەس ئەو نەونمامە   شەو لە پەژارەی خەو لێم حەرامە
کاغەز دەنوسم بە ئاوی دڵم   دەی دەم بە شەماڵ بیبا بۆ گوڵم
کۆترە باریکەی دەنوک زێڕینە   دەچێ بۆ شاران یارم ببینە
ئەگەر گەرەکتە دڵەکەم دەرئێرم   لە باتی سەوقات بۆتی ئەنێرم

( ئاوات گەلی خۆش )

نە ماڵم دەوێ نە گەنجی دنیا   باڵای تۆم دەوێ بە تاقی تەنیا
یاخوا هەرشەوبێ لە ڕۆژ بێزارم   نەوەک بەدکاران شکێ بەرنە کارم
خودا خودا مەن ڕۆژبێ بە ئاوا   دەستی یەک بگرین لە باغچەی ساوا
خودا خودامە ڕۆژ نەبێتەوە   دەستم لە دەستی یار نەبێتەوە

---

* ئەم نیوەدێڕە بەم جۆرەش وتراوە : ( بم نێننە ژێر گڵ ناڵەی دڵتەنگی ) .
* وشەی ( نمام ) لە سەقز و دەور و بەریدا بەبێ بزوێنەکە ئەوترێ بەڵام لە زۆر جێگای تر بە ( نەمام ) دێ .

## ( لە خودام دەوێ )

لە خودام تەڵەبە بە گوڵی ژاڵە بی     دایمە وەک کچی چواردە ساڵە بی
ئەو سەر زەمینەی بۆی تۆی لێ نایە     ئاگری تێ بەربێ هەر شەو لەلا ێ
ئەگەر مەیلەکەت فەرامۆشم بێ     سفیدی کفن بالاپۆشم بێ
هەرکەسێ دەکا مەنعی من و تۆ     لە درگای گەردون ببێ ڕەنجەڕۆ

## ( بێ تۆ )

ئەگەر وەبێ تۆ بچم بە گوڵ دا     گوڵ بێ بە نەشتەر بچێ وە دڵدا
ئەگەر بە بێ تۆ سەر لە سەرین کەم     لە نیمەی شەودا دەس بە ناڵین کەم
ئەگەر بە بێ تۆ شەو خۆراسم بێ     چاوێشە مێهمان دیدەی ڕاسم بێ
هەر لە ئێوارە تا بە نیمەی شەو     من لە فکری تۆم تۆ لە فکری خەو

## ( داد لە دەس ئەوین )

هەی داد هەی بێ داد ئالودەی دەردم     خەرابە نشین بیابان گەردم
جەرگم لەت لەتە وەک کۆتەی کەباب     ئەونە برینداره نایێ لە حەساب
هەر وەکو مەجنون وێڵی کێوانم     بە بۆنەی تۆوە لێرە میوانم
ئیتر تەمەننام لە بالای کێ بێ     کێ بگرم بە یار شێوەی تۆی لێ بێ
تالێ لە زوڵفت بو بە پابەندم     لە بەر خاتری تۆ لەم شارە بەندم
خۆ من فەرەنگ نیم کە وتومە داوت     بۆچیم دەکوژی بە مەستی چاوت
دو چاوی مەستت بون بە جەلابم     پیان بفەرمو نەدەن عەزابم

## (سوێنەکان؟)

سێ جار بەو مانگەی خەرمانەی داوە     هێشتا مەیلی تۆم بە کەس نەداوە
شەرت بێ گوڵی کەس نەکەم بە بۆوە     تا گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تووە
شەرت بێ پۆستی دڵ بکەم بە کاڵە     حەوساڵ بگەرێم لە شوێن ئەو خاڵە
بە بالای بەرزت بە دیدەی تەیرت     هەرگیز نەمتوانی تێر بکەم سەیرت
لە دور دیارە سفیدەی بەرگت     تاسەی تۆم کردوە سێ جار بە مەرگت
نامەکەت گەیی نامە سەرچاوم     بە نامە قەسەم بۆ تۆ نەماوم
قەسەم بە بالات بە مەستی چاوت     لەلای بەدکاران نەم بردوە ناوت

## ( خۆزگەم بە )

خۆزگەم بەو ماڵە دراوسێتانە     ساڵی دوازدە مانگ چاوی لێتانە
خۆزگەم بەو گۆزە دەچێ بۆ کانی     جار جار دەکەوێ لە شلکەی ڕانی

دارو به رده کان حوزه م بێ پیتان
ئیمشه و یاره که م میوانه لاتان
بالآکه ت جوانه حه زم کردوه لێت
به خیلی نابه م خودا داویه پێت
بالآ به و به رزی قه د به و باریکی
ئه ستێره ی ئاسمان خستوه تاریکی *

## ( من چیم له تو ده وی ؟ )

لیوانت بینه تیر تیر بیمژم
کی توم ناداتی تا من بیکوژم
هه رچی مالم هه س با بچی به تالان
زولفی توم ده وی ئاویته ی خالان
سه رکه سه ر رانم ره گی حه یاتم
هه تا بمینم هه ر به ته ماتم
عه شقم حه قیقی و مه جازی نیه
دل به به دنامی تو رازی نیه

## ( من له بیر وخه یالی تۆ . . . )

له که ل ده رکه وتی نه م زانی تۆ بۆی
وا مزانی مانگی له ده وره ی کۆ بۆی
بم ده رێ ماچێ هیچت لێ نایێ
وا بزانه نان بو دات به گه دایێ
باران ده بارێ رێزه به رێزه
دایمه چاوێکم له رێ ی کاریزه
ئه برۆت چون که مان گۆرگیری به هه رام
یان هیلالی مانگ یه کشه وه ی ته مام
به دو چاوی باز دلگیرت کردم
مندالێ دوێ بوم تۆ پیرت کردم
به ماچ و دو ماچ لێت نابم رازی
له سه ر سینه که ت ده که م ده سبازی
ئاوه من ئه رۆم خۆم و دلّه که م
ئامانه تت بێ تاقه گولّه که م
هێجانان خالّ خالّ به فری ناچێتۆ
یارم تۆراوه ئاشتی نابێتۆ ★

## ( دلّم دا به تۆ )

له لای په نجێره خۆت دانیشانم
ئاگرت پێ نه بو سوتاندت گیانم
وه ره سه رینم تێر بکه شینم
بۆ تاران ده چم نه وه ک نه ت بینم
وه ره مالّه که م به بۆنه ی کارێ
له دلّم ده ربێنه گه رد و غوبارێ
وه ره مالّه که م هه رگیز مه ڕۆڕۆ
غه می سه دساله م له بیر به رۆڕۆ
بێرۆ با بیکه ین دو ده س له گه ردن
نه وه ک په یدا بێ له ناکاو مردن
مالّمان مالّ هاوسێ چیغمان جیایی
حه یفه بۆ بالآت شه و به ته نیایی

---

* ئه م نیوه دێره وا باوه ( ئه ستێره ی سیوه یل که وته تاریکی )
★ وشه ی هێجانان ناوی گوندێکه له ده وری سه قز . به لآم ئه م نیوه دێره زیاتر وا بلآوه :
( کوێستانان خالّ خالّ به فری ناچێتۆ ) .

## ( ئەی مانگی من )

ئەریٚ هۆ لەیلی کەی دیٚی لەدیٚوە — وەک بەفری کویٚستان زەرەدی خۆرپیٚوە *
ئەریٚ هۆ لەیلی شل و مل خاوی — وەک بەفری کویٚستان شەمالٚ لیٚی دا وی
چاوان مەریٚژە هیٚشتا مندالٚی — سیٚوی نەگەییو هەلٚوچەی کالٚی
سەرت پەتی کە بینم زولٚفانت — تا گیانی شیرین کەم بە قوربانت

## ( چەن جارم پیٚ وتی )

سەرپۆش هەلٚیٚنە بینم جەبینت — لەسەر کام دینی بیٚمە سەر دینت
چەندم پیٚ وتی مەیە گویٚی بانی — کاری من و تۆ عالەم پیٚی زانی
چەندم پیٚ وتی مەیە پەنجیٚرە — لەسەر بالاٚکەت شەڕە خەنجیٚرە
ئای لە دورەوە مالٚ لە دور دیٚ یە — سەقزم پیٚ خۆشە مەنزلٚی تۆی لیٚ یە ★
ئەگەر دەمزانی لەکویٚ دەنوستی — بالٚی خۆم سەرین بۆ ڕا دەخستی
دەمەکەت بیٚنە بینیٚ لە دەمم — بەلٚکو ساکن بیٚ دلٚی پڕ خەمم
بنوسن لە بان سەنگی مەزارم — شەهیدی عەشقم مەکەن ئازارم
بچینە لای شیٚخ بۆ تۆبەکاری — تۆبە لە گشتیٚ (گشت شتیٚ) ئیللا دلٚداری

## ( تو بیٚ وەفاییت لەگەلٚ کردم)

سەرت بەرزۆکە دا بزانە من کیٚم — من هەر ئەوکەسەم قەولت دا بو پیٚم
تاکەی دانیشم لە سای داری بی — کافر نەکیٚشیٚ جەوری غەریبی
ئەوا من رۆییم قالٚم بڕیاوە — گەلای جوانیەکەم لە دار کەنیاوە
خودا بیسیٚنیٚ حەقم لە دایەت — من کیٚشام جەفات کیٚ نیشت لە سایەت
هەی داد هەی بیٚداد لەم گەورە شارە — نە دەنگی دۆستیٚ نە یار دیارە

## دلم تۆی ئەویٚ ( ویٚنەی چەن شیعری سیٚ خشتەکی )

مالٚی ویٚران کردم چاوی — سوتاوم بۆ زولٚفی خاوی
شیت و هار بوم کەوتمە داوی

دیسان شەوهات بۆحالٚی من — بۆ دلٚەکەی پڕ خەیالٚی من
عالەم سوتا لە نالٚەی من

دیسان شەو هات بۆ نالٚینم — لەیلیٚ بانگ کەن بۆ سەرینم
با دەرچیٚ گیانی شیرینم

---

★ ئەم نیوەدیٚڕە بەم جۆرەش وتراوە : ( ئەریٚ هۆ لەیلی کەی دیٚی لەڕیٚوە )
★ ئەم نیوەدیٚڕە وا بلاٚوە : ( ئای لە دوور لە دوور مالٚ لە دوور دیٚیە )

قوربانت بم ئەی حەبیبم — من بریندار و تو تەبیبم
خودا بتکا بە نەسیبم

قوربانت بم ئەی بای شەوێ — خەوبێ و لەچاوم ناکەوێ
دل مەجنونە و لەیلی نەوی

## گۆرانی دلّی عاشق لە ( میصباح ) ەوە

دەرونم لە حەسرەت دیدارت سوتاوە — بەجارێ نە عەقلّ و نە فەهم نەماوە *
دلّ لەلات بێ روح فیدات بێ — من نەماوم تۆش حەیات بێ

*ه*

بەهاران چ مەحزون دەنالێنێ بولبول — هەتاکەی بگرییم بەعەشقی تۆئەی گولّ
ئەی گولّی من سونبولی من — ئاگرت بەردا دلّی من

*ه*

جوانی تۆ لەم شارەدا بێ نەزیرە — دلّم مورغی سەحرا بەدوی تۆ گیرە
مورغی چاکم زۆر بێ باکم — حەیفە لە دوریت هیلاکم

*ه*

بە غەمزە دەروا چ شیرینە لەنجەی — سەرومالّ فیدای بازنەکەی دەست وپەنجەی
باغی سێوان خالّ لە لێوان — بۆ تۆ شێت بوم کەوتمە کێوان

## ناوی چەن ئاوازێکی بەناوبانگی کوردی
## ( گۆرانیە کوردیەکان )

| | |
|---|---|
| 1- کەتانەوکەتانە | 8- ئای لیمۆ لیمۆ |
| 2- بارانەوبارانە | 9- کانی سەرکانی |
| 3- بەهاران | 10- گیان گیان |
| 4- ئامینێ و ئامین | 11- دەنوێ دەنوێ |
| 5- گەوهەرێ | 12- مەگری مەگری |
| 6- نەشمیل نەشمیل | 13- هەی نابێ نابێ |
| 7- دوبەدو | 14- دادەنگ دادەنگ |

* واپێ دەچێ وشەی ( فەهم ) پیتێکی تری لەسەربێ کەئەویش پیتی (میم) و دەبێتە ( فەهمم ) چونکە لەفارسیەکەشدا وانوسراوە .

قوربانت بم ئەی حەبیبم — من برینداروتو تەبیبم

خودا بتکا بە نەسیبم

قوربانت بم ئەی بای شەوێ — خەوبێ و لەچاوم ناکەوێ

دل مەجنونە و لەیلی ئەوی

## گۆرانی دلّی عاشق لە ( میصباح ) ەوە

دەرونم لەحەسرەت دیدارت سوتاوە — بەجارێ نەعەقلّ و نەفەهم نەماوە *

دلّ لەلات بێ روح فیدات بێ — من نەماوم تۆش حەیات بێ

* ° *

بەهاران چ مەحزون دەنالێنێ بولبول — هەتاکەی بگریێم بەعەشقی تۆئەی گولّ

ئەی گولّی من سونبولی من — ئاگرت بەردا دلّی من

* ° *

جوانی تۆ لەم شارەدا بێ نەزیرە — دلّم مورغی سەحرا بەدوی تۆ گیرە

مورغی چاکم زۆر بێ باکم — حەیفە لە دوریت هیلاکم

* ° *

بەغەمزە دەڕوا چ شیرینە لەنجەی — سەروماڵ فیدای بازنەکەی دەستوپەنجەی

باغی سێوان خاڵ لە لێوان — بۆ تۆ شێت بوم کەوتمە کێوان

## ناوی چەن ئاوازێکی بەناوبانگی کوردی
## ( گۆرانیە کوردیەکان )

1- کەتانەوکەتانە
2- بارانەوبارانە
3- بەهاران
4- ئامینێ و ئامین
5- گەوهەرێ
6- نەشمیل نەشمیل
7- دوبەدو
8- ئای لیمۆ لیمۆ
9- کانی سەرکانی
10- گیان گیان
11- دەنوێ دەنوێ
12- مەگری مەگری
13- هەی نابێ نابێ
14- دادەنگ دادەنگ

* واپێ دەچێ وشەی ( فەهم ) پیتێکی تری لەسەربێ کەئەویش پیتی (میم) وەدەبێتە ( فەهمم ) چونکە لەفارسیەکەشدا وانوسراوە .




به‌هیواین ئه‌م کتێبه‌به‌جیا چاپ بکه‌ینه‌وه له‌زنجیره بلاوکراوه‌کانی هۆره‌دا بۆیه پێشه‌کی‌یه‌که‌یمان لێره‌دا بلاونه‌کرده‌وه.

- هۆره -

## بەشی یەکەم
## گۆرانی کرماشانی

— ١ —

تەنیا دارێک بێم کینێەک لەپام بی
کەل کەل نازاریەک ، دایم لەسام بی
ئیسە پیربیمە بەلگم رزیایە
کەل کەل نازاریەک لەلیم تۆریایە

— ٢ —

خودا دالەدەس شولەی مانگەشەو
نەمانگ ئاوابی ، نەخیل چی لەخەو
ئەگەر هەلسم ، سایەم دیارە
ئەگەر دانیشم ، دل بی قەرارە

— ٣ —

خودا بسینیت هەقم لەدایەت
خوەم جەورت کیشام کی نیشتە سایەت

— ٤ —

تو قەسەم خواردی شۆبکەیتە پیم
دوەشەو ، عەکسەکەت لەلای شەخسی دیم
من کەیخوٚدانیم ، کارت بسازم
دوست بکوشم ، خەوەتیش بخوازم

— ٥ —

ئەی خودا زۆرە ، پەیغەمبەر زۆرە
ژن وەی خاسیە ، شۆ ـ کەی ناجۆرە
من کەیخودانیم ، کاری بسازم
شو ـ کەی بکوشم ، خوەیشی بخوازم

— ٦ —

خودا بانی سەر ، زۆردار بکەی کۆر
دوسم ناشی بی ، بردنەی وەزۆر

— ٧ —

هەی داد ، هەی بیداد ، کەس دیار نییە
کەس لەدەردکەس ، خەوەردار نییە

— ٨ —

یەچە کۆسم کەفت ، چو زەنگم زڕیا
دەسم لەداوان دۆسەکەم بریا

— ٩ —

ئیمرۆ قولەکەم وەدلگیر دیمە
زنیو زنگانی دی ئەڕای کیمە

— ١٠ —

ئەی بان و ، ئەوبان ، یەچە بانیک بی
دۆس لەدۆس بڕیا ، یەچە ژانیک بی

— ١١ —

خوەم وبایەقوش ، هەردک هەمدەردیم
کەلاوەنشین ، بیاوان گەردیم

— ١٢ —

ئەگەر مەیلەکەت فەرامۆشم بوت
سفیدی کەفەن ، بالاپۆشم بوت

— ١٣ —

جوان بیم ، لەعەشق تو پیرم کردی
وەزنجیرەی زولف ، ئەسیرم کردی

— ١٤ —

یەشەرت و ، یەبەین ، یەقەرارت بی
لەروژ ئەوەل ، کی زۆردارت بی

— ١٥ —

بالاکەت بەرزە ، چەنە چناری
ئەو هەفت ئیمامە ، بەد ، وەڕیت ناری

— ١٦ —

کۆربۆت ئەو دیدە ، تونیشانم دا
نانی بەدبەختی وەداوانم نا

— ١٧ —

ئیوارە دیمت وەو جەلالەوە
خولکم نەکردی ، چیتە مالەوە

— ١٨ —

بیل ، تالیم شەوبات ، شەو لەلیم خاسە
دوشمەن نەزانت بەرگم پەلاسە

— ١٩ —

بیلا هەرشەوبۆت ، لەروژ بیزارم
تەقسیرم نییە ، عاشق زارم

\- ٢٠ -

سەمانگەی زمسان گشتی شەوبیات
دەم وەنەوی دەم ، چەولەخەو بیات

\- ٢١ -

ئیشمەوچەن شەوە ، تالار بی نازە
نەکزەی کەوەو ، نەددنکی سازە

\- ٢٢ -

ئەر بیەتیە بیم ، ماجی لەنەو دەم
رۆژی جوارجارە ، قەزات خەم لەخوەم

\- ٢٢ -

ئەربەتم نیەی لەوسینەی سافت
جومار حەلقەدەم لەدەوری ناخت

\- ٢٤ -

وەبەرزی بالات ، میلی قەورم بۆت
عرپ پاچینت قەلای قەورم بۆت

\- ٢٥ -

ئەی قەورە نەچم ، ئی قەورتەنگە
دوشمەن کەنیەسەی ، وەزەردەخەنە

\- ٢٦ -

بنوسین لەبان سەنگی مەزارم
شەهید عیشقم ، مەکەن ئازارم

\- ٢٧ -

سیلا بمرم ، هەروەی دەردەوە
سەرنیام وەبان سەنگ سەردەوە

\- ٢٨ -

دەری " جلوەخان "[١] بکیشینم دار
تا ، کەدوسەکەم بارتمەخوار

\- ٢٩ -

وەشەو دەوریشم ، وەرۆژدیوانە
کوشتەی شەخسیکم هەوسای خەومانە

\- ٣٠ -

وەدەرمالەکەت پام سوریا ، کەفتم
بەدبەختی گردم ، شەو لەلات خەفتەم

\- ٣١ -

خال ، لەویەکی ، خال مل ، دۆان
خال نەوسینەت ، سەر لەلیم شیوان

\- ٣٢ -

چەو یەلی مەست ، هاوردی بردی
تەرک دلدازی ، خوەت وەخوەم کردی

\- ٣٣ -

یادکاریدکەت ها وەلامەوە
وەکوردسان چم ، نەتیدمەوە

\- ٣٤ -

مەرمن چەوەتم ، توچەشنەختی
وەقسەی ناکەس ، لەلیم دورکەفتی

\- ٣٥ -

هەرچی پیت وەتم ، قسەم نەشنەفتی
خەیلی خوەشم هات ،وەی رۆژە کەفتی

\- ٣٧ -

یەچە دەردی بی ، بیی وەدوچارم
سەربیی وەسالار ، لەش بی وەبارم

\- ٣٦ -

ئەگەر مەیلەکەت وەکەسی دایتە
بچۆ بسینەی خەلەتیاتیە

\- ٣٨ -

رازیم وەخودا ، جەم بون وەدۆرم
هەرکام وەدەسیک بکەنن قەورم

\- ٣٩ -

چەن جەور ، چەن جەفا ، چەن خوارو زاری
شۆان بی موز ، هەق نادیاری

\- ٤٠ -

هەی داد ، هەی بیداد ، ئالۆدەی دەردم
کەلاوە نشین ، بیاوان گەردم ...

\- ٤١ -

بویش وەدۆسەکەم ، ئەو دۆسم دیری
جفتی بازوبەن ، ئەرام بەنیری

---

١ : جلوەخان : واتە سەرەوەی دیوەخان . کەناوی گەرەکیی دیرینـــــەی " کرماشان " بووە ، کەشوین دادگا بووە .

- ٤٢ -
هەرکەمزگانی دۆس ئەڕام باری
ئیختیار دیری ، چەوم دراری
- ٤٣ -
ئیمشەو چەن شەوە نەتیەی لەخەوم
لەکی تۆریایتە مینایی چەوم
- ٤٤ -
لەدورەو هاتی ، وەتم یەیارە
کلارەم کوربوت یاخو ریوارە
- ٤٥ -
کەفتم لەشونت ، وەمەچو مەچو
تالی لەزولفت بیلاجی ، بجو

- ٤٦ -
ئەر بیەیتە پیم ، ماچی وەنەودەم
رۆژی دەکەڕەت دەردت خەم لەخوەم
- ٤٧ -
میوان خوەش‌هاتی ، نۆر وەپاتەوە
دەرمان دەردم هاوەلاتەوە
- ٤٨ -
قامەتم لەژیر بارخەم چەمی
مردن بیترە لەهەومال کەمی
- ٤٩ -
ئەر مەیلت‌نییە ، تا دلنیا بوم
کەم دەس‌وەدامان ، شەیخ ومەلا بوم
- ٥٠ -
ئیوارە دیمەت ، کاشکی نینیامەت
نیشانم دایتە گوشەی قیامەت
- ٥١ -
ئەگەر مەیلەکەت بیەم وەکەسی
دەسم وەداوان ئیمام نەڕەسی
- ٥٢ -
وەی ئیمام هادی ، بان " تولیایی " ٢ *
کافر نەخەفت ، ئەو وەتەنیایی

- ٥٣ -
هەرکە ، من و تو ، لەیەک کردەوە
نالەی باتەلەبان گران دەردەوە
- ٥٤ -
ئەرت بۆ لەداخت ، هەرگیز نەخەنم
بەرک ئەریەتی لەوەرنەکەنم ...
- ٥٥ -
ترسم بمرم ، بیاوان بۆت‌جیم
رەفیقیەل جەم بۆن ، نەشناس من کیم
- ٥٦ -
دۆس دلسوزم ، هەم دلنەوازم
ریبەکەی ئومید ، جیاکەی نازم
- ٥٧ -
ئەربیەیتە پیم لەدەمتە ماچی
بەوک و دالکت ، وە دوزەخ ناچی
- ٥٨ -
ترسم بمرم ، نەکەم کامرانی
هەرئاه بکیشم ، پەی نەوجوانی

- ٥٩ -
ئەی " وەیس " نازار گومبەز بارگاخاس
تواف‌چی فرەس ، دەردە ژار بشناس
- ٦٠ -
حوەم وبایەقوش ، هەرقوقومانە
من پەی دۆس گەردم ، ئەوپەی ویرانە
- ٦١ -
جفتی شەمامەی نیم رەسم دییە
دەوری پەرچینەری دەسم نییە
- ٦٢ -
وەیەی گوشەی چەو ، ساقی مەسم کرد
وەچەوی ترەک بوت‌پەرەسم کرد
- ٦٣ -
ئەناریک هاتیە لەلای دۆسەوە
ئیوشم بخوەمەی هەرپوسەوە

٢ - کولیایی : ناوی ناوچەیەکی سەر بە کرماشانە .

- ٦٤ -

دەمەکەت بارە، ماچکەم دنانت
وەلیو بکیشم بار لەزوانت

- ٦٥ -

فەدای بالات بام تەرکەی لیوچەم
ئەو شەط خواردی، سەوزەی گول وەدەم

- ٦٦ -

خۆەم کوردو، توفارس، زوان دوجۆرە
خاتر خوات بیمە، یەکار زۆرە

- ٦٧ -

وەقوران قەسەم، وەهەرچی پیرە
میرت چو قوللاو، وەجەرگم گیرە

- ٦٨ -

سە خۆەم غەریب، دەشت " زەهەو "م
چوماسی بریان، دەرون تەو تەوم

- ٦٩ -

" پەرەو "[3] و " بیستوین " هەردک برا بین
قسمەت کاری کرد، لەیەک جیا بین

- ٧٠ -

ریباکەی ترماشان گول و گول دەسە
بیوشنە دۆسەکەم غەریبی بەسە

- ٧١ -

وەفەدای مالەکەی پەی " پەرەوە " ت بام
وەفەدای دیدەکەی شەوبیی خەوت بام

- ٧٢ -

لەمال دەرئاتن جفتی گول وەسەر
گەوراکەی چومانگ، بیوچکلەی چوخەر

- ٧٣ -

هەرکەس بپرسی نەو ونیشانم
من بەدبەختەکەی نەو کرماشانم

- ٧٤ -

هەزار یار داشتویم، هەرتو یارمی
چونکی ئەوەل چەو، نەو شکارمی

- ٧٥ -

حەسرەتم یەسە، بامەنەو مالت
دەم بنیام لەبان ئەو تەنیا خالت

- ٧٦ -

تو خوەت گولیکی، گول ئەڕای چەتە
عالەم وەحەسرەت گولەکەی خوەتە

- ٧٧ -

لەدووریەکەت فرە هۆلمە
سەنگینی " پەرەو " خەم وەکۆلمە

- ٧٨ -

من دوورو، تودوور، یەک لەیەک دوورتر
تاسەی هەم کیشیم شەولەرۆژ بیشتر

- ٧٩ -

لەدوورییەکەت ئاگر گردمە
وەکۆری چەوت یاری کردمە

- ٨٠ -

تف وەشەرت ژن، تف وەبەقای ژن
خۆەت قەسەم خواردی شوو بکەیتە من

- ٨١ -

لەدەرمالەکەئ هاتم وەرەو خوار
چەوم کەفتە پیت، بیمە گرفتار

- ٨٢ -

هەم نانم بڕی، هەم دۆـ کەی کاکەم
چەوم وەپیت کەفت، خوەم گردەو ناکەم

- ٨٣ -

ساعەت هەفت و هەیشت، دان لەدەروازە
چەوم کەفتە دۆس، دلم بیی تازە

- ٨٤ -

وەی مانگە قەسەم، دلیە بنیشیی
یەی دۆسی توام نازم بکیشیی

- ٨٥ -

هەرمالی گیسکی، خوەم تەنیا گۆڕی
نەزر ئەللابوت دوسم نەتۆڕی

---

٣ - پەرەو : ناوی کێوێکە، دە " ١٠ " کیلۆمەترلەکرماشان دوورە. شـــاخ و بەردی " طاق بوستان " بەشێکە لەم کێوە .

- ٨٦ -

وەی مانگە قەسەم یەچەنی زەردە
ماچ دۆسکردن شەفایێ دەردە

- ٨٧ -

وەی مانگە قەسەم ، یەچەنی تارە
ماچ دۆسکردن شەفای بیمارە

- ٨٨ -

وەی مانگە قەسەم ، یەچەنی بەرزە
ماچ دۆسکردن وەترس ولەرزە

- ٨٩ -

بەوبەوبەوبەو ، دۆس عەزیزەکەم
میوەی رەسیدەی سەرباییزەکەم
بەوبەو بەوبەوبەو ، کاروەبیت دیرم
قسەی چەن شەو ، وەرج کەفتیەسە ویرم

- ٩٠ -

ئەودەسە نەچت شەو لەگەردنت
چەفایدە لەدوور نگاکردنت !
دەم نەنیت لەبان گۆنای زەردوسور
خودا بورِت ئیشارە لەدور

- ٩١ -

وەسەر کینیەکە قالیتەکانی
لەژیر قالییەکە ، چەو لیم قرتانی

- ٩٢ -

گەواهی عەشقت رەنگ زەردمە
ماچ نەو دەمت ، دەوای دەردمە

- ٩٣ -

خالت شماردم ، هەفت وهەشت و نو
هیوچ خالیک نەیمە وینەی خال تو

- ٩٤ -

بیلا شوویەکەت ، شەوەکەدار بۆت
سفیدی سینەت وەپیم دیاربۆت

- ٩٥ -

ئاگرچیی وەلیم ، بەوخامۆشم کە
حەلقەی غولامی خوەت وەگۆشم کە

- ٩٦ -

کرماشانیکم وەدیل کیریامە
وەحوکم دۆسم زەنجیرگریامە

- ٩٧ -

کورە کام یکە ، نۆر باوانم
بەشکەم بکریت دەس وەدامانم

- ٩٨ -

وەو هەسارەکەی هابان مالت
ئەگەر کوشتیتم خوینم حەلالت

- ٩٩ -

ئەوسەر سەرئەوە ، دەنک تولیی نای
کیەنیکی خوشک بۆت ، ئەو لدتی نەزای

- ١٠٠ -

هەرسەرئەوی ، سەرانی دیری
هەربرِە مالیی جەیرانی دیری

- ١٠١ -

بالآکەت بەرزە ، خودا داسەوپیت
چوکول رزیایە " سوەیل " داسەولیت

- ١٠٢ -

هەرچی چەوگل دام وەی کۆزەوبییە
دەنکی دۆس برِیا ، کشتی صۆفییە

- ١٠٣ -

هەرگز نەوەسایت سەروین وەی خاسی
لەوسا شووکردی دی خوەم نەشناسی

- ١٠٤ -

جعتی چەر دیری ، چوبیالەی چینی
حەسوودیم نەتیەت حەق لیت نەسینی

- ١٠٥ -

تولەی رەس نیشان ، ئاسای دەسمی
من کەسی نەیرم ، توگشت کەسمی

- ١٠٦ -

سەروین ومەروین ، لەیەک شیویایە
ئەر درۆ بویشم ، ماچت کریایە

- ١٠٧ -

عەرەق وشەرەو ، خوەم مەس نەکردن
چەویەل مەست ، دیوانەم کردن



دەستەیە سەماكەرو مۆسیقاژەنیكۆچەری جارانی ناوچەی كوردستانی
ئێران و عێراق
سۆزمانیەكان "

ـ ئەم وێنەیە شەست ساڵ پێش گیراوە ـ

— ١٠٨ —

عەرەق دایتە پیم ، پەخوشەرەوە !
ئەڕای دۆسەكەم ، جەرگم كەوەوە

— ١٠٩ —

وەدەر ماڵەكەت ساتی دانیشم
هەركە لیم پرست ، ئیوشم دەوریشم

— ١١٠ —

بالاوەی بەرزی ، قەد وەی باریكی
ستارەی " سوەیل " كەفتە تاریكی

— ١١١ —

شەم بیم ، شولەبیم ، پەروانەم كردی
فرەعاقل بیم ، دیوانەم كردی

— ١١٢ —

شەلم ، شەكەتم ، لەری هاتمە
لەسای ماڵەكەت ، كرج هەڵاتمە

— ١١٣ —

دەسم بكرە ، بزان تەو دیرم
لالەلال بكە ، بەشكەم نەمیرم

— ١١٤ —

پەدەس كییە ، لەبان شانم
دەس دۆسمە ، دەردی لەگیانم

— ١١٥ —

دوەشەو دیم لەخەو ، خەو درۆنییە
دەسم وە نازەو ، وەملت بیبە

— ١١٦ —

توف وەكرماشان ، چاڵە زەمینە
" بیستوین " خاسە ، جییەكەی شیرینە

— ١١٧ —

خوەم كرماشانی ، دۆسم " قەسر " ییە
خاتر خوای بیمە ، تەقسیرم نییە

- ١١٨ -

سەرم وەسەرگەرد، ئەو چفتە چەوە
بیە کاسەی خون ، کەفتیەسەی نەوە

- ١١٩ -

یەی دۆسی توام ، تاسەر دۆسم بۆت
من بۆمە دەوریش ، ئەو کەل بۆسم بۆت

- ١٢٠ -

هەی داد، هەی بیداد، خوەم تەنیا مەنم
کەلکە ویرانە، بیی وەمەسکەنم

- ١٢١ -

دیتر تەمەننام لەبالای کی بۆت
دیتر کی بیونم ، شیوەی توی لی بۆت

- ١٢٢ -

فەدای شوییەکەی " قەچەر" پاچت بام
رسوەی سەد سالەی تەنیا ماچت بام

- ١٢٣ -

دنان تەتلاکەت رۆشنای گلارەم
تو، تەقسیرنەیری خوەم سیەچارەم

- ١٢٤ -

لەیەی جی بەرزی بکەنین قەورم
هەرچی چەو مەسە، جەم بۆنە دەورم

- ١٢٥ -

تو، خوەت گولیکی وەگول بازی کەی
وەنیش برزانگ ، تیر ئەنازی کەی

- ١٢٦ -

من ئیوشم تانی ، تو بیوش براکە
تامەردم بیوشن ، کاریان پاکە

- ١٢٧ -

ژن وەی خاسیە، شو وەی گەنییە
باوانت برمی، یەچو مەنییە

- ١٢٨ -

ئەرمەیلت نییە، ئی دەوینە چەس !
سوب تائیوارە کەوس درین چەس !

- ١٢٩ -

ئەر مەیلت نییە، ئەی ئیشارە چەس !
پەیغام هەناردن ، سوب ، ئیوارە چەس !

- ١٣٠ -

هەسارەی هەلات ، وەتم سوەیلە
تومەز دوما کۆچ ، باوانم لەیلە

- ١٣١ -

هەرکۆچ کۆچت بیی ، کۆچت بیی وەڕاس
دومای کۆچەکەت ، ئاخر دونیاس

- ١٣٢ -

فەرهاد زارەکەی شازادەی چینم
قسمەت هاوردەی پای بیستوین - م

- ١٣٣ -

دەمەکەت بارە مەک مەک بمژم
کی لارەت کردییە، تاخوەم بکوژم

- ١٣٤ -

ئەڕا نەنوری ، وەی زاریمەوە
وەی کۆس کەفتی ، دیباریمەوە

- ١٣٥ -

کردیتە سەبان بەرزە دیواری
نەنهوریت وەحال یەی دەردەژاری

- ١٣٦ -

وە" سەرمیل "[٤] وەبان " کرن "[٥] دیبارە
هەرکەس دۆس دیری ، چەو ئینتیزارە

- ١٣٧ -

" قەسر" و " خانەقین " ، سەرحەد" ئێران"
گشتی وەقوروان چەویەل جەیران"[٦]

---

٤ - سەرمیل : گوندێکی بچوکە، لەنێوان " کەرەند" و " سەرپیلی زەهاو"دا .
٥ - کرن : مەبەست لەشاری " کەرەندە" ە
٦ - جەیران : ناوی کچێکی جوان بووە لە " قەسری شیرین " .

- ١٣٨ -

من کەمۆتر نیم ، شەقە بیەم بال
وەلای دۆسەکەم ، ببرسم ئەحوال

- ١٣٩ -

" چەرخی " [٧] چەو خومار ، دیدە قدترانی
شکل وشیوەخاس ، مالم رومانی

- ١٤٠ -

کردی لەبان ، بەرزی عەمارە
وەدەم چرِیتم ، وەچەو ئیشارە

- ١٤١ -

ئاگر لەدەسم ، کەفتە داوانم
ریـیەکەی مال دۆس بییە باوانم

- ١٤٢ -

بەوبەوبەوبەو ، خاس چشتی دیری
مەمک ئالۆچەی پرِمشتی دیری

- ١٤٣ -

شەو لەقەراول ، رۆژلەچەپەوبای
چودەریای " قولزوم " چەویەل بیحسەوبای

- ١٤٤ -

کاشکی سەنگی بام ، شەو لەسەرینت
گۆش بییەم کزەی نالەی دەریونت

- ١٤٥ -

یەکی لەلیمچی دیدەو گیانم بی
کەلیمەی " شادەت " توک زوانم بی

- ١٤٦ -

بەوتا زولفەکەت بکەمە شانە
نەوا بگرت ، گەرت گۆرِخانە

- ١٤٧ -

کوت کوتم بکەین لەبان پۆسم
من دەس هەلگرنیم لەتازە دۆسم

- ١٤٨ -

توف وەشەرتەکەی نیمە تەمامت
وەتم خاسیکیت ، بۆمە غولامت

- ١٤٩ -

بیلا بمرم ، رۆژی چۆار جارە
سوب و نیمەرِۆ ، عەسرو ، ئێوارە

- ١٥٠ -

وەی مانکە قەسەم ، چەنە چەنیکە
چەنە گول تەلای سەروەنیکە

- ١٥١ -

تیری دا لەلیم چەرمەلەی چەو مەس
لەشوین تیرەکەی خوین قەتارەبەس

- ١٥٢ -

کاشکی من بیام وەچی ئەو تلفە
شەکەر بنوشیام وەسای ئەو زولفە

- ١٥٣ -

کەم بەو ، کەم بچۆ ، کەم دە زەحمەتم
هەم دینم سزیا ، هەم قیامەتم

- ١٥٤ -

ئەرِای دوریەکەت فرە پەشیوم
سەد مسقال وەسەنگ بار کردییە لیوم

- ١٥٥ -

هەرکەس کەبیوشت غەریبی خاسە
ئەوەیش لەجوطەی خودانەناسە

---

٧ – چەرخی : ناوی باڵندەیەکی راوییە .

## بەشی دووەم
## گۆرانی دێهاتی کرماشان

- ١٥٦ -

تو، وەی قوتکە مل ، وەی ژیر چەنەوە
عەزیزی وەلای خواو، بەنەوە

- ١٥٧ -

ئەڕا نەتەیتم کولەکەی[٨] وەرت
وەشەو بالا بۆش ، وەرۆژ نەوکەرت

- ١٥٨ -

ئەر دۆسم دیری درارم لەخەم
ئەر نەبیزارم لەتارفدەم

- ١٥٩ -

نەلم ، شەکەتم ، ژان داسەقولم
کۆرپەکەت لاوە، دەس بخە ملم

- ١٦٠ -

دایم هاتیە فکر دەس وەملانی
تەکت بییە لا، کۆرپەم تلانی

- ١٦١ -

خودا دای لەدەس ئی نەو نەمامە
شەو لەپەزارەی خەو لیم حەرامە

- ١٦٢ -

لەئیوارەوە شەم گڕانمە
تەپل شاییم دا ، دۆس میمانمە

- ١٦٣ -

کزەی وەرفەلیول[٩] ملیەل کردیوە پەن
بی خەم چوزانت من خەم گیانم سەن !

- ١٦٤ -

خەم تو، برامی ، خەم تو برامی
خەم کاروانسەرای شەو مەنزلگای

- ١٦٥ -

سەرم وەسەرگەرد، پام وەکۆتەوە
مەر دەسم بۆڕن نەو لیمۆتەوە

## بەشی سێیەم
**گۆرانی کرماشانی بەتێچینی هەورامانی ، کەشێوەکانی هەورامانی ئاوێتـــــــه بووەو، لەژێر کارتێکردنی هەورامانیدا سەقامگیر بووە . .**

- ١٦٦ -

باوانت بڕمی ، بسۆزۆ جەرگت
جو کرماشانی سییە بۆبەرکت

- ١٦٧ -

خودا مزانۆ من پەی توچوینم
سەدکۆرەی ئاگر هالەدەروینم

- ١٦٨ -

بیلا پیم بەیۆ هەریەباومە
هاوڕاز لەیلی ، مەجنون ناومە

- ١٦٩ -

باوانت بڕمی ، نەمینۆ کەست
هەرخوەت بمینی ، جفت چەوی مەست

- ١٧٠ -

چەویەل مەست ، بی سورمە رەشە
خودا مزانۆ، خوینی چەن کەسە

- ١٧١ -

من ، کەفرانۆم مردن لەریمە
کیان ئەڕای چەمە، مال ئەڕای کیمە

---

٨ - کولەکە : جۆرەکراسێکی کورتی کوردییە .
٩ - وەرقەلیول : بەفرباڕین بەباوە .

- ١٧٢ -

کز، کز دانیشم لەسای دیواران
زەنجیر وەگەردن، چو گوناکاران

- ١٧٣ -

خودا دای لەدەس بەدان بەدگۆ
تو، کەفتی لەکۆ،، خوەم کەفتم لەکو

- ١٧٤ -

هەرکەس بکەرۆ مین و مناما ن
کۆل کۆل بکیشت دەین و گوناما ن

- ١٧٥ -

خودا دای لەدەس، چەورەش، چەورەشا ن
خوەش خۆ، خوەش لەهجە، شیرین مەهوەشا ن

- ١٧٦ -

هەرکەس لەی دونیا نەدارۆ دۆسی
چوپەس قەساو بکەنین پۆسی

- ١٧٧ -

سێ کەس لەی دونیا، شەونەدا رۆخەو
ئەوەل بایەقوش، دووەم ئارەی ئەو
سیوم ئەوکەسە لەدۆس بڕیایە
چوبرا مردی، جەرگی سزیایە

- ١٧٨ -

ترویسکەی ئاگر، سییە مال نۆ
خوەش خوەش مەسۆزۆ لەداوانەی کۆ

- ١٧٩ -

ئەی دونیا داران، ئەی دونیا دۆسان
دونیا دەمیکە چوشارۆی "١٠" بۆسان

- ١٨٠ -

شینم بکەرین، شیوەنم خەیلی
تەرمم بوەسین وەزولف لەیلی

- ١٨١ -

دوەشەو دیمەخەو، دو کەوک مەکاران
یەکی لەیلابی، مەجنۆن مەلاوان

- ١٨٢ -

باوانت بڕمی، وەی چەمتەوە
وەی زەنجیرەی زولف لای دەمتەوە

- ١٨٣ -

دەمەکەت بارەو، بنەلەو دەمم
تا،،ک ساکت بۆ، دلەی بڕغەمم

- ١٨٤ -

نەدەدم چو دەرد، دەردەدارانە
نەزامم جوزام، کەسەی مارانە

- ١٨٥ -

کەسەی مارخاسە، زوو مەبۆ ساریش
زام دلە گەنە، زۆخەو مەچۆلێش

- ١٨٦ -

دلەکەی خوەمە، چو شەتەو لیلەن
جو هەور وەهار دەکەشت و کیلەن

- ١٨٧ -

خوزی وەخوەتان جەرگەتان جەمەن
بیچارەی چو خوەم، وەنەوتان کەمەن

- ١٨٨ -

یادتان وەخیر، دویر لەوەلاتان
بیومە کەمۆتەر، تییەم وەلاتان

- ١٨٩ -

ئەوشەو گۆش بیم، نالانی وەدەرد
دوید خوەم لەچەرخ هەفتەمین ویەرد

- ١٩٠ -

ئاگرجیی وەلیم، جوپیرەداران
بەوبکوشنەوەی چو مەیل جاران

- ١٩١ -

خودا کۆربکەی کلارەی بەدگۆ
مەوساکی دییە، لای هەوسانەچۆ

- ١٩٢ -

حەوانین نەخەو، کەی مەیۆن بیدار

---

١٠ - شارو: ئەو بەرهەمی میوەیەی کەلەوەرزی پاییزاندا، لەترسی سەرمـــا، بەیەکجار لەباخ دا کۆئەکرێتەوەو هەڵئەگیرێ .

گۆش بدەن وەدەنگ نالەی دەردەزار
هەرکەس خەفتیە ، خەوی خەیری بۆت
هەرکەس بیدارە، چو خوەم ؛ دەیری " بۆت

– ۱۹۳ –

بەو، تابنیشیم چوهەردک یاران
دەرد دل بکەیم ، چوهەردەجاران

– ۱۹٤ –

ئەگەر مەیلەکەت بدەم وەخویشان
کلارەم کۆربۆت ، دەسم بکیشان

– ۱۹٥ –

یاران کیی دیە دەرد وەی گرانی
دۆسم نیشتیە، دەس وەزرانی

– ۱۹٦ –

کاشکی مـ" بیام گۆزەی بان شانت
تک تک بتکیام وەنەو مەمکانت

– ۱۹۷ –

رییەکەی " تاق وەسان " بتاشم لەچۆ
ئەرای دوسەکەم هەرابی ، هەربچۆ

– ۱۹۸ –

رۆلە وەڕیزا نەوەخت خاوە
خاو سەرانسەر وەپیت ناباوە

– ۱۹۹ –

دایکە بیرەکەم تەنیا من دارۆ
ئەگەر من بمرم ، ئاگرمەوارۆ

– ۲۰۰ –

دەرد دلەکەم بیوشمەی پەی سەنگ
سەنگ مەیو خارا مەکیلو لەرەنگ

– ۲۰۱ –

بەسە وارانە ، زەمین یەخ دارۆ
من دیدە نیەم ، توپا ، وەردارو

– ۲۰۲ –

هەرزەوی بەرزە بکەینە بۆسان
ئەمامە باریت ، بودەس دۆسان

– ۲۰۳ –

ئیمشەو چەن شەوە دویر لەیارانم
چوقەطعەی زەمین ، تشنەی وارانم

– ۲۰٤ –

دالک خو ئەیرم بکەرۆ شینم
وەنەو منالەیل بسینو خوینم

## بەشی چوارەم
## گۆرانی کوردی کرماشانی ، لەژێر کارتێکردنی شێوەی " لەک " دا :

– ۲۰٥ –

هەرگۆرە مەچی ، ئەللا یارت بۆت
ئەوەکەی " زەمزەم " سازکارت بۆت

– ۲۰٦ –

کرماشان مەچم ، " بیستوین " رامە
قەتلگای فەرهاد، شەو مەنزلگامە

– ۲۰۷ –

بەو بچیم نە " وەیس "، پەی توبەکاری
توبەی کول بکەیم ، غەیر ژەدلداری

– ۲۰۸ –

دوەشەو دیمەخەو قیولەی وەرینم
جامی بڕ ژەمەی هات نەسەرینم

– ۲۰۹ –

کونە زامانم وەناسۆر کەفتە
ئمام بۆدەرمان کام دۆس شنەفتە

– ۲۱۰ –

ئەر مەزانسیام دویری دۆس واسە
مەنیشتیام وەبێلّ ، هەربێلیک خاسە

- ٢١١ -

لارە لارمەکە، من لارەکیش نیم
خولقت تەنگ مەکە، من لەیردا نیش نیم

- ٢١٢ -

زامدارم مەکە، زام وەبا مەوە
بەووەخنەخن بنیش لامەوە

- ٢١٣ -

ریبەکەی "تاق وەسان" هەرتۆزەوەمەکەی
دلم تەشوشی ئەو دۆسەو مەکەی

- ٢١٤ -

ئەوسا منال بیم، منالیک بەدخۆ
وەنەو منالیەل خاک مەکروم کۆ

- ٢١٥ -

زولفت وەصیورەت پەریشان مەکە
وەک مانگ زیر هەور، رۆبەنهان مەکە

- ٢١٦ -

کزە کزمەکە، کزەت وەکیانم
کزەت چو ئەلماس، پەی کەی سوخانم

- ٢١٧ -

چەویەل مەست، پڕ زەبادە بۆت
دل وەبەکی دە، نەجیم زادە بۆت

- ٢١٨ -

ئەی خالۆ ریوار بەو مەچۆرەوە
وەسەر سینەکەت جیم بکەرەوە

- ٢١٩ -

وەبەغداد مەچیت، "خانەقین" ریتە
ئەنگوشتەرەکەی یادگاریم پێتە

- ٢٢٠ -

چەویەل مەرەزۆ، زولفیەل مەکە لیول
وەطەواف مەچی وەبارگەی بالیول

- ٢٢١ -

بەرشویەکەت مەکەری وەکیش
بیچارەی چومن، مەکەتو دەوریش

- ٢٢٢ -

بیلا کەوتەکەت، نالەکی دیاربۆت
هەرکۆرە مەچی، شوینت دیار بۆت

- ٢٢٣ -

تالی وە زولفت وەرەو خوار مەکە
بیچارەی چومن، گرفتار مەکە

- ٢٢٤ -

بەو، تابکەریم جاهلی ویمان
دونیا تاوەسەر نیەن وەپیمان

- ٢٢٥ -

بەوەبچین نە "وەیس" پیر ویمانە
لەوەیس بپرسیم، گوناکی کیمانە

## بەشی پێنجەم
## گۆرانی کرمانجی سنەیی

- ٢٢٦ -

حوەم کوردمانی، فارسی نازانم
بەزوانی کوردی، دەرت لەگیانم

- ٢٢٧ -

جاوم بو جاوت، جاوە جاویە
دلەکەم بودلەکەت گلاراویە

- ٢٢٨ -

دەمەکەت بێرا، دەم دەمانی کەم
دەم وساحێو دەم، بەقوربانی کەم

- ٢٢٩ -

ئیمشەو، چەن ئەوە نەک کردگە ماچێ
داخی ئەوماچە لەدلم دەرناچێ

- ٢٢٠ -

دەمەکەت بێرا ، بینە ناو دەمم

با ، کەساکت بێ دڵەکەی پڕخەمم

- ٢٢١ -

ئەگەر بەبتە بێم ، لەو وەختە ماچێ

هەفت پشتو " کوڕ " بێ بەدۆزەخ ناچێ

- ٢٢٢ -

دەمەکەت بێرا ، خوەیجم دەم تێرم

ماچێکم بەبێ ، بەخوات ئەسپێرم

- ٢٢٣ -

من خاتر خوانەوم ، خاتر خوام کردی

لەناو کوردسان ، بەو ناوم کردی

- ٢٢٤ -

خەیاڵێ مەکە ، خوەم خاتر خواتم

خاتر خوای ئەخلاق ، قەدوباڵاتم

- ٢٢٥ -

ناکرەی مەجنوبن ، بەردای لەکیان

نانی خاتر خوای ، نبایتە داوانم

- ٢٢٦ -

ئەو باڵا بەرزە ، خوابەتۆی داکە

محنەتی دونیا ، هەربۆ خوەم ماکە

- ٢٢٧ -

چەن کەرە وەتم مێرە پەنجەرە

لەسەر ماچەکەت شەرە خەنجەرە

- ٢٢٨ -

کەم بەکزەی چاو ، دەردم کاری کە

دەوای دەردەکەم ، نادیاری کە

- ٢٢٩ -

کاشکای ڕۆژ ئەوەڵ نەوایتە یارم

نەوایتە باعیث دڵەکەی خەمبارم

- ٢٤٠ -

ئەگەر ئەمزانی تۆ ، بومن ناوی

ئەمنیا زوورسەر ، جنتێ ماراوی

- ٢٤١ -

چەبکەم ، چەبێژم ، چەم دەسەڵاتە

بەرزی باڵات خەمم خەڵاتە

- ٢٤٢ -

لەخوام گەرەکە گیرۆەی حەق بیی

لەبان داکەنی ، وەکنیشە شەق بیی

- ٢٤٣ -

بەتوربانوبم ، لەدۆر دیاری

چمان وەنەوشەی ئەوەڵ بەهاری

- ٢٤٤ -

لەناو پەنجەرە سەربێرانە دەر

تەزات لەکیانم وێنەی مانگ و خوەر

- ٢٤٥ -

لەبەر ماڵەکەت هاتم بەرەو خوار

چاوم کەوت بەتۆ ، بۆمە گرفتار

- ٢٤٦ -

کردکتە بەیان بانەکەی خوەتان

کراس پۆڵەکدار ، بەریەخەکەتان

- ٢٤٧ -

مەگەر تۆ ــ گەور ــ ی ، دینو ئەماکە

ئاگرت لەجەسەی خوەیجم بەرداکە

- ٢٤٨ -

کەم بێ ، کەم بچۆ ، لەم دەوروبیشە

خوای بانی سەر ، بچی بەکزتا

- ٢٤٩ -

لەدۆرەوەهاتم ، بشناسە دەنگم

تۆزی غەریبی نشتگە لەرەنگم

- ٢٥٠ -

خوای بانی سەر کارێ پێم کردن

عاجز بۆم لەکیان ، ڕازیم بەمردن

- ٢٥١ -

من خاتر خوانیم ، من دەردە دارم

پەژموردە روخسار ، خاڵەکەی یارم

- ٢٥٢ -

تاکەی دانیشم لەسای داری بیی

تاکەی بەکێشم ، ڕەنجی غەریبی

- ٢٥٣ -

هەزار یارم بێ ، هەر خوەت یارمی

هەرخوەت یارەکەی وەفادارمی



دەستەیە مۆسیقازەن وسەماکەری کۆچەری جارانی ناوچەی کرماشان وسنە " سۆزمانیەکانی سەربێلّی زەهاو " — ئەم وێنەیە شەست سالّ پێش گیراوە—

— ٢٥٤ —

ئەرێ بالا بەرز، گۆنەی چاوسیا
کاشکای مالّەکەت لەملاتر بیا

— ٢٥٥ —

سەرەکەت بێرا، بینە بان رانم
ئەر بێژم : لای وە ، لالّ بێ زوانم

— ٢٥٦ —

خالّی هالەبان ئلکەی رانەکەت
گیانەکەم دەرچی ، بەرلەگیانەکەت

— ٢٥٧ —

ئەوسا مەیلت بۆ، بەمەیلت زیام
ئیسە بێ مەیلی ، بو خوەم دلّنیام

— ٢٥٨ —

بێرە مالّەکەم ، لەگێ ترسە
گەورە تابیچوک ، هەوالّ پرسە

— ٢٥٩ —

تۆ، کەی هەناردت دەلیلێ بۆلام
تاخوەم و دەلیل ، بەقوربانت بام

— ٢٦٠ —

دووکەو لەتەنەس گفتی گۆیانە
تەمای مەیل برین ، من و تۆیانە

— ٢٦١ —

لەکێ تۆریاگی ، بکێشم نازت !
بەماشینی " فورد " بێمە پێشوازت

— ٢٦٢ —

زولّفەکەت بێرا ، بیکەمە شانە
با ، لیی نەنیشی تۆزبالّەخانە

— ٢٦٣ —

بەو هەسارەکەی کەل — حاجی موسی[11]"
دلّم پێتەوبو ، خوانەینۆسی

---

١١ — حاجی موسی : ناوی گوندوکەردەنەیەکە لەناوچەی " تالّ تالّی " ی سەرووی خۆرئاوای " دیواندەرە" وە .

- ٢٦٤ -

بالکەت بەرزە وەک بەباخی ڕۆم
عالەم ئەزانێ من بەتەمای تۆم

- ٢٦٥ -

بەبەرزی بالات تۆڵێ بۆڕم
ناوە خۆشەکەت لەکێ بجڕم !

- ٢٦٦ -

ئەو بالا بەرزە، ئەو گوڵ بەسەرە
خەمی کوشتگەو، خەوی بێ خەبەرە

- ٢٦٧ -

ئەونە سەورم کرد، تاقەت لێم بڕیا
مالێ سەور بڕمی ، پەردەی دڵ دڕیا

- ٢٦٨ -

هەرکەخاتر خواس ، لەدۆر دیارە
ڕەنگ زەردوزەعیف ، دڵ بێ قەرارە

- ٢٦٩ -

جنتە چاوەکەت وەک دووربین ئاڵمان
لە" قەسر"ەو ئەنجەی ، بوبانی خومان

- ٢٧٠ -

بێرە سەرینم ، تێربکەشینم
عاقیبەت مەرگە ، نەو ، نەتربنم

- ٢٧١ -

نەحوا ئەمکوژی ، نەبوخوەم ئەمرم
حاکێ ژێرپاکەت بوێتە قەورم

- ٢٧٢ -

بەرمانگە قەسەم ، مانگ خەیلێ بەرزە
ماچی ژن شۆدار، هەرئیمەو نەرزە

- ٢٧٣ -

ئیمەو، چەن ئەوە پار لەماڵ نییە
کەس لەنالەی کەس خەوەردار نییە

- ٢٧٤ -

بەو - بیرمحەمەد "[12]" بەو " تاقەدارە"[13]
دڵم هابێتەو، چارم ناچارە

- ٢٧٥ -

کۆچەی کوردسان باران تەڕمی کرد
کۆنای " ئاناق گیان " لەدین دەرمی کرد

- ٢٧٦ -

تانە گوڵێ بۆم بەسەریاڵەوە
عاجز بۆم لەدەس بای ئەماڵەوە

- ٢٧٧ -

تانە گوڵێ بۆم بو خوەم ئەشنیام
بای ئەماڵ دای لێم لەریشە کنیام

- ٢٧٨ -

بالاکەت بەرزە، مەیە لەدیوار
دڵ هەرپەکێکە مەیە بەهەزار

- ٢٧٩

یە چەکارێ بۆ، خوەم بەخوەم کردم
دۆس ئەخلاقی لەدەس دەرکردم

- ٢٨٠ -

ئەوان ئەفەنم بەتاسەتەوە
بۆم ئەنیا بەبۆی هەناسەتەوە

- ٢٨١ -

ئەوە من مردم تاڵم بریاوە
کلای جوانیەکەم لەدارکنیاوە

- ٢٨٢ -

بانمان بەرانبەر، چێشمان جیایی
کافر نەخەنی ، ئەو بەتەنیایی

- ٢٨٣ -

خوای بانی سەرنان دایکم بۆڕێ
واخوەمی نەدا بەتۆڵەکوڕێ

---

١٢ — ناوی مەزارێکە ، لەخۆرهەڵاتی شاری " سنە" و، لەسەر سێ ڕیبانی " هەمەدان " ە ،ولەهەمان کاتیشدا ناوی گەڕەکێکیشە لەسنە .

١٣ — تاقەدارە : درەختێکە لەڕۆخی شاری " سنە" وبەکێوی " ئاوی دەرە" وە

- ٢٨٤ -

هەی داد، هەی بێداد ،لەم بێدادیە
بێدادیم لەدەس شەو تەنیاییمە

- ٢٨٥ -

هەی داد ، هەی بێداد، تاکەی نەکەم دەنک
کەوهەر فرۆش بۆم ، مایەم بۆ بەسەنک

- ٢٨٦ -

" باوەڕێز " [14] خوەشە، جوار دەوری کێفە
ماچێ لەو دەمتە شەکەرە سێفە

- ٢٨٧ -

" باوەڕێز " خۆشە جواردەوری دارە
ماچێ لەو دەمتە دەنکە هەنارە

- ٢٨٨ -

دوێ شەو دیم لەخەو، دۆر واتۆ مردی
کەلیمەی " شادەت " لەیادم بردی

- ٢٨٩ -

یا " پیرمەحمو" بەرەو رۆت هاتم
نیازم قەبوڵ کە، خاکێ ژێر پاتم

- ٢٩٠ -

ئەوەنە مەنالاًن بەدەم دەردەوە
فەلەک لەبەختم لای نەکردەوە

- ٢٩١ -

باران ئەواری ، نم نم تەڕمی کرد .
گۆنای " ئافاق گیان " لەدین دەرمی کرد

- ٢٩٢ -

باران ئەواری ، نم نم دای داگە
ئەگریجەی لەبان گۆنای دەق داگە

- ٢٩٣ -

مانگەشەو هەلات، دای لەلێفەکە
دایکو نەزانی ،بگرە سێفەکە

- ٢٩٤ -

ئێوارە وەقتە، خوەر لەخوەر ئاوا
هەرجی ئازارە هاتنەو " خەسراوا " [15]

- ٢٩٥ -

گۆشەی لەچکەکەت بەرەو خوارمەکە
هەزارێ وەک خوەم گرفتار مەکە

- ٢٩٦ -

هەوای بانەوبان داکیە لەکەللەم
هەروەکۆ سۆنە عاشق بەمەلەم

- ٢٩٧ -

ئەگەر گەرەکتە دڵەکەم دەربێرم
لەجێی حێل و گوڵ بوتێ بنێرم

- ٢٩٨ -

ئیشمەو چەن شەوە، یارلەماڵ نییە
ئەو، لەرۆخانە بەرقەرار نییە

- ٢٩٩ -

ئەگەر ئەمزانی بەم تەورە مەبۆ
دڵمەدا بەسەنک، نەمەدا بەتۆ

- ٣٠٠ -

لەبەر ماڵەکەت بام سوڕیا کەفتم
لەخوەش بەختیما ئەولەلات خەفتم

- ٣٠١ -

هەی داد هەی بێداد لەم گەورە شارە
نەدەنکی دۆستێ ، نەیار دیارە

- ٣٠٢ -

حوان دانیشی بەلای پیرەوە
ئێزی دوساخەو، بەزەنجیرەوە

- ٣٠٣ -

حوان دانیشی ؛ بەلای جوانەوە
وەسە ئەمامە، بەبێسانەوە

---

١٤ - باوەڕێز : ناوی گوندێکە ، دووکیلۆمەترلەشاری " ســـــنە"وە دوورە و ئەکەوێتە سەرسێ ڕێیانی " سەقز " بەناوبانگە لەسێوی زۆر شیرین و بـــۆن خوش دا .

١٥ - خەسرەوئاوا : باخێکی بەناوبانگە ، کە " خەسرەوخانی والی " دروستـــی کردووە ، ئەکەوێتە خورئاوای شاری " سنە"وە .

- ٣٠٤ -

هەیداد ، هەی بێداد جەرگم تاوتاوە
ساتێکم لەرزە ، ساتێکم یاوە

- ٣٠٥ -

خوا خوامە ، بەفرێ بباری
یارە تازەکەم بانێ بمالی

- ٣٠٦ -

سەرەو بەرزەوکە ، رۆلەکەردۆن کە
تەواشای قرچەی پیرە دەرۆن کە

- ٣٠٧ -

ئەی خالۆ رێوگار ، خوەیچم رێوگارم
بو " سەردەشت " ئەچم بوخومەت یارم

- ٣٠٨ -

لە " قەسر " ەو هاتم ، لیمۆ سارمە
دڵ خوەشیم یەسە ، ئەوکچەیارمە

- ٣٠٩ -

ماشینێ هاتکە ، بارێ هەنارە
خوەزگەم بەوکەسە دەریرانن دارە

- ٣١٠ -

خوەم کرماشانی ، زوانەکەک جەفتە
داوای ئەو ئەکەم ، قسمەتم نەفتە

- ٣١١ -

ئێژن لە " بانە " سێ چت هەرزانە
یەکێکی ماچەو ، دووانی لەرزانە

- ٣١٢ -

چاو رەشە کاڵێ شەڕم لێ لادە
خەم وەبۆنی تۆ ، سەری لیم داگە

- ٣١٣ -

خۆم وبایەقوش ، لێفە دۆانە
ئەولە چۆل ئەنجوەن ، خوەم لەویرانە

- ٣١٤ -

ئەی خالۆ ریوکاربێ ، مەڕوورەوە
ئیمشەو لەلای خوەم ، رۆژ بکەرەوە

- ٣١٥ -

ئەوەنە سەورم کرد ، مانگ لەکەڵ درات
خەوەرێ لەلای دۆسەکەم نەهات

- ٣١٦ -

ماڵی باوکەکەت بیت بەچەپکەی نەی
ئاگری تێ بەربێ شەماڵێ لەپەی

- ٣١٧ -

دۆس عەزیزەکەم بەو بچینەوە
گوڵوەنی لەبان کەمەرچینەوە

- ٣١٨ -

هەی داد ، هەی بێداد خۆمن نەماگم
دۆس بێ بەنیەت جۆاوی داگم

- ٣١٩ -

هەروەک بازۆبەن بتکەمە باڵم
هەرئێژم دوری ، تالان بێ ماڵم

- ٣٢٠ -

لەکەڵ هەڵهاتا ، وەفرانی مانگە
نەمزانی یارم ، تازە حەمامە

## بەشی شەشەم
## گۆرانی کرمانجی سنەیی ـ تێکەڵ بەهەورامانی

ـ ٣٢١ ـ

هەرمانگێ نەوبێ ، حالم پەشێوەن
هەلال چۆن شێوەی ئەبرۆی تۆی پێوەن

ـ ٣٢٢ ـ

شەوان ، شەونالەو، رۆژان رۆ رۆمە
یەکجار پەزارەی دۆریەکەی تۆمە

ـ ٣٢٣ ـ

یاخوا هەرشەوبێ ، لەرۆژ بێزارم
نەوا بەوکاران پەی بۆەن بەکارم

ـ ٣٢٤ ـ

کارەکان کەردۆن ئەشێ هەروابێ
لەیلێ ، دەوڵەمەن ، مەجنۆن گەوابێ

ـ ٣٢٥ ـ

چەن شاران گەڕام ، چەن دۆکان بەستم
وێنەی خاڵەکەت نەکەفتە دەستم

ـ ٣٢٦ ـ

هەرکە لەم دونیانەدا رۆ یارێ
وەسەبێ بولێ ، روبکا لەشارێ

ـ ٣٢٧ ـ

سەرت پەتی کە، بینم زوڵفانت
تا ، کیان شیرین بکەم قوربانت

ـ ٣٢٨ ـ

لەبیرت مەیۆ، شەوەکەی سەرجو
شەفاو لاڵەی من ، مەکەو لاوەی تۆ

ـ ٣٢٩ ـ

ئەگەر بزانی بەحال دەروم
کریانت مەیو، پەی رەنگ زەردم

ـ ٣٣٠ ـ

ئیمشەوچەن شەوە دۆر لەیارانم
وەک باخچەی بێ ئەو، تشنەی بارانم

## بەشی حەوتەم
## گۆرانی کوردی ـ مەریوانی

ـ ٣٣١ ـ

دەشتی " مەریوان " ، کاکی بەکاکی
دوور لەبالاکەت ویران بێ خاکی

ـ ٣٣٢ ـ

کابل[١٦]ـی مەریوان ، مەردێکێ قورسە
بمری مێردەکەت ، خوەم بێم بوپرسە

ـ ٣٣٣ ـ

سالێ بەو ئەییام ـ زربار ـ شاربو
سێ سە، دەروازەو چوارسەمنارېو
ـ زریار ـ جری بە " کانی سانان "
کوا " خان ئەحمەدوخان " ، باشی کول خانان؟

---

١٦ ـ کابل : ناوی پیرـ یکە، کەمەزارەکەی لە " مەریوان "ەو، جێی رێـزەلای خەڵکی ناوچەکە .

## بەشی هەشتەم
## گۆرانی کوردی - بانەیی

- ٣٣٤ -

هەرچەند دەڕوانم بەحوکمی دوربین
نەیاردیارە، نەشیوەی شیرین

- ٣٣٥ -

خوتو خوت فەرمووت من بێ وەفانیم
بێ وەفاییەکەت بەچاوی خوم دیم

- ٣٣٦ -

هەستە بابیکەین دۆدەس لەگەردەن
نەوەک پەیابێ لەناکاو مەردەن

- ٣٣٧ -

ئەگەر نەبوایە بەلومەی ولآت
کەپرێکم دەبەست ، شەو ورۆژ لەلات

- ٣٣٨ -

شەرت بێ کولّی کەس نەکەم بە بۆوە
تاگولّم بۆدێ لەحزمەت تۆوە

- ٣٣٩ -

تاکەی دانیشم ، تاکەی لەلات بم
لەخوام تەلەبە بەبالآت شادبم

- ٣٤٠ -

من دۆوو تودۆر ، تەرکی تەماشا
دایکی حەو کوڕبێ ، پێت دەکەم حاشا

- ٣٤١ -

خوا دایکت بگری ، باوکت بێ ئیمان
چۆن بو بەباعیث دلّی هەردۆکمان

- ٣٤٢ -

خوا بینۆسی ، قەلّەم بیکاکار
ژن بۆپیاوی پیر ، کچ بۆهەرزەکار

- ٣٤٣ -

یاخوا هەرشەوبێ ، رۆژ نەبێتەوە
دەستم لەئێخەی یار نەبێتەوە

- ٣٤٤ -

جاوان مەرێزە، هێشتا منداڵی
سێوی نەگەیو، هەڵۆژەی کاڵی

- ٣٤٥ -

ئەگەر نەمدەیتی لەوخاڵی قۆڵت
رۆژی قیامەت دەینم بەکۆڵت

- ٣٤٦ -

بالآکەت بەرزە، مەیدە بەخەسار
دلّ هەرئێکێکە، مەیدە بەهەزار

- ٣٤٧ -

بەبالآی بەرزت ، بەسینەی طەیرت
مەکەر ئێواران تێربکەم سەیرت

- ٣٤٨ -

بەبالآی بەرزت ، بەسینەی سافت
ماسی لەدەریا هاتنە تەوافت

- ٣٤٩ -

شەرت بێ لەداخت تەرکی دونیاکەم
ئاسا هەلّگرم ، کەشکۆلّ پەیاکەم

- ٣٥٠ -

شەرت بێ لەداخت دۆوەم لەقینت
خوم بەخنکێنم ، بەلّکەی پوشینت

- ٣٥١ -

ئەترسم بمرم دونیام زۆرمابێ
ئیزرائیل لەدەست نالّەم بێزاربێ

- ٣٥٢ -

نارنج وترنج ، ترنجی شاران
چەقۆی دەم زەڕن ، سەوقاتی یاران

## بەشی نۆهەم
## گۆرانی کوردی ـ کرمانجی موکری

ـ ٢٥٣ ـ

هەی داد هەی بێداد، لەو زوڵمی سەختم
خەتای کەس نییە، بوخوم بەدبەختم

ـ ٢٥٤ ـ

ئەگەر ئەمزانی لەکوێ دەنوستی
سینگەکەت دۆشەگ، پێم رادەختی

ـ ٢٥٥ ـ

هەربێوەژنێ شاڵ کرمانی بێ
هەوسەتگەورە کچ بەتوربانی بێ

ـ ٢٥٦ ـ

لەخوام تەڵەبە بەماڵ وحاڵی
قرچە شکێنتکەم، ئەو بەحەلاڵی

ـ ٢٥٧ ـ

نەماڵم دەوێ، نەگەنجی دونیا
باڵای تۆم دەوێ بەتاقی تەنیا

ـ ٢٥٨ ـ

ئەگەر جەهەننەم وەک دۆری تۆبێ
یاخودا بەنسیب گاوری سەرکوبێ

ـ ٢٥٩ ـ

ئەوا من دەڕۆم بولای گەرمێنێ
ئەودڵەی من غەریب بەجێ دەمێنێ

ـ ٢٦٠ ـ

ئەوەکەی وەسڵت هەرلەبیرمە
داوێک لەزوڵفتکە مەرگیرمە

ـ ٢٦١ ـ

سەرم سەرگەردان، پام بەکۆتەوە
سەربەنجەم ببرن بەلیمۆتەوە

ـ ٢٦٢ ـ

لەوەی مەترسێ دنیت بێ بەتاڵ
گەردن هەڵێنە، وەدەرکەوێ خاڵ

ـ ٢٦٣ ـ

ئەوبالابەرزە، ئەوتێل بەسەرە
عالەمی کوشتۆە، خوی بێ خەبەرە

ـ ٢٦٤ ـ

بالاکەت بەرزە، بەقەد مناریێ
کێ ئەفرەی داوی، بەردی لێ باری

ـ ٢٦٥ ـ

هەرکەسێ دەیکا گەنعی من وتۆ
لەمالی دەرچی، رۆژی هەشت و نۆ

ـ ٢٦٦ ـ

ئەوا من دەڕۆم، خوم ودڵەکەم
ئەمانەتۆ بێ تاقە گوڵەکەم

ـ ٢٦٧ ـ

هەورێکی هێنا، بارانی پێوە
یاخودا نەباری، لەیلام بەرێوە

ـ ٢٦٨ ـ

ماڵێک باری کرد کەس نەیگێرا وە
مالی لەیلام بۆ، دڵخۆشیم داوە

ـ ٢٦٩ ـ

نەمالم دەوێ، گەنجی وەکوبێ
گەدایی دەکەم چاوم لەتۆبێ

ـ ٢٧٠ ـ

ئێرە مزگەوتە خانەی خودایە
ئەرعی من وتۆ، لەکن مەلایە

ـ ٢٧١ ـ

هەی داد، هەی بێداد، مردم بەتەنێ
یامالم بارکەن، یائەوکچەم دەنێ

ـ ٢٧٢ ـ

چاوم چاوەڕێ ئەو کلکە بەردە
کەی لەمال دەردی، ئەو گەردن زەردە

ـ ٢٧٣ ـ

ئەوکچە لەوماڵە، قەولی داوەپێم
دەرک ودەروازە، داخراوە لێم

ـ ٢٧٤ ـ

مانگە ئەوخۆشە، مانگ لەبەرێزێ
دۆستی جوانت بێ، برەبەئامێزێ

— ٢٧٥ —

مانگەشەو خۆشە ، مانگ لەسەرمالآن

دۆستی جوانت بێ ، دەم لەسەر خالآن

— ٢٧٦ —

مانگە شەو خۆشە ، بیدا لە ئاوێ

دۆستی بەبەتا دەلآلی ئابێ

— ٢٧٧ —

قورئانێک بێنە ، دەستی بێ دادەم

هەتا رۆژی مردن ، مەیلت بەرنادەم

— ٢٧٨ —

کەنگێ وادەبێ شەرتی دلداری

تۆلەعەیش ونۆش ، من لەخەمباری

— ٢٧٩ —

قەستەم بەرمانگەی خەرمانەی داوە

مەیلی چاو جوانم بەکەس نەداوە

— ٢٨٠ —

ئەو ئێوارەکەی مانگای دەلاوان

پێم کوت بۆماچێک ، نەرمۆی بەچاوان

— ٢٨١ —

دەترسم بمرم ، تۆنەبینمەوە

بەجوانە مەرگی سەربنێمەوە

— ٢٨٢ —

خەتای من چیە ، تۆچاوت دێنی

دایکی خۆت نیە ، نازت بکێشی

— ٢٨٣ —

تۆ دۆرو ، من دۆر ، بەینێک ببەستین

بەفرمێسکی چاو ، جۆکێک هەلبەستین

— ٢٨٤ —

ئەوەتۆ دەڕۆی ، بەناڕەزای دلّ

خودا یارت بێ ، مەنزلّ بەمەنزلّ

— ٢٨٥ —

وەرە مالەکەم هەرگز مەچۆرە

عەمی سەدسالەم لەبیر بەرەوە

— ٢٨٦ —

سەرکە سەنبرم ، تێربکە ئینم

دەچمە ئیجباری مەرگت نەبینم

— ٢٨٧ —

یاخودا هەرشەوبێ ، لەرۆژ بێزارم

نەوەک سەگباێک دەستدا لەکارم

— ٢٨٨ —

دەترسم بمرم ، نەگەم بەمورادم

ساربێ بەحاکم ، نەپرسێ دادم

— ٢٨٩ —

دەترسم بمرم بەچلەی زستانێ

مەل ودالّ بمخون ، یار پێ نەزانێ

— ٢٩٠ —

دەترسم بمرم ، نەگرم یارێکێ

سێتە سەرقەبرم سالی جارێکێ

— ٢٩١ —

ئەساسی ساردم کێو لەبن دێنێ

داخودا خودای من ، چت بەسەردێنێ

— ٢٩٢ —

یاخودا هەلّتەنی ئەوکێوە لەبن

ەلکۆ بەیدابێ ، عومری چاوی من

— ٢٩٣ —

یاخودا بەخێرێ ، میوانی عەزیز

بەرۆژی بەهار ، بەشەوی پاییز

— ٢٩٤ —

ئەو چاوە جوانەی ئەمنیان کردۆە ئێت

ەعیلی نابەم ، خودا داویە پێت

— ٢٩٥ —

ئەسمان لێ بگرە ، سەران سوێ بانێ

ئەمن مالی زۆر ، لەتۆش جزانی

— ٢٩٦ —

هەستە لەخەوێ ، بزانە چم دەوێ

ئەکەردەی زەردت ، دۆ ماچم دەوێ

— ٢٩٧ —

هەستە لەخەوێ ، بەری بەیانە

ئەتاپێک دەبڕین ، ئاخری زەمانە

— ٢٩٨ —

هەستە لەخەوێ ، بزانە ئەمن کێم

کوڕەکەی دوێنێم قەولێت دابۆ پێتم

- ٣٩٩ -

لەخودام تەڵەبە، یا (موسای کازم)
مێرد گولەت بمری ، بۆ خۆم دەتخوازم

- ٤٠٠ -

خودا خودامە، رۆژ ببی ئاوا
دەستێک بگیرم دەو باخچەی ساوا

- ٤٠١ -

دۆ چاوی رەشت بۆن بەجەللابم
پێیان بفەرمۆ ، نەدەن عەزابم

- ٤٠٢ -

هەڵکێشە خەنجەر ، دەبانی دەم رەش
بینێ لەجەرگم ، بیکە بەچوار بەش

- ٤٠٣ -

دەسرەکەی دەستت تافتەی پیوازی
خوم من نەمردم ، تۆ زن دەخوازی

- ٤٠٤ -

(سابڵاخ)م خۆشە ، کۆچە بەکۆچە
قیمەتی نایە ، مەمک هەڵۆچە

- ٤٠٥ -

کراس دەربێکەت دەڵەی دیوارە
ئەگەر بۆت دەنۆم کاکم دیارە

- ٤٠٦ -

لەخودام تەڵەبە بەگوڵ و ژالەبی
دایم لەسونعی چاردە سالە بی

- ٤٠٧ -

ئەوە مانگ هەڵات ، دوایە :لەهوبە
ماچکردن خۆشە نۆبە بە نۆبە

- ٤٠٨ -

چاوم چاوەڕێ دەرکی حەسارێ
داخودا چاو جۆانم کەی دێتە خوارێ

- ٤٠٩ -

خۆزکەم بەوشەوەی تۆمنت ئەسیرکرد
کرکار خۆت بۆ ، کێ تۆی مەجبور کرد!

- ٤١٠ -

هەرچەند نوێژ دەکەم. نوێژم بەتاڵە
(تەحیات) ئەخوێنم ، تۆم لەخەیاڵە

- ٤١١ -

ئەگەر دەمزانی لەکوێت دەکرد راو
تۆزی خاکی رێت دەمکرد بە تەنداو

- ٤١٢ -

خو من جۆتێر نیم ، جۆتم بولول بێ
تۆوم رازیانە ، خەرمانم گوڵ بێ

- ٤١٣ -

ئەوجار باری غەم نیشتووە لەلێوم
بۆ روحمێ ناکەی ، بەدڵەی پەشێوم

## بەشی (١٠)
## گۆرانی کرمانجی موکری / هەشت برگەیی / سێ دێری

- ٤١٤ -

کەس نازانێ بۆچ. دەناڵم
یاحودا کاور بێ بەحاڵم
بەجێماوە چاو کەژاڵم

- ٤١٥ -

کەس نازانێ بۆچ بێ رەنگم
گیرۆدەی دەستی نەڕەنگم
بەجێماوە نۆح و شەنگم

- ٤١٦ -

هەرچەند دەکەم فکرو ئەندێش
تەوەلا مام لەتەوم و خوێش
لەدۆای بالآت بوم بەدەروێش

- ٤١٧ -

هەرچەند دەکەم فکرو رایە
کەوهەرم کەوتە دەریایە
بەسەد غەواس بۆم دەرنایە

- ٤١٨ -

مالّی ویّران کردم چاوی
دیّوانەم بۆ زولفی خاوی
ئەمنی هەزار، کەوتمەداوی

- ٤١٩ -

چاوت رەشە ، دەگەلّ برۆت
بەو خالّەی کەم دەوری لیمۆت
دایکت ماچ کەم ، یانە بۆ خۆت !

- ٤٢٠ -

چاوت رەشە ، بەخورمارە
مەمکت سیّوە بەدارەوە
خودا داویە ، مەبنارەوە

- ٤٢١ -

مالّی باب سەرەو ژیّر بێ
ئیزرائیل بەمالّی فیّر بێ
کێ تۆی رەنجاند ، خودا گیّربێ

- ٤٢٢ -

چاوت لەبرۆیان رەشترن
لە ماری رەش وریاترن
هەمو رۆژی ریّگا گرن

- ٤٢٣ -

ئەستەم بەو خالّەی لە رۆتە
فنجانەی دەستت یاقوتە
سەرهەلّینە ، جەرگم سوتا

- ٤٢٤ -

هەرچەند دەکەم دلّ پیر نابێ
دەستم لەمەمکی گیر نابێ
یار مندالّە ، بۆم ژیر نابێ

- ٤٢٥ -

نەمەجنون و ، نەفەرهادم
زەحمەت کێش و رەنج بەبادم
لەپاش لەیلی ،بێ مورادم

- ٤٢٦ -

بەونورشانەی لێم حویّندۆە
بۆ خۆم لەمەلام بیستۆە
خیّری ماچیّک ، سەد رۆژۆە

بەشی (١١)
گۆرانی کوردی/کرمانجی سلیّمانی

- ٤٢٧ -

ئەوا من دەرۆم بۆ ولاّتەکەی خۆم
پرست بێ دەکەم ، برۆم، یانەرۆم !

- ٤٢٨ -

ئەیێ دادو بیّداد، ;خۆمن نەمادم
وەک جۆگەلەی ئاو ، حوێن دێ لەچاوم

- ٤٢٩ -

لەحودام تەلّبە بەندت زنجیر بێ
لەدوا بەش براو ، هەربەشت پیر بێ

- ٤٣٠ -

تۆ لە (سلیمانی) بەکراسی حەوت رەنگ
من لە (تاران)م ئاوارەو دلّتەنگ

- ٤٣١ -

دەچم بۆ (پێنجوین) [١٧] پێنجم پێ ئەچێ
تاکو دێمەوە ، گیانم دەرئەچێ

- ٤٣٢ -

لەدووردیارە بەرچەمی خاوت
دێوانەی کردم بە کۆشەی چاوت

- ٤٣٣ -

حۆزگەم بەو کەسەی دراوسێتانە
بەشەوو بەرۆژ ئاگای لێتانە

- ٤٣٤ -

بەو ئەستێرانەی وان بەهەواوە
هێشتا مەیلی تۆم بەکەس نەداوە

بەشی (١٢)
کرمانجی سلێمانی / هەشت برگەیی /
٣ دێڕی

- ٤٣٥ -

ئەو چاوانەی هەڵیان دێنی
سۆی لەتەکیە بیبێنی
مرحەتەق تۆبەی دەشکێنی

- ٤٣٦ -

دیسان ئەو هات بۆ حاڵی من
بۆ دڵەکەی پڕ خەیاڵی من
عالەم سوتا لەناڵەی من

- ٤٣٧ -

چەند خوشە بەزمی ئێواران
کاڵ و سوحبەت لەگەڵ یاران
لەناو باخچەکەی هەناران

---

(١٧) پێنجوین: ناوی شارێکی کوردستانی عێراقە، سەربەپارێزگەی سلێمانی، کەبەرامبەر خاکی (مەریوان)ە .
تێبینی : بەعسیەکانی بەغدا، ساڵی ١٩٨٣ ئەم شارەیان کاول کرد - م -


KURDISH SONGS
TRANSLITERATION, PERSIAN TRASLATION
AND GLOSSARY
M. MOKRI, PH. D. LIT
DIRECTOR, RURAL AND NOMADIC TRIBES
EDUCATION
TEHRAN
KETAB-KHANEH DANESH
1951

# مەودای هەندێ لە ئامێرەکانی مۆسیقا





# لەهۆرەی ژمارە یەکدا

لەهۆرەی زمارەیەکدا:

- لەلاپەڕەکانی(٦ - ٧)وشەی " مارسیلیز " لەزمانی فەرەنسیدا بەپی پیتی "ل" دەوتری واتە (مارسییز) بەلاّم لەناو عەرەبەکاندا بە(مارسیلیز) نوسراوە. هونراوەکەش کاکە محەمەد موکری و کاکەحەمەکریم عارف وەریان گێڕاوەتە کوردی .
- لەکاتی لێک دانەوەی وشەی ئۆرکسترا دا لەلاپەڕەی (٢٨) ڕاستیەکەی بەم شێوەیە:

( لەڕوی مۆرکی دەنگەوە - واتە هەر خانەوادەیەک کۆمەڵێک ئامێردەگرێتەوە- بەلاّم تەواو کاملە لەروی چینەکانی بیستنەوە(الطبقات السمعیە) و هەموو دەنگە بەکارهێنراوەکانی .....هتد).

هەروەهائەوبەشەی لەلێکدانەوەی ئۆرکسترا ئەدوێ لەدوای پەرەگرافی(سێ چارەکە سەعات)ئەبوایە بنوسرایەوکەتەواو بوو وتارەکە درێژەی پێ ئەدرێ دیسان ئە ڕاستە :

( هەمو سەمفۆنیایەک لەسەرمەقامێکی دیاری کراو بینا دەکرێت و بەناوی ئەو مەقامەش دەناسرێت بۆنمونە) لەجیاتی ( لەوانی تری جیا دەکاتەوە) .



# لەهۆرەی ژمارە دوودا

لەهۆرەی ژمارە دوودا

١- لەوتاری ژمارە-بەشی یەکەم - دا پشت بەهەندێ بۆچوون بەستراوە بەتایبەتی دێڕەکانی(١٧ - ١٨) ی لاپەڕەی(٣)، ئەو بۆچونانە لەوتارێکی دو کتۆرە شەهرەزاد قاسم)ەوە وەرگیراوە کەلەکاتی خۆیدا لەیەکێ لەزمارەکانی (آفاق عربیە) دا بلاوکراوەتەوە - بەداخەوە زمارەی ئەو گۆڤارەمان لانی یە - وتارەکە لەژێر ناونیشانی (منتقنوا مدینة بغداد والموسیقی العراقیة) دایە.

٢- لەلاپەڕەی -٢٦ - دێڕی(١٥) دا، راستیەکەی بەم شێوەیە (لەدوای سالانی ١٩٢٠) ەوە

٣- لەلاپەڕەی ٢٠ هەمان زمارەدا ئەم دێڕە هۆنراوەیە بەهەڵە چاپکراوەو راستیەکەی بەم جۆرەیە:

حەکایەتخوانی دووری تۆن بەیا پەی "١٣"

٤- گوزارشتی مۆسیقا: کاتی خۆی(هۆرە) ئەم کتێبەی دا بەکاک حەمە کریم عارف تابۆمان وەربگێرێتە سەر زمانی کوردی و بەش بەش لەزمارەکانی هۆرەدا بلاوی بکەینەوە، کاتێکمان زانی کاکە حەمە کریم ئەو کتێبە وەرگێڕراوەی لنکەلئوردا بەبێ ئاگاداری ئێمە بلاوکردەوە، بۆیە بەپێویستی نازانین بەردەوامبین لەسەر بلاوکردنەوەی.

٥- وتاری(هونەرمەندانی ناو سەنگەر بەچەکی هونەرو تفەنگ دەجەنگن)لەنوسینی کاکە(حەڤال کوێستانی) یەو لەوێدا ناوەکەی لەیاد چووە.

٦- کەلکی قەیران (لاپەڕەی -٨٦-) دلێرئیبراهیم ئاوازەکەی داناوە.

٧- هێدی هێدی (لاپەڕەی - ٨٨ -) دلێرئیبراهیم ئاوازەکەی داناوە.

# HORE

Amagazine concerning music articles

NO: 3 & 4

1990

## KURDISTAN ARTIST'S UNION

MOUNTAIN COMMITTEE